# بێوار

بەرگی یەکەم (کۆچ)

د. کامەران مەنتک

چاپی دووەم ئەلیکترۆنی.
2021

ناوی کتێب: بێوار، بەرگی یەکەم، کۆچ

نووسەر: د. کامەران مەنتک

بابەت: رۆمان

چاپی دووەم: چاپی ئەلیکترۆنی2021

لەلایەن نووسەوە دیزاین کراوەو بڵاوکراوەتەوە

# ڕێوار

بەرگی یەکەم

کۆچ

د. کامەران مەنتک

چاپی دووەم، ئەلیکترۆنی

2021

# وتەیەک بۆ مێژوو

حەزم نەدەکرد هیچ وتەیەک بۆ پێشەکی ئەم رۆمانە بنووسم، وەلێ لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر بە ناگزوری و بێواری مایەوە! بەپێویستم زانی بەچەند دێرێک بەسەرهات و دەردەسەری لە چاپدان و وەشاندنی بخەمە روو...

لە ساڵی 1984، کاتێک پێشمەرگە بووم، رۆژێکیان رێگامان کەوتە گوندێکی بناری چیای شیرینێ* . میوانی ماڵێک بووین کە پیاوێکی پیرو چەند ئافرەتێک و یەک دوو کوڕی تری تیابوو کە تازە هەڵدەهاتن. ئەگەرچی ماڵەکەیان سەرە رێگا بوو کەم ژەم هە بوو بێ میوان بن ، بەشێوەیەکی زۆر شایستەو بەوپەڕی رێزەوە پێشوازییان کردین. دوای نان خواردن، لەدەرگای زۆر باس و خواس درا، بەسەرهاتی ئەوان، شەڕی عیراق و ئێران، رۆڵی جاشەکانی ناوچەکە... باری پێشمەرگەو شۆڕشی کوردستان.. هتد. لەو کاتەی ئێمە خەریکی ئاخاوتن بووین، دەنگی گریانی منداڵێک هات، کەداوای ژێر کردنەوەی کرا گوێم لەناوی (بێوار) بوو. زانیم منداڵەکە ناوی بێوارە، وەلێ ئەوەی راستی بێت نەمزانی (بێوار) مانای چییە! بۆیە بە تامەزرۆییەوە پرسیاری ئەو ناوەم کرد، لەوەرامدا بۆم دەرکەوت کە (بێوار) واتای (بێ نیشتمان)، (بێ وڵات) دەگەیەنێ. ئەمە زۆر دلگیری کردم، بەتایبەتیش دوای ئەوەی زانیم کە باوکی ئەم مناڵە لەو بارزانیانە بوو کە شوون بزر کرابوون، دوای ئەو کارەساتە خێزانەکە، واتە ئەوانەی

مابوون و دەرباز ببوون، گەڕابوونەوە گوندەکەی خۆیان، کە ئەو سەردەمە ناوچایەکی ئازاد کراو بوو لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدابوو....

ئەم ڕووداوە هانی دام شتێک لەسەر ئەم بابەتە بنووسم، ڕۆمانم بەباشترین شێوازی ئەدەبی دانا، کەبتوانێ ئەو خەم و ژان و ئازارە دەربڕێ. ئەوەبوو دەستم بە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەم بابەتە، هەوڵمدا، ڕووداوەکانی ئەم ڕۆژگارەی کوردستان هەمووی تێکهەڵکێش بکەم و لەو چوارچێوەیەدا ڕێکی بخەم. هەر لەساڵی 1985 دەستم بەنووسین کرد، لە ساڵی 1986 بەرگی یەکەمم تەواو کرد، بەڵام هەستم کرد ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێ. بۆیە درێژەم پێدا، تا گەیشتە 1991 سێ بەرگم تەواو کرد کە ماوەی نێوان ساڵانی 1977- 1985 دەگرێتە خۆ. لەبەر ئەوەی دوای ئەو ماوەیە زیاتر خەریکی خوێندن و توێژینەوەی ئەکادیمی بووم، تا ئێستا بەرگی چوارەمم تەوا نەکردوە، هیوادارم بتوانم لەداهاتوودا، ئەگەر تەمەن بوار بدا، ئەو ڕووداوانەی کەدوای ئەو ماوەیە ڕوویانداوە یەک لەدوای یەک بیاننووسمەوە. بەتایبەتیش دڵنیام لەوەی کە ئەم شێوازە نووسینە، شێوازێکی لەبارە بۆ خزمەت کردنی کوردو مێژووی کورد، ئەوانەی کەخۆیان بە سۆسیۆلۆژیای مێژوو خەریک دەکەن، دەتوانن سوودێکی زۆری لێ وەربگرن.

ئەمە بەسەرهات و نووسینی ڕۆمانی (بێوار) بوو. هەرچی بەسەرهاتی لەچاپدانیەتی، ئەوا هەر لەساڵی 1987، بیرم کردەوە بەهەر چونێک بێت پێویستە چاپی بکەم. بۆ ئەم مەبەستەش دام بە وەزارەتی

ڕۆشنبیری لەبەغدا بۆ ئەوەی مۆڵەتی لەچاپدان وەرگرم، دوای ماوەیەک وەرم گرتەوەو (یمنع)، قەدەغەیەکی گەورەی لەسەر نووسرابوو! لە ڕاستیدا ئەگەرچی ئەوە شتێکی زۆر چاوەڕوان کراوبوو، چونکە هیوای وەرگرتنی ڕەزامەندی نەک هەر زۆر کەم بوو، بگرە ئەندێشەیی بوو، زۆر دڵگیر بووم. ئەم باسەم لای نووسەرێکی برادەرم کردەوە، کە حەزی نەکرد لێرەدا ناوی بهێنم. گوتی واباشە پێشەکیەکی بۆ بنووسی. لە پێشەکیەکەدا ئەوە ڕوون بکەیتەوە کە ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەو ڕاگوێزان و زوڵم و زۆرەی کەوا کراوە، لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئیسلامی ئێران کراوە. دوای ئەمەش کە دەیدەتە چاپکردن پێشەکیەکە دەربێنەو بڵاوی مەکەرەوە! ئەوکاتەش کار لەکار دەترازێ و کتێبەکە بڵاو دەبێتەوە. لەبەر ئەوەی عیراق و ئێرانیش ئەو کاتە لەگەرمەی جەنگدابوون، ئەم جۆرە شتانە کاریگەری خۆیان هەبوو. بەگوێی برادەرەکەم کردو ئەو پیشەکیەم نووسی. کتێبەکەش، بەرگی یەکەم، کە بەنێوی (کۆچ)ە، (کۆچ)ەکەم بە گەورەیی لەناوەڕاست بەرگەکە نووسیو (بێوار) کە ناونیشانی سەرەکی ڕۆمانەکەیە،لەژێرەوە بەبچووکی نووسیم، بۆ ئەوەی وا بەدیار کەوێت ئەمە ناونیشانی ڕۆمانێکی ترە، نەک ئەوەی جاری یەکەم، کە قەدەغە کرابوو!.

هەمدیس ڕۆمانەکەم دایەوە بە وەزارەتی ڕۆشنبیری، دوای ماوەیەک تەلەفۆنم بۆ کرا، ئافرەتێک پێی ڕاگەیاندم کە پێویستە خۆم بچمە بەغدا! ئەو مەسەلەم لای برادەرەکەم باس کرد، ئەویش گوتی تا ئێستا شتی وام نەژنەوتوەو نەزانیوە! کە لەدوای نووسەر بنێرن، هەر

کتێبێک درابێتە ئەو دەزگایە، یا ڕەتکراوەتەوە، یا ڕەزامەندی لەچاپدانی دراوە.

لەگەڵ ئەوەی تا ڕادەیەک ترسام، بڕیارم دا بچمە بەغدا، دوای ئەوەی چوومە وەزارەتی رۆشنیری، لای ئەو ئافرەتەی کە تەلەفۆنی بۆ کردم، چەند پرسیارێکی دەربارەی رۆمانەکە لێ پرسیم. یەکێ لەپرسیارەکان ئەوەبوو، کەوا ئەو گواندانە لەکوێ خاپوور کراون و خەڵکەکەی راگوێزراونەتەوە، پرسیارێکی دیکەی ئەوەبوو کە بۆچی ناوی گوندەکانم نەنووسیوە؟! لەوەرامدا وەک چۆن لەپێشەکیەکە ئاماژەم بۆ کردبوو، پێم راگەیاند کە ئەو گوندانە لەسەرەتای هەشتاکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، واتە کوردستانی بن دەستی ئێران خاپوور کراون خەڵکەکەی بۆ باشووری ئێران راگوێزراون. ئەو ئافرەتە رۆیشت دوای ماوەیەک گەڕایەوە. مۆرەکەی دەرهێناو کەوتە مۆرکردنی لاپەڕەکانی، کەلەسەر نووسرابوو (یسمح) رێگەی دراوە. باوەڕم بە چاوی خۆم نەکرد، هەرچۆنێک بێت کتێبەکەم وەرگرتەوەو بەدڵخۆشی گەڕامەوە هەولێر، دوای ئەوە دام بەئەمینداری گشتی رۆشنبیریو لاوان، کە ئەو کاتە یارمەتی نووسەرانی دەدا بۆ لەچاپدانی کتێبەکانیان. ساڵێک و چوار مانگ لەو دەزگایە مایەوە. پاشان لەسەری نووسرابوو (بەرگی دووەمیش بێنە!!!). ئەو ماوەیە بووە هۆی تەواو بوونی مۆڵەتی لەچاپدانی، کاتێ هەوڵمدا مۆڵەتەکە نوێ بکەمەوە، لەبەر ئەوەی پێشەکیەکەم دەرهێنابوو، رەتکرایەوە! هەمدیس پێشەکیەکەم بۆ زیاد کردەوەو سەر لەنوێ مۆلەتەکەم وەرگرتەوە!. ئەمجارەیان لەبەر ئەوەی کارم دەکردو باری ئابوریم باش بوو، بڕیارمدا لەسەر ئەرکی خۆم

چاپی بکەم. لەبەر ئەوەی شارەزاییم لەبواری چاپ کردن نەبوو، چوومە لای هاوڕێکەم، ئەویش ڕەزامەندی خۆی نیشاندا کە لەگەڵم بێتە بەغدا. ئێمە خەریک بووین هەفتەی داهاتوو بچینە بەغدا کاتێ عیراق کوێتی داگیرکرد. ئەمە وایکرد تا رادەیەک لەسەر ئەم کارە سارد ببمەوە. چونکە هەستم کرد دواڕۆژێکی ترسناک چاوەڕێمان دەکات، لەبەر ئەوەی من گەورەی ماڵەوە بووم و بەرپرسیاریەتی لەئەستۆی من بوو بەچاکم زانی دەست لەو بڕە پارەیە نەدەم کە هەمبوو بۆ کاتی تەنگەتاوی هەڵگرم، کە چاوەڕوانی ڕوودانی بووم...

بەم شێوەیە پرۆژەی لەچاپدانی بێوار مایەوە. دوای ڕاپەڕین و ئازادبوونی باشووری کوردستان، لەسەرەتاکانی ڕاپەڕین، کە هێشتا باری ئابوری کوردستان بەرەو سەختیو گرانی نەچووبوو، هەمدیس کەلکەلەی لە چاپدانی (بێوار) کەوتەوە سەرم، بۆ ئەم مەبەستە سەردانی چاپخانەی زانکۆم کرد، دوای ئەوەی کتێبەکەیان خەملاند، گوتیان بەرگی یەکەمی نزیکەی 11000 یازدە هەزار دیناری تێدەچێ! لەبەر ئەوەی ئەو پارەیەم نەبوو، پرۆژەکەم دواخستەوە. لەساڵی 1996، مامۆستایەکی بەڕێز هانی دام کە ئەو کتێبە بدەم بە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریو هونەر، کە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستانە. زۆر وادەو بەڵێنێ پێدام کە گوایە وەزیر هاوڕێیەتیو وادەکا بۆم چاپ بکرێ. کەچی کاتێ کتێبەکەم دا بەو دەزگایە پشت گوێی خست نزیکەی ساڵێک چەند مانگێکیش لەو بەڕێوەبەرایتە مایەوە. تا برادەرێک کە ئەندامی حزبێکی کوردستانی بوو، هەرێی پێدام کە ئەوان بۆم چاپ دەکەن،لەسەر داوای ئەوان ڕۆمانەکەم

لەبەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیریو هونەر هێنایەوە، دوای ئەوەی چەند مانگێکیس لای ئەوان بوو، گوتیان دەبێ ببووری توانای ئابوریمان نییە! بەم چەشنە کتێبەکەم لای ئەوانیش هێنایەوە، وادیار بوو بەختی (بێوار) وەک بەختی (بێوار)ی پاڵەوانی رۆمانەکە بوو.

ئەمجارەیان بڕیارم دا چیتر گاڵتە نە بە (بێوار)و نە بەخۆم بکەم. واز لەم کارە بێنم تا ئەو کاتەی توانای لەچاپدانیم دەبێ. ئەو کاتە لەسەر ئەرکی خۆم چاپی دەکەم و خوێنەرانیش خۆیان سەرپشک دەبن لەوەی ئەم کارە هێندەی دەهێنا یان نا!!!

کامەران مەنتک

هەولێر

2000/12/28

# بەشی یەکەم

(1)

خۆر گزنگی دا. کزه بایەکی فێنک، فێنک و نەختێک سارد. بە شێنەیی، بە نەرمی و لەسەرەخۆ. پەنجەی بەنێو پرچی دارەکان. دار بەڕوو مازوو... دار ئەسپیندارو گروانەکان داهێنا. بە ئەویندارییەوە. بە دڵێکی یەکجار پاک و بێگەردەوە. بە دڵێکی سروشتیەوە. کە هێشتا تەپ و تۆزی رۆژگارو تاوانەکانی مرۆی نەگرتبوو. یاری لەگەڵ گەڵایەکان کرد. وەک گراوێکی بە ئەمەک لاواندیانیەوەو لە هەمێزی کردن.

شوورەکان... کارەکان.. مامزو بزنە کێوییەکان. بە هەست راگرتنێکەوە. بەوپەڕی ووریاییەوە. دوای ئەوەی بە ئارەزووی خۆیان، بە کامی دڵی خۆیان. ئەو ئاوە بەهەشتیەی کانیان خواردەوە. رێگای گەڕانەوەیان گرتەبەر. گەڕانەوە بۆ لوتکەکان. بۆ شوێنە سەخت و رژدەکان. بۆ هەوارو ماڵی خۆیان.

لە نێوەڕاست چیایەکە. لە شوێنێکی دوورەوە. لە شوێنێکی دوور دوورەوە. رەشایەتیەک وەدیارکەوت. کە هەر هێندەی خاڵێک دەبوو نەدەبوو، زۆر بە ووردی، هەستت دەکردو نەدەکرد. دەتبینیو نەتدەبینی، هێدی هێدی واژی دەبوەوەو دەهاتە پێش.

کەوێک لە ترۆپکی شیرنێ لە جێگایەکی زۆر دژوارو سەخت. دەستی بە خوێندن کرد. یەکێکی دیکە بەرانبەری وەرامی دایەوە. دەنگەکان بە درێژایی دۆڵو گەلیەکان رۆیشتن. لە نێو گوێچکەی هەموو

ئەشکەوتەکان، هەموو زنارو گابەردەکان. هەموو تەپکەو تیشە شاخەکان زرینگایەوە.

لە لایەکی دیکە شالوول. هەمە رەنگە شالوول. سورو شین. زەردو سەوز، چریکاندیان. ئاوازی گێتی تاسێنەریان لەو قورگە بچووکە وەدەرنا، تارماییەکە تا دەهات نزیکتر دەکەوتەوە. تاوێک لە پەنای زنارێکدا... لە پێچێکدا بزر دەبوو. پاشان وەدیار دەکەوتەوە. کە نزیک کەوتەوە. پیرەمێردێکی بەسالاچوو بوو. خاوەن تەنکە ریشێکی سۆفیانەی سپی. تەمەنی لەدەوری حەفتاو پێنج سالّی دەدا. بەرگیزێکی کۆنی لەبەردابوو. پشت بەندەکەی وا توند بەست بوو. ناو قەدی دوو پەنجەی تیا مابوەوە. کراسەکەی تا سەر ناوکی بەرکۆژەکی پێوە نەمابوو. بۆیە مووە سپیەکانی سینگی بە تەواوی وە دیار کەوتبوونو لەگەڵ بایەکە دەلەرینەوە.

پیرەمێردەکە تەنگەتاو... پەشۆکاوو شپرزە حاڵ دەهاتە بەرچاو. لێوی دەبزووت تاو نا تاو لەبەر خۆی دەیگوت:

– نەخێر... نایدرکێنم.. هەواڵەکە زلەو با لە زاری من نەکەوێتەوە!.

بەڕقەوە.. بەڕقێکی ئەستوورەوە. نووکی چۆماخەکەی لە زەوی دەچەقاند. هەرچەندەی هەنگاوی دەنا. هێندەی دیکە ئاو بەلەشی دەهاتە خوارەوە، جوانای زێتر دەکرد. هیلاکیو ماندووبوونی پتر پێوە دیار دەبوو. دلێ... دڵە بچکۆلەکەی، دڵە پیرو کورژ بوەکەی بەلەزتر کوتەی دەهات. لە گیانی خۆی وەڕەز بوو. پشی واتەنگ ببوو لەوە دەترسا هەناسەی چوونە ژوورەوەی هەبێ. زوورینەوەی نەبێت

– نا... نەخێر،هەواڵێکی رەشەو با...!.

تووشی دڵە راوکێیەکی زۆر ببوو. لە هەمان کاتدا. پەپوولەی بیری خەریکی گەڕان بوو. پەڕەی یادە تاڵ و ژەقنە بووتەکانی وە بەرچاو تێپەڕی. ئەفسووسی خوارد. ئاخی وەبادا. لێوی گەستو دانەکانی چیڕ کردەوە. لە گەرمەی خەباتدا، خەباتی دژ بە تاریکی. خەباتی درەشیو ئەهریمەنی. لەنێو مەتەریزا. ئەژ نۆیان دەئاخێ چەقاند بوو. کەلە ئەنگوچکیان تا ئەنیشکان هەڵکردبوو. بێ باکانە.. دلێرانە بەرەنگاری دوژمن دەبوونەوە. باوەڕیان بە سەرکەوتن پتەوو بەهێز بوو. کەچی لەو دەمەدا. لەو کاتەی گوللە یەک لە دوای یەک. رستە رستە دەلوولەی تفەنگێ وان دەردەچوو. هەواڵێکی دڵ تەزێنیان لە نێو پارڤە بوو. بەرایێ کەس باوەڕی نەکرد. پاشان راستەقینە. راستەقینە تاڵو جگەر بڕەکە ناچاری کردن سەری باوەڕی بۆ بلەقێنن. هەواڵەکەش هەرەس هێنانی ئەو خانوە بوو، ئەو ماڵە بچکۆڵە بوو کە لەزگ بوون بە یەکیەوە بنێن. زۆر کەس دەست بەجێ.. راستو دروست. شێت بوون و ئەقڵ دەمەژیێ وان نەما. لە دنیای بە ئاوەزی دابڕانو چۆل و بێروونیان گرتەبەر. هێندێکی دیکەش دوای ئەوە ژیانی بە خۆ رەوا نەدی. ئەوانەی مانەوەیش خەسان!

– نەخێر... نا.. نایدرکێنم..!

هەر چەندەی کۆشا، بیری لێکردەوە. سەرەدەری لێدەرنەدەکرد! نەیزانی چۆن، بەچ شێوازێک ئەو شاخە زەلامە وا بە ئاسانی رما، ئەو رووبارە سەر شێتو بە پێلە ووشکی کرد!

هێندێک شتی بەرگوێ کەوت. بەشێکیان ئاسایی و بەشێکیان نامۆ! شا... ئێران.. ئەمەلیکا..! دەیزانی شاو ئێران چییە بەڵانەکۆنی هیچی.. هەر هیچ هیچی دەربارەی ئەوانەی تر نەدەزانی. نەیدەزانی درِەندەنە یاخود مرۆ! لە کام شوێنی ئەم گۆی زەویە دەژین. چ پەیوەندیەکیان بە دۆزەکەی ئەوەوە هەیە. گەلێ پرسیاری ساویلکەو بە گوێرەی مەژی خۆی لە خۆی دەکرد. هیچ وەرامێکی بۆ نەدەدرایەوە. بۆیە بەدەم هەنسک دان، بەدەم ئاخ وەباکردنەوە شەوی بە چاوەڕوانی رۆژو رۆژی بە چاوەڕوانی شەو دەکردەوە.

رۆژ هاتو چوو. ساڵ هاتو چوو. میلی کاتژمێر هەر سووڕا. دەنگی چرکەی هەر هاتو کڕ نەبوەوە. ئەو رۆژگارەش. ئەو ساتە ناخۆشانەش. وەک هەزار ساڵ.. دوو هەزار ساڵ بەر لەو کاتە بوە رابردوو. جێگەیەک... بستە پەڕێکی لە مێژوو داگیر کرد. رووداوەکانی بە سۆزەوە. بەو پەڕی تام و چێژەوە. لە گوێ ئاگردان و دیوە خانان. لە دەرو هەیوانی مزگەوتان. لە کۆڕو کۆمەڵی گەنجان گێڕدرانەوە. وایانزانی ژیانی ئاساییان دەست پێدەکاتەوە. لێیان دەگەڕێن بە ئارەزووی دڵی خۆیان بژین. چیتر تووشی دەردەسەریان ناکەن، ئێخەیان لە ئێخەی دەکەنەوە. دەستیان لە هەوکێ بەردەدەن، قاچیان لە سەر ملان دێننە خوارەوە!

– هەواڵەکە زلەو با لە زاری من نەکەوێتەوە، کەس باوەڕم پێ ناکا. دەڵێن پیرەو خەلفاوە... دەڵێن ئەو پیرە سەگە. ئەو ناپەسندە. لە هەواڵی رەش، هەواڵی وەک خۆی دزێو بەولاوە هیچی تری لە زار نایەتە دەر..نا.. باشتر وایە بێدەنگ بم و نەیدرکێنم.

گەرم داهات. گلێنەی چاوی لەرەی تێکەوتو بەرچاوی خۆی نەبینی. بەهشتاوی ڕێگەی دەبڕی. سەری دەلەقیو ریشە سپیەکەی بە ڕێزەوە سینگی ماچ دەکرد. تووڕەییەکی مەزن لە دەروونی کڵپەی دەسەند. لچی شۆڕ ببوەوە. دەستێکی بە سمێڵە زورەکەی داهێنا:

–هۆی گوو بە ریشی بابت... چۆن ئەو هەموو جواناوەت کرد! ".

لە ڕێگاکە لایدا. لەسەر جۆگە ئاوەکەی بن دار چنارەکە دانیشت. جامانەکەی لە سەری کردەوەو دەمو چاوی سڕیەوە. لە گەرما وەک باڵندەیەکی ماندوو. ماندووی سەفەرێکی دوور.. دەمی بەش ببوەوە. یەک دووجار زمانی بزواندو ئەو بەڵغەمەی ڕاکێشا کە لەگەڵ کۆکە کردن لە سینگی هەڵکەنرابوو. تفوو... تاهێز دەشەویلاکەکانی هەبوو بە لێواری جۆگەکەی دادا. باسکی هەڵکردو لە سەر چیچکان دانیشت. بە تامەزرۆییەوە دەستی خستە ناو ئاوەکە، گوڵمی تژی ئاو کردو بۆ دەمو چاوی بەرز کردەوە.لەگەڵ خشپەیەک بە ترسەوە ئاوڕی دایەوە. بزەیەکو سەرسامیەک روخساری گرتەوە!

– هۆو... هۆمەرە.. ئەوەتۆی، لێرە چاکەی!؟.

– دەچمەوە گوندی ".

هۆمەر دوای ئەوەی وەرامی دایەوە. لە ئاوەکە نزیک بوەوە. دەستێکی تەڕی بە دەمو چاوو پرچی داهێناو پشتی دایە دارەکە:

– پەککو چ گەرمایە.

– شێرٍ گەنجی نوکە... شێرٍ.

– وا دیارە خۆت بەگەنجی هەستت بە گەرما نەکردوە. گەرما چ پەیوەندەیکی بە گەنجی هەنوکەو بەری هەیە!.

– هێیێ... من ؟! مێر هەبوو خۆی لە قەرەم دا. شێرٍ کوڕی وێسف چاو زەقی شێرٍ.بەخوا باوە ئاخاوتی کرد. هەتیو تۆ خۆت بەچی دەزانی. من باوکتم لا پیاو نەبوو، ئەوجا تۆ!.

گرنێژنەک ئادگاری هۆمەری خەملاند. بە خۆشەویستیەکەوە، بە چاوێکی تژی ئەوینەوە سەیری سالحۆکی کرد. کە بەشێنەیی‌و لەسەرخۆ چیلکەداری لە زەوی وەردەدا. سالحۆک کە سەری بەرز کردەوەو دەم بە پێکەنینی بینی، غەیدی. بە دەنگێکی بەرز گوتی:

– "بەچی پێدەکەنی هەتیوی سەگ. خۆت نەدیوە! وێسفیش دەڵێ وجاغم لە دوا بە جێما. هەستە رابە ملت بشکێنە. خۆ لە بێ ئاوەزی نەدەی.. لە یاد نەکەی ملی وێسفیش بشکێنە. ئا... گۆڕەکەی هەڵدەوەو ملی وەکو چیلکە دارێک.. قرچ.. بشکێنە ".

بەدەم ئاخاوتنەوە چیلکە دارەکەی دەستی شکاندو بە زەوی دادا. پاشان بە گورجی هەڵسایەوە و دەستی بە رۆیشتن کرد.

هۆمەر کە تا ئەو دەمە گرنێژنەکەی نرتو نوو بوو. رابوو:

– بوەستە مام ساڵح بوەستە. زەلامێکی گەورە و گرانت نەدیوە. مرۆ کە بە ناو ساڵ کەوت گەرەکیەتی یەکێ دەگەلێ باخێوی. تۆش بە جێم دێڵێ!.

ساڵحۆک تەماشای نەکرد. نەشیا بێدەنگیش بێ! بە نەرمی گوتی:

– شێر... پیر بویمە!!!.

هۆمەرۆک زانی غەیدی. لە ناخەوە زگار بوو. بە لەزی چوە کنیو دەستی خستە سەر شان:

– مام ساڵح مەئەنری... چۆن لە من دەئەنری. من لە جێگەی بابم سەیرت دەکەم. دڵم بە پەیوەکانت دەگەشێتەوە. کە دەتبینم دڵشاد دەبم.. چۆن لە من دەئەنری.. بڵێ.

ساڵحۆک دەمە بەشکەی گرت. بە سەرسامیەکەوە ئاوڕی دایەوەو چاوەکانی بریسکەیان دا، دوو قۆرتی بچووک لە روومەتی پەیدا بوو، چەنەگەی دەرپەڕی:

– چی بڵێم.. هۆمەر.. کوڕەکەم.. چی بڵێم. هەموو گاڵتەم پێدەکەن. ئەی نەتبیە ماران گاز لە وەریسی پچڕای دەترسێ. ئەی نەتبیە...!؟ ئەگەنا.. بەو ئاخو گڵەی لەسەری لە دایک بووم. من لەگەڵ وێسفی بابت وەک برایان بووین. موومان بە کەلێنی وەناچوو. خۆشت ئەمە چاک دەزانی.. چاک چاکی دەزانی. بەڵام چیدەکەی.. چیدەکەی کوڕم زەمانەو گۆڕاوە. تفوو لەو زەمانەی. ئەوەی هەرچی و پەرچییە بۆتە پیاو، ئەوەی ناکەس

بەچەو خوێڕییە بۆتە پیاو. ئەها هە… نەک کەڕەتەک… هەزار کەڕەتان تفوو ووووو …

لەگەڵ کرانەوەی چاوی ئەم چەند پەیوە بۆ دنیای رووناکی. رابردووی هاتەوە یاد. پەژیوان بوەوە. نەدەبوایە ئەو گلیانە بکا. ئەو لەگەڵ وێسفی بابی هۆمەر وەک برایان بوون. شتاقیان نهێنییان بەرانبەر ئەوەی تر نەبوو. هەر لەبەر ئەو ئەگەرەش بوو کاتێ ژنیان هێنا. بڕیەیان دا ئەگەر نۆبەرەکانیان کوڕو کچ بێت. ئەوا هەر لەسەر پشتی بێشکە لە یەکیان مارە بکەن! ئەوە بوو رۆژگار بە دڵی ئەوان وەرچەرخاو هۆمەرو کەژێیان هەر بەساوایی مارەبڕ کرد.

لەگەڵ ئەو بیرەوەریە رۆندکی لەچاو قەتیس ما.. هەوڵیدا وێنەی هاوڕێیەکەی بێنێتە بەرچاو. بێ مفا بوو، وێنەکە سڕابوەوەو تازە چێ نەدەبوەوە!.

– تفوو زەمانی خوێڕی. نەک جارەک هەزار جاران تفوو…

لە هۆمەرۆکی راما. سەری باداو مشەیەکی لێوەهات:

– ئۆخەش کوڕەکەم. وێسفی وجاغی کوێر نەبوەتەوە. ئاوری دەماڵێ نەکوژاوەتەوە. جێگەت گرتۆتەوە.. تواهوو واهو… دەزانی چتۆ پیاو بوو. ئەو دنیایەی بگەڕێی. بڕۆ ئێرانێ..بڕۆ تورانێ. بڕۆ وولاٚتی عارەبو عەجەمان.مێری ئاوات چنگ ناکەوێ. نابەخوا پیاوێکی ئاوا..بەو زیخیە، بەو مێرخاسیە.بە گوللەی چنگ ناکەوێ. نیەو نیە. دەزانی چەند دەست پاک بوو، چەند عەگیدو نقۆلا بوو. چەند چاو نەترس بوو.. چەند داد

پەروەرو سەر راست بوو. گوێ رادێرە کوڕەکەم.. گوێ رادێرە. با شتێکت لەبارەی بۆ بگێڕمەوە. هەرچەندە لەوانەیە.. نالێم وایە، دەلێم لەوانەیە. لەکن تۆ شتێکی بێ فیەت و کەم بایەخیش بێ! بەلانەکونێ لە کنە من، لەو دنیایەی گەورەترە. نموونەی هەموو چاکەیەکە! ئەوەی بزانە کوڕەکەم ... چاک بزانە شتی گەورە لە شتی بچووک پێکدێت. ئەگەر بەردی بچووک نەبێ بەردی گەورە لە کوێ پەیدا دەبێ!؟ ئەی وانیە، یەژە لە کوێ پەیدا دەبێ!! قاتی لە ئاسمان نایەتە خوار! رۆژێکیان لەگەڵ ئەو وێسفەی بابت بە یەکەوە بووین، لە کاتی هەرای گەورە. لە سەفەرێکی دوور دەزورینەوە. ماندوو و هیلاک. شپرزەو پەشێو حاڵ بووین. قوڕەی سکمان دەهات لەبرسان. گەیشتینە بێستانێک. لەسەر داخوازی من. هەر چەندە پیاو بۆ خوا بلێ. ئەو چوەتە جێگەی حەقان ئێمە لە جێی ناحەقین. بەرایێ ئەو رێی نەدا. بەلانەکونێ لەسەر قاچ داگرتنو مکوڕ بوونی من. ناچار بوو ئەویش لای دا. من بەبێ بیرکردنەوە. بەبێ ئەوەی تۆزقالێک ئەم لاو ئەولا لێک بدەمەوە.پیاو راستی بلێ باشە. کەوتمە گندۆرە خواردن. هێندە دورو قووڵ نەبووم. شتم وا وورد نەدەکردەوە. هەرچی بابت بوو، گۆڕەکەی تژی نور بێ. پەنجە چییە درێژی نەکرد. هەتاوەکونێ خودانەکەی نەهاتو رەزامەندی خۆی دەرنەبڕی! تەنانەت ئاویشی نەخواردەوە. دەیگوت ئەمە کارێکی دوور لە دادو رەووشتە. دوور لە مرۆڤایەتییە. نژدییە، دزییە.. دزیش لەو دنیا سزای لەسەرە. ناشێ دەست بۆ ماڵی هیچ کەسێک درێژ بکەی. ئەدی کوڕم.. دەزانی چتۆ پیاو چاک بوو. پێی ناوێ کەس وەکو من نەیدەناسی. ئاخ وێسف ئاخ... بۆ چ رۆژگارێک مامەوە....

لەگەڵ ئەمە وەک دەرزیەکت لێدابێ... رەنگی هەڵبزڕکاو موچڕکێک هەموو گیانی خستە لەرزە

– "ئاخ بۆچ رۆژگارێک مامەوە. نەخێر... نا.باشتر وایە نەیدرکێنم. کەس باوەڕ ناکا.. دەڵێن پیرەو خەلفاوە. شێت بوە.. هەر شێت شێت بووە. شێتەکی بە دایکو باب. ئەگەنا ئەو قسە هی کردنێ نییە، کێ بیر لەو شتانە دەکاتەوە ئەگەر ئەجندۆکە پێی نەڵێن!.

نەرمە نەرمە هەنگاویان دەنا. کەمێ دەڕۆیشتن، کەمێک دەوەستان. رێگاکە سەخت بوو ئەژنۆی ئازار دەدان. ئەگەرچی بە گوێرەی هۆمەر شتێکی ئەوتۆ نەبوو. گەنجیو لەش ساغیەکەی یارمەتیان دەدا. بەڵانەکونێ ساڵحۆک تینی لەبەر بڕابوو. بە تەواوی پەکی کەوتبوو دڵی دەلەرزی. خوێن بە لەزی لە رەهێیەکانی هاتو چۆی دەکرد. لە ناخەوە پەست ببوو. بە تیلە چاوێک سەیری هاوڕێیەکەی کرد. ئادگارەکی پاکو نامۆی هەبوو

– بۆ وا بێدەنگ بووی؟.

– چی بڵێم مام ساڵح ".

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. تەماشایەکی دەوروبەری کرد. سەوزی چیا لەگەڵ بنارەکەی لەیەکی دابوو.

– ئەو دڵە ووشکەی. لەوانەیە ئەگەر شتێکیش بڵێم زویر ببێ!.

لەبەر خۆی ئەمەی گوتو هەمدیس سەیری هۆمەری کرد. سەری شۆڕ کردبوەوەو خەریکی بڕینی ڕێگاکە بوو. ئارەقە لە بن زولفی ڕێچکەی بەستبوو.

تا دەهات زێتر دڵی تەنگ دەبوو. نەیدەزانی چیبکا. لەو دەمە بێدەنگی لەکن بە مردنێک هەبوو. دەستێکی بە تێن بوو خنخنۆکەی دەگرت. ترس گشت گیانی گێرە کرد:

– سەری نەیەشای بۆ ببەستم. هەواڵەکە ڕەشەو با لەزاری من نەکەوێتەوە. دڵم بەرایی نادا.. ئەی چۆن ئەگەر یەکێک ئاوەزی هەبێ ئەوە کەم نیە. نەخێر کەم نیە، مرۆ تا بۆ دوا جار چاولێکدەنێ لەوە زلترو ڕەشتر نابینێ!.

هەواڵەکە وەک بنێشت بە مەژیەوە لکابوو. وەک دێوێک. دێوێکی ڕەشی زۆردار هەڕەشەی لە بوونی دەکرد. پەردەیەکی قەترانی بەبەر چاوی ئاواتەکانی دادەدا.

هێنکە بڕ ببوو. زۆر بە سەیری هەنگاوی دەنا. یەکێک لە دواوە بیدیبوایە وایدەزانی بە ئەنقەست وادەکا! کەچی هەر خۆی وا بوو، سووچ و تاوانی کەس نەبوو. تەمەن ئەو دەردەی دابوێ. تووشی ئەو پەندەی کردبوو. سووچو تاوانی کەسی دیکە نەبوو!

دووبارە دیقەتی دایەوە هۆمەر. کەوتبوە دەریایەکی بێ بنی بیرکردنەوە. بە هیچ لەگوێنێک ئاگای لەو نەبوو.

– بیر لەچیدەکەیتەوە؟.

لە سەر خۆو بە دەنگێکی نزم ئەو پرسیارەی کرد.

– لە دوا رۆژ...!.

– ئەو ڕێگەیە بە بیرکردنەوە ناڕوا. باخێوەو شتێک بڵێ..

– چی بڵێم... نازانم باسی چیت بۆ بکەم!.

لە ناخەوە پەستتر بوو. دژایەتیەک لە دەروونی گورا. بە بنی چاوی، دزە نیگایەکی تووڕەی ئاڕاستە کرد.

– تڕحێو... نازانم چی بڵێم!.

چەندە تەماشای ڕێگاکەی دەکرد. هێندە زێتر ترسی لێدەنیشت. شپرزە ببوو لاکەی لێوە دەهات. ئەژنۆکانی دەلەرزین و قاچەکانی بێزاریان دەردەبڕی.

– بەسیەتی ساڵحۆک بەسیەتی. ماندوو بووی‌و هێزت لەبەر بڕا. شنگت لەبەر بڕا. ماندوو بووی‌و پێویستت بە پشووێک هەیە. پێویستت بە حەسانەوە هەیە. تۆ چیت داوە بە سەر کوڕی وێسفی. ئەو لە هەڕەتی لاویدایە. دەڵێی بەرازە. نەک هێندە.. سەد هێندەش بە بای غارێ دەبڕێ. تۆ چیت بەسەر ئەو داوە. چۆن وەکو ئەوت پێدەکرێ! بڕۆ... بڕۆ بۆ خۆت لە ژێر سایەی دارێک دانیشە. دەی بڕۆ.. دەی. گەرمە، گەرمە... هەر چۆنێکی بێت کەمێک دەحەسێیتەوە. خۆ هەر نەبێ قاچەکانت، ئەو قاچە بنێسو بێ تینەت. ئەو قاچە دوا بڕاوەت ئەو لەرزینەی نامێنێ

ئەگەر وابکەی خاترجەم بە ناگەیتەوە گوندی. گیانت لەبەر دەبڕێ، دەبیە قەشمەڕ جاری سەیان.. دەبیە....

دەنگی پێکەنینی هۆمەر بەرز بوەوە!

رووی گرژ بوو هێندەی دیکە غەیدی. سۆنگەی پێکەنینەکەی نەزانی. وای هاتە سەر تا دەکرێ زللەیەکی لێبدا. وەلێ بە دروستی نەزانیو زوو پەژیوان بوەوە. لە رێگاکە لایداو بە رقەوە دانیشت.

– چیتە مام ساڵحماندوو بووی؟.

– مام ساڵح.. تەڕەماش.. چیت لە مام ساڵح هێشتەوە. بەس نیە گاڵتە بەو ریشە سپیەی دەکەی. پێبکەنە.. دەی پێبکەنە... ئەگەر نەمرم ئەم حەقەت لە بن پێ دەردێنم. پێبکەنە توولە سەگ پێبکەنە ".

هۆمەر تەواو سەرسام بوو. گڕی پێکەنینەکەی زێتر کڵپەی سەند. بە

سۆزەوە لە تەکی دانیشت. زاری بردە بن گوێچکەیو ویستی شتێک بلێ. باڵی چەند پەیوان بەر هەڵدا بکا. وەڵی ساڵحۆک بواری نەدا. زمانی قولانجێک دەرهێنا. مووی سمێڵی قیت وەستا. چاوە قووڵو بچوکەکانی وێز کردەوەوە.

– پێبکەنە توولە سەگ پێبکەنە. دنیا بە ئارەزووی گونی تۆیە!.

– چیدەڵێی مام ساڵح. وا دەزانی بە تۆ پێدەکەنم! قاتی هێندە گەوجو بێ ئاوەز نیم. من هەرگیز بەم شێوەیە رەفتار لەگەڵ کەس ناکەم. نەخەسەلە لەگەڵ تۆ چۆن شتی وا دەکەم. ها... دەترسم لەبن گوێیان

خوێندبیو تیخ تیخەیان دابی. دەترسم گەجەرو گوجەر، منۆخو ناکەس بەچە خۆیان لەبن باڵێ نابی. ناحەز زۆرن مام ساڵح دەترسم لەخشتەیان بردبی، ئەدی.

نیشانەی پەژیوانیەک لە تەوێلی ساڵحۆک بریسکەی دا. گەر بۆی بلوا بوایە دنک دنک پەیوەکانی هەڵدەگرتەوەو دەیگێڕایەوە زاری. وەلێ وەک ترارە ئاوێک رژابوو گرد بوونەوەیان بۆ نەبوو! ویستی بە ئاشکرا بیدرکێێو دان بەو هەڵە زلەی بنێ. ویستی بە دەنگێکی نزم بڵێ:

– کوڕم هۆمەر... من کردم تۆ نەیکەی. بەڕاستی.. پیاو بەڕاستیو بۆ خوا بڵێ. بێ فڕوفێڵ وەک باوکی خۆت سەیرت کردم. بەڵانەکونێ من گەمژەڵ بووم و نەمزانی... بێ ئاوەز بووم و نەمزانی. بە فیڕۆ.. بەختو خۆڕایی. بێ ئەوەی هیچ لە ئارادا هەبێ. بەخو لە خۆبایی بووم. دەنا وەک مانگی چواردە دیارە گەر خاتری منت گەرەک نەبێ رێم لەگەڵ ناکەی! ئەو بایەخەی تۆ بە منی دەدەی. ئەو رێزەی تۆ هی منی دەگری. هێشتا لە ئاوایی کەس بەو شێوەیە رێزی نەگرتووم. لەگەڵ من نەبێ. لەگەڵ کێ داخێوی.

خەڵکی مێچکە مێچکەت لەبەر دەکەن تا دوو پەیوانیان دەگەڵ باخێوی. بە بەرەواژووی من. کە وەک سەگی ئاوەگڵ لێم دەڕەونەوە. دەڵێن، ئەو پیرە خەلفاوە، زۆر بڵێیەو دانیشتنی لەگەڵ نایێ.

ویستی زۆر شتی دیکە بڵێ. هەگبەی دڵی لەبەر چاوی بەگۆڕی وەربکا.

کەچی هیچی لەمانە نەگوتو بێدەنگ مایەوە. بێدەنگیەکی تژی ئازار! هەستی بە شەرمەزاریەک کرد. بۆیە لە نکاوڕا بە گورجی هەڵسایەوە. ئەگەر چی قاچەکانی هێشتا هەر دادو فیگانیان بوو. دەستی بە ڕۆیشتن کردەوە. هۆمەریش دوای ئەو ڕۆیشت. بێدەنگیەکە درێژەی کێشا. وەک تووله ڕێیەکە بەردەوام بوو لەگەڵیان، کە ئەمە دژ بە مگێزو ئارەزووی ساڵحۆک بوو. خەریک بوو شەق بەرێ! نیوەنیگایەکی بڕیە هۆمەر. لەسەر ڕۆیشتنی خۆی بوو. بە ئاشکرا هەست دەکرا کە قاچەکانی بە ئەنقەست گران دەکا.

چەندەی کردیو هەوڵیدا نەشیا پەیوەکانی لە قوڕگی بهێڵێتەوە. حەزی دەکرد بزانێ هۆمەر زویر بوە یانا. لە رستەیەک دەگەڕا ئەو نیازەی پێدەربڕێ. تاوێک داما، پاشان زاری هەڵبڕی:

– ئەگەر ماندوو بووی دەتوانی پشووێک بدەی ".

– "نا... ماندوو نەبوویمە.

ئەمەی گوتو لە ناخەوەش لەخۆی ئەنری:

– ماندوو نەبووی.. ئەی نابینی دەڵێی کار مامزی ڕێ دەکەی. تازە خۆرتیو لە هەڕەتی شنگو بەتێنیداییی! بڵێ بەو ریشە سپیەی بۆ درەوان دەکەی. یەژە ماندوو بوویمەو ئەه...، ئەو شەرمە تڕیەت لەچییە!.

هۆشی وەک باڵدارێک لە شەقەی باڵی دابوو، هێدی هێدی لە لاشەکەی دوور دەکەوتەوە و ووردە خەیاڵانی دەکرد. تاو نا تاویش دەستی بەرز

دەکردەوەو ئارەقەی دەسڕیەوە.خۆر خەریک بوو دەگەیشتە نیوەڕاستی ئاسمان و بە ستوونی لەسەریانی دەدا.

– باشتر وایە بیدرکێنم.. ئەو باڵە نەخەمە ستۆی خۆم. ئا.. باشتر وایە بیدرکێنم!.

سەری بەرز کردەوە، هۆمەر تەواوێک لێی دوور کەوتبوەوە. ترسێک لە دڵی سەری هەڵدا. کە نەیزانی ئەگەری چییە. ویستی بە لەزتر بڕوا. قاچەکانی ئەم داخوازیەیان بە جێنەهێنا:

– قاچەکانم بێ هێز بووینەو نەشێن خێراتر بڕۆن. بە زۆرییە؟ ئای.. نە بەدەست ئەوەو نە بەدەست منەو نە بەدەست کەسیشە. لەمە زیاتر ناتوانن بڕۆن.. ئای.. با بڕواو جێم بهێڵێ!.

ئەمەی بە نادڵیەوە گوت. سەیری ڕێگاکەی کردەوە.. هۆمەری نەبینی. وایزانی کار تەواو و بەجێی هێشت. بەزەیی بە خۆی هاتەوە. سەیری سینگی خۆی کرد! پێستەکەی بە هیلاکیەوە شۆڕ ببوەوە. قۆڵو باسکی هەڵکرد و لێی مۆڕ بوەوە. ئەویش بە هەمان شێوە. پیری هەموو شوێنێکی گرتبۆوە. ئەو کاتەی هاتەوە یاد کە سەیری باسکی دەکرد. خڕو گۆشتن، سپیو لووس. کە قەتاو قەت بیری لێنەکردبوەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئاوای لێدێت!

وەک هەوای ژوورێکی دەرگا داخراوی لێهات. لەزگ بوو لە کەولێ خۆی بچێتە دەر. هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبوو هۆمەر وای رەفتار لەگەڵ بکات:

– دەبڕۆ توخمە سەگ. هەر خەمی تۆم گەرەکە، بڕۆ جێم بهێڵە چ ئاتاجم بە تۆ هەیە؟!. با نەختێک گیرۆبم و درەنگ بگەمەوە ئاوایی. وا دەزانی ئەگەر رۆیشت دەمرم و چاوم لە دەستی نامەردان دەبێ. بڕۆ کوڕم بڕۆ. بە قەد تەمەنی تۆ دنیام دیوە. بە دەستە راست بڕۆ زێتر لە دە گوندم دیوە. بە دەستە چەپیش هەروا. لەم لاو لەولاش زێتر. هێندەم دنیا دیوە هەتا خوا دەڵێ بەس! ".

نوکی چۆگانەکەی لە زەوی چەقاند. گرانایی خستە سەرو ماوەیەک لە بنارەکەی لاڕێ راما. لەگەڵ دەنگی کۆکەیەک راجفلی. کە رووی خۆی وەرچەرخاند هۆمەر لە پەنای گا بەردێک دانیشتبوو. دەمە بەشکەی گرتو پدوە بێ ددانەکانی وەدیارکەوت:

– چما بەجێت نەهێشتم!؟

– "ئای... چۆن جێت دەهێڵم!

بە گەرمی و لە ناخەوە پێکەنی:

– دەنا جنێو نەما بۆتی رەوان نەکەم. گوتم ئەو سەر خنسە، ئەو هەتیوە سەگە بۆ وای لەگەڵ کردم. بە لانەکونێ لە یادم نەبوو. ئا... لە یادم نەبوو گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێ. تۆش کتو مت وێسفی رەحمەتی، راستو رەوان لە سەر رێو شوونی ئەو هاتووی!.

– وەرە دانیشە پشوویێک بدە ".

به خۆشیەوە هەنگاوی نا. شەڕواڵی تا چۆکان هەڵکردو لەتەکی دانیشت. دەمێ نیگا بەسۆزەکانی تێبڕی. پاشان بەدەم هەنسک دانەوە لەسەر گازی پشتێ راکشا! ئاسمان شینو قووڵ وەک دەریا بوو. دەستێکی بە سینگی داهێنا، هێندێک مووی بە توندی راکێشاو لە مووەکان وورد بوەوە، بۆن جواناوێکی خەستیان لێدەهات:

– هۆمەر... کوڕم بۆ واکزی؟.

– کز نیمە مام ساڵح. لە گوندەکەمان رادەمێنم. تۆ سەیری کە چەند جوان و دڵگیرە!.

ساڵحۆک لە یادی نەبوو لە گوندەکەیان نزیک بوونەتەوە، کە سەری بەرز کردەوە، گوندەکەیان وەک بوکێکی رازاوە لە بناری چیای شیرنێ راکشابوو. هەستی بە نامۆییەک کرد. بە دەنگێکی خنکاو گوتی:

– تواهوو.. تواهوو.. تازە هەستی پێدەکەی!؟.

– نەخێر... بەڵام نازانم بۆ مام ساڵح ئەو ماوەیە لەبەر چاوم قەشەنگتر بوە. هەست دەکەم چەندەی فێر دەبم و لە دنیا دەگەم. هێندە لام قەشەنگتر دەبێو زیاتر پێی دەبەستریمەوە. تێکەڵ بە خوێنم دەبێ.

هەواڵەکە لە دڵی ساڵحۆک هەر لە جیلوە دابوو. ئەو پەیوانەش هێندەی دیکە زامداریان کرد. ویستی زیاتر باخێوی. خونچەی پەیوان قەتار بکاو داخی دڵی هەڵڕێژێ. کەچی دەستە وەستان بوو. چەندەی کۆشای نەشیا ئەو کەفو کوڵە دەربڕێ کە شالاویان بۆ هێنا. وەک پەلە دارێکی بەر شەپۆلێکی سەر شێت خۆی بۆ دەربەست نەکرا. گریانێکی

بەجۆش... گریانێکی ئاگرین... دەستی لە هەوکێ نا و بینە قاقای گرت. چاوەکانی وەک دوو گۆمی بچووک رۆندکیان تیا قەتیس ما. نیگا کزەکانی ئاڕاستەی گوندەکەیان کرد. مژیلانەکانی بەرانبەر چیاو دەری گوندەکەیان لێک ترازاند. دەنگی لاوکی بەرز کردەوە.

"هەی لێ لێ... وەی لۆ لۆ...

وەی لێ گوندێ جوانو قەشەنگێ من

هاوار واری مێرانو شۆڕە سواران..

شیرنێ مە وا کەوتۆتە بەر دەستی زاڵمو زۆرداران

زارۆیی مە... بێوار ماون.. بەڕوویێ مەرەنگ زەردبووینە

دە وەرە لاوکێ من بەرێ خۆبدە شیرنێ..

بزانە لە جێی قاسپەی کەوێ.. چریکەی شالوولان.. خوڕەی ئاوان...

دەنگی هاوارو ناڵەی دایکانو گریەی ساوایان دێ..

لە جێی بۆنی گوڵو هێرۆو مێلاقە و گیا

بۆنی خوێنی بن دەستان و لانەوازان دێ.. بۆنی...!

هەی لێ..لێ...

هۆمەر وەک ئەوەی گوێی لە ترپەی دڵی خۆی گرتبێ بێدەنگ، هەستی راگرتبوو. دەنگەکە تێکەڵ بە خوێنی ببوو سەیری دوڕ زاری ساڵحۆکی

دەکرد. هەرگیز لەو باوەڕە دا نەبوو ئەو پیرە ئەو دەنگەی هەبێ. بەو تەمەنەی هێندە ساغو بێگرێ بێ. پیری هەموو شوێنێکی گرتبوەوە بە تەنیا دەنگی نەبێ. بە تەنیا دەروەستی ئەو نەهاتبوو.

ئاوازەکە زۆر لە سەرخۆ. بە هێمنی... بە سۆزەوە دەلەریەوەو رێگای دەرەوەی دەگرتە بەر. لە نکاوڕا دەستی بە کۆخین کرد. خڕەیەک لە سینگی پەیدابوو دەنگی نووسا. هەناسەیەکی تژی ئازاری هەڵکێشاو ئەسرین لەسەر روومەتی گلۆر بوەوە. هۆمەر هۆپەکی لە خۆزانیو لە مانای ئەو فرمێسکە نەگەیشت. چەندەی هەوڵیدا ئەو پەیوانەی بۆ دەروەست نەکرا کە شالاویان بۆ هێنا.

– ئەوە چییە مام ساڵح. دەڵێی شتێک روویداوە، ئاژاوەیەک سەری قیت کردۆتەوە.. پێشبینی چیدەکەی.. بڵێ؟!!! تکا دەکەم هیچم لێمەشارەوە. قەت وام نەدیوی، بریا قەتیش نەمدیبوای، نا.. نەخێر ... هەرگیز چاوم باوەڕ ناکا!.

– بۆ... مام ساڵح مرۆ نیە!؟ رۆندکان داباریم، وەکو ئافرەتان قژم بڕنمەوە، هێشتا هیچم نەکردوە!.

ئەو گۆڕانە هیکڕاییەی ساڵحۆک هۆمەری پەشۆکاند، خاترجەم بوو کە شتێک روویداوە. لە دڵی خۆی گوتی:

– بۆ نایدرکێنی... دەترسم شتێکی زل بێو لێی بترسێ. لەوانەیە کەژێی دۆڕاندبێ...! بەلانەکونێ کەژێ گراوو مارە بڕی خۆمە... ئەگەر کارێکی ناپەسندو نابەجێی کردبێ من قبوڵی ناکەم. کەژێ هێویی منە و بەو

دنیایەی ناگۆڕمەوە.. ئەگەر هەر نیازێکیشی هەبێ.. هەرگیز ناتوانێ ئەنجامی بدا.. تەنیا ئەگەر کەژاوەکەی بەسەر لاشەی من دابێ!.

ماوەیەک بیری کردەوە. بە چاکی زانی گوللە بە تاریکیەوە نەنێ.

– قاتی خۆ کەژێت خەسار نەکردوە!.

سالْحۆک بە توورەیی تێی راما:

– کەژێ خەسار نەبوە، بەڵانەکونێ دایکی کەژێ خەسار دەبێ! وەک دێو هەڵیدەلووشن و لرفی دەکەن. ئەوسا بە بۆزی رەوانیش بە دوای بگـەڕێی نایدۆزێتەوە.. هەر هێندە لە دەست دەرچوو ئیتر وەک

بالْندەیەکی کێوی زورینەوەی نابێ ".

رۆندک بە تەواوی تێکەڵ بە ریشی ببوو:

– چنگ ناکەوێتەوە .. نابەخوا هەر هێندەی تەرفا. ئیدی نە بە تۆو

نە بە منو نە بە باوکی منیش وە گیر ناکەوێتەوە، تەنیا ئەگەر....

هۆمەر دەمێک تەماشای کرد. کەمێک هێور بوەوە بە وڕێنەو شتی تڕوهاتی تێگەیشت! بۆیە بە نیازی خۆ مژوول کردنو پچڕاندنی دەزووی باسەکە. هەڵسایەوەو دەستی بە رۆیشتن کردەوە.

– خۆشی نازانی چی یەژێ! راست دەکەن دەڵێن خەڵفاوە. تڕان دەکا نازانێ قینگی لە کوێیە. سەر بەخۆ دەگرێ. لەوانەیە بۆ گەنجێتی خۆی بگرێ. کەوای لە دەست چوە ئیتر ناگەڕێتەوە... ئا... تەمەنی خۆیەتی

خەساری کردوە. دەڵێ دایکی کەژێ خەسار بوە. ماڵی شێتیم بە قوڕ گرتبێ. دایکی کەژێ ئێسقانیشی نەماوە!

بەری لەولا کردو بە هیچ کلۆجێ بایەخی پێنەدا. ئەمە گەلێکی کار لە ساڵحۆک کرد. قاچەکانی ماندوو ترو پشی تەنگتر کرد. بە بێزاریەوە هەنگاوی ناو غەمبار تر سەیری ئاسمانی کرد

– هیچ بایەخی پێنەدا. لەم گوێی هاتو لەوەی دیکەی دەرچوو. سەگی چڵکن. من لە حەژمەتا خەریکە دەبمە دوو کەرت.. دوو کەرتی رێک. ئەویش تەقەی سەری هات! یەژە ناپیاو.. مادامە کونێ دەزانی ئەوە قەت ساڵحۆک نیە رۆندکان وا دەبارێنێ بۆ ئەگەرەکەی لێناپرسی. لێی ناپرسی چی بوە، چی قەوماوە!؟. یەک دوو کەڕەتان بە سەری زاری ئەمە دەڵێ وا دەزانی هێندە ساویلکەم وا بە ئاسانی دەیدرکێنم. پیاو بەو خۆت بیزانە. بزانە چ قەوماوەو چ دەقەومێ! با زیخ و کۆک بێ و بۆ خۆی بیزانێ.

لەبەر خۆی داخاوت، تاو نا تاو دەنگی بەرز دەبوەوەو منجەیەکی لێوە دەهات، که گەلێ جاران خۆشـی لێی تێنەدەگەیشت. سەری باداو دەم و

چاوە لاوازەکەی هەڵگوڵفت:

– نا... ئەگەر نەیدرکێنم. بەیانی یەژن ساڵحۆک مادامەکونێ ئەمەت دەزانی چۆن دەنگت نەکرد. ئەو نهێنییە زلەت لە دڵ مایەوە چۆن نەتەقی، چۆن شەقت نەبرد... نە تۆپی. ئەمەو زۆر شتی دیکەم پێدەڵێن.

با لە کن ئەو تۆڕیەی بیدرکێنم لە تۆڕیەکانی دی پیاو ترو باشترە!.

تەماشای هۆمەری کرد بە گوێرەی قاچەکانی ئەو هەنگاوی دەنا. دەم نادەمیش ئاوڕی لێدەدایەوە نەوەک جێ مابێ. کە خاترجەم دەبوو لە دوایەتی. ملی ڕێگای دەگرتەوە.

توولە ڕێیەکە لە ترسی هەنگاوەکانی هێندەی نەمابوو باڵ بگرێو لەزەوی جوێ بێتەوە. گوڵینگی زەنگاڵەکەی بە گۆزینگی دەکەوتەوە. لۆچەکانی شەڕواڵەکەی، کە بەڕێکی بۆ بە ژنە ڕێکەکەی دروابوو، بە جوانی وەستابوو.

– ئەگەر بڵێم واتان لێدەکەن. وەک پنچکە گیایەک لە خاکی خۆتان هەڵدەکەنن. وەک کارمامزێکی ڕاوکراو کێردتان دەخەنە ملو سەرتان دەبڕن. دەڵێن سالحۆک زمانت چەند ڕەشە، چەند دەم بە هاواری، ڕۆژێک هەواڵێکی خۆشت بۆ نەهێناین. سەگی پیر… نامری هەتاوە کونێ سەری گوندەکە نەخۆی… نا باشتر وایە نەیدرکێنم. هەرگیز ئەو هەڵە زلە نەکەمو خۆم نەخەمە داوی ئەوانەوە. گاور بە گاوری خۆی نەکەوێتەوە داویانەوە. با پیاوبنو خۆیان بیزانن.

کە ئەمجارەیان هۆمەر سەیری سالحۆکی کرد. خەمێکی گەورەی لە ڕوو خوێندەوە. زویرو زگار.. ماوەیەک چاویان دێک بڕی.

ڕەنگی هەڵبزڕکا. بەلەزی بژۆڵەکانی خستە سەر یەک. بە لەگوینێکی وا دەتگوت هەتاوەکونێ دنیا دنیا بێ جارێکی تر هەڵیناهێنێتەوە. کە ئەمە هۆمەری هێندەی دیکە سەرسام کرد:

– مام ساڵح تۆ شتێکت لە دڵ دایە. وەک دڕک لە جگەرت دەچەقێ. وەک کتک چڕنووک لە پەردەی هەستت گیر دەکا. تکا دەکەم هیچم لێمەشارەوە. دەبێ نهێنیەکی زلو زەلام بێ ئەگەنا هەرگیز بەو کلۆجە کاری لێنەدەکردی. قەتم وا نەدیوی! سەیری رەنگی خۆت کردوە!؟.. بیدرکێنە مام ساڵح بیدرکێنە... ویدەچێ نهێنییەکە زل بێو دڵی تۆش بچوکە. ئەگەر بە زەییت بە خۆت نایەتەوە بیرێک لە کەژێ بکەوە. سێوی و بێ دایکە لە سۆزی باوکایەتیشی مەکە. ئەگەر خوانەخواستە تۆ شتێکت بە سەر بێت.. دەڵێم خوانەخواستە...! بکەویە بەر دانەی چەرخی چەپگەرد. هەر ئەو بێ ئەنوا دەبێ. لەقون دەریان دەکەوێو چاوی لە دەست نامەردان دەبێ.. بیدرکێنە مام ساڵح.. من لەجێی بابم سەیرت دەکەم، دەتۆش جارێک.. بۆ تەنیا جارێک وەک کوڕی خۆت رەفتارم لەگەڵ بکە. لە هەموان چێترم دەناسی. دەزانی هێندەی لەگەڵ تۆ داخێوم..گوێ بۆ تۆ رادەدێرم. لەگەڵ کەسی دیکەی ناکەم. بە پێچەوانەی هەمی خەڵکی. کە کەس پەیوەکانت بە پولێکی سووتاو ناکڕێ. نا.. هەرگیز نایکڕن.. بیدرکێنە مام ساڵح. ویدەچێ نهێنییەکە زەلام بێ. ئەگەنا قەت بۆ مشتێ ووشە هێندەت لەبەر نەدەناورامەوە. دەبەرت نەدەبوومە جوو دیان. بەڵانەکونێ دڵنیام شتەکە پەیوەندی بە گوندەوە هەیە. بەرایێ زوو ئەو هەستەم کرد. وەلێ بیرم دوور رۆیشت. ماوەی نێوان زەوی و ئاسمان لە بابەتەکە دوور کەوتەوە. دڵنیام ئەگەر شتەکە پەیوەندی بە تۆوە هەبوایە بە تەنیا هێندەی بە تەنگەوە نەدەبووی. ئەو بایەخە گەورەت پێنەدەدا. تۆ ئەو دۆزە گەورەت بەسەر هات. دایکی کەژێت لە کیس چوو. کە گلێنەی چاوت

بوو دنیای روونت پێدەبینی. هێندەت سوو نەبوو، زەنگوڵە فرمێسکەکت لەچاو نەتکا. ناڵێم خۆشت نەدەویست، بێ ئەمەک بووی‌و باکت پێی نەبوو. نەخێر... بە پێچەوانەوە... دەزام چەندەت خۆش گەرەک بوو. دەزانم بەری ئەوینێکی پاکو یەریوان بوو. ناڵێم...چیرۆ دڵڕەقی.. نەء .... وا تێنەگەی. وەلێ خۆت سروشتەکەت وایە. خوا هەریەکەی جۆرە سروشتێکی داوەتێ. تکادەکەم بیدرکێنە بزانم چی بوە. چ ئاژاوەیەک سەری ناوەتەوە .

ساڵحۆک بە کزیەوە دەرگای گوێچکەکانی ئاوەڵا کردبوو. گریان دەستی لە هەوکێ نابوو خۆی بە قوڕگی شۆڕ کردبوەوە. نەگریا... وەڵی تاسا.. تاسانەک ئەمان تاسان. وای بۆ دەچوو کە جارێکی‌تر ناتوانی تاقە هەنگاوێک هەڵێنێ. دەستەکانی وەک ئەوەی کەتنێکیان پێکرابێ کەوتنە لەرزین. لە چاوەکانی هۆمەر وورد بوەوە. وەک چاوی کەروێشکێکی بێدەسەڵاتی هاتە بەرچاو! گەلێ بەزەیی پیا هاتەوە. بەزەیی بە خۆشی هاتەوە.. بەزەیی بە هەموو نەتەوەکەی هاتەوە.. خەجەی خێزانی هاتەوە یاد. کۆنە برینی کولایەوەو خۆی بێکەس بینی. دوای مردنی خەجە تووشی هەر تەنگەتاویەکو ئەستەنگێک بوایە خۆی وا دەهاتە بەرچاو. لە ژوورەوە بەکڕی دادەنیشتو بە نهێنی تێر تێر دەگریا. هێند بە کوڵ دەگریا تا هیچی لە دڵ نەدەهێشت. بۆ کەژێی کچی دەگریا کە سێوی ببوو. بۆ خۆی دەگریا، کە بێوەمێرد بوو. هەر کاتێ ئەمەی بیر کەوتبوایەوە ئەفسوسی بۆ مردنی خەجێ دەخوارد. چونکێ بە رای ئەو هێشتا زوو بوو نەدەبوایە بە جێیان بهێڵێ. وەلێ رۆژگار... کەس سەر لەو نهێنییە گەورەی مردن دەرناکا. خەجە مردوو بە ئاو خنکا. بۆیە

رقی له ئاو دەبوەوە. ئەگەر لە ترسی مردن نەبوایە. تا مابوو چۆڕێک ئاوی نەدەخواردەوە! هەر ئاوێکیشی بدیبوایە تفی تێدەکرد!

سەرسام بوو چۆن.. چۆن کاتی بێ بەزەیی. وا بەلەزی خەجەی لە باوەشی ئەو رافراندو بۆ کۆشی مەرگی راپێچ کرد. هەرگیز باوەڕی بە مردنی خەجە نەدەکرد. بۆیە هەرکاتێک بیری کەوتبوایەوە. بەو بوایە مەژی وەک قلیە ترێیەک بپلیقێنێتەوە. مەرگی خۆی هاتبوایە بەرچاو هی ئەوی نەدەهات. بەڵانەکونێ ئەمە راستەقینە بوو روویدا. هێندەی زانی گوتیان خەجە خنکا! چۆن خنکا؟!

نیوەڕۆیەکی گەرمی مانگی گەلاوێژ، لەگەڵ چەند ئافرەتێکی تر چوو بوونە سەر رووبارێ بۆ کۆڵ کردنێ. دوای ئەوە کۆڵەکەیان کرد بوو. خۆی خستبوە ئاوەکە بۆ ئەوەی نەختێ مەلە بکا. ئیدی هەر ئەو خۆ خستنە ئاوە بوو. جارێکیتر چاوی بە دنیای روون نەکەوتەوە.!

هۆمەر بە تامەوزرۆییەوە تەماشای زاری ساڵحۆکی دەکرد. چاوەڕوان بوو پەیوێکی بەلەزو سەرشێت. بە گورجی خۆی هەڵداتە دەرەوەو ساری نهێنییەکە بپچڕێنێ بێ مفابوو. داری چاوەڕوانیەکەی زڕ بوو بەری نەگرت! کەفو حەزەکەی لەزگ بوو دامرکێتەوە، ساڵحۆک نقەی لێوە نەهات. وەک ئەوەی دەمی بە بەنێکی ئەستوور دروابێ. ناخاوتو ناخاوت. دەنگێکی نزمیشی لە قوڕگ دەرنەچوو !

– باخێوە مام ساڵح.. بڵێ بزانم چییە دڵی تۆی وا زامدار کردوە. تاوێکە گوێچکەکانم بۆ بیستنی تاقە پەیویک قوڵاخ کردوە. تۆش فرِ ئاگات لە من نەماوە. باخێوە لە دڵم بۆتە مەراقێکی گەلێک گەورە .

مام ساڵح وەک ئەوەی گوێی لە هیچ نەبووبێ. سەری وەرنەچەرخاندو وەرنەچەرخاند. بە هیچ شێوەیەک سەیری هۆمەری نەکرد. بە دەم رۆیشتنەوە لە سەرخۆ داهاتەوەو لە قەراغ تووله رێگاکە چیلکەیەکی هەڵگرتەوە. دەستی بە پارچە پارچە کردنی کردو ناوە ناوە پارچەیەکی لێ فڕێدا!

– نا... نایدرکێنم! ئەوانە ئیوهانە. بەرایێ خۆیان دەکەنە خاکو خۆڵ، کە دەستی خۆشیان دەبینن ناتناسنەوە! چۆن،... نایدرکێنم... ئەو ووشە زلانە ناتوانن لە خشتەم بەرن. سێ بە قەدەر ئەو دنیام دیوە. با هەتاوە کونێ ئێوارە بێتە سەر چۆکان و بکا تکایێ. ئەو ژانە سەرە بۆ خۆم پەیدا ناکەم. بە دەستی خۆم ئاور بەرنادەمە ماڵی خۆم. پاشان بە زمان رەشم دادەنێنو ئێران و تورانم لێدەکەنە دوژمن! چۆن. نایدرکێنم.. قورقەپ.. زاری خۆ دەگرم چێترە. هەروە نیە دەڵێن زمان بەڵای سەرە!.

کە روانیە ساڵحۆک زانی نایدرکێنێ و تاقە پەیوێکیشی لە دەم دەرنایە. بەرازەو هەر هێندەی قاچی لە زەوی داگرت. ئیدی هێز نیە پەژیوانی بکاتەوە. لەگەڵەوەش کۆڵی نەدا. چوە کنیو بە پێی ئەو هەنگاوی نا... بە رێزەوە تەماشای کرد.

– مام ساڵح... ئەی فریشتەی پیر.. کە دەڵێم فریشتە گاڵتەت پێنەیە. بەڵێ فریشتەی. هەتا ئێستاکێ تاوانێکت نەکردوە. خاترجەمم ئەگەر بمری.. هەر چەندە خوا حەز بکا هێشتا زۆرت ماوە. پڕ بە دڵیش حەز دەکەم وەکو خدری زیندەت لێبێتو مردن لێت بڕەوێتەوە. گۆڕت پڕ نور دەبێ.. ئەو شوێنەی تۆی لێبنێژن لەبە پڕشنگی نورت تاری بە خۆیەوە نابینێ.

لەبەر ئەوە ئەی فریشتەی بەسالا چوو تکات لێدەکەم بیدرکێنە.. بلێ.. ئەو نهێنییە چییە ئەو گیانە بنێسو لاوازەتی هێناوەتە هەژان. ئەو پێداگرتنەت زێتر ئازارم دەدا. زێتر ئەودالی زانینم دەکا! هەتاوەکونێ نەیدرکێنی دلم نەخاترجەم دەبێو نە ئۆقرە دەگرێ. ئەگەر شتەکە چکۆلە بوایە هەرگیز وا بێدەنگ نەدەبووی! “.

وەک ئەوەی گوێی لە هیچ نەبوو بێ وەرامی نەدایەوە. بۆ ئەوەی لە ئاخاوتنەکەش رابکا هەنگاوەکانی خێراتر کرد.

قاچەکانی بە نارێکی رێگایان دەبڕیو دەستەکانی بە شلۆقی دەجولانەوە. کە چاوەڕوانی لە تەوێلی هۆمەر وەدی کرد. نەیزانی چی بکا. بۆیە بە نادلی دەنگی هەلبڕی:

– کوڕم هۆمەر... من ڕێزێکی زۆری تۆ دەگرم.. ئەگەر تۆ وەک وێسف لەمن رامێنی بێگومان بە من وەک کوڕی خۆم سەیرت دەکەم. حەزناکەم دلت بشکێنم. تکا دەکەم چیتر داوام لێمەکە. پەیوەکانت جگەرم دەهەنجنن. برینم دەکولێننەوە. هێندەت پێدەلێم زەمان گۆڕاوە. زۆریش گۆڕاوە. کەس بەزەیی بە کەس نایەتەوە و هەر کەس بۆ خۆی رادەکێشێ.. تفوو... لەو زەمانەی. نەک جارەک هەزار جاران تفوو. زەمانی خوێڕی.. زەمانی نامەردان. بۆ ئەو رۆژەت هێشتمەوە. بریا مردنم  دیبوا ئەو رۆژە شومەم نەدیبوا. مردن هەزار کەڕەت ئەهوەنتر بوو. نایەژن خاوەن مالن.. زارۆیان ووردە. ئەو کارە بۆ ئەوان دەبێتە لێقەومان. لە خوا ناترسن ئەگەنا خوا تێکدانی هێلانە پەڕەسێلکەی حەرام کردوە، ئەوجا هێلانە مرۆ!؟.. نەک جارەک هەزار جاران تفوو...

فنەیەکی لێوەت هات. ئەمجارەیان خۆی بۆ دەربەست نەکراو فرمێسکی لە چاو هاتە خوار. بە هێواشی لە شوێنەکەی وەستاو لچکی جامانەکەی بە چاویەوە.. نا.. هورِ هورِ گریا..

هۆمەر دۆزەکەی لا زەلام تر بوو! حەزی کرد هەر چۆنێک بێ سۆنگەی ئەو گریانە بە کوڵە بزانێ. وەلێ گریانەکە خۆی دەبوە بەربەستێک و رێگەی پرسیار کردنی لێدەگرت. بە بێ ئەوەی هیچ بزانێ ئەویش کزگری لەهەوکێ ما. بیری کردەوە و لێکیدایەوە. بێدەستی خۆی رۆندکی لە چاو گلۆر بوەوە. بە نەرمی قاچەکانی ئاژواو چیتر سەیری ساڵحۆکی نەکرد.

(2)

نەهاتەوە... گیرۆ بوو. دەبێ هیچی بەسەر نەهاتبێ!؟. پیرەو نەشێ رێبکا. ئاخ خوایەکەم... خوایە گەورۆنەکەم تۆ بڵێی هیچی بەسەر نەهاتبێ، پیرە.. پیریش هەردەم مردنی لە قیلم قاچ کردوە، قەت بەم لەگوینە گیرۆ نەبوە. پەنا بۆ کوێ بەرم، روو لە کام بێروون بکەم!.

کەژێ بە هێنکە برِی لە هەنوانە کە دەهاتو دەچوو، لەبەر خۆی وورتەی دەهاتو تاو نا تاو سەیری دووری گوندی دەکرد. وەک کەرویشکێکی شوون هەڵگیراو لە هیچ شوێنێک ئۆقرەی نەدەگرت. پاشان هەر خۆی بە خۆی دەگوت:

بڵێ ئەو رەشبینیەت لە چییە. خۆت دەڵێی پیرە... زورهانە. ئێ کەوا بێ هەر گیرۆ دەبێ. بێدەستی خۆی، بێ ئەوەی خۆی ئارەزوو بکا، گیرۆ دەبێ. تەنگە تاوی بۆ چییە. دوا هەنگاوی هەر ماڵی خۆیەتی.

کەژێ کچێکی باڵا مام ناوەندی گۆشتن بوو. چاو برۆی رەشو درشت، لووتی بە رێکی جێگەی خۆی گرتبوو. کەژێ بنەوانی باوکی بوو. هەر چەندە پیرو پەککەوتە بوو جار ناجار شتی کەس نەکردەی لێدەوەشایەوە کە دەبوە هۆی خەفەتخانی. لەگەڵ ئەوەش زۆری خۆش گەرەک بوو. بە هەموو توانایەکی پەرای دەکردو هیچ داوایەکی رەت نەدەکردەوە.

هەستی بە دڵ تەنگیەکی زۆر کرد. بۆیە گۆزەی خستە سەر شانو بەرەو کانی بە ڕێکەوت. بەمەش گەرەکی بوو بە بەردێک دوو چۆلەکە بکوژێ، لە لایەک هەوا بگۆڕیو لە لایەکی تریش ئاو بهێنێ! هێشتا نەگەیشتبوە سەر کانی کاتێ هۆمەرو باوکی بینی بە یەکەوە بەرەو ئاوایی دەبوونەوە. بزەیەکی هاتێ و ئارامیەک دەستی بە هەناویدا داهێنا. چاوەکانی تروسکەی ئارەزووێکی پاکیان تیا زا.

– ئارەقەیەکی زۆرتان کردوەو ماندوو بوونتان پێوە دیارە. بوەستن کەمێک ئاوی ساردتان بۆ بهێنم.

هۆمەر بێدەنگ بوو، هەرچی سالحۆک هەڵیدایێ:

– وا خۆمان دەچینە سەر کانی، پێی ناوێ! ".

کەژێ بە بێ ئەوەی هیچی تر بڵێ. بە گرنێژنەکەوە سەیری گراوەکەی کردو لێیان دوور کەوتەوە. لەگەڵ ئەوەی لەسەر کانیە کە دانیشتن سالحۆک یەکسەر پشتی بە دار گوێزەکەداو قاچەکانی درێژ کرد. بە هیلاکیەوە لە ئاوایی ڕاما. خامۆش و هێمن بوو. لە دەنگی زەڕینی گوێ درێژێک کە لەو سەری ئاوایی بەرز دەبوەوە زێتر دەنگی هیچی تر نەدەهات. وەک هەموو جارێک دوای دانیشتنی لەم شوێنە. خانوەکەی قادر چاو بۆقانی یەکەم خانوو بوو چاوەکانی وێنەیان گرت. ووردە ووردە چاوی بەوانەی دیکەش داهێنا. ماڵی مەجید. ماڵی عەلی ریش سپی گوندی.. ماڵی مەحمودی.. کزەی لە جگەرەوە هات. چاوی ڕەشکەو پێشکەی کردو دنیای لەبەر چاو تاریک بوو. هەواڵەکە وەک مار کەپکەی لەسەر دڵی کرد بوو.

له دووره‌وه.. له‌و سه‌ری ئاواییه‌وه ئه‌حمه‌د وه دیار كه‌وت كه كابرایه‌كی بنێسی به‌ژن كورت بوو. به جامانه قرێژاویه‌كه‌ی ده‌مامكی خۆی دابوو. كه گه‌یشته سه‌ر كانی، هۆمه‌ر گوتی:

– ها.. حه‌مه چۆنه وا خۆت پێچاوه!.

– درانم ژان ده‌كا. بڕستی لێ بڕیوم و حه‌جمانم نه‌ماوه.

– نه‌ختێ خێواوک له زارت وه‌ركه چاك ده‌بی، ئه‌وه تاكه ده‌رمانیه‌تی.

به ده‌م ئاخاوتنه‌وه له كن ساڵحۆك دانیشت. وێده‌چوو ئازاره‌كه‌ی هه‌ر له زیاد بووندابێ. بۆیه هه‌ر ئاخو ئۆخی بوو.

– كاتی خۆی هات بیدركێنم. ئه‌و كڵافه نهێنییه بكه‌مه‌وه. با هه‌موو له‌گه‌ڵ من به‌شداری هه‌ڵگرتنی ئه‌و خه‌مه زله بكه‌ن. به ته‌نیا ده‌روه‌ستی نایه‌م! ئه‌گه‌ر كار وا بڕوا ماوه‌یه‌كی تر ده‌مرم.. هه‌ر به‌زگ ده‌ده‌م!!! وه‌كو سه‌گ ده‌تۆپم. چی بكه‌م، هه‌ر چه‌نده‌ی ده‌كه‌م زارم ناڕوا بیدركێنم! ئۆی خوای گه‌وره. سه‌رداری لێقه‌وماوان. چی بكه‌م باشه!؟ ڕێگایه‌كم پێ نیشانده. ڕۆنیه‌كه‌م وه‌به‌ر چاوان بێخه. له‌و كاته ئه‌سته‌نگه به هانای به‌نده‌كانی خۆت وه‌ره. بگه‌ره فریای بێكه‌سان. ئه‌ی خوای گه‌وره... خوایه خۆشه‌ویسته‌كه‌ی من .

ماوه‌یه‌ك بێده‌نگی دایگرتن. وێده‌چوو هه‌ریه‌كه‌یان بیر له شتێك بكاته‌وه. له نكاوڕا ئه‌حمه‌د شه‌كرێكی شكاند. ئه‌مه‌ش دوای ئه‌وه‌ی ماوه‌یه‌ك سه‌یری ساڵحۆكی كرد!

– دەڵێی گەرەکتە شتێک بڵێی؟.

–چی بڵێم.. چی ماوە بیڵێم!.

– ئەی چۆن. زۆر شت هەیە. ئەگەر خوا هیچ نسکۆیەکمان نەهێنێتە رێ، تووشی چ دەردو بەڵایانمان نەکا برِیەمان داوە لەم رَۆژانە بکەوینە رێ. لەو رۆژانە پێویستە بچینە ناو رەزەکانمان. دنیا گەرم بوە! دەبێ بچینە زۆزانێ خۆ. وەک سالاَنی دیکە هەموو پێکەوە بچین باشترە. ژینی مرۆ بە ئاوەدانیەوە خۆشە

هۆمەرۆک لنگی خستە ناو ئاوەکە

– راست دەکەی. ژینی مرۆ بێ ئاوەدانی چ ژین نیە

ئەوان خەریکی ئاخاوتن بوون. هەرچی سالَحۆک.. سالَحۆکی پیرو لە دنیا جارس. کەوتەوە جیهانەکەی خۆی...

– راســت نـاکـەن. ئەوانیـش مـرۆنـەو ویـژدانیـان هەیە. خوا هیچ

بەندەیەکی خۆی بێ ویژدان نەگوراندوە. کاتێ ئادەمی دروست کرد تۆپە قورِێکی کردە ویژدانو لە دورِ دڵی نا.. نەخێر باشتر وایە نەیدرکێنم. دڵنیام بە درۆ دەردەچێ. درۆیەکی زل. دەنا ئەوانیش مرۆنەو ویژدانیان هەیە. ئەگەر چاویان بە زارۆ و ئافرەتان بکەوێ بەزەییان پێمان دێتەوە! باشتر وایە بێدەنگ بم، ئەگەر وانەبوو دەمخۆن، تەنەکەم بە کلکی وەدەکەنو بە چەپڵەی منداڵە ووردان لە ئاوایم وەدەر دەنێن.

ئەوان بەردەوام بوون لە گلی کردن. دوو کەس بوون و گوێیان نەدەایە بێدەنگیەکەی ساڵحۆک. تا ئەو کاتەی لێک جوێ بوونەوەو هەریەکەی زوریەوە ماڵی خۆی.

ئەو شەوە ساڵحۆک هەر چەندە لە نێو جێگاکەی خۆی هێناو بردو گینگلی دا. دێوی خەو نەیتوانی شارۆچکەی چاوەکانی داگیر بکاو بەیداخی خۆی هەڵبدا، بیری کردەوە. خۆی خستە کۆشی ئەندێشان. گەرەکی بوو ئەو خەمەی دڵی لە بێخەوە هەڵکەنێو شتەکە بدرکێنێ! دەستە وەستان بوو، قەت خۆی بەو بێهێزیە نەدیبوو.

– دەڵێن شێت بوە. یەک دەنک هۆشی لای خۆی نیە. سەر بەخۆ داخێوی. لەگەڵ ئەجندۆکان، لەمە چێتران دەدوێ. وا دەزانی ئەو کارە هەوەنتەیە، ئاوا بە سووکو سانایی ئەنجام دەدرێ!... لەگەڵ هەموو ئەوانەش پێویستە بیدرکێنم. با جنێوم پێبدەن. بە توتکم دابنێن. گرنگ نیە. گرنگ ئەوەیە خۆم لەم ئازارە رزگار بکەم. بیدرکێنم باشترە لەوەی بەداخەوە بیبەمە ژێر گڵ. دەبێ ئەوانیش هێندە مێشکەیان هەبێو لە خۆیان بپرسن ئەو پیرە ریش سپییە بۆ درۆمان لەگەڵ دەکا! چ بەرژەوەندیەکی لەو درۆیانە هەیە! نەخێر... پێویستە بەیانی زوو بیدرکێنم. هەڵەیەکی گەورەم کرد ئەمڕۆ بەهۆمەرم نەگوت ئەو مرۆیەکی ژیرە، گەلێکیش هاتە تکایێ. پیاو زەلامی کوشتبوا هێندە بناورابوایەوە لێی خۆش دەبوون. کەچی من دوو پەیوی سووتام لە کن نەدرکاند. باشترین شت وایە بە زووترین کات بڵاوی بکەمەوەو گەورەو بچووکی ئاوایی تێبگەیەنم. پێیان بڵێم براینە.. خوشکینە. زارۆ و خۆرتینە. حاڵ لەمەو حیکایەت لەمە. دەیانەوێ ئاواتان لێبکەن. ئێوە

دەڵێن چی!؟ هاکە گەیشتنە ئێرە. ئەوسا دەست لە گونان درێژتر هیچتان بۆ ناکرێ. ئەو دەمە گازاندەم لێمەکەنو تۆمەتەکە مەخەنە ئەستۆی من. ئەوەی دەمزانی لەبەر چاوم هەڵڕشتن.

هەتاوە کونێ کەڵەبابی سپێدە بانگی دا. ئەو لەو مشتو مڕەدا بوو لەگەڵ خودی خۆی. دوا بڕیەی ئەوە بوو دەزووی نهێنییەکە بپسێنێو بیدرکێنێ. وەک مەلێکی نێو رکە. وەک بەندەیەکی پێوەند لەپێ بەر هەڵدای بکاو بە گورجی بەربەستی ئەو شتە پەنگ خواردوەی دەروونی تێک بشکێنێ. باخێوی‌و شت بدرکێنی. ئەو شتە بدرکێنێ کە پەیوەندی بە گوندەکەیانەوە هەیە! گوندە شیرینەکەی. گوندە جوانو رەندەکەی. ئەو گوندەی باپیری باپیرە گەورەی، بنەچەکەی... رەگو ریشەی هەناسەیان تیا هەڵمژیوەو بە ئاوو هەوای ئەوێ فرچکیان گرتوە. لەوێدا دڵدرایان کردوە. ژنیان هێناوە.. نەوەیان ناوەتەوە. پاشان بە هێمنی، بەو پەڕی ئارامیەوە گەڕاونەتەوە باوەشی دایکی دوەمیان. دەستەملانی ئاخو گڵی گوندەکەیان بوونەتەوە. بوونە مشتێ خۆڵ، هەتاوە کونێ خانووی تازەیان پێ بنیات بنرێت...!

لە شوێنەکەی بزووت و کزو کەنەفت، پشتی بە دیوارە بەردینەکە کرد. وەک یەکێک بە نامرادی لە سەفەرێکی دوور زوریبێتەوە. ئەو شتەی چەندین گوری لە پێناو دابێ کەوتبێە دەمی نەهەنگێکو لرف کرابێ. بالیفەکەی خستە بن تەنکێشی و هەنیشکی لە لبادەکە چەقاند. قاچی درێژ کردو مژیلانەکانی خستە سەریەک بەرانبەری لە ئەستێرەکان راما. کە لە رۆچنەکە دیار بوون. هەموو شتێک بۆنی نامۆیی لێدەهات.

له بچوکەوە تامەزن، وەک هەواڵەکە بۆنی نامۆییان لێدەهات، وەک هەواڵەکە غەمبارو زگار دەهاتنە بەرچاو.

ئاخێکی پڕ بە سییەکانی هەڵکێشاو تا هێزی تیابوو لە ئەژنۆی خۆیدا. پەنگری دەروونی زێتر بڵێسەی سەند! ئالاقی بەزەیی هاتنەوە بە خۆی زێتر ئاورینگی کرد.کە چاوی بە کەژێ کەوت دەردو داخی زێتر بوو. هۆشی بوە ئەسپێکی رەوهانو بەرهەڵدا بوو. چەندەی هەوڵیدا هەوسارەکەی نەکەوتەوە دەست. کەژێ تاقە یادگارێکی بەر چاو بوو لە خەجەی بۆ مابوەوە.

دوای بیستنی ئەو هەواڵە ترسێکی زۆری لە دڵ پەیدا ببوو! لە چارەنوسی دەترسا. ئەو پیر بوو بە دەرۆزەش بوایە زگی تێر دەکرد! وەڵی کەژێ چیدەکرد!؟ دڵنیابوو کەس بەنیازی پاک بە خۆوەی ناگرێ!!! ئەوەی یارمەتی بدات وەک گورگێکی برسی چاوی لێ وێز دەکاتەوە. بە هەموو شێوازێک هەوڵی راوکردنی دەدەن. ئەوسا یا دەکەوێتە بەردەستان یا دەرباز دەبێ. ئەگەر دەربازیش بوو بۆ کوێ؟ لە هەموو باڵێک تەڵەی بۆ دادەنرێتەوە. ئەگەرچی مرۆی باش هەر بوەو دەری ژیان نەدرواوە، بەڵام بەختە رەشەکەی ئەو نایبڕێ! ئەو دەمە کەژێیەکی وا نازدار وەک کەلو پەلێکی بێفیەت ئەم دەستو ئەو دەستی پێدەکرێ. گامەی ناکەس بەچە و نامەردە هەوڵ دەدا ئارەزووی خۆی پێدامرکێنێ.

ساڵحۆک وەختی بیری لەم شتانە کردەوە وەک پڵنگێکی بریندار مڕەی لێوەهات. مستێکی بە تێنی لە دیوارەکەدا! هەڵسایەوەو نەیزانی چی بکا. لە پر دەرگاکەی کردەوەو چاوی بە ئاسمانی پانو بەریندا گێرا.

ئەستێرەکان وەک یاقوت پارڤە ببوون هەر دەنکەی کەوتبوە لایێ. بە نازەوە چاویان لەوانە دەتروکاند کە بەری خۆیان دەدایێ. رۆندک لەسەر رووە چورچو لۆچدارەکەی جۆگەی بەست و بۆ ناو ریشی شۆڕ بوەوە.

کەژێ لەگەڵ دەنگی نووزەی باوکی واگا هات. لە جێگاکەی دانیشتو بێدەنگ بوو. نەیزانی چی بڵێ. سۆنگەی گریانێکی وا بە کوڵ، چۆن لە پیرەمێردێکی بە ساڵاچوو بپرسێ! دژایەتیەک لە دەروونی سەری هەڵدا. دوو هێز سەریان قیت کردەوە. یەکێکیان داوای بێدەنگی کرد ئەوەی تریشیان پرسیار!

– باوکە.. کەسو خوێشەکەم. لەم دنیایە بەر فرەیەدا... لەو جیهانە تژی ئازارە. لە تۆو ئەو خوایە زێتر کەس گومان نابەم. بڵێ هۆی ئەم گریانەت چییە. بۆ دەگریەی. ئەو خەمە ئەستوورە چییە وا بە ئادگارتەوە لکاوە. دە بەرت دەناورێمەوە، چیتر ئازاری خۆت مەدە. ئەو لاشە بچووک و بێ هێزەی تۆ، دانەی تەمەن و رۆژگار وای هاڕیوە ناشێ باری ئەو خەمە گرانە هەڵگرێ.تکا دەکەم باوکە خۆشەویستەکەم، تکا دەکەم!.

ناورانەوەی کەژێ هیچی بۆ نەکرا. هێندەی سۆتەکە جگەرەیەک مفای نەبوو. ساڵحۆک ببوە پاڵەوانی فلیمێکی تراژیدی و ئەوەی دەستی بۆ درێژ کردبوو وەکو مار ئەنگوستی گەستبوو!

– دەبێ بیدرکێنم. لەم سەر تا ئەم سەری ئاوایی بگەڕێم و بە دەنگێکی بڵند هاوار بکەم: خەڵکینە ئاگادار بن. ئەو بەڕەی ژێر پێتان رادەکێشن و

تەوقی سەرتان بە عەردی دەکەوێ. لە بێخەوە هەڵتان دەکەننو ئاورتان دەماڵێ بەر دەدەن. چوستو چاپووک بن. بەرلەوەی دیلو بن دەست بن،بیر لە سەرکەوتن و سەرفرازی بکەنەوە. دوایی پەژیوانی داد نادا. لە چۆک دانو ئاخ هەڵکیشان هیچی بۆ ناکرێ!.

بە لەز بوو لە هاتنی بەیانی. حەزی دەکرد ببێتە کازێوەو خۆر وەک گەنجێکی بە وەجو خوێن گەرم سینگی دەرپەڕێنێ. تاوەکو ئاواتەکەی بهێنێتە دی. ئەو دەنگە زیندانیەی قوڕگی ئازاد بکا. هەر چەندەی کەژێ ئاخاوت، ئەو هەرگوێشی لێنەبوو. وایدەزانی لەگەڵ ئەویشی دانیە! ئەوەی ئەم شەوە بارتەقای هەواڵەکە زەندەقی ساڵحۆکی برد کەژێی کچی بوو. بۆ ئەویش گەیشتە ئەنجامێک، بڕیەیدا بە زووترین کات بۆ ماڵی خۆی بەڕێ بخا!

- مادامەکونێ هۆمەر مارە بڕیەتی هێشتنەوەی بۆ چییە! هیچ ئەگەرێک نیە بۆ گیرۆ بوونی. هۆمەر گەنجێکی لێوەشاوەیە، دەتوانێ پارێزگاری بکاو ببێتە پشتو پەنا بۆی، دەتوانێ بەرگری لێبکا!.

کە رۆژ چاوی هەڵێنا. ساڵحۆک دوو بڕیەی گرنگی دابوو. هەر دووکیان پەیوەندیەکی بەتینیان بە ژیانیەوە هەبوو.

هەرچی هۆمەر بوو... ئەویش کە زوریەوە ماڵ پەستو دڵ تەنگ بوو. هەڵسو کەوتەکەی ساڵحۆک ئۆقرەی لێبڕیبوو.

-دەبێ چ نهێنییەکی زل بێ، بەو شێوەیە کاری لەو پیرە کردبێ!؟.

هەر سەرلە ئێوارە قادر چاو بۆقانیو هەباس چوونە لای، دوای دانیشتن و بە خێرهاتنی کردنیان. دەستیان بە ئاخاوتن کرد. لە دەرگای زۆر باسیان دا. گفتو گۆیان لە سەر زۆر شت کرد. هۆمەر هەرچی دەکرد مەژی لەگەڵ گلیەکانی وان سەقام گیر نەدەبوو. وەلێ بە سەرخۆی نەدەهێنا، جار ناجار هەر بۆ ئەوەی وا نیشان بدا کە ئاگای لە باسەکەیە. گرنێژنێکی دەخستە سەر لێوان!

لە نێو ئەو باسانەدا باسێک سەرنجی راکێشا. ناچاری کرد بە بایەخەوە گوێی بۆ رادێری. لە دڵی خۆی دەیگوت.

– دەبێ مرۆ هەبێ بەو شێوازە رەفتار بکا! مامەڵە لە سەر دایکی بکاو فیەتی بۆ دابنێ! کەس دایکی خۆی فرۆتوە، کەس مێژوو نشیمەنی خۆی بە پارە گۆڕیوەتەوە!؟.

ئەو شتانەی گلیان لێوە دەکرد. ئەو باسانە لە کن خەڵکی ئاسایی نەبوو! شوورەییو خەوشێکی گران بوو، کەس خۆی لەژێر باری نەدەگرت. قادر چاو بۆقانی کە داخاوت ناوە ناوە ئەوەی دووبارە دەکردەوە:

– بەم گوێیانە گوێم لێبوو. کابرا درۆی لە سەرو ریشی نەدەوەشایەوە. بەم کارەش دڵ تەنگو زگار ببوو. بە کوڵ دەگریاو فرمێسکی دەباراند. ئەوەی ئەو دەیگێڕایەوە خۆی لە نێو رووداوەکە بوو!.

قادر چاو بۆقانی مرۆیەکی قوتەی خڕ بوو. چاوەکانی زیاد لە رادە دەرپەریبوون، بۆیە پێیان دەگوت قادر چاو بۆقانی. لەگەڵ ئاخاوتن

دەستی دەبزواندو دەجولایەوە. هەستی کردبوو کە باسەکەی زۆر سەرنجی هۆمەری راکێشاوە. بۆیە بە چێژ تر باسەکەی دەگێڕایەوە:

– کار لەوە نەماوە، کەس نیە نەیزانێ. بە گەرمی دەستیان بە ئەنجام دانی کارەکەیان کردوە. ئەو کابرایەی دوهێ میوانی من بوو. دەیگوت هاوڕێیەکەم بۆی گێرامەوەو گوتی.

دوای نیوەڕۆیەکی گەرم گەیشتنە ئاواییەکەی ئێمە. هێندەم زانی چەند چەکدارێک لەبەر دەرگا بە دیارکەوتن. گازی دەرەوەیان کردم. کە چوومە دەرەوە بینیم خەڵکەکەیان هەموو کۆ کردۆتەوە. ئەفەندیەکی وورگ زل وەستابوو، بۆ خەڵکەکە داخاوت و دەیگوت:

–ئێمە لە شارەوە هاتووین بۆ کن ئێوەی ئازیزو خۆشەویست، کە بە شێکن لەم گەلە.. بەشێکی باشن لەم گەلە. لەبەر ئەوەی ئێمە هەست دەکەین، پێویستی سەر شانمانە ژیانی ئێوە خۆش بکەین!!! لەم دەردە سەریەتان رزگار بکەین. بۆیە میری نیشتمانی بڕیەی راگوستنەوەتانی دا! پێویستە بتانگوازینەوە شار. لەوێ کارەبا.. ئاو.. نەخۆشخانە. هەمووی لە مشەیە.. نەخێر.. ئێمە هەرگیز ناتوانین هاونیشتمانی خۆمان بەم شێوەیە ببینین. دەبێ لەشار هەموو شتێکتان بۆ دابین بکەین!.

خەڵکەکە وەک شێرێکی برینداریان لێهات. یەکێک دەنگی بەرزکردەوە و هاواری کرد:

– هێ هێی شار! هەر بنە گوێزێک.. قومێک ئاوی کانی، بەهەزار شار نادەین

کابرا سەیری خەڵکەکەی کرد کە وەک جم جمە سوڵتانی تێک هەڵقژقژا بوون. وەک گۆمێکی مەند لە جێگەی خۆیان دەهەژان:

– تکا دەکەم گوێ رادێرن. دار گوێزی چی، ئێوەی گوندنیشن تا ئێستا زیانتان بۆ دەرنەکەوتوە! .. گەمژەڵن. نەزانن، گەر ئێمە بەرژەوەندی ئێوەمان گەرەک نەبێ بۆچی ئەو رێگە دوورە دەبڕین! بۆ ئەو ئازارەی خۆمان دەدەین. بەلانەکونێ قەینا. ئێمە هەرگیز بە کەراتی ئێوە ناکەین و لێتان زویر نابین. دەروونمان فراوانەو ناشێین دەست بەرداری ئێوە بین. حەز دەکەین ژیانێکی مرۆیانە و فرە خۆشتان بۆ دابین بکەین. دار گوێزی چی، سەد گاشەی لە دوا بهاوێژن. نازانن زیانی چەند زۆرە بۆیە وا داخێون! زانست هەموو زیانەکانی دەرخستوە، وەڵی ئێوە هێشتا لە واتای زانست نەگەیشتوون. ئاوی کانی! گوایا دەزانی سۆنگەو ئەگەری هەموو نەخۆشیەک ئەم ئاوەیە! پێم ناڵێن چاوتان لە چییە؟ ئێوە هەرچەند نەزان بن ئێمە ناچارین یارمەتیتان بدەین و بتانگوازینەوە شار. دڵنیا بن هەموو شتێکتان دەقرسێو چەند بێ دوو هێندەتان بارتەقا دەدرێتێ. ئەوە بزانن ئێمە بەر لە هەموو شتێک چاکەی ئێوەمان گەرەکە!.

دوای ئەم قسانە بە ماوەیەکی کەم دەستیان کرد بە قرساندنی رەزو باخەکانیان. کە قادر چاو بۆقانی دیماهی بە گلیەکانی هێنا، بێدەنگیەک دایگرتن. هۆمەر لەگەڵ پەیوەکان تاسابوو، دەرزیت لێدابوایە هەستی پێ نەدەکرد.

دوای ئەوەی میوانەکان ڕۆیشتن بە تەنیا مایەوە. ترسێکی ئەستووری لە دەروون زا. زۆر بە ئاڵۆزی لە مەسەلەکە گەیشت. زانی ئاکامێکی وەک تەنی ڕەشی دەبێ. بیری لە چارەنوسی گوندەکەیان کردەوە. وێنەی دارگوێزەکان، کانیەکان،.. دایکی.. کەژێ.. ساڵحۆک. وێنەی یەکە یەکەی خەڵکی گوندەکەی وەبەر چاو تێپەڕی. هەمووی بە ناگزوری و لێقەوماوی بینین. جگەرەیەکی داگیرساند. لەسەر گازەرەی پشتێ ڕاکشاو مژێکی قووڵی لە جگەرەکەدا. دوکەڵ بازنە بۆ ساپیتەکە بەرز بوەوە. بە تووڕەیی

فووێکی کردو هەمووی بڵاو کردەوە.

لەو کاتەدا رابۆ لەسەر جێگاکەی رازابوو سەیری کوڕەکەی دەکرد. دیقەتی دابوە ئادگاداریو شتێکی تیا بەدی دەکرد. حەزی دەکرد پرسیاری لێبکا. نەشدەوێرا! شارەزای کوڕەکەی بوو دەیزانی پرسیار کردن دڵ تەنگ ترو پەشیوتری دەکا. لە حەژمەتا خۆی وا بە زەویەوە نووساند بوو دەتگوت گیانی تیا نەماوە! رابۆ پیرەژنێکی پشت چەماوەی بنێس بوو. قاچەکانی بریتی بوون لە پارچە ئێسقانێکی رەق و تەق. گۆزنگی وەک کەلا بەرد دەرپەڕیبوو. لەبەر ئەوەی زۆربەی کات بە پێ خاوسی دەگەڕا پاژنەکانی زیوار زیوار و قەڵەشتی ببوون.

تەحۆ بە بێدەنگی لە کن دایکی رازابوو. ئەویش بەم تەمەنە بچوکەی هەستی بە دڵ تەنگی برایە گەورەکەی کردبوو، بۆیە وورتەی لێوە نەدەهات، وەک شەوانی دیکە داوای گێڕانەوەی چیرۆکی لە دایکی نەدەکرد! هەرچەندە نیشانەی ئارەزووی گوێگرتنی بە ئاشکرا پێوە دیار

بوو، رابۆ هەستی بەمە کرد. بۆیە بێ ئەوەی چاوەڕوانی داواکردنی ئەو بێ بیری لە چیرۆکێک کردەوە، بەو مەبەستەی بە بەردێک دوو نیشانان بەنگێوێ. لە لایەک تەحۆ بێبەش نەکا لەو چیرۆکانەی پێیان راهاتبوو. لە لایەکی تر سەرنجی هۆمەر رابکێشێو شتێکی تێبگەیەنێ! چاوی بڕیە تەحۆ و ماوەیەک داما. روخساری بە خەندەیەک خەملاند:

–ها... کوڕی گچکەم... بەر خۆڵەی ساوام بۆ ئەمشەو داوای چیرۆکم لێناکەی! دەزانم دڵت پڕ ژانە، خۆزگە هۆیەکەشم دەزانی. لەگەڵ ئەوەش گرنگ نیە. من خۆم چیرۆکێکت بۆ دەگێڕمەوە، چیرۆکێکی پر چێژ. باش زەینی خۆتی بدەرێ. کوڕم، دەگێڕنەوەو دەڵێن لەو وولاتەی خۆمان. لەو کوردستانە ئازیزەی. لەنێو چیایە بەرزو سەر کەشەکان. گوندێکی خنجیلانە هەبوو. یەکجار قشتو خنجیلانە بوو. ئەوەی بیدیبوایە وەک کچێکی جوان دڵی بۆی لێی دەدا. هەستی بە خۆشەویستیەک دەکرد لە ناخیدا لە دایک دەبوو. حەزێکی سەر شێت شالاوی بۆ دەهێنا. لەو گوندەدا خەڵکەکە هەمووی هەڤ یەک بوون. ئاغاو دەرەبەگیان تێدا نەبوو. چاو سۆرو زۆرداریان تێدا نەبوو. بۆیە جەورو ستەمیان نەدیبوو نەیاندەزانی چەوسانەوە چییە! گوندەکە گوندێکی دوورە پەرێز بوو. رێو بانانی نەدەچۆوە سەر. رێڤێنگو پیادەی بەسەرەوە نەبوو. خەڵکەکە زۆربەی کاتیان بە کارکردن بەسەر دەبرد. هەمیشە پەرای رەزو باخەکانیان دەکردو گوندەکەیان دەڕازاندەوە.

رۆژگار رۆیشتو رۆژگار هات. ساڵ بەسەر چوو ساڵ هات، رۆژ بە رۆژ ژیانیان خۆشتر دەبوو، ئارامی و دڵنیاییان پتر دەبوو. چونکێ کاریان دەکرد. چاویان لە نژدی و راوو رووتی خەڵکی نەبوو. هەموو

بە پاکیەوە. بە دڵسۆزیەوە بۆ گوندەکەیان تێدەکۆشا! ڕۆژێک هەواڵێک لەنێو گوندی پارڤە بوو هەمووی هەژاندن. دڵی سەر لەبەری ناشادو تژی خەم کرد. لە جێی ئەو دڵنیاییە تووشی ترسو دڵەڕاوکێ بوون. گوتیان دێوێک چیای گرتوە. لەسەران وەستاوەو تەیارو ئامادەی شەڕە. گورزی ئاگرینی لە دەستە و تەڕو ووشک بەیەکەوە دەسوتێنێ. سڵ لە مەرگ و مردن ناکاتەوە. دڵی بۆ زارۆ و ئەویندارانی لێنادا. جگە لە خۆیو بەرژەوەندی خۆی چاوی هیچی دیکە نابینێ. دێ و دەچێ... دەنەڕێنێو نەعرەتە لێدەدا. کێو بە کێو دادەداو ووردو خاشی دەکا. دەمی بە هەر رووبارێکەوە دەنێ ئیشکی دەکاو دڵۆپێک ئاوی تیا ناهێڵێ. دەچێتە نێو هەر رەزێک لرفی دەکاو ئیتر سەوزی لەو رەزە نابینی!

ئەو هەواڵە دڵی خەڵکەکەی وا سەخڵەت کرد گەورەو بچووک.. پیرو تولاز ئۆقرەیان لێبڕا. هەمی رەنگ زەردو لێو بەبار بوون. نەیانزانی چ رێگەیەک لەو تەنگاویەیان وە دەردەنێ. بەرەنگاری دێوە ببنەوە یا خود چۆکی بۆ دابدەن و کلیلی چارەنوسیانی بخەنە مست؟! راستو ناڕاستیان لێگوم ببوو. هەرچەندەی تێدەهزرین، ئەنجام دانی داخوازیەکانی دێوە ئەستەنگو سەخت بوو. ئەو ژیانەی ئەوان پێی راهاتبوون ئەمەی رەتدەکردەوە. داخوازیەکان زۆر بوون و لەبن نەدەهاتن! دەبوایە یەکەم شت ببێتە مەزن و سەرداری گوندەکە. لە گچکەترین شت تا گەورەترینی بخرێتە بن دەستی ئەو! ئەو رەنجەی بە درێژایی ساڵ دەیدەن بەرەکەی لە بەردەم ئەو دانێن، تا بە گوێرەی مگێزو ئارەزووی خۆی هەڵسو کەوتی پێبکا. ئەگەر کەسێکیش خوانە خواستە ڕۆژێک لە

ڕۆژان تاقە ووشەیەکی ناڕەزایی و بەرەنگار بوونەوەی لەزار دەرچوو. ئەوا دەبێ بێ سێو دوو سێدارەی بۆ دامەزرێنرێ!

خەڵکەکە حەزیان نەدەکرد ئێخسیر ببنو بکەونە بن دەستان. لەگەڵ ئەوەش نەیاندەویست شیرازەی ژیانیان لێتێکبچێو خوێن لە گوندەکەیان بڕژێ! چەندەی پیاو ماقووڵ و ریش سپی گوندی دانیشتنو ئاخاوتنیان لەسەر کرد. نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک! رایەکانیان وەک دوو ریانێک لە پڕ لێک جوێدەبوونەوە. دەئەنرینو دێک زویر دەبوون. هێندەی نەدەما دەگژ یەک رابچنو شیر دێک بسوون! هێندیکیان وایان لێدەهات حەزیان دەکرد دێوە سەر لەبەری گوندەکە بسووتێنێ، نەوەک رای ئەوانەی تر سەرکەوێ! ئەوان لەزگ مشتو مڕێ خۆ بوون. کاتیش بە لەزی دەڕۆیشتو بەجێی دەهێشتن، لە رووداوەکان بە جێدەمان و کەلێنێکی گەورە لە نێوان ئەوانو زەمەندا پەیدا دەبوو! کە ئەمە بۆ دێوەکە ریکەوتێکی مەزن و لەبار بوو.

لەو گوندە گەورەو گرانە تەنیا یەکێک بە کردەوە بەرەنگاری دێوە بوەوە. قۆڵو باسکی هەڵکردو ناوی خوای لێهێنا. وەک مێروولەیەکی بچوک بەرانبەر دێوێکی زڕتە زەلام راوەستا. سینگی دەرپەڕاندو ئەنگوستی بۆ نێو چاوی درێژ کرد.بوە شەڕو زۆرانبازیان. رۆژێک... دوو... سێ ئەو شەڕە هەر بەردەوام بوو. شتاقیان دەروەستی ئەوەی دیکە نەهات. خەڵکی گوندیش لە سـەیرکردن و تێڕامان زێتر هیچی دیکەیان لە دەست دەرنەهات.

دێوەکە کوڕێژگەی هێناو برد، کوڕێژگەی ئازاو پاڵەوان ئەو شینە دێوەی هێناو برد، نەخێر بێ سوود بوو، دەروەستی یەک نەهاتنو نەهاتن! سەری ڕۆژی حەوتەم شەڕەکە گەرمتر بوو. دێوە جواناوێکی وایکرد بوو ڕووباری لەبەر دەڕۆیشت. هەر چاوێکی هێندەی کوانوێک کرابوەوە و ئاوری لێدەباری. هەرچی کوڕێژکە بوو، کوڕێژگە ئازاو لە خۆ بووردوەکە بوو پەکی کەوتبوو هانە هانی ڕۆژە ڕێیەک دەڕۆیشت. ئەوەی تێنو هێز بوو دە لەشێ وی نەمابوو وەک مێلیچکی تەڕ هەڵدەلەرزی! کەچی کۆڵی نەدەداو نەدەدا. بەرگری دەکردو هەڵمەتی دەبرد. وەڵێ مرۆیەکی بنێس و لاواز چۆن دەرەقەتی دێوێکی دڕو لە خوا نەترس دێت!؟لە ئاکامدا کوڕە کەوتە ژێرەوە. ملی لەگەڵ شیری پڕ شەڕی دێوی قوڕمساخ پەڕی و لە لەشی جوێ بوەوە. وەک کڵافەیەک بۆ نێو گوندی گلۆر بوەوە. خوێنی فیچقەی کردو جۆباری بەستا. بەهەمان شێوە بۆ نێو ئاوایی شۆڕبوەوە و پێلی دا.

خەڵکەکە هەموو واقیان وڕما! تا ئەو دەمە لە مرۆیانیان نەدیبوو هێندە خوێنەی لەبەر بڕوا! سەرسام ببوون. نەیاندەزانی ئەو لاوە لە تیرەی مرۆیان بوو یا خود فریشتان!!! ئەمەیان بە مەژی دادەهات لە کاتێکدا هەموو بابو باپیریان بە چاکی دەناسی!. دەیانزانی بنەچەکەشیان هەر لەو گوندە بووینە.

هەموو بە غەمباری چوونە سەر لاشەکەی. تەرمە پیرۆزەکەیان بەرز کردەوە و بەرەو گوندی زوڕینەوە. دەنگی پێکەنینی دێوەش زێتر بەرز دەبوەوە و چیای لەگەڵ دەهاتە هەژان! ئەوەی لەو گاڤە سەرنجی

خەڵکەکەی بەرزەفت کرد ئەوەبوو پاڵەوانەکە لە کاتی مردنیش خەندەیەکی بە ئادگارەوە بوو! کە لێی تێنەگەیشتن!

دوای ئەوەی پاڵەوانەکە بوە گوری. گوندەکە کەوتە بن دەستی بە خوێن سوور بووی دێوەکە. بە ئارەزووی خۆی رەفتاری دەکرد. رۆژ نەبوو چەندین کەڕەت نەمرن و نەژیێنەوە! خۆشیەکەی جاران نەما. هەر ساتەی یەکێکیان قرقەپ دەکرا، ئەوانەی دیکەش بەبێدەسەڵاتی چاوەڕوانی هاتنی نۆرەی خۆیان دەکرد. ئەو دەمە ئێرەییان بە کوڕە دەبرد. لە واتای ئەو خەندەیە گەیشتن کە لە مردنیشدا روخساری پاڵەوانەکەی بەرنەدا!.

رابۆ کە دیماهی بە چیرۆکەکەی هێنا ماندوو بوونێکی زۆری پێوە دیار بوو. تەحۆش بە شێوەیەکی وا ئاوێتەی چیرۆکەکە ببوو پاش تەواو بوونیشی بە ماوەیەک نەیتوانی تاقە پەیوێ دەربڕێ! گریان وەک منداڵێکی چەتوون خۆی بە واگۆنی هەناسەی شۆڕ کرد بوەوە.

هەرچی هۆمەر بوو چۆن لەسەر پشت رازا بوو، هەروا مایەوە. سەیری دایکی نەدەکرد. هەرچەندە هەموو گیانی ببوە گوێچکە و گوێی رادێرابوو. بە تەواوی هەستی لەخۆ بڕیبوو لە ئەنجامی چیرۆکەکە وورد دەبوەوە. ترسەکەی گەلێ زێتر ببوو. خاترجەم بوو کەشتەکە راستەقینەیەو وا شاڵاوی بۆ دێنێ. هەر چەندەی خۆی هێناو بردیش هیچ چارەیەکی بۆ نەدۆزرایەوە!

لە پڕ بە گورجی هەڵسایەوەو چوە دەرەوە. سەیری دەوروبەری کرد. هەموو شتێک ئاسایی بوو. هیچ گۆڕانێک لە ئارادانەبوو. نە دێوە دیار

بوو نەهیچ. شەو هەر وەک شەوانی دیکە رەش و تاریک بوو. گوندەکەیان خامۆش و بێدەنگ بوو! بیری کردەوە، ئەو ئێوارەیە وەک هەموو ئێوارەیەکی تر کوڕو کاڵی گوندی لە سەر کانی و بن دیواری مزگەوت کۆڕ و کۆمەڵیان بەستابوو. ئاهەکی وەبەر هاتەوەو فێنکاییەک پەنجەی بە هەناوی داهێنا! وەلێ تەمەن کورت بوو. وەک ماسیەکی لە تۆڕ دەرباز بوو  بە تامەزرۆییەوە خـۆی خستـەوە دەریای لێکدانـەوە. نەیویست خۆی هەڵخەڵەتێنێ. دڵنیابوو کە ئەوەی ئەو دەرکی پێبردوەو تێی گەیشتوە بە گوێرەی خەڵکی دیکە هێشتا لە پشت پەردەیەو نایبینن! بۆیە بە ئەرکێکی گەورەی خۆی دانا. کە تێکڕایی ئاوایی هێور بکاتەوە و هەموو شتێکیان تێبگەیەنێ!

لە چیرۆکەکەی دایکی گەیشت. زانی پاڵەوانەکە بۆچی مردنی هەڵبژارد. بۆ خۆی خستە گێژاوی ئەو شەڕەی کە هیوای سەرکەوتنی گەلێ کەم بوو.

تا دەهات دۆزەکەی لەکن زیاتر دەڕسکاو ئاڵۆزتر دەبوو. دوو دڵ بوو لەو شتانەی کە بۆی دەچوو!

– نابێ گوللە بە تاریکیەوە بنێم، پلوکە بەردان هەڵدەمە گۆمی مەند، ئەمە بیر کردنەوەو دانیشتنی گەرەکە. پێویستە بەیانی بچمە نێو خەڵکی و گوێ بۆ ئاخاوتنەکانیان رادێرم.. وێدەچێ هەموو مەسەلەکەیان زانیبێ! دۆش دامابنو بە هەندی هەڵنەگرن! کات دەڕواو جێمان دێڵی. پێویستە بەرایێ لەگەڵ ساڵحۆک دابنیشم. گومانی تیا نیە نهێنییەکەی ئەویش ئەوەیە! پەیوەکانی لەو بابەتە نزیک بوون. لاوکەکە بۆنی نامۆیی

لێدەهات. ترسی پەڕاگەندەیی پێوە دیار بوو! بەڵێ...ساڵحۆک ئەمەی بەرگوێ کەوتوە، بۆیە وا چاوی چۆتە پشتی سەری!.

( 3 )

رۆژ یەکەم گزنگی دا. دوای ئەوەی شەوێکی ناخۆش و تژی خەونی ناپەسندی بەسەر برد. چاوی هەڵێنا. بەهشتاوی چوە دەرەوەو سەیری گوندەکەی کرد. خامۆش و کپ بوو. تازە خەریک بوو ژیان تێیدا دەستی پێدەکردەوە. لە لایەک حیلەی ئەسپو لە لایەک دەنگی زەڕیینی گوی درێژ، لە دوورەوە بەرز دەبوەوە. خەڵکەکە مژوولی خۆ تەیار کردن بوون. یەکێ ئەسپی زین دەکردو یەکێ مەڕومالاَتی دەبردە دەرەوە.

پشیەکی وەبەر هاتەوە. هەناسەیەکی یەک بە سییەکانی هەڵمژی و شانەکانی قرچاندەوە. دوای ئەوەی نانێکی سەر پێیی خوارد بەلەزی بەرەو ماڵی ساڵحۆک کەوتە رێ. بە چوستی هەنگاوی دەنا. هەستی دەکرد شتێک لە جەستەی مۆریلەی دەکرد!

کە گەیشتە ماڵی ساڵحۆک لەبەر دەری دەنگیدا. کەژێ چوە دەرەوە. کە چاویان بەیەک کەوت. خۆشیەک دڵی داگیر کردن.

– مام ساڵح لە ماڵە؟.

– نەخێر...!

کەژێ سەری شۆڕ کردەوە بە نازەوە ئەم وەرامەی دایەوە.

– بەم بەیانیە بۆ کوێ چوە!؟.

– نازانم... زوو چوە دەرەوە و هیچی نەگوت!.

– دەبێ بەم بەیانیە بۆ کوێ چووبێ؟

هۆمەر ئەم پرسیارەی لە خۆی کردو نیگایەکی چڕی بڕیە کەژێ. رووی خۆی وەرچەرخاندو ویستی بە نامرادی بزوریتەوە؟ کەچی لە دوورەوە سالحۆک وەدیار کەوت. سەری شۆڕ کردبوەوەو بە تەنگەتاوی هەنگاوی دەنا. توورەیی وەک نیشانەیەکی ترسناک بە تەوێلیەوە لکابوو. خڕەی سینگی لە دوورەوە دەبیسترا! نوکی چۆگانەکەی وا بە رقەوە لە زەوی دەچەقاند دەتگوت هەنوکە کانی لە جێگاکەی هەڵدەقوڵێ.برۆیەکانی یەک دوو جار بزواندو فنەیەکی لێوە هات! کە هۆمەرۆکی بینی هێندەی دیکە پەستی پێوە دیاری دا. بێ هیچ پێشەکیەک یەکسەر دەستی بە ئاخاوتن کرد:

– ریش بە گوە! ئەو پیرە سەگە کەی ریش سپی گوندیە. بای تۆزقالێک ئەقڵی دەمەژێ دانیە. لێی بپرسی رۆژی چەند کەڕەت نوێژان دەکەی دەڵێ چوار.. بەیانی لێ لرف دەکا! نازانم کێ ئەو سەگە تڕۆ کراوەی کردۆتە ریش سپی گوندی!؟ گوتم عەلیۆک، مام عەلی... عەلیاغە.. من ئەو شتەم زانیوە. گوێم بۆ رادێرە. بایەخی پێبدەو ئەمجارە گاڵتەت پێنەیە.. گوێ بگرە عەلیۆک دەڵێن دەمانگوازنەوە! فلانکە ئاوایی... فیسکە ئاوایی. هەموویان گواستەوەو بەڕێ کرد. بەر لەوەی ئێمەش بە دەردی ئەوان بچین چارەیەکمان بۆ بدۆزەوە! تۆ مەزن و ریش سپی گوندی و ئەو ئەرکە دەستۆی تۆ دایە.. ئەو ناپیاوە گاڵتەی پێکردم. پێدەکەنی و دەڵێ:

ساڵحۆک بەسیەتی. لەجیاتی ئەو گلیانە یارمەتی کچە تەنیایەکەت بدە. چییە دێی ئەو قسەلۆکانە دەکەی! پیرە بیرێک لە حاڵی خۆت بکەرەوە قەت نەمدەزانی هێندە رەق و راست پێمدەڵێ ساڵحۆک دەزانم بە ناو ساڵ کەوتوویی و خەلفاوی. ئەوەی لە کن منت درکاند لای کەسی تر نەیدرکێنی! ئەگەنا ناوبەدت دەکەن. خۆت دەزانی ئەوە لە ریشی من ناوەشێتەوە بۆیە بێدەنگ دەبم. تۆش بێدەنگ بە و واز لەو دەم دڕیە بێنە! خوا نانێکی پێداوی دانیشەو لە کاولگەکەی خۆت بیخۆ.پێمگوت کورە عەلیۆک ئەمە کاری گاڵتە و خەلفان نیە. ئەمە راست و راستەقینەیە وەک سۆزانی دایکت! کەس نیە لە ئاوایی نەیزانی. بەرایێ وا تێگەیشتم بە تەنیا من دەیزانم بۆیە نەمدرکاند. عەلیۆک نەمدرکاند هەر لە ترسی ئەو پەیوانەی تۆ. بەلاَنەکونێ باوەڕ بکە کارەکە راست و راستەقینەیەو هەموو ئاوایی دەیزانی. تۆ خۆشت چاکی دەزانی!.

ساڵحۆک ئەمەی وا بە تووڕەیی دەگێڕایەوە گلێنەی چاوی لەگەڵ دەسوڕا! وەک ئەوەی شتێکی بەفیەتی بزر کردبێ هەر دەهاتو دەچوو ئۆقرەی نەدەگرت.

هۆمەر کە ساڵحۆکی ئاوا بینی، بێدەنگ بوو. بەرد لەجێی خۆی بزووتو هاتە دەنگ ئەو نەهات. تا ئەو دەمەی ساڵحۆک کەمێک هێور بوەوەو هاتەوە سەرخۆ. ئەوسا بە نەرمی پاڵی بەو ووشانە نا کە لە قوڕگی ئامادەی کردبوو:

– چی بوە مام ساڵح!

– نازانم کێ ئەو توتکە سەگەی کردۆتە ریش سپی گوندی. کەسیش نا... عەلیۆک.. کەی ئەوە هی ئەوەیە ببێتە مەزنێ گوندی! نا... حاشا. هی ئەوە نیە بە پیاوی بزانی. ترحێو ئەو خەڵکە تەڕ مەزنی خۆیان هەڵبژاردوە!.

لەگەڵ ئاخاوتندا ئارەقەزەنگوڵ زەنگوڵ بە هەنیەی دەهاتە خوارەوە. لە بن دیوارەکەلەسەرچیچکان دانیشتو گۆچانەکەی خستە سەر رانی.

– بڵێ مام ساڵح... بەم بەیانیە بۆ چوویە کن عەلیۆکی!؟

ساڵحۆک دوای ئەوەی لە پرسیارەکە گەیشت. بەبنی چاوی سەیری کرد:

– مام عەلی... هەتیو ئەوە هی ئەوەیە پێی بڵێی مام عەلی! لە منت نەکەوێ بلێ مام گوو... عەلیە سەگ

تاوێ بێدەنگ بوو. بە نوکی چۆماخەکەی لەسەر بستە زەویەکەی بەردەمی دەستی بە خەت خەتێن کرد پاشان بە رقەوە لەو بەردەی گیر کرد کە لە لای راستی قاچی چەپی سەری دەرهێنابوو.

– کە لە خەو هەڵسام نیازم وابوو بێمە کن تۆ. بڕیەشم هەر ئەوە بوو. گوتم دەچمە کنی هەموو شتێکی بۆ دەدرکێنم، دەڵێم کوڕم هۆمەرۆک لەو گوندە گەورە و گرانە لە تۆ پیاو تری تیا نیە. لە تۆ چاپوکترو مێرخاستری تیانیە. هاتووم هەموو شتێکت بۆ روون بکەمەوە، ئەو نهێنییە ئاشکرا بکەم کە دوینێ نەمدرکاند. کەچی قاچەکانم، قاچە بەدو پۆخڵەکانم ناپاکیان لەگەڵ کردم. گوتم ریش سپی گوندییە. پێویستە ئەو

ئاگادار بکرێ تا چارەیەکمان بۆ بدۆزێتەوە. کەچی ئەویش ئاوا وەرامی دامەوە. دڵی شکاندم و هەستی بریندار کردم. هەی خوا لە تەپڵی سەری بدا!.

لەگەڵ دەربڕینی ئەو پەیوانە. دڵۆپی رۆندک ئاوێزانی ریشە پەمۆییەکەی بوو. لچی وا شۆڕبوەوە دەتگوت هەنوکە بەردە بێتەوە!

هۆمەر بە سەرسامی سەیری کەژێی کرد. پاشان رووی بۆ لای ساڵحۆک وەرچەرخاند:

– نەتگوت ئەو نهێنییە چییە! چ پەنایەکە وا تۆی هێناوەتە هەژان. خاترجەم بە ئەوەی لە دەستم بێ دریغی ناکەم، ئەگەر سوڕ بزانم ژیانم لە رێی وەکو کلوە بەفرێک دەتوێتەوە!.

ساڵحۆک پێڵوەکانی بزواندو بە نامۆییەوە سەیری کرد:

– بینێ خۆ فرەکە... بۆتی باس دەکەم. هەموو شتێکت سەر لەبەری، بەبتوونی بۆ دەگێڕمەوە. تاقە پەیوێک چییە.. لە دڵی ناهێڵمەوە. هەتاوەکونێ بە تەواوی دەحەسێمەوەو ویژدانم ئاسوودە دەبێ. کوڕم هۆمەر...پێویستە یارمەتیم بدەی، ئەگەر وانەکەی هەموو دەفەوتێینو لە تڕی سەی دەچین، ئەوسا پەژیوانی داد نادا. ووشە کە لەزار دەرچوو نازوریتەوە. رۆژگاریش کە رایبرد.. نازوریتەوە! خاترجەم بە بەیانی بۆ ئەمڕۆ دەگرییێو لە چۆکان دەدەی. بەڵانەکونێ بێ سوودە. هەموو شتێک بەرەواژوو دەبێت و کەس دەهانات نایێ.

مات بوو. وەک ئەوەی ئەندیشەی بۆ باڵێکی تری راپێچ کردبێ. تاوێ هۆشی لای خۆی نەماو بێدەنگ بوو. لە پڕ دەستی بە ئاخاوتن کردەوە.

– کوڕم هۆمەر... بەر لەوەی باسەکەت بۆ بگێڕمەوە حەز دەکەم شتێکت پێبڵێم!؟.

– کەرەم کە مام ساڵح. ئەوە گەردنی منو کێردی تۆ!.

–دەڵێم کوڕم... تۆ مارە بڕی کەژێی. بۆ نایگوازیەوە!؟ نایەژی لەسەر چی وەستاوی. کاری وا تا زووبێ درەنگە.

لەو کاتە هۆمەرو کەژێ دێکدی رامان. ئارەزوو حەزێکی بە سۆز لە باوەشی کردن. ئەوەی لەو کاتەدا هۆمەری حەپەسان قەت ساڵحۆکی نەدیبوو بەو لە گوینە باخێوێ. چەندەی کۆشای پەیوەکانی بۆ رام نەکرا. وەکو پۆلە کۆترێک کێوی لە شەقەی باڵیان داو زاریان بە جێهێشت:

– سوپاس بۆ تۆ مام ساڵح.. سوپاس.. بەڕاستی مرۆیەکی بە وەجو داوێن پاکی. باوەڕ بکە هەرچیەکی تۆ بیەژی من وادەکەم. بەڵانەکونێ توو ئەو خوایەی لەبان سەرانەوەیە. تێمبگەیەنە... بزانم چ ئەگەرەکە وات لێدەکا لەو کاتەدا ئاوا باخێوی!؟.

– تکا دەکەم هۆمەر... هەر دەبێ بە گوێم بکەی. کارەکە بواری گاڵتەی تیا نەماوە!.

– هەرچیەکی تۆ بڵێی وادەکەم. هێندەی پووشێک چییە لە قسەت دەرناچم.

– ئافەرین کوڕی خۆم... ئافەرین. گوێ رادێرە. دەری مەژیت والاَ بکە. هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم. بەڵانە کونێ چاک بزانە. هەر پەیوێکی بیدرکێنم شتێکی تیایە، دڵۆپێک رۆندک خۆی تیا ئاخنیوە. بۆیە تکا دەکەم... دە جارانت پێدەڵێم تکا دەکەم باش گوێ رادێرە. لەوانەیە بەرایێ گاڵتەت پێبێت. پاشان هەر کە بیرت لێکردەوە، نەختێکی لێهوردبویەوە تێدەگەی‌و دەزانی مەبەستم چییە. سۆنگەی روو گرژی‌و خەفەتخانیم دەزانی. گوێ رادێرە هۆمەر.. پێرێ زۆر خەمبار و پەرێشان بووم. گوتم با بچمە دەرەوەی ئاوایی‌و سەرێ لەو گوندەی تەکمان بدەم. لە لایەک هەوا گۆڕی بکەمو لە لایەکی‌تر تۆزێ کارم هەبوو. بەو مەبەستە کەوتمە رێ. خەریک بوو بۆ ناو گوندی واژی دەبوومەوە کاتێک دەنگێک رایگرتم.. هەروەستەیەکم کردو بەری خۆم داێ. بینیم مستۆکە.. مستۆی کوڕی حەسەنە شەلی. وابزانم دەیناسی. بە خەمباری لەسەر گازەرەی پشتێ راکشابوو. پێمگوت ها مستۆ لێرە چاکەی؟! بە دەنگێکی نزم داوای دانیشتنی لێکردم، دەستی کرد بە گێڕانەوەی بە سەر هاتی خۆی.. دەیگوت چەکدارێکی زۆر دەوری ئاواییان گرت. پرسیم ئەوانە چینە، بۆچی هاتوون!؟. گوتیان رەزو باخەکانمان دەقرسێننو گەرەکیانە بمانگوازنەوە شار! کە ئەمەم بیست رێو راست رۆیشتم و بە دزی لە ئاوایی چوومە دەرەوە.. ناچم... نابە خوا ناچم.. لێرە بمرم باشترە.. رەزو باخی خۆ نافرۆشم. نامەوێ بێوار

بم و له قون دەریان بکەوم… دەڕۆم و یاخی دەبم، دەڕۆم، سەد کەڕەت مێرانە ترە، دەڕۆم…

کوڕم هۆمەر کە ئەمەم بیست ڕێ و ڕاست گەڕامەوە. گوتم پێویستە بە زووترین کات ئەو هەواڵەیان پێڕابگەیەنم. ئەوە بوو لە ڕێگا تووشی تۆ بووم. هەر چەندەی بۆ ئەو مەبەستەش زوریمەوە حەزم نەکرد بیدرکێنم. دەتگوت دەستێک توند قوڕگی گرتمو نەیهێشت بیدرکێنم.. کوڕم هۆمەر… من ئەو مەسەلەیە زۆر بە ئاڵۆزی تێدەگەم.. دەڵێن گوایا هەموو گوندەکان دەگوازنەوە! بۆیە گەلێک دەترسم.. کوڕم هۆمەر لەو شتە دەترسم کە بە درێژایی تەمەنم نزام کردوەو لە خوا پاڕاومەتەوە ڕوونەدا! ڕۆژ پێنج کەڕەت نوێژم کردوە و هاوارم کردوە، خوایە ئاورمان دەماڵێ نەکوژێنیەوە. بەلەنگازو پەڕاگەندەی شارانمان نەکەی. تێدەگەی هۆمەر… هەنوکە لە مەبەستی ساڵحۆکی شێتو خەلفاو دەگەی ئەو پیرە ئاخر شەڕە. هەنوکە تێدەگەی بۆ وا بلەزم لە گواستنەوەی کەژێ، دڵنیابە نۆرەی ئێمەش نزیکە… زۆر نزیکە. هەر بزانە وە دیارکەوتن. گریەو ناڵەی من بۆ ئەوەیە بەری تایێ بەڕەی بە خۆ دابدەین.

ترسێکی زۆر لە دڵی هۆمەر چەکەرەی کرد. بە قووڵی لە مەبەستی ساڵحۆک گەیشت. ڕەنگی بە تەواوی گۆڕا، گلیەکانی قادر چاو بۆقانی هاتەوە یاد بە دەنگێکی پڕ ترسەوە گوتی:

– باشە مام ساڵح… بە ڕای تۆچی باشە با وابکەین.

ساڵحۆک وەکو گوڵ، جوان جوان گەشایەوە. بە گورجی هەڵسایەوەو تەوێڵی ماچ کرد:

– پیاو دیارە. بە خوا ئەگەر دەنێو هەزار نێرانیش بێ پیاو دیارە. وەکو زێڕ دەبریسکێتەوەو وە دیار دەکەوێ.. تۆش پیاوی.. کوڕی وێسفی. تۆزقاڵێک چییە لەسەر ڕێ و شوونی ئەو وەلانەکەوتووی. لەبەر ئەوەی باشی دڵنیابە خوا هەر باشت بۆ دێنێ".

ماوەیەک ئاخاوتن. لە زۆر لاوە بۆ مەسەلەکە چوون پاشان ساڵحۆک لەسەرخۆو بە گرانابیەکەوە هەڵسایەوە. بە جووتە کەوتنە بڕینی ڕێگاکە...

– با بچینە ماڵێ عەلیۆکی. ئەو ریش سپی گوندییە و بزانین چیدەڵێ!.

– ئەی باشە تازە من چیم دەڕست! دروست نیە دووبارە رووی

لێبنێین. تکات لێدەکەم جارێک شەرمەزار بوم با نەبێتە دوو، پێویستە نرخی پەیوەکانی خۆمان بزانین

– ئەمجارە بە تەنیا نی، دڵنیام بە شێوەیەکی تر دەبێ!.

ساڵحۆک هیچی وەرام نەدایەوە و بە نادڵی رووی قاچەکانی وەرچەرخاند. ماوەیەک رۆیشتن. لەگەڵ چوونە ژوورەوەی ماڵێ عەلیۆک هۆمەر هەستی بەشتێک کرد. عەلی لێیان لا لموز بوو! هێندەی ئەوان دایان دڕی ئەو بایەخی پێنەدا. پاشان بە گاڵتە پێکردنێکەوە رووی لە هۆمەر کرد:

– کورم تۆش. ئەو خەلفاوە تۆشی لە خشتە برد؟! قەت نەمدەزانی هێندە ساویلکە و خۆش باوەڕی. ئاوا بە گۆڵمە ئاوێک دەکەویە مەلە. بە داخەوە... زۆریش بە داخەوە! ئەو هۆمەرەی من بە گەنجێکی ژیرو بە ئاوەزی تێدەگەیشتم. ساڵحۆک بتوانێ لەسەر یەک پەنجەی بسوڕێنێ! بەداخەوە... زۆریش بە داخەوە.

– وا مەڵێ مام عەلی. قەت وا ماخێوە. ئەوە نە لە خشتە بردنەو نە هیچ. ئەوە راستەقینەیە، راستەقینەیەکی رەق و رووت! ئەگەر خۆت لە گێلی نەدەی مەسەلەکە لە هەموان باشتر دەزانی. نەک تۆ. کەس نیە لەو ئاواییە نەیزانێ. وەلێ هەموو چاوەڕێی ئەوە دەکەن کەی دەتانخەنە رکەوە. کەس بیرێک لە خۆی ناکاتەوە. نا.. مام عەلی قەت وا ماخێوە. گلیەکانی ساڵحۆک گشتی دروست و بەجێن.

ساڵحۆک دەهری بوو. بە دەنگێکی بەرز رووی تێکرد:

– عەلیۆک پێم ناڵێی بە چ چاوو رووێک ئاوا بەرانبەرم داخێوی! ئەگەر یەکێک بۆی گێڕابومایەوە، دەشیا باوەڕم نەکردبوا. بەڵانەکونێ ئاگام لێیە لەبەر زەقەی چاوانم گوان دەخۆی! مادامەکونێ پیاو نیو هیچت بۆ ناکرێ بۆ ئەو هەنجەتە هیچوپووچانە دەبینیەوە. چاک بزانە دە هێندەی تۆو باوکی تۆ هۆشم لای خۆمە، دەمادیش بە هەمان لە گوین لەگەڵم ئاخاوتی، لێت رازی نابم ها.... چاک بزانە دە هێندەی تۆو باوکی تۆ هۆشم لای خۆمە! تێدەگەی؟!.

ساڵحۆک درێژەی پێداو کڕ نەبوەوە. تا خیزی لەقورگی ووشک بوو جنێوی دا. پاشان بە تووڕەیی هەڵسایەوە و چوە دەرەوە. هۆمەرۆکیش

دوای ئەوەی بێزە نیگایەکی بڕیە عەلی. کە بەزەوییەوە نووسابوو مات ببوو. بە بێ ماڵئاوایی، وەدووی ساڵحۆک کەوتو چوە دەرەوە.

لە دەرەوە هەردووک تەماشای یەکتریان کرد. ساڵحۆک جگەرەیەکی پێچراوی لە کیسە تووتنەکەی دەرهێنا. بە وەڕەزیەوە خستیە دار جگەرەکەی‌و دایگیرساند. مژێکی وا قووڵی لێدا چاوەکانی لەگەڵ زەق بوەوە، بە بێزاریەوە پاڵی بە دوکەڵەکەی ناو لە سییەکانی وە دەرنا. لەگەڵیدا تووشی نەرمە کۆکەیەک بوو:

– ئەه... نەمگوت ئەو پیرە کەمتیارە پیاو نیەو رێزمان ناگرێ. نەمگوت شەرمەزارمان دەکا. یەکێک خۆی پیاو نەبێ چۆن خەڵک بە پیاو دەزانێ!؟

مژێکی تری بە هەمان شێوەی پێشوو لە جگەرەکەی داو هەمان کرداری دووبارە کردەوە. دەستیان بە رۆیشتن کردەوە.مێلیچکی بیریان بەر هەڵدای شوێنێکی زۆر دوور کرد. شوێنێکی وا کە نەبەچاوان دیبویان نە بە گوێچکانیش بیستبوویان، هێندە هەبوو قوژبنێکی رەشو تاریستان بوو. هەرچی خەمو دڵڕەقی و نامرادی هەبوو خۆیان تێئاخنی بوو. لە نکاوڕا ساڵحۆک هاتە دەنگ:

– هەنوکە چیبکەین. خاترجەم بە کەس نە هیچی بۆ دەکرێو نە

گوێشمان بۆ شل دەکەن. ئەگەر من بە پیرێکی خەلفاو تێبگەن تۆش بە گەنجێکی بێ ئاوەز دەژمێرن!.

– ئەوەی لە سەر ئێمە پێویست بێ ئەنجامی دەدەین. ئەوەش بزانە هەموو پەنجەکانی دەست وەکو یەک نین. مام عەلی گێلو ترۆیە خۆ هەموو وانین!.

– تواهوو... تواهوو. من یەژم نێرە ئەو دەڵێ بیدۆشە. ئاش لە خەیاڵێو ئاشەوان لە خەیاڵێ!.

– ئێ وایە مام ساڵح ئای... عەلیۆک وابوو قاتی هەموو وانین. هەر کەسەش دەچێتە گۆڕی خۆیەوە. مەڕ بە پێی خۆی و بزن بە پێی خۆی.

تا گەیشتنە بەر دەرگای ماڵێ عەوڵا ژنانی هەر مشتو مڕیان بوو. دوای ئەوەی چوونە ژوورەوەو دانیشتن بێ سێو دوو دۆزەکەیان تێگەیاند. هۆمەر بە دەنگێکی کزو تژی پاڕانەوەگوتی:

– ئا... گەرەکیانە بمانگوازنەوە، خۆشتان لەوانەیە بزانن و هەموو ئاوایی ئاگادارە. ئەی نابینی کەس دەستی کار ناگرێو لە ماڵ نەچوونەتە دەرەوە. باوەڕبکە ئەگەر لە جێگەی خۆمان هەڵکەندراین. وەکو پووشی دەم بامان لێدێت. لە هیچ شوێنێک جێگیر نابینو جێگەی خۆمان ناگرینەوە. پێویستە بیرێک لە حاڵی خۆمان بکەینەوە. چارەیەک بدۆزینەوە!.

هۆمەر بەردەوام بوو لە ئاخاوتن. عەوڵا ژنانیش بە بنی چاوی سەیری دەکردو لە دوڕ زاری رادەما. خۆی مات کردبوو بە شەرمەوە گوێی قوڵاخ کردبوو.

– تۆ پێت وایە چیمان پێدەکرێ! تاقە باڵێ چی پێدەکرێ؟! پێویستە هەموو بزانین دەبێ یەکگرتن هەبێ! ئەگەنا هیچمان بۆ ناکرێ

عەولاژنانی ئەم چەند ووشەی بە زۆر لە قورگی وە دەرنا. ساڵحۆک وەرامی دایەوە:

– چۆن چیمان پێناکرێ. شوورەییە وا داخێوی. ئەگەر هەر نەبێ قاچ لە زەوی دەچەقێنین و لە گوندی ناچینە دەرەوە. جا خوای دەکرد دەیانکوشتین. جا خوای دەکرد بۆنیان بەنێو وەردەکردین. گرنگ ئەوەیە شتێ بکەین. جا هەرچی دەبێ بابێ. خۆ هەر نەبێ لەوارێ خۆ دەمینێیین. ئەگەرچی بە مردوویی‌و بێ گیانیش بێ!.

هۆمەر هەستی بە ماندوو بونی ساڵحۆک کرد. بۆیە ووشەی لەزار سەندەوە!

– عەولا راست دەفەرمووی.. دەبێ یەکگرتن هەبێ، وەلێ یەکگرتن چۆن دەبێ ئەگەر کەس لە جێگەی خۆی نەبزوێ! با هەموو حەز لە یەکگرتن بکەینو خەونی پێوە ببینین مفای چییە. ئەگەر راست دەکەی‌و حەز بە یەکگرتن دەکەی لە شوێنەکەی خۆت هەڵسەوەو دەگەڵمان کەوە. ئەوەی یەکگرتنی گەرەک بێ پێویستە لەوانەی تر نزیک کەوێتەوە. یەکگرتن دەبێ دروست بکرێ.. هەولێ بۆ بدرێ نەک خۆزگەی بۆ بخواسترێ! ئەگەر راست دەفەرمی عەولا هەڵسەوەو لەگەڵ ئێمە بکەوە با ئەو یەکگرتنە دروست بکەین.

– کەمێک بوەستن. بینی خۆ فرەکەن بزانین چی لێدێتەوە! خوا گەورەیەو بەزەیی وە بەندەی خۆی دێتەوە. قاتی خۆ بەندەی خۆی لەیاد ناکا! چارەیەکی هەر بۆ دەدۆزێتەوە. پاشان ئەو بەرەنگار بوونەوەی ئێوە دەیڵێن پیشەی یاخییانە... ئەگەر وانەبێ بۆ دەستیان داوەتە چەک!.

هۆمەر ئەنری. وەلێ دانی بە خۆیدا گرت:

– ئەوانیش مرۆنە وەکو ئێمە. چیان لە ئێمە زیاترە..ها..؟ هەموو ئاگادارین هیچیان بۆنەکرا، کرمیان تێکەوتو شکستیان هێنا. هەموو ئەوە دەزانین. بەڵام عەولا ئەوەش بزانە ئەو وارە هی ئێمەشە.. هەر هی ئەوان نیە بەتەنیا. ئەرکی ئێمەشە داکۆکی لێبکەینو لەپێناوی

بجەنگین!.

گەلێ دوانو زۆریان ئاخاوت. لە دیماهی بۆیان دەرکەوت سەر ئێشەیەکی بێ سوودە. هەستیان کرد لە دۆزەکە رادەکا. بۆیە بە دڵشکاوی ئەوێشیان بەجێهێشت!

خەریک بوو نامرادی لە هەمێزیان بگرێو کۆڵ بدەن. گەیشتە ئەو باوەڕەی کەس بە دەنگیانەوە نایێ. بەرانبەر یەکتریش دانیان بەو راستەقینە نەنا و خۆیان بە سەرکەوتوو بەهێز نواند. هەریەکەیان هەوڵیدا وورەی ئەوەی دیکە بەرز بکاتەوە. بۆیە هۆمەرۆک پشت بەندەکەی توند کردو هەنگاوەکانی گورجتر کرد. ساڵحۆکیش ویستی هەمان رەفتار بکا. بەڵانەکونێ بۆ ئەو بێ سوود بوو. رەهێیەکانی قاچی

کورژ ببونەوە و هێزیان لەبەر بڕا بوو. هەر هێندە بوو خوێنیان تیا دەبزوا. ئەگەنا نەدەشیان داخوازیە تووڕەو توندەکانی خاوەنەکەیان بهێننە جێ!لەو کاتەدا حەزی دەکرد سەری بخاتە سەر بەردێک و بە بەردێکی تر بیپلیقێنێتەوە! ئاخێکی وەباداو بە ناچاری سەری شۆڕکردەوە. لەسەر خۆ دەستی بە سمێلە زوورەکەی داهێنا. کە هۆمەری بینی وا بە چاپوکی هەنگاو دەنێ کزەی لە جگەریەوە هات. لاوی و تولازی خۆی هاتەوە یاد. ئەو دەمانەی هاتەوە بیر کە لە هەرەتی لاویدا بوو. بە بای غارێ هەموو شوێنێکی دەکردو دەگەڕایەوە! لەگەڵ دەنگی هۆمەرۆک زریزەی خەیاڵی پچڕا.رەنگی گۆڕانێکی خێرای بەسەر هات. کە سەری بەرز کردەوە هۆمەر لەگەڵ مەجیدی لە هەنوانەکە وەستابوو، مەجید بەگەرمی پێشوازی لێکردنو داوای چوونە ژوورەوەی لێکردن. بە رێزەوە لە خوارەوەی ئەوان لەسەر چۆکان دانیشت. ئەمە ساڵحۆکی بەختیار کرد. برژانگەکانی لەسەر یەک ناو گرنێژنەک ئادگاری خەملاند. دەستیان بە قسان کرد. هێدی هێدی بەرەو دۆلێ مەبەستەکەیان واژی بوونەوە. ژیرانە دەستیان کرد بە شیکردنەوەی ئەو شتانەی بۆی چوو بوون.

مەجید لەگەڵ هەر پەیوێکدا سەری دەبزواندو مڕەی لێوە دەهات! تا گەیشتە ئەو رادەیەی لە تووڕەییا درانەکانی وێک نەدەکەوتەوە. گشت گیانی کەوتبوە لەرزین. لەنکاوڕا بە هەڵچوونێکەوە گوتی:

– چۆن دەبێ شتی وا بێ. گوایا پیاو لە ئاوایی نەماوە! ئەی ئێمە چین!؟ کەس هەیە لەسەر گوندو ئاخی نەیەتە دەنگ. ئەوەی لە مافی خۆی خۆش بێ لە قەحپان کەمترە. بەخوا هۆمەرۆک.. مام ساڵح، من لە

خوێنی خۆم خۆش بم لەرەزەکەم خۆش نابم! چما دنیام بدەنێ. موڵکی ڕۆم و عەجەمانم دەقەبەڵ بکەن. دەست لە بنە گوێزێک هەڵدەگرم! منیش ئەو شتەم زانیوە. هەنوکەش چیدەکەنو بڕیەتان لەسەر چیداوە من لەگەڵتانم. مردن لە ئێخسیریو سەر شۆڕی ئەهوەنترە! بە خوا بەخوا... قومێک ئاوی کانی بە هیچ نادەم. باشە پێم بڵێ ئەگەر ئەو ئاوە نەنۆشم چۆن دەژیم. پێم بڵێ مام ساڵح... چۆن دەژیم..ئەی وانیە؟.

هۆمەر بە خۆشحاڵیەوە وەرامی دایەوە:

– هەتاوەکونێ ئێستا بڕیەمان لەسەر هیچ نەداوە. وەلێ پشت بەخوا دەیدەین!!! بەرایێ رای هەموان وەردەگرین ئەو سا بڕیەیەک دەدەین!.

ساڵحۆک خۆی بۆ دەربەست نەکرا

– هەر بژی کوڕی خۆم هەر بژی. خوا دەست بە تەمەنتەوە بگرێ.

کە رستەکەی دەربڕی چاوی پڕ ئاو ببوو!

مەجید زەلامێکی کەلەگەتی بەخۆوە بوو. پێیەکانی پانو زل هێندەی

دەمە خاکەنازێک دەبوو. قامکی ئەستوورو زبر بوو. کەڵبەی بەقەد

گرێیەکی پەنجەی درێژ بوو!

دوای چا خواردنەوە ماوەیەک دانیشتنو ئەوجا بە خۆشحاڵیەوە ماڵئاواییان لێکرد. تاوێ لە ماڵیان دوور کەوتبوونەوە کە ساڵحۆک لە نکاوڕا گوتی:

– پیاوی مەرد ئاوا دەبێ. سەیرکە ئاوایی چتۆ پیاوی لە ئامێز گرتوە. دڵنیابە گەلێ زۆری لەم بابەتەی تیایە. بەڵانەکونێ تا پەردەیان لەسەر وەلادەکەوێ و دیاردەکەون!!!.

– هێشتا هیچتان نەدیوە مام ساڵح.. پشووت هەبێ!.

– کوڕم هۆمەر... دەزانم زۆری تیایە. کە ئەمە دەڵێم بە گەمژەڵو بێئاوەزم تێمەگە! لە هەرایەکەی بەری. کە تۆ هێشتا منداڵ بووی. منداڵ نەبووی وەلێ پێنەگەیبووی‌و لە دنیا نەدەگەیشتی! هەرچەندە من لەبەر پیری نەشیام بەشداری تیا بکەم. بەڵام زۆرم بینی. هێندەم بینی هەتاوەکو خوا دەڵێ بەس. کەس لەمن باشتر نازانێ ئەو میللەتە نەڕە شێری چۆنی تیایە. کەس وەکو مـن نازانێ قارەمانی چۆنی تیایە. بەڵام ئاخ...!

بە جووتە کەوتنە رۆیشتن. بە پێچەوانەی جاری پێشوو بە هێوی‌و شادمان بوون. لەجێی تاریکستانەکە ئاسۆیەکی روونی گەش بەرچاوی گرتبوون. ساڵحۆک سەری بادەداو لەبەر خۆی دەیگوت:

– بەڵێ گوندەکەمان کوڕێ ئازای زۆرە، نەڕە شێری وای تیایە شێر بە شێرایەتی خۆی لێی لادەدا! رەز هەناری ترش و شیرین و مێخۆشی تیایە...!.

لە گێژاوی ئەندیشە دەخولانەوە. هەریەکەیان بیری لە شتێک دەکردەوە. هەنگاویان دەناو بە نیازی ماڵی مەحمود جێ قاچەکانیان بە جێدەهێشت. بەرلەوەی بگەنە ماڵیان تووشی مەحمود بوون. هەوساری بارگیرێکی

زین نەکراوی لە دەست بوو. دوای چاک و چۆنی و هەواڵ پرسین بە پێی داخوازیساڵحۆک لە کەنار ڕێگاکە دانیشتن.

هۆمەر لە نێوەڕاست توولە ڕێیەکە وەلاکەوتو بەرانبەر مەحمود لەسەر چیچکان دانیشت. هەوڵیدا بە زووترین کات سەری دەزوەکە راکێشێو دەرگای باسەکە بکاتەوە. نەیزانی بە چ شێوازێک ئەو هێویەی بهێنێتە دی. سەیرێکی زەویەکەی ژێر پێی کرد. دەستی بۆ ئەو چیلکە دارە برد کە لە نزیکی کەوتبوو. بەلەزی هەڵیگرتەوە. قەلەم بڕەکەی لە باخەڵی دەرهێناو دەستی بە سپیکردنی چیلکەکە کرد و خۆی بۆ ئاخاوتن تەیار کرد. کەچی تا ئەو ئەم هەموو شتەی کرد. ساڵحۆک بینی بڕا. دەست وەکەری کردو هەموو شتێکی باس کرد.تا ساڵحۆک دیماهی بە ئاخاوتنەکەی هێنا. ئەو هەر سەری شۆڕ کردبوەوەو بیری دەکردەوە. نقەیەکی لێوە نەهات. کە ساڵحۆک تەواو بوو. پاش تاوێ بێدەنگی مەحمود گوتی:

– بۆ تەنیا بەمن دەڵێن!؟ مەسەلەی ئاوا پێویستە لە دیوەخان باس بکرێ هەموو لەسەری ریککەوین.

ساڵحۆک وەرامی دایەوە:

– چ دیوەخان هەیە! باش بوو عەلیۆک دار کاریشی نەکردین.

مەحمود پاش ئەوەی ماوەیەکی تر متەقی نەکرد. هاتەوە دەنگ:

– باشە ئێوە راتان چییە، بڕیەی چیتان داوە؟!.

پرسیارێک بوو وەرامەکەی بە ئاسانی راو نەدەکرا! هەرچەندە هۆمەرۆک هەوڵیدا ئەو نیگەرانیەی وەشێرێ و پەردەی ئەو بێدەنگیە دادڕێ کە لەزگ بوو باڵی بەسەر دەکێشان. بێسوود بوو. مەحمود بێدەنگ بوو. جگە لەوەی هەموو جارێک سەری بادەداو ئەمەی دووپات دەکردەوە:

–باشە بیرێکی لێدەکەمەوە.

هیچی تری لەزار دەرنەچوو! هەرچەندەنەی لەگەڵی دوان هەرێی هیچی پێنەدان. غەمباری بە ئاشکرا لە رووی دەخوێنرایەوە. هەوسارەکەی چەند جارێک لە دەستی ئالاندەوە. ووردە ووردە قاچەکانی لێکترازاندو لێیان دوور کەوتەوە.

مەحمود مرۆیەکی لاوازی پووتەی کورتە باڵا بوو. سکی وا قوپابوەوە دەتگوت بە ژیانیا زادی چێژ نەکردوە. شەڕواڵێکی جینجڕ جینجڕی پینەکراوی لەبەر بوو. لە دواوە بنێستر دەهاتە بەرچاو.

هەر دووک واقیان وورِما. نەشیان هیچ واتایەک بۆ ئەو هەڵسو کەوتە لێکدەنەوە! بە حەپەساوی هەڵسانەوەو ئاوڕیان لێدایەوە. تەواوەک دوور کەوتبوەو خەریک بوو لە گەلیەکە بزر دەبوو. هەتاوەکونێ زەردەی ئێوارە ئەم ماڵ ئەو ماڵیان کرد. دەرگا نەما لێی نەچنە ژوورەوە و کوچە نەما سەری پیانەکەن.ئێوارە گەنجەکان لە بن دیواران کەوتنە دمگۆو دەنگیان بەرز بوەوە. لە دوورەوە مرۆ هەستی دەکرد شتێک لە ئارادا هـەیە. هیوا هەبوو باوەڕی نەدەکرد. یا خود نەیدەویست باوەڕ بکا. ئەمە بەزۆری لە نێو تاقمی گەنجەکان بوو. هەرچی پیرو

دنیادیدەکان بوو. تارادەیەک لایان ئاسایی بوو! چونکێ زۆر جاری تر ماڵوێرانی ئاوایان دیبوو! هۆمەر رووداوەکانی ئەو رۆژە. ئەو گلیانەی کردی. ئەوانەی بەرگوێی کەوت. ئەو پرسیارانەی کردی... ئەو وەرامانەی دەستگیری بوو. هەمووی یەک یەک بەمێشکدا تێپەڕیو کەوتە جیهانێکی ئەندیشەیی و ئەفسووناوی. هەر چەندە رابۆ دواندیو لەگەڵی ئاخاوت. هەر بۆ ئەوەی هێوری بکاتەوە. بێ سوود بوو! بیری لە چارەنوسی گوندەکەی دەکردەوە. کام شتی رەشو دزێوە وەبەرچاوی تێدەپەڕی. دێوو درنجی لە خوانەترس لەبەر زەقەی چاوانی دەستیان بۆ دامێنی گوندە خنجیلانەکەی دەبرد، یاریان بەکەلە مووەکانی پرچی دەکرد. بۆیە ئەنری بوو. رقێکی پیرۆز لە دەروونی سەری قیت کردبوەوە. لە هەمان کاتدا بیری لە کەژێ دەکردەوە.

– دەڵێم کوڕم تۆ مارە بڕی کەژێی، بۆ نایگوازیەوە!؟ لەسەر چی وەستاوی...!؟.

بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی ئەو رۆژەی دەکرد. بە گوێرەی ئەو رۆژێکی تژی شادیو بەختەوەری بوو. بە درێژایی تەمەنی گەنجی چاوەڕوانی بوو.

کە لە ساڵحۆک جوێ بوەوە هەستی بە ماندووبوونێکی زۆر کرد. بۆ ئەوەی کەمێک بحەسێتەوە لە گوندی دوور کەوتەوە. لەسەر ترۆپکێک دانیشتو لە گوندی راما. شمشاڵەکەی لەبەر پشتی دەرهێناو دەستی بە ژەنینی کرد. دوای ئەوەی نیوە ئاوازێکی پڕ سۆزی ژەند. کە بۆی تەواو نەکرا! بە توندی مشتێکی لە ئەژنۆیدا. لەگەڵ ژەنینی ئاوازەکە لە

دیمەنی گوندەکەی رادەما. هەستی دەکرد حەزیایەک نینۆکەکانی لە جگەری گیر کردوە. هەوڵدەدا بیکوژێو ژیانی لێبسەنێتەوە. بە شێوازێکی وا کپ و لە بنـەوەش کەس دەرکی پێنەبا! وەکو سـەر خۆشان بەلادا دەهات. بەدرێژایی تەمەنی مێشکی هێندە ماندوو نەببوو!

تەماشایەکی ئاسمانی کرد. خۆر خۆی شاردبوەوەو رەش هەڵگەڕابوو. بۆیە تینی دایە خۆی و بە گرانابیەکەوە بەرەو گوندی زوریەوە.

(4)

ئەم چاخە... کە بە نێوی چاخی پێشکەوتن و تەکنۆلۆژیای ناو دەبەن. بە چاخی مرۆڤایەتی مرۆی ناودەبەن.. چاخێکی سەیرە!

یەکجاریش سەیرە. لەوە سەیر تر نەیەڵن لە ماڵی خۆت... لەواری خۆت بە ئارامی دابنیشی! گوندو ئاخو شاری خۆت پێڕەوا نەبینن! بەبێ ئەوەی ئازاری هیچ کەسێک بدەی، پەنجە بۆ چاوی هیچ کەسێک درێژ بکەی. تۆی نێچیر بە گورگ دابنرێیو ناوو ناتۆرەت بۆ بدۆزنەوە! وا نیشانی خەڵک بدەن کە لە تۆ دڕەندەتر خوا لەسەر ئەو گوێ زەویەی نەگوراندوە!.

ئەمە هەتاوەکونێ بەیانی دەمەژێی هۆمەرۆکی دەجیلوا، لە لایەک بەزەیی بە خۆی دەهاتەوە، لە لایەکی تر دەغەیدی! چاوی واسوور ببوو دەتگوت هەنوکە ئاورێک دادەیسێنێ کوژانەوەی بۆ نەبێ!

- رۆژێک لە رۆژان بەگژ هیچ کەسێکدا نەچووین. زۆردەستیمان لە کەس نەکردوە. بۆ دەبێ بەم کڵۆجە رەفتارمان لەگەڵ بکرێ. گوایا مرۆنین... مافی ژیانمان نیە؟! بۆ دەبێ خەڵکێک لە دوورەوە. لە شوێنێکی زۆر دوورەوە بێنو یاری بە چارەنوسی ئێمە بکەن! نازانم چ یاسایەک ئەمەی داناوە... سەیرە زۆریش سەیرە!.

سەری خستە سەر بالیفەکە. دیقەتی دایە کاریتە کانی ژوورەکە، لە ساپیتەکە راماو دەستی لەسەر تەوێڵی دانا. کە تادەهات گەرمتر دەبوو.

– سـەیـر کـە... لە هیچ یاسـایەکی سروشتیو نووسراو دا نیە. ئازاردانی مرۆ لە هەموو ئاینێکدا رەتکراوەتەوە... بە تاوان دانراوە.ئەوەبێ سوود نەگوتراوە پێت دەوەستم،راناوەستم!...سووچی ئێمەشی تیایە. ئەگەنا ئەوانیش وەک ئێمەن!.

هەناسەیەکی پڕ سوێی هەڵکێشا:

– دوو چاو... دوو قاچ... دوو گوێ، ئەوان ئەمانەیان هەیەو ئێمەش هەمانە. بۆچی ئەوان چەوسێنەرو ئێمە چەوساوە. ئەوان زۆر دارو ئێمە زۆر لێکراو بین؟!.

هێدی هێدی دڵ تەنگیەکەی زیادی دەکرد. هەستی کرد ئەگەر هەوا گۆڕی نەکا بەرگەی ئەو دڵەڕاوکێیە ناگرێ! بۆیە بە کزیو گرانایییەکەوە هەڵسایەوەو چوە دەرەوە. لەبەر دەرگا وەستاو سەیری دەوروبەری کرد، دنیا هێمن و کپ بوو. کزە بایەکی فێنکیش لە باکورەوە هەڵیکرد بوو. بە بێزاریەکەوە ویستی بگەڕێتەوە ژوورەوە. رووناکیەک لە دەرەوەی ئاوایی نیگاکانی بەرزەفت کرد. بەرایێ بەشتێکی ئاسایی تێگەیشت. گوتی شوانەو لەشەو بەکێوییە. وەلێ زوو ئەم بیرەی لا توایەوە، کاتێ لە رووناکیەک زێتری بەدی کرد! ترسەکە توندتر لە تەلی هوشیاریدا. دڵی بەلەرزتر کوتەی هات. خێرا لە دەرگاکە وەرچەرخایەوە و چوە سەربان. رووناکی لەهەر چوار دەوری گوندی بەدی دەکرا. لێوی خۆی گەستەوە! بە دڵ لەرزینێکەوە چەند پرسیارێکی لە خۆی کرد. هیچ وەرامێکی بۆ نەدرایەوە. یا خود نەوێرا ئەو وەرامە رەشەی خۆی بداتەوە کە بە مەژی داهات! بە هشتاوی خۆی کوتایە

ژوور. ئەژنۆی شل ببوو گشت گیانی دەلەرزی. لەسەر پشت راکشا و چاوەکانی بە توندی نوقاند. تەزووی هۆشی بۆ هەموو لایەک بەرهەڵدا کرد. زانی ئەوەی زەندەقی لێ چوو بوو هاتو دەری ماڵێی لێگرتن!

هەتاوەکونێ کەڵەبابی سپێدە بانگی‌دا خەو دەروەستی چاوەکانی نەهات. کازێوە داهاتو دنیا لەزگ بوو روون دەبوەوە. ئەو هەر دەچوە دەرەوە و دەزوریە ژوورەوە. هەرچەند جارەی دەزوریەوەش پەشێوی زیاتر پێوە دیار دەبوو.

رابۆ دەمێک بوو خەو لە چاوی یاخی ببوو واگا بوو. خۆی لەژێر جێگاکەی گرمۆڵە کردبوو وورتەی لێوە نەدەهات. ترس ئادگاری ئەویشی گۆڕیبوو، وەک دەنکە گەنمێکی قەندەهاری زەرد هەڵگەڕابوو. هۆمەر بەیانی زوو خۆی گورج کردو چوە دەرەوە. بێ ئەوەی بزانێ چی روویداوە! چەند پێنگاوێک لەماڵ دوور کەوتەوە. تووشی ساڵحۆک بوو. بەلاکەلاک بۆ لای ئەوان دەچوو. کە دەتووزی راما تۆزی هەوالێکی ترسناکی لەسەر نیشتبوو. گرژی‌و تووڕەییەکی لە رادە بەدەری پێوە لکابوو.

– رۆژی رەشە. ئەوەی هەترەشمان لێی چوو بوو هاتو بەرۆکی گرتین! ئەوجا قوڕی کوێ بکەین بەسەرمانا؟! هانا بۆ کێ بەرین. هەموو بە درِندەو کێویمان تێدەگەن! چەندم پێگوتن براینە… کاکینە.. سەگبابینە. گەرەکیانە وامان لێبکەن. وەکو سەگ پەتمان بخەنە ملو لە شارانمان بگێڕن، هەی ناپیاوینە… گەلۆرینە.. دەوجا بزانم چیدەکەن. هەر بلێن ساڵحۆک خەلفاوە… شێت بوە! دەبلێن دەی… هەرچی دەلێن بلێن.

بەڵانەکونێ بزانم چ چارەیەک دەدۆزنەوە. یەژن پیاو لە تەنگانەدا وە دیار دەکەوێ دەی بزانم کێهەتان پیاوە... دەی با بزانم... دەی.

ساڵحۆک دیماهی بەم پەیوانە هێنا لە پڕمەی گریانێ دا. وەک منداڵێکی دایک مردوو گریاو ژێر نەبوەوە:

– چەندم پێگوتن پیاو بن بێ سوود بوو!.

هۆمەر ویستی دڵی بداتەوە. لە کاتێکدا خۆی ئەژنۆی شکا بوو توانای خۆ راگرتنی نەمابوو. زانی چی روویداوە و دەرکی بە نهێنییەکە برد. کەچی زاری لێک کردەوەو بە دەنگێکی تژی پاڕانەوە رووی لە ساڵحۆک کرد:

– چی بوە مام ساڵح... پێم بڵێ چی روویداوە!؟ ئەوەی دەیزانی بە بتوونیم بۆ بگێڕەوە. بیگێڕەوە مام ساڵح بیگێڕەوە. تازمانت لەکار دەوەستێ. شەویلاکەکانت پەکیان دەکەوێ. من وەکو خەڵکی دیکە نیم گوێت لێدەگرم. گلیەکانت بە هەند هەڵدەگرم. بڵێ مام ساڵح بزانم چی بوە. هەرچەندە شوورەییە... خەوشێکی گەلێ زلە. من ئەو پرسیارە لە تۆ دەکەم. وەلێ حەزدەکەم لەزاری تۆی ببیەم.

هۆمەرۆک لە سەرەوە نەدەگریا. بەڵام لە ناخەوەی پەنگرێک دایسابوو. ئاورینگی دەکردو چزەی گەردوونی دێنایە هەژان.

– چیت پێبڵێم... پێویستە تۆشت بە من بڵێی. منی پیرو پەککەوتە پێویستە شتم پێبگوترێ نەک شت بە خەڵک بڵێم. تۆ گەنجو تووڵازی، ئاگاداریو پاسەوانی کردنی گوندی لە ئەستۆی تۆ دایە، بەڵانەکونێ

چیتان لێبکەم کە پیاو نەبن. پیریێکی زورهانی وەکو من چی لە دەست دێت، بڵێم هاتوون بەسەر رابۆی بفسن!!!.

ساڵحۆک شێوازی ئاخاوتنی گۆڕابوو. دەنگی بێهێزو کزو کەنەفت ببوو. ئەو پەیوانەی بە جۆرێک دەردەبڕی کارێکی زۆریان لە هۆمەر دەکرد. پەردەی شەرمەزاریەک هەستی داپۆشی. رقی بوەوەو بێدەنگ بوو.

ئەوان خەریک بوون درێژە بە ئاخاوتنەکانیان بدەن. لەو دەمەدا. ئادگارێکی سەیر... ئادگارێکی نامۆ.. چۆلایی بەرچاوی گرتن. دوای نەختێ چەکدارێک بەرانبەریان قیت وەستا! بە تووڕەییەوە سەیری کردنو چاوی لە دوڕ چاوی نان. هۆمەر تاسا. بە چوستی هەڵسایەوەو بە شەرمەوە برژانگەکانی لێکترازاند. سامگرتی بوو و نەیزانی چیبکا!

هەرچی ساڵحۆک بوو بەبنی چاوی روانیە هۆمەرو گرنێژنەکی تژی ئازار خۆی هەڵدایە سەر لێوە مۆر بوەکەی. کابرا بە هەڕەشەو چاو سوور کردنەوە لەگەڵیان ئاخاوت. هێشتا گلیەکانی تەواو نەکردبوو ئەوان

لە مەبەستی گەیشتنو زانیان چی گەرەکە!

ساڵحۆک هەڵسایەوە. بە تەواوی بڕستی لێبڕابوو. وەک ئەوەی ئامێری لەشی شل بووبێتەوە بە شلۆقی هەنگاوی دەنا. کابرا لە دواوەی ئەوان بە ئاگاداریەوە قاچەکانی لێک دەترازاند. بە ووردی زێرەوانی دەکردنو نیگای لەسەر وەلا نەدەدان.

له گردۆڵکەکە پێچیان کردەوە. لەگەڵ تووله رێیەکە سوورِانەوە ئەو دیوی گوندی. هێندەی دیکە سەرسام بوون کاتێ ئاپۆڕەکەیان بینی. خەڵکەکە وا تێک قژقژا بوو دەتگوت رۆژی حەشرە. دەنگی گریانو زریکەی منداڵان تێکەڵ بە بۆڵە بۆڵی خەڵکەکە دەبوو.

بە خەمبارییەوە تێکەڵ بە ئاپۆڕەکە بوون و لە سوچێکا وەستان. چاوەکانیان برِیە ئەو روخسارە نامۆیەی کە بەرانبەر خەڵکەکە وەستابوو.بە هوشیاریەوە لە دەروبەری رادەما، دوای ئەوەی خەڵکەکە هەمووی کۆ بوەوە. کابرا بە سەنگینیەوە زاری لێکترازاند، هێشتا تاقە ووشەیەکی دەرنەبرِیبوو، هۆمەر لە مەبەستی گەیشت. گلیەکانی قادر چاو بۆقانی هاتەوە یاد. چۆنی بۆ گێرِایەوە کابرا ئاوای دەگوت! بە هێمنی و لەسەرەخۆ دەدوا. زمانی روونو بێگرێو گۆڵ بوو. شێوازێکی ناسکو سەرنج راکێشی بە کار دەهێنا. یەکێکیش بەرچڤەی دەکرد:

– ئێوە برای ئێمەن. چاوی ئێمەن.. هەناوی ئێمەن. ئێمە خۆشیو شادی ئێوەمان گەرەکە. نیازمان چاککردنی باری ژیانی ئێوەیە. ئامادەین هەموو شتێک بکەین تەنیا بۆ رازی کردنی دڵی ئێوە !!!.

درێژەی بە ئاخاوتنەکەی دەدا

– دەشێ ئێوە بە درِندەو دوژمنمان تێبگەن! بەڵانەکونێ بە پێچەوانەوە. ئێمە بە برای پشتێتان تێدەگەین. هەرچەندێکی داوای بکەن ئێمە ئامادەین! بارتەقای زەوی‌و رەزەکانتان پارەیەکی واتان پێدەبەخشین پاشایانە بژین. هیچ دوو دڵ مەبن! ترسی ئەوەتان نەبێ بێ رێ و جێ و بێواربمێننەوە. نا... دەمێکە بیرمان لێکردۆتەوە و چارەسەرمان بۆ

دۆزیوەتەوە! جێگەتان بۆ ئامادەو تەیارە. ناخوازێ باسی خۆشی جێگەکەتان بۆ بکەم! حەزدەکەم خۆتان ببینن. ئەوسا دەزانن بە بەراوورد کردنی لەگەڵ ئێرە بەهەشتە یا نا... ئەوسا دەزانن سوودی کارەبا چییە !!!....

زۆر چەرچیانە داخاوت. خەڵکەکەش هەموو بە بایەخەوە گوێیان بۆ رادێرابوو. ئەو شتانەی ئەو دەیگوت بە گوێرەی گوێچکەی ساویلکەی ئەوان نائاسایی بوو. بۆیە بە سەرسامی سەیریان دەکردو سەریان لەگەڵ بادەدا.

سالْحۆک بەراییێ کابرای زۆر بە لێوەشاوەو قۆز هاتە بەرچاو، جلە سەربازیەکەی لەبەر رێک دەهات. وەلێ هەر لەگەڵ ئاخاوتنی ئەو روانگەیەی گۆڕاو تەڵخێکی رەشی کەوتە سەر. وای لێهات شێوەی تەماشا کردنەکەی گۆڕا. لەبەر چاوی بوە دزێو و ناحەزترین مرۆ لەسەرگۆی زەوی. وایزانی خوا لەو قەڵپ تری هەرگیز نەگوراندوە!

سالْحۆک لە دواوەی خەڵکەکە وەستابوو و بە ئاستەم دەبینرا. چاوەکانیسوور سوور وەک گۆمی خوێنیان لێهاتبوو. کابرا لە دوان نەدەکەوت:

– لێژنەیەکمان لە چەند کەسانێک پێکهێناوە. چەند کەسانێکی دڵسۆزی ئێوە. کە بەرژەوەندیو خۆشی ئێوە بەر لە هەموو شتێک رەچاو دەکەن. مەبەستی سەرەتاو دیماهی یان پەراو راژە کردنی ئێوەیە. هاونیشتمانیە خۆشەویستەکانم. گوندینۆ... دەتوانم سوێندتان بۆ بخۆم هەموو شتێک بە ئارەزوو حەزی ئێوە دەبێ. هیچ دڵ لە دڵ مەدەن.

ئەمەیە نەخشەی سەرکردایەتیو میری نیشتمانیە! دڵنیابن هەموو شتێک بۆ بەرژەوەندی ئێوەیە. ئابەم ئاخە.. بەم گڵە.. بەو نانەی نمەکمان کردوە. بە دایکی دوەممان کە ووڵاتە جوانو قەشەنگەکەمانە. جگە لە بەرژەوەندی ئێوە هیچی ترمان گەرەک نیە! بۆیە هێندەش ئەمە دووپات دەکەمەوە. هەتاوەکونیٚ خاترجەم بن. بزانن برا هەرگیز داو بۆ برای نانێتەوە!.

ساڵحۆک تا دەهات وەڕەز تر دەبوو، توانای گوێگرتنی نەدەما. نغرۆی گومێکی مەندی لێکدانەوە بوو. لە نکاوڕا هەستی بە لەرزینی ئەژنۆکانی کرد. قاچەکانی هێزیان لەبەر بڕاو تێنی ڕاگرتنی لاشەکەیان لەدەست دا. بە خەمبارییەوە ئاوڕی ئەم لاو ئەو لای خۆی دایەوە. لە هەر چوار دەوری گێلە شووکە کە چەکداری بینی! خۆیدا باڵێک و بە هیلاکیەوە لەسەر چیچکان دانیشت. تەوێڵیٚ خستە نێو لەپی و هەنیشکی لە ئەژنۆی چەقاند هەستی بە ژانە سەرێک کرد.

– گوندنشینە خۆشەویستەکانم... ئێوە هەتاوەکونیٚ جێگەی تازەتان نەبینن نازانن ئێمە چەند بە تەنگ ئێوەوەین، تا چ ڕادەیەک بە شادمانی و خۆشحاڵی ئێوە سەرفراز دەبین. باوەڕبکەن... نازانم چیتان پێبڵێم! ئەو خۆشحاڵیەی خۆمتان چۆن بۆ دەربڕم. ئەو شادیە پەنگ خواردوەی دەروونم چۆن بخەمە سەرزارو بە چ شێوازێک بۆ ئێوەی بەڕێزی دەربڕم. ئێوەی خۆشەویست. ئێوەی دڵپاک و ئازیز. هەر چۆنێکی سالوخدانتان بکەم نەشێم مافی خۆتان بدەمیٚ. چونکیٚ ئێوە... لەکن ئێمە.. گەوهەرێکی بەفیەتن. جا بۆ ئەوەی دڵی گەوهەرێک ڕازی بکەین

دەبێ هەموو شتێک بە گوێرەی ئارەزووی ئێوە بێ. بۆیە هیوادارین لە کاتی قرساندنی شتەکان هەر کەس لە تەک رەزو ماڵەکەی خۆی بێت.

کابرا بەمە دیماهی بە ئاخاوتنەکەی هێنا. خەڵکەکەی ئاگادار کردەوە کە هەر کەس بچێتە ماڵی خۆی. تەنیا چەند ناوێک نەبێ کە نۆرەیان کەوتبوە بەرایێ. داوای مانەوەی لێکردن.

خەڵکەکە پارڤە بوونو وەک ترارە ئاوێک رژانە ناو گوندی. بە تەنیا

ساڵحۆک نەبێ. دانیشتنەکەی تێک نەدا. هێندە هەبوو قینگی گەیاندە زەوی و ئەژنۆی لە هەمێز کرد. یەکێ لە چەکدارەکانی لێی چوە پێشو لەگەڵی دوا. بە چەند پەیوێکی توورە و کورت تێی گەیاند کە پێویستە ئەو ناوە جێبهێڵێ. ساڵحۆک خۆی لێ گێل کرد. وەک ئەوەی گوێی لە هیچ نەبووبێ وەرامی نەدایەوە!

چەکدارەکە خۆی گێڤ کردەوەو ویستی دەستی لێبوەشێنێ. کەچی لەو کاتەدا یەکێکی تر چوە کنیو بە گاڵتە پێکردنێکەوە گوتی:

– وازی لێبێنە. گوایە نازانی پیر بوون کەڕی لەگەڵدایە؟! ئەوەش کەڕ بوە. سەرباری ئەویش تێکچوەو خەلفاوە. ریشت نەدیوە دەڵێی تۆپەڵە پەمۆیەو داوی رەشی تیا نەماوە!

ساڵحۆک بەمە گەلێ زویر بوو. ئەنری و توورەیی لە هەینەی بروسکەیدا. بە قولینچکی چاوی تەماشای کرد:

- سەی... سەی. لەگەڵ کتکی بگۆڕێتەوە زیانتە! خەلفاوە... خەڵکی ئاوایی کەم بوو هەر ئێوەم گەرەکە! کەس نزانێ لە چ لایەکەوە. لەسەر چ ئاخێکی گوواوەیەوە هاتوون! شیرِ ساڵحۆک بۆ ئەمڕۆ ژیای. نەمردی هەتاوەکونێ سەگ و توولەی شارانت پێوەڕی! گەیشتیە ئەو رۆژە. ئەوەت بە چاوی خۆت بینی. ئاوا لەبەر زەقەی چاوانت جگەرت لەت لەت دەکەنو دابەشی دەکەن. خوا تەمەنی درێژ کردی هەتاوەکونێ بتکاتە خەمکی خەمان. وای لە دنیایێ.. وای لە دنیای بێ ئۆفا.

هۆمەر کە نەختێک لەو دوور کەوتبوەوە خۆی بزواندو وای نیشان دا کە گەرەکیەتی بزوریتەوە. وەلێ کە چەکدارەکانی بینی دەوری ساڵحۆکیان دابوو دوو دڵ بوو! نەیزانی چی بکا.. بیری لە نێوان رۆیشتنو گەڕانەوەدا تاولێی هەڵدا. لێوی بزووت منجەمنجێکی لێوەهات. کە خۆشی لێی تێنەگەیشت!سەیری ساڵحۆکی کرد هەروەک خۆی دانیشتبوو! سەری شۆڕ کردبوەوە و پەنجەی لە زەویەکەی بەردەمی وەردەدا. چەند هەنگاوێکی دیکەی ناو پاشان وەستا. کەمێ ئاوا مایەوە. لە پڕ بەبێ هیچ چاوەڕوانیەک. بە بێزاریەکەوە دەستی بە رۆیشتن کردەوە.

ساڵحۆک وەک جاری پێشوو بە هەمان شێوە سەیری کرد. پەنجەی توندتر لە زەوی دا. مشەیەکی لێوەهاتو موڕ بوەوە. تاوێ ئاوا مایەوە. پاشان بە زۆر زانیەکەوە رووی بۆ لای لێژنەکە وەرچەرخاند. کە تەواوێک لێی دوورکەوتبوونەوە. وێدەچوو بۆ لای رەزەکەی مەجید دەڕۆیشتن. بە چاپوکی هەڵسایەوە و بە پانە دزێوە کەوتە بڕینی رێگاکە. ناوەندی چۆماخەکەی گرتبوو! وەک ئەوەی پێویستی پێی

نەمابێ. چەند پێنگاوێکی دەناو دەوەستا. تێیان رادەما. پاشان بۆ ماوەی چەند پێنگاوێکی تر کامەی چۆماخەکەی لە دەست دەگرتو پێی دەڕۆیشت. لەو دەمەدا ئەوەی زێتر پشکۆی رقی دەگەشاندەوە عەلیۆک بوو. بە لە خۆبایی بوونێکەوە وە پێشیان کەوتبوو!

– تفوو ناپیاو.. تفوو لەشیرت. نە شەرم، نە حەیا.. باکی بە هیچ نەماوە. لینگی لە دەلینگان دەرهێناوە و داویەتیە بێ ئابڕوویی. پیاویش کە ئاوایی لێهات لووس دەبێو سڵ لە هیچ ناکاتەوە. تفوو ناپیاوی نامەرد

لە هیکڕا ساتمەیەکی کرد. وەستانی ئەوانەی دیکە لە تەلی سەرنجی دا. بە بایەخەوە نیگاکانی تێبڕین. بیری لە مەجید کردەوە، بزەیەک لەسەر لێوی چاوی هەلێنا!.

– دەی باوکم بە گوریت بێ مەجیدە شێر. بزانم چۆن لە قەوچەیان دەدەیتەوە! چۆن وەک گاشەیەک لەو تەلانەیان هەڵداوێ! وەک جوجکە باڵ بەستیان دەکەیو دەبن هەنگڵی خۆتیان دەنێی. دەی مەجیدە شێر... بابەکەی بابم.. بەخوا بە سەد زەلامان هەی.. دەی بزانم قارەمانیەتی خۆتیان چۆن نیشان دەدەیی. فێریان دەکەی چۆن هەڵسو کەوت دەکەن. چۆن بیر دەکەنەوە و ئاوەزیان دێتەوە بەر. دەی لە منت نەکەوی.. بابەکەی بابم... کوڕە ئازاکەم... کوڕە دلێرو چاو نەترسەکەم.

کاتێ گەیشتنە رەزەکە بە خۆشحاڵیەوە وەستان. تەنیا مەجید نەبێ تووڕەو روو گرژ بوو. رەهنییەکانی ملی رەپ وەستابوون. کابرای گەورە...! کە وێدەچوو لێپرسراوی لێژنەکە بێ. بە فیزیکەوە سەیری دەوروبەری کرد. باڵەکانی بزواندو چاویلکەی لە چاوی هێنایەوە

خوارەوە. دوای ئەوەی سرپیەوە خستیەوە سەر لووتی.دەستێکی بە وورگە زلەکەی داهێناو گازی مەجیدی کرد. زۆر لەسەرخۆ و بە نەرمی لەگەڵی ئاخاوت مەجید تەواو بە پێچەوانەی ئەو. ئاوری لە چاو باری. بە دەنگێکی بەرز نەڕاندی:

– هەموو جیهان خاکی دنیام لەسەر تاپۆ کەن نایفرۆشم! بە زێڕو گەوهەری هەموو دیای ناگۆڕمەوە. خاکی خۆمەو نایفرۆشم... موڵکی خۆمەو نایفرۆشم!

ساڵحۆک کە لە دوورەوە خۆی لە پەنای دارێکدا مەڵاس دابوو. کاتێ گوێی لەمە بوو خۆشیەک دڵی دەسرازە کرد. دەمە بەشکەی گرتو کوڵمە چورچ و لۆچدارەکەی گەشایەوە:

– چاوەکەم مەجیدە شێر، کوڕی بابی خۆیەتی مەجیدە شێر.. خوا هەڵناگرێ پیاوی!.

چەند چاوێک بەرانبەر مەجید زەق بوەوە. چەند چەکدارێک لە جێگەی خۆیان بزووتن و لێی نزیک بوونەوە. بە ترسەوە پاشەکشێی کرد. رەنگی هەڵبزرکاو بێدەنگ بوو.

– هیوادارین خۆت تووشی سەریەشە نەکەی ئێمە چاکەو بەرژەوەندی ئێوەمان گەرەکە، حەز دەکەین بتانکەینە مرۆڤ! لەو رەوەزو بێروونەتان دەرباز بکەین. دەمانەوێ ئاسوودە و دڵشادتان بکەین. ئەگەر سەرپێچی بکەنو قاچ لە زەوی داگرن. ئەگەرچی نیگەران دەبین. وەلێ ناچارین شێوازێکی ترتان لەگەڵ بەکار بێنین! وەک گوتم ئێمە

بــەرژەوەندی ئێوەمــان گــەرەکە. ئامادەین گشت کارێک بکەین بۆ وەدیهێنانی ئەو ئاواتە پیرۆزەمان. هەرگیز ناتوانین دەست بەرداری بیری دواکەوتوی ئێوە بین!

ترس باوەشی بە سەر ئەو قەدو باڵایەی مەجید داهێناو بەرزەفتی کرد. هەرچەند ماوەیەکی تر پێی داگرتو هەمان رستەی بەری دووبارە کردەوە. بەڵانەکونێ ناچار بوو چۆک بداو لە کەلی شەیتانی بێتە خوارێ. نەیزانی چیبکاو چۆن ئەم بەڵایە وەلاوەنێ. سەری شۆڕ کردەوە و داما. پاشان هەناسەیەکی هەڵکێشاو دەستی بە خۆدا بەردایەوە.

ساڵحۆک کە ئەمەی بینی واقی وڕما. وا حەپەسا دەتگوت نوکی سوژنیان لە برینی راکردوە. رقی وەک گڕی ئاورێکی نەوت پیا کراو کڵپەی کردو بەرز بوەوە.

لێپرسراوەکە بە هەست کردن بە سەرکەوتنەوە کۆکەیەکی کردو بە دەنگێکی زبر گوتی:

– دەبێ تێبگەنو بزانن ئێمە چەند بە تەنگ ئێوەوەین، تا چ رادەیەک بەرژەوەندی ئێوەمان گەرەکە!.

ساڵحۆک تادەهات زێتر پەستدەبوو. وەک ئەوەی دەستت لە خنخنۆکەی نابێ پشی تەنگ بوو. چیتر توانای خۆڕاگرتنی نەما. هەستی کرد ئەگەر بێتو بێدەنگ بێ رێی تێدەچێ بتەقێ. ئەم گڕو تووڕەییەی وای کرد چەقی رێگاکە بگرێ. وەک پڵنگێکی بریندار وەستا. نوکی

چۆماخەکەی لە دەست گرتو هەڵمەتی بۆ مەجید برد. توند ئێخەی گرتو دەستی لە هەوکێ نا. تفێکی یەک بەزاری لە نێو چەوانی کرد!

– تفوو... زۆڵی نامەرد. ناپاکی بێ ئابڕوو. چیت گوتو چیت کرد!

هەموو تاسان. تا ماوەیەک کەس زاتی ئەوەی نەکرد لێی نزیک بێتەوە! پاشان دوو چەکدار توند پیلیان گرت. هەتا تینی هەبوو خۆی پچڕیەوە. جنێوی دا. زمانی وەک ئامێر کاری کردو نەوەستا.

– بێ ئابڕووینە. بڵێن کێهەتان پیاون؟! ئەوەی خۆی بەمێر دەزانێ با بێتە پێشەوە. کەس نازانێ لە کوێرە هاتوون، چ زۆڵێکن و چۆن گوراون. تفوو وو..و .

رووی لە مەجید کردەوە :

– گەمبۆر دەمزانی پیاو نی! لە زوەوە دەمزانی ئەو لاشەو کەللە گۆلکانیەت پووچەڵە. کتکی بێ ئەمەک. هەتاوەکونێ ئێستا بە هەوای ئەم وارە ژیاوی چۆن بە گۆلمە ئاوێک دەکەویە مەلە. بە دوو پەیوی لە فلس سووتای کەمتر لە خشتە دەبردرێی!تفوو...ناپیاو.. تفوو.. و....

یەکێک لە چەکدارەکان تا هێزی تیابوو پاڵێکی پێوەنا. چەندەی هەوڵیدا خۆی بۆ نەگیرایەوەو کەوتە سەر پشت. لێپرسراوەکە بە تووڕەیی سەیری کرد.

– چیە ئەو پیرە سەگە. کێ ئەو مافەی پێداوە بەو شێوەیە باخێوی.

عەلی بە رەنگ بزڕکاویەوە وەرامی دایەوە!

–ئەوە ساڵحۆکە… پیرەو خەلفاوە! کەس گوێی بۆ نادێری. کەس گلیەکانی بە پوولێک ناکڕێ. شێتە و فڕئەقلی دەمەژێی نەماوە!.

ساڵحۆک ئەنری. ئەگەر یەکێک نەیدیبوایە ئاخاوتنەکەی عەلی بە ڕاست و دروست دەزانی!

– تفوو… قوڕمساخ. ساختەچی. کەس نەما لە ئاوایی عەلیۆک نەبێ. کوسکێشی نامەرد. پێم ناڵێی ئەو مێچکە مێچکە لە چییە!؟ هەر بۆ ئەوەی ڕەزەکەی تۆ باش بقرسێنن! خەڵکی دیکەش بە گونت. کورە هۆی گەڵحۆ… ئەو دارو بارە ژیانی تۆیە. نیشانەی بوونی تۆیە.. خوێنی تۆ دەهێنێ.

دووبارە هەڵمەتی بۆ عەلی برد

– هەر دەتکوژم ناپیاو… توولە سەگ. چۆن لەبەر دەستم دەرباز دەبی، بچیە کێوی قافیش هەر دەتکوژم. هەر دەتتۆپێنم!.

چەکدارێک لێی نزیک بوەوە، بە خەندەیەکی دزێو بەرانبەری وەستا. بەهەمان شێوەی جاری پێشوو. بگرە دڕندانەتریش پاڵی پێوەنا! ساڵحۆک وا کەوتە سەر زەوی کەس بە هیوای هەڵسانەوەی نەبوو. لەگەڵ ئەوەش زاری نەوەستا!

– خوێڕینە… ناپاکی نامەردینە. کەس نازانێ لە کوێوە هاتوون و لە چی گوراون. ئەو وارە پیرۆزەتان لێ گڵاوکردوین. تەرەسینە… سەگبابینە.

چەند نوکە پۆستالێکی تریشی بەرکەوت. هەرکڕ نەبوو.. ئەوان ڕۆیشتن و لێی دوور کەوتنەوە ئەو هەر کڕ نەبوو. هەتاوەکونێ بە تەواوەتی لەبەر چاوان بزر نەبوون نیگای لەسەر وەلانەدان.

بە نامۆییەوە لە خۆی ڕاما. گەلێ بەزەیی بە خۆی هاتەوە. پشتی دایە دارێک و لە قوڵپەی گریانیدا! وا بە سۆزەوە دەگریا لەزگ بوو دارو بەردەکان لەگەڵیدا بکەونە ڕۆ ڕۆ! کوانوێک لە دەروونی هەڵایسا. زۆری هەوڵدا. وەلێ گریانەکەی نەوەستا. قینگی نەختێ بزواند دەستی چەپی لە زەوی چەقاند. بە دەستەکەی تری چۆگانەکەی گەیاندە زەوی و هەڵسایەوە. پیری چەند بێ بەزەییانە پشتی چەماند بوەوە ئەو خەمە دەهێندەی تر، بە نوزە نووزێکەوە دەستی بە ڕۆیشتن کرد. سروشی گۆرانیەکی دڵتەزێن لە دەرگای گیانیدا. هێدی هێدی دەنگی بەرز کردەوەو سەردولکەی بۆ وارەکەی گوت. بە شێوازێکی یەکجار سەرنج ڕاکێشەر ئاخەکەی لاواندەوە. لە ناخەوەش بە نەرمی دەگریا. هەرچەندەی دەکرد قاچەکانی بە دوایدا نەدەڕۆیشتن. لە تووڕەییا درانەکانی وێک نەدەکەوتەوە. سەریشی زۆر لەسەرخۆو بە هێمنی دەلەریەوە. بە پەشۆکاویەوە دەمو چاوی هەڵدەگلۆفت و لەبەر خۆی دەیگوت:

– چی گوت و چۆن دەرچوو...! تفوو.. ناپیاوی نارەسەن... تفوو... ،،،... وو..،

ئەمەی وا بە رقەوە دەردەبڕی ڕەنگی لەگەڵ دەگۆڕا. وەک چاوێشەی لێهاتبوو. سەیری گوندەکەی دەکردو بە سۆزەوە لە دەوروبەر ڕادەما.

کزەی لە جگەریەوە دەهات. رۆژانی رابردووی دەهاتەوە یاد. شادیەکی تژی ئازار ختووکەی دەدا. رۆژانی رابردوو گەلێک وێنەی دەهێنایەوە بەرچاو ژێر سایەی داریَ.. پەنا بەردێک، توولە رێیەک نەبوو ئەو یادگاری لەگەڵ دانەبیَ. خەجەی بیر کەوتەوە. دۆست و خۆشەویست و هاوەڵانی هاتەوە یاد. داخی بۆ نشیمەنەکەی خوارد. سەرلەنویَ لە پڕمەی گریانێی دایەوە.

ناڵەی هات. نرکەی هات. کەچی لە دارو بەردو تەپکە شاخەکان بەولاوە کەس گوێی لێنەبوو، ئەو واتێدەگەیشت هەر کاتیَ دەنگی بەرز بێتەوە هەموو شتەکانی دەوروبەری گوێی بۆ شل دەکەن. سەرلەبەری پەیوەکانی لە هەگبەی مێشکیان داخنن. چونکیَ ئەو هەموویانی دەناسی. زۆر باشی دەناسین و شارەزای دەروونی هەموان بوو. ئەوانیش ئەویان دەناسی. بۆیە وا خدووی خۆیان دابوە یەک و متووی یەکتر ببوون. جویَ بوونەوە و دێک دابڕانیان لەکن ئازارێکی گەلیَ زەلام و مەزن بوو.

لەسەرخۆ هەنگاوی دەناو رێگەی دەبڕی. کە گەیشتەوە گوندی. بە دڵ تەنگیەوە سەری شۆڕ کردبوەوە. وەک ئەوەی تاوانێکی گەورەی کردبیَ چاوو رووی نەبوو. یەکسەر بەرەو ماڵەوە رۆیشت. گوندەکە چۆڵ و هێمن بوو. جگە لە مەحمود کە ئەسپەکەی زین دەکرد کەسی دیکەی بەرچاو نەکەوت، بە هێواشی بە تەکی داچوو هیچ بایەخی پێنەدا!

مەحمود بەدەم کارەکەی خۆیەوە نیگایەکی ئاڕاستە کرد. پاشان چاوەکانی بە توندی نوقاند و بۆ تاویَ هەڵینەهێنا. وەک ئەوەی زامێکی

خوێنـاوی لەبەرچاو بێو نەوێری سـەیری بکا. مشەیەکی لێوە هات و بەلەش خاویەوە لە دیار ئەسپەکەی دانیشت.

ساڵحۆک نەختێ لێی دوورکەوتبوەوە، کاتێ ئاوڕی دایەوەو گوتی:

– تۆزی بلـەزینە. بـڕۆ زۆزانـێ ئـەگـەنـا گـەرمـا دەتـسـوتـێنێ! بڕۆ کەپرەکەت چاک بکەوە. ئەمساڵ گەرمە، تۆش کۆزت ووردەو بەرگەی ناگرن!.

بەبێ ئەوەی گوێ بۆ وەرامەکەی شل بکا، یاخود چاوەڕوانی بێ. لەگەڵ توولە ڕێیەکە وەرچەرخاو لە پەنای دارەکان بزربوو.

بیری یەکجار مژوول و پەشێو بوو. هەستی دەکرد ژانێک لە دەروونیەوە لە دایک دەبێو سەر هەڵدەدا، لەگەڵ هەموو ئەو ئازارو ژانانە ئایری بوو کە بە درێژایی تەمەنی دیتبووی. لەتەک ڕێگاکە خشپەیەک هات. هەڵوەستەیەکی کردو بە شێنەیی سەیری ئەم لاو ئەولای کرد. هۆمەری بینی لە تەک دارێک وەستابوو مژی لە جگەرەکەی دەدا.نیوچەوانی دوو پەنجەی تیامایەوە. بێ ئەوەی چیتر سەیری بکا بەردەوام بوەوە لەسەر ڕۆیشتنەکەی. هۆمەر بەم ڕەفتارە گەلێ زگار بوو. بەکرِی جێ هەنگاوەکانی هەڵگرت و چەند جارێک خیزی شەرمەزاری قوتدایەوە. ئاوا مایەوە تا گەیشتە بەر دەری ماڵی ساڵحۆک نە ئەم زاری بزواند نە ئەو پەیوێکی دەربڕی!

ساڵحۆک کە چوە ژوورەوە. چۆن بە کرِی هات ئاواش بەکرِی دانیشت. کیسە توونەکەی دەرهێنا. جگەرەیەکی پێچایەوە و دایگیرساند. مژێکی

یەک بەسییەکانی لێدا. وەک ئەوەی بیر لە شتێک بکاتەوە چاوەکانی بەرانبەر دەرگا لە مۆلەق راگرت. تاوێ راکشا. دەستی چەپی خستە سەر تەوێلی.کەژێ کە باوکی بینی لە جێگەی خۆی تاسا. هەرچەندەی لێی وورد بوەوە زێتر بەزەیی پیا هاتەوە. زانی هەر پەیوێک بەرهەڵدا بکا ئازارەکەی دوو قات دەکا. بۆیە قرقەپ بوو.

هۆمەر کە لەبنەبانی ژوورەکە دانیشتبوو. بە کزیەوە چاوەکانی بڕیبوە کەژێ. وەک دوو کەروێشکی بێدەسەڵات بوون، تا دەهات خۆی ناگـزورتر  دەهاتنە بەرچاو. رووی لە ساڵحۆک کرد:

- بۆ لەمن دەئەنری. تاقە سوارێ بە تەنیا چۆن تۆزی پێدەکرێ. ئەگەر رات لەسەر بێ هەنوکە خۆم دەکوژم! ئەگەر بە مردنی من خۆشی بۆ ئێوە مەیسەر دەبێ. خۆشت نکوڵی لەمە ناکەی. ئەی وانیە مام ساڵح؟ ئەگەر رۆژێک لە رۆژان لەم هەڵوێستەم پەژیوان بوومەوە بڵێ! باخێوە و ریسوام بکە. ئەگەر ناماقوڵی و کەمو کورتیەکە لە منەوە بێ چیت لە کن دروستە وام لەگەڵ بکە. هەرچیەکم لەگەڵ دەکەی بکە. تەنیا بە ترسنۆکو ناپیاوم تێمەگە. هەرچیەک دەڵێی بەرگەی دەگرم بە تەنیا ئەمە نەبێ.

ساڵحۆک وەک بت لە جێگەی خۆی نەبزووتو نقەی لێوە نەهات. کەژێ لەم بێدەنگییە سەرسام بوو. بە نامرادیەوە چاوی تێبڕیبوو، حەزی نەدەکرد ئەم شتانە لەزاری ئەمەوە ببیێ. کەچی چارەی نەبوو. راستەقینە لەو زەلامتر بوو بێدەستی خۆی دەبوایە سەری بۆ دانەوێنێ.

هۆمەر هێوی بڕیبوو سەرباری ئەمەش گەرمتر ببوو.

– مام ساڵح... بەو خوایەی لەبان سەرمانەوەیە. بەو ئاخەی تێیدا لە دایک بووم. کە لە هەموو شتێک پیرۆزترە لام. ڕۆژێک لە ڕۆژان جگە لە چاکەو بەرژەوەندی گوندی بیرم لە هیچ نەکردۆتەوە. هیچی دیکەم وەبەرچاوان نەهاتوە.بەڵانەکونێ چیدەکەی، چەرخ چەپگەردەو وادەچەرخێ! مرۆی بەستەزمان چی لە دەست دێ! خۆ دەزانم بێوار دەمێنینەوەو لە قون دەریان دەکەوین. گەجەرو گوجەری شارانمان پێ خەنی دەبێ. بەڵانەکونێ چیدەکەی؟ چارە... بەڵێن بێ ئەگەر چارەکەی لەسەر ئەو چوڕە خوێنەی من وەستابێ. هەنوکە بیکەمە گوری! باشە.... هەرگیز وا بیرمەکەوە ئامۆژگاریەکانی تۆم لە یاد کردبێ. نەخێر ... شیری رابۆم وەکو چڵکی سەگ لێ حەرام بێ ئەگەر لە یادم کردبێ. دەزانم مرۆ با هیچی نەبێ تەنیا وارێکیهەبێ. پارچە زەویەکی یەک بستی هەبێ لەوە باشترە هەموو شتێکی هەبێ و بێوار بێ. با موڵکی دنیای هەبێ. بارتەقای کوختێک نیە بەسەرفرازی تێیدا بژی. ناڵێی من چۆن ئەمانە لەیاد دەکەم؟! هەرچەندە گەرەک نیە من ئەوانە یەژم. چونکێ خۆت لە من چاکتر دەزانی. من لە خۆم باشتر دەناسی. ئەگەر وانەبوایە هەرگیز کەژێت نەدەدامێ! لەگەڵ ئەوەش باش دیقەت بدەرێ. بزانە چۆن ڕەزەکەی منیش بە فیەتێکی کەم دەقرسێنن! دەبزانە دەی... چونکێ ڕاست و بێ پێچو پەنامو مێچکە مێچکە و زار پان کردنەوە نازانم. ئاخ مام ساڵح ئاخ... ئاخ بۆ چەرخی چەپگەرد.

هەمدیس هیچ وەرامێکی وەگیر نەکەوت! ساڵحۆک چۆن رازابوو هەروابوو. جگەرەکەی سۆتەکی زیاد ببوو بە کزی دوکەڵی لێ بەرز دەبوەوە. زاری نەختێک کرابوەوە و چاوەکانی لە مۆلەق وەستابوون!

ترساو دڵی کەوتە خورپە. ئاوڕی لە کەژێ دایەوە. کە بەبێدەنگی لە نزیک دەرگاکە دانیشتبوو. وەک نێچیرێکی بێدەسەڵات و بەستەزمانی هاتە بەرچاو، کە کەوتبێتە بەر تیری رۆژگار و دەرباز بوونی ئەستەنگ بێ. چەند جارێک بە دەنگی بەرز گازی کرد:

– مام ساڵح... مام ساڵح....

وەرام ببوە کۆترێکی کێوی‌و لە ناخیدا یاخی ببوو! دووبارە سەیری کەژێی کردەوە. بە هێواشی هەڵسایەوە لێی نزیک کەوتەوە. دەستی خستە سەر دڵی. وەک تراوە ئاوێکی ساردت پێداکردبێ تەزوێک گشت گیانی خستە لەرزە! چەند جارێکی تر گازی کردەوە. کەچی ساڵحۆک کەوتبوە گەرمەی خەوێکی یەکجارەکی و باکی بە دووبارە گاز کردنەوە نەبوو!

کەژێ دەستــی بەزریکە لێدان کرد. تیتکی رنیەوەو بە چەپەرۆکان لە خۆی دا. بەماوەیەکی کەم خەڵکێکی زۆر لەوێ خڕبوونەوە یەکێک لەوانە رابۆ بوو. یەکەم کار کەپێی هەڵسا دوورخستەنەوەی کەژێ بوو لە تەرمەکە!

هۆمـەر بـەرایێ حەپەسـا. رۆنـدک لە چاوی گلۆربوەوەو نەیزانی چیبکا. پاشان کەمێک هاتەوە سەرخۆ. بە هێواشی دارجگەرەکەی لە دەست دەرهێناو جاجمێکی پێدادا... بەشێکی زۆری ئاوایی بۆیان نەکرا بگەنە فریایان و مژوولی قرساندنی رەزو باخەکەنیان بوون. ئەو ئاپۆڕەیەش کە لەبەردەم ماڵەکەیان پەیدا ببوو. زۆر کەمتر بوو لەوەی لە کاتی تەنگانەو ناخۆشیدا پەیدا دەبوو!

دوای ئەوەی تەرمەکەیان شت بەرەو گۆڕستان کەوتنە ریَ، هۆمەر کە لە دوای مەحمود دەڕۆیشت. ئازاریَک لە ناخەوە دەیئەنجنی. پەیوەکانی مام سالّح لە گویَی دەرزنگایەوە. لە ژیان هورد دەبوەوە. مرۆڤیَکی وا گەورەو بیر فراوان، ئەو هەموو تاسەو خورپەو ئاواتو خۆزگەیە، بە ئاسانی بەرانبەر مردن چۆک دابداو چاو بنوقیَنیَ! دیقەتی دایە هەموو ئەوانەی لەگەڵ تەرمەکە بوون. ئەوانیشی ئاوا بە مردوویی هاتە بەرچاو! بیری کردەوە کەئەوانیش رۆژیَک لە رۆژان ئاوا دەخریَنە دارەبازەو بۆ گۆڕستان بەڕیَ دەکریَن. لەوانەیە هیَندیَکیان ئەمەشیان بۆ ریَک نەکەویَ لەپەنا بەردان بکەونو ببنە خۆراکی قەلو داڵ! بەمە نیگەران و خەمبار تر بوو.

دوای ئەوەی سالّحۆکیان بە خاک سپارد. ماڵئاواییان لیَکردوو بەرەو گوندی زورینەوە.کە دوور کەوتنەوە، هۆمەر بەدەم گریانەوە ئاوڕیَکی دایەوە. گۆڕەکەی زۆر قیت و بەرز هاتە بەرچاو. وای هەست کرد سالّحۆک لە گۆڕەکە سەری دەرهیَناوە و پیَیان پیَدەکەنی!!!

چیرۆکەکەی دایکی هاتەوە یاد. وای هاتە بەرچاو کە خویَن لە گۆڕەکە دیَتە دەرەوەو بۆ ناو گوندی شەپۆڵ دەدا. بەخیَرایی رووی خۆی وەرچەرخاندەوە دەستی بە رۆیشتن کردەوە.

(5)

بوونی ئەو چەکدارانە لە نێو ئاوایی و قرساندنی رەزو باخەکانیان دڵی سەر لەبەری خەڵکەکەی پڕ ترسو خەمبار کرد بوو. هەموو هوڕو گێژ ببوون و وەک مێرووله دەهاتن و دەچوون. کەس جڵەوی رەفتارو هەڵسو کەوتی خۆی لە دەست نەمابوو! بە چاوی هۆش هیچ شتێکیان نەدەبینی.

مردنی ساڵحۆک لەو دەمەدا بوە ئەگەری زێدەبوونی خەمو رق لە دڵی دۆست و ناسیاوانی. زۆربەیان ئەو مردنەیان بە تاوانی هاتوەکان دادەنا! کەیەکێک لەوانە هۆمەر بوو. هەرگیز وای بە بیردا نەدەهات ساڵحۆک ئاوا بە سووکو ئاسانی کۆچی دوایی بکا! بغەیدی و جارێکی تر نەزوریتەوە. بیری لەمە نەکردبوەوە ئەو جیهانە سەیرە ئاوا بە ئاسانی برمێو دوایی بێ. سەرباری ئەو کۆست کەوتنە دەردی چەکدارەکان لەولا بوەستێ، بە ئارەزووی گونی خۆیان لەنێو گوندی تەڕادانێیان دەکرد. سەرەدیقانێی ئەم ماڵو ئەو ماڵیان دەکرد و بێ ئابڕووانە لەگەڵیان دەجوڵانەوە. لەسەرەوە هەمووی چاکەو بەرژەوەندی گوندیان گەرەک بوو. لە راستەقینەش دووپشک بوون و چزیلکیان خستبوە سەر پشت!

کاتێک لە گۆڕستانەکە دەگەڕانەوە هەریەک لە راستی خۆی بیری لە ساڵحۆک دەکردەوە. ئەو کاتانەیان بیر دەکەوتەوە کە لەگەڵیان بەسەر

بردبوو. بۆیە تاو نا تاو دەنگی ئاخێک بەرز دەبوەوەو یەکێک لە پڕمەی گریانێی دەدا.

هەریەکە سۆنگەیەکی بۆ مردنی ساڵحۆک دادەنا. یەکێک دەیگوت:

- دەردەپیری بوو!.

یەکێکی تر دەیگوت:

- نەخێر... راستە پیر بوو بەڵانەکونێ پیری هۆی مردنەکەی نەبوو، لێیاندا، وا کەوتە سەرزەوی گیانی لەبەر بڕا. بێبەزەییانە لەو پیرە بە ساڵاچوەیان دا. ئەی چۆن... منیش بومایە دەمردم. ئەویش هەر گەیشتە ماڵ و مرد. لێیان دا.. کوشتیان!.

یەکیتر بە کڵۆجێکی دیکە ئاخاوت. وەلێ زۆربەی خەڵکەکە لەسەر شتێک یەکیان دەگرتەوە. ئەویش ئەوە بوو ساڵحۆک لە حەژمەدا بەزگی داو مرد. مردن و نەمانی لە کن باشتر بوو لە جوێ بوونەوە لە گوندەکەی! ساڵحۆک بەداخی وارەکەی بەزگی داو مرد...

رۆیشتنیان بۆ گۆڕستان و زورینەوەیان زۆر بە ناڕێکی بوو هەریەک لە لایەک دەڕۆیشت. چەکدارێکی زۆریش چوار دەوری تەنیبوون! کە گەیشتنەوە ناو گوندی رێو راست چوونە ماڵی ساڵحۆک. بوە دمگۆو گفتگۆیان. هەریەک لە لایەک ئاخاوت. گەرەکیان بوو پرسە دابنێن! دەنگی بەرزو نزم تێکەڵ دەبوو. رای دروستو نابەجێ پێشنیار دەکرا. ئەوان مژوولی رێککەوتن بوون کە سێبەرێک لە دەرگا نزیک بوەوە.

ئەحمەد بە پەشۆکاویەوە چوە ژوورەوە، بێدەنگیەک دایگرتنو هەموو دەزاری ئەو رامان. ئەویش پاش ئەوەی ماوەیەک وەستاو پشیەکی چاکی وەرگرت. گوتی:

– دەڵێن کاتی پرسەو شتی لەو بابەتە نیە. با بیری خۆیانی پێوە خەریک نەکەن. کەی گەیشتنە شار با پرسە دابنێن!.

بوە پسەپس، لەو سەرەوە دەنگی ناڕەزاییەک بەرز بوەوە. لەبەر پڕی هۆدەکە تاماوەیەک نەبینرا. کە هەڵسایەوە سەر چۆکان مەجید بوو!

– چۆن شتی وا دەبێ. خوا هەیەو ئاگای لە هەموو شتێکە. زۆرداریش بەو رادەیە؟! لە هەموو ئان و رۆژگارێکدا پرسە هەر هەبوەو

هەر دەبێ، ئێمەش موسڵمانین، گاور نین!.. ئای.

هۆمەر ووشەی لەزار قۆستەوە:

– راست دەکەی... قاتی گاورنین. مرۆینەو دڕندە نینە. لە هەموو مەزەب و کتێبان پرسە هەر هەبوە و بە دروست زانراوە! ئەگەر ئاژەڵێک بتۆپێ هاوەڵەکانی پرسەی بۆ دادەنێن. نەخوازەڵا مرۆڤێک.. بابە ئەگەر مافی مرۆڤمان پێ رەوا نابینن با مافی ئاژەڵمان لێ زەوت نەکەن! ئەوەی ئەوانە دەیکەن هەموو یاسایەک رەتیدەکاتەوە.. ئێمەش موسڵمانین... موسڵمان!.

کە هۆمەر دیماهی بە گلیەکان هێنا. چەند چەکدارێک کە لەبەر دەرگا وەستابوون. لەگەڵ مەجید پەل بەستیان کردوو بردیان. چەند چەکدارێکی تریش چوار دەوری ئەوانەی دیکەیان گرت.

کەس نەشیا تاقە پەیوێکی تر دەربڕآ. بە پێچەوانەی پێشان کە ئەگەر شتێکی وایان بدیبوا هەرگیز بێدەنگ نەدەبوون. بەڵانەکونێ ئەو دەمە بە چرکە ژیان دەگۆڕا. شتی وایان لەیەکتر دەبینی، کە بە درێژایی تەمەنی لەو بڕوایەدا نەبوون بیبینن!

دوای بردنی هۆمەرو مەجید هەرکەس بیری لە خۆی کردەوە. تووشی دڵەراوکێیەکی دەروونی بوون. هەریەکە هەوڵیدا بە هەنجەتێک بچێتە دەرەوە. هێندەی دیکە حەپەسان کە بینیان ڕێگەی چوونە دەرەوەیان لێ قەدەغە کراوە!

ڕێگە نەدرا کەس ئەو ناوە جێبهێڵێ! ئەوەی لە دەرەوەش بوو. یاخود ئەوەی هێشتا نەگەیشتبوە ئەوێ، ئەوەی کیرمیزو نێرینە بوو کۆیان کردەوە و چوار دەوریان گرتن.

کە ئەنگۆرە داهات. وەک مێگەلە مەڕێک وەپێش خۆیان داو بۆ دووری گوندیان ڕاپێچ کردن. زۆربەیان وا تێگەیشتن ئەمە دواپین شەوی ژیانیانەو چیتر چاویان بە دنیای روون ناکەوێ. بۆیە ئەژنۆیان دەلەرزی و هەنگاویان شل ببوو. تاو نا تاو بە دڵە لەرزەو دزە نیگاوە ئاوڕیان لە یەکتر دەدایەوە. وەک ئەوەی گەرەکیان بێ بەچاو لەگەڵ یەک باخێونو ڕازی دەروونیان بۆ یەک بدرکێنن!

له نکاوڕا هەروەستەیەکیان کرد. لەگەڵ دەنگێکی زبری پڕ رق راوەستان و هەموو سەیری یەکتریان کرد. بە پێی ئەو فەرمانەی کە پێیان درا هەریەک لە زەندۆڵەکە لە جێگەی خۆی دانیشت. لەو ناوە پارڤە بوونو چەکداریش لە هەر چوار دەوریان بازنەیان بەست! ئەوەی جێگەی چۆڵ بوو. هۆمەرو مەجید بوو. زۆربەیان دەستیان لێشتنو لە بینینەوەیان هێوی بڕ بوون. هەڵسو کەوتی چەکدارەکان تا دەهات ئەو رایەی زیاتر لە دەروون دەچەسپاندن. خەریک بوو بەتلێکی شەو رادەشکا، بە چوار دەستە دوو تەرمیان هێناو فڕێیان دا ناویان! هەموو زارەترەک بوون.

ئەحمەدو قادر چاو بۆقانیو چەند کەسانێکی تر بە هشتاوی خۆیان گەیاندە کنیان. کە سەیریان کرد هۆمەرو مەجید بوو!نوسکەیان دەهات و هەناسەیان بە ئاستەم دەهات و دەچوو.

– ماون...؟!

– ئا...

چرپەکە ووردە ووردە بەرەو کەمیو نەمان چوو، قادر چەند جارێک دەستی بە روخساری هۆمەرۆکی داهێنا. هەتاوەکونێ  چاوی هەڵێناو بە ماندوو بوونێکەوە. نیگایەکی کزو بێهێزی ئاڕاستەی ئەو چاوانە کرد کە لە ژوور سەری زەق ببوونەوە. نامۆیی و خەفەتخانی تیادا ببینین! بە شێوایەوە سەری بەرز کردەوە:

– چیدەکەن .. ئەو دڕندانە گەرەکیانە چیبکەن، دەبێ نیازیان چیبێ؟!!!.

بە زۆریو زۆردارەکی ئەو چەند پەیوەی لە قوڕگی وەدەرنا. پاشان سەری بەردایەوە سەر زەویو چاوەکانی بەرانبەر ئاسمان لە مۆلەق راگرت. لەو دەمەدا ئەستێرەکان زۆر بە جوانی دەدرەوشانەوە. بایەکی فێنکو نەختێک ساردیش خۆی لە لاشە ئارەقە کردوەکەی هەڵدەسوو... تاوێ ئاوا مایەوە. لە پڕ هەستی بەسەرما کرد. سەرمایەکە هێدی هێدی زیادی کرد تا بوە لەرزێکی سەخت. دەوروبەرەکەی تاسان. وایانزانی لە ئاویلکە دایەو دەمرێ! نرکەی هاتو ناڵاندی. هەموو ئازای لەشی ژانی دەکرد.

زۆریان کۆشا نەشیان چارەی لەرزەکەی بکەن. لەو چیاو چۆلە جگە لە ئاگر کردنەوە هیچ چارەیەکیتر گومان نەدەبردرا!. ئاگر کردنەوەش بە پێی یاسا نوێیەکە قەدەغە بوو!!!

هۆمەر لەگەڵ لەرزین چاوی دەنوقاندو هەڵیدە هێنایەوە. هەستی بە ناگزوریەک دەکرد. لەبەر ژانی جەستەشی ئۆقرەی لێبڕابوو. سەرباری هەموو ئەوانەش جڵەوی ئەندێشەی لە دەست دابوو بیری دەکردەوە. لە دڵی خۆی دەیگوت:

ئەگەر بمابوایە هەنوکە چیدەگوت! خۆزگە دوێنی وایان لەگەڵ کردبوام!... بە چاوی خۆی ئاوای دیبومایە. دڵنیام ئەوسا گەلێک دڵگیر دەبوو بە خۆشەویستیەوە دەیگوت:

– هەر بژی هۆمەرۆک کوڕی باوکی خۆتی. وێسفی وجاغی کوێر نەبوەتەوە! پیاو دەبێ ئاوا بێ. ئاوا مێرانە بەرانبەر زۆردار بوەستێ.

هەر بژی کوڕەکەم  کوڕە ئازاو چاو نەترسەکەم.. نەک جارەک هەزار جاران هەر بژی.

لەگەڵ ئەمانە فێنکاییەک دەروونی گرتەوە. بزەیەک خۆی بە لێوە مۆر هەڵگەڕاوەکەی هەڵواسی.

– ئاخ مام ساڵح... خۆزگە بە چاوی خۆت ئاوات دەبینم. ئەوسا دەتزانی چەند ناگزورو بێ ئەنواین! لایان وایە چەند ئازاری ئێمە بدەن خوا بارتەقای هەندێ چاکەیان دەداتەوە! بە ترسناکترین نەخۆشیمان تێدەگەن تێدەگەن. ئاخ سالحۆک ئاخ .. داخ.. سالحۆک داخ... چەندەی سەیری گوندەکەمان دەکەم. جگەرم پڕ زوخاو دەبێو ئاورێکم لە هەناوی دادەیسێ. مەگەر هەر ئاوری دۆژ ئاوا بێ. خۆزگە بەو لەگوینەت دیبوام ئەوجا بارو بارگەت بپێچابوایەوە. هەتاوەکونێ چاڵی ئێمەت بۆ سەرداری سەرداران، مەزنی دەشتو دەر، چیاو بێروون.. مرۆ و گیانداران شیکردبوایەوە. بە هەموو فریشتەکانت راگەیاندبوایە کە گەلە گورگێک خۆی کوتاوەتە گوندەکەمان. گەلە گورگێکی دڕندەو لە خوا نەترس، کەڵبە بەخوێن، لە هەموو دینان بێبەری. گەرەکیانە لرفمان بکەن... بۆ شارمان راپێچ بکەن! هەتاوەکونێ بە سەرهاتی ئێمەت بۆ هەموو ئەوانەی ئەوێ بگێڕابوایەوە. بە رەشو سپیەوە، بە بەندە و ئازادەوە، بە حۆریو فریشتەوە. دەنگی ئێمەیان بگەیاندبوایە هەموو کوچەو قوژبنێکی بەهەشت. چونکێ لێرە دەنگمان نیە. ئەوەی گوێی لەگریەمان بێ لە تاوا دەست بە گوێچکەیەوە دەنێ. ئاخ مام ساڵح ئاخ... ئاخ لەو دنیایە بێ ئۆفایەی!.

شەو کپو خامۆش بوو. لوورەی گورگێک لە دوورەوە هات. لە نێو دۆڵەکان دەنگیدایەوە. هەتاوەکونێ گەیشتە ئەوان و لەوانیشی رەتکرد. کوندە پەپۆیەک لەسەر دارێکی نزیک ئەوان قیڕەی هات. هەموو دڵیان لەگەڵ لەرزی، سەریان بەرز کردەوە. بەرقو سەرسامیەوە سەیریان کرد. هۆمەرۆک هەروەک خۆی لەسەر پشت راکشا بوو.

– ئاخ چەند بە فڕفینگیەوە لەنێو گوندەکەم دێنو دەچن. بە ئارەزووی خۆیان پرچی بوکی وارە خۆشەویستەکەم پەرش دەکەنو رایدەکێشن.

لە نێو ئەو هەموو ئازارە شتێک تاو تاو بەرۆکی هزری گرت. چاوێکی بە ئەوانەی دەوروبەری گێڕا، چۆنی بۆ چوو ئاوا دەرچوو. ئادگاری مەحمودی بەدی نەکرد! هەستی کرد لە دوای بەخاک سپاردنی سالّحۆک، وەک ئەوەی

ئاسمان هەڵیلووشیبێ ئیدی چاوی پێی نەکەوتەوە

–... چۆن؟! هەرگیز لەو باوەڕە دانیم. ئەو شتێکی وای نەگوت! تەنیا گوتی بیرێکی لێدەکەمەوە. ئیدی بێدەنگ بوو. بەڵانەکونێ بۆ.. ئەگەر ئەو وانەکا کێ دەیکا؟ دڵنیام رووی دەهەورازێ ناوە و دەزانێ لە کاتی ئاوادا چۆن خۆی دەرباز بکا.

برژانگەکانی بە ئاستەم لێکترازاندو سەیری ئەم لاو ئەولای کرد. لەبەر تاریکی هیچی لێک جوێ نەکردەوە! ماوەیەک ئاوا مایەوە و لەبەر ژانی لەشی نەشیا سەری کێڵ بکاتەوە.

ئەو شەوە شەوێکی مێژوویی بوو لە ژیانی گوندەکە. کەس بڕوای بە ژیانی خۆی نەبوو بۆ تاقە رۆژێکیش! نەیاندەزانی چارەنوس بۆ کوێیان راپێچ دەکا، بە نهێنی سەریان دەبردە بن گوێی یەک و دەیانچرپاند. بە رەنگ زەردی و بە ترسەوە داخاوتن.

خیزیان لەقوڕگی ووشک ببوو بە ئەستەنگ دەشیان پەیوان قەتار بکەن. باسەکەیان لەنێو قاوغی ناهەمواری رەشبینیدا بوو.

ئەوەی ئەو شەوە لە مردنەکە زێتر ئازاری دەدان بیر کردنەوە لە ئافرەتەکانیان بوو. لە دایک و خوشکو کچو خێزانەکانیان بوو! نەیاندەزانی ئەوان چییان لێکراوە! دەیەها بیری دروست و نادروستیان دەکردەوە! رەهێگیر ببوون. لەگەڵ ئەوەش هیچیان بۆ نەدەکرا. رقەکە لە دەروونیان دادەمرکایەوە و وەک سۆتەکە جگەرە دەکەوتە سەرزەوی!کە دنیا رووناک بوەوە. دوای هەوڵێکی زۆر هۆمەر سەری بەرز کردەوەو دانیشت. تەماشای مەجیدی کرد، چاوەکانی بە ئاستەم دەتروسکان:

– زۆر بە ئازار دیاری. وێدەچێ شوێنێکت شکابێ. منیش بەرایێ وا لە خۆم گەیشتم. بەڵانەکونێ هەنوکە باشترم. هەست دەکەم هەنوکە باشترم. ئەی تۆ؟

–...گشت گیانم ژان دەکا. وا بزانم دوایین جارمەو دەمرم...ئەگەر ئەمجارەیان لە مردن رزگار بم دڵنیام هەرگیز مەرگ بە چاوی خۆمەوە نابینم!

– مەترسە... هیچت لێنایە! هەرچەندە مردن خۆشترە لەم ژیانە... بەڵانەکونێ مەترسە نامری، ئەی بەڕای تۆش وانیە؟ مردن پیاوانە تر نیە لە ژیانی بن دەستیو زەلیلی. مام ساڵح بۆ خۆی مردو حەسایەوە. بە ئاسانی لە تۆڕەکە دەرباز بوو! باوەڕبکە لە ناخی دڵەوە ئێرەیی پێدەبەم. زۆر حەز دەکەم ئاوا لەگۆڕستانی گوندەکەم. لە تەک گۆڕەکەی باوکم و ساڵحۆک و خزم و خۆشەویستان بنێژرێم.

– راست یەژی هۆمەر. منیش دەڵێم مردن خۆشترە. بەڵانەکونێ تۆ بڵێی ئەوانە نەمانکوژن. من لام وایە هەمومان دەکوژن. ئەی وانیە؟!

– نازانم... وەڵی بە دووری مەزانە! ئەوانە هەمووشتێکیان لێدەوەشێتەوە. دەمانکوژن... جا بەهەر جۆرێک بێ. کوشتنێکی بە خێرایی بێ یا لەسەرخۆ؟!

مەجید بە ترسەوە رووی پرسیاری ئاڕاستە کرد:

– مەبەستت چیە، کوشتنی خێراییو لەسەرەخۆیانی چی؟!.

– گوایا نازانی! کوشتنی خێرایی یانی بە گوللە. بەچەک بمانکوژن. کوشتنی لەسەرەخۆش یانی کوشتنی بە ووشە. بە هەڵس و کەوت. بە دەردە سەری. بە هێواشی داماندۆشن. هەتاوەکونێ ووشک دەبینەوەو وەک گەڵایەکی سیسی پایز هەڵدەوەریێن!.

مەجید چیتر نەیتوانی باخێوی. بۆیە خۆی بە زەویەوە نووساند.

سەر لەنوێ هەمویان کۆکردنەوە و بەرەو گوندیان راپێچ کردنەوە! هەموو بەلادا دەهاتن. بە گوێرەی ئارەزوو ویستی ئەوان دەڕۆیشتن. هەڵدەستانەوە، دادەنیشتن هەوساری هیچ شتێکیان لە دەست نەمابوو!

بە شلۆقیو پەشۆکاویەوە گەیشتنەوە گوندی. شاگەشکە بوون. وەک ئەوەی دوای مردن زیندو بووبنەوە و زوریبنەوە دەڤ یەک، هەریەک لە راستی خۆی شتێکی گوت، پیاوەکان سەریان دەبردە بن گوێچکەی ژنەکانو بە چرپە چەند پرسیارێکیان لێدەکردن. کە هێندێکیان بەراسێو هێندێکیان بەدرۆ وەرامیان دەدانەوە!

لە پڕ بڕیەی خۆ ئامادە کردن درا. هەر چەندە هەموو خاترجەم بوون دۆزەکە گواستنەوەیەو یەکەم پێنگاوە دەست پێدەکا، لەگەڵ ئەوەش شتیان لەیەکتر دەپرسی. لە هەمان کاتیشدا دەبزووتنەوەو خۆیان بۆ ئەنجام دانی بڕیەکە ئامادە دەکرد!

هەر چەندە بەرایێ لەش گرانیەکیان نیشان دا. دیاردی ناڕەزایی و بەرپەرچدانەوەیان کرد. وەلێ لە راستەقینەدا بێ هیچ بینەو بەردەیەک، بێ هیچ سەر یەشانێکماڵەکانیان کۆ کردەوە. جیلوەیەکی وا کەوتە ناو ئاوایی ئەگەر مرۆلەسەر گردۆڵکە دوورەکەی بەرانبەر گوندی سەیری کردبوا. دەیزانی شتێک لە ئارادا هەیە. دوقەی مریشک و قوقەی کەڵەباب لەو ناوە بەرز دەبوەوە. تێکەڵ بە باعە باعی پەزو زەڕینی گوێ درێژو حیلەی ئەسپو گریەی ئافرەتان و زریکەی زارۆیان دەبوو. پەشێویەکی وایان کەوتبوە ناو دەتگوت تازە لە گەورەترین خۆنیشان دان زوریونەوە. کتک و توتکو گیانلەبەرەکانی تر وەک خاوەنەکانیان بە

سەر سامیەوە دەهاتن و دەچوون و لەو ناوە دەسوڕانەوە. ئەوانیش ئادگاری چەکدارەکانیان لا ئاسایی نەبوو بۆنی نامۆییان لێدەکردن!

بە ماوەیەکی کەم یەکجار کەم هەموو شتێک تەیار بوو. وورده وورده هەنگاویان ناو کاروان بە ڕێکەوت.

هۆمەر کە زۆر بە ئازارەوە بوو لە پێشەوەی خێزانەکەی دەڕۆیشت. هەموو گرانایییەکی خستبوە سەر دارەکەی دەستی کە لە بری چۆماغ وەکاری دەهێنا. هەموو بە ڕێزەو یەک لە دوای یەک دەڕۆیشتن. هەر یەکەو لە لایەک ئاوڕی لە گوندەکە دەدایەوە. کە چەندەی هەنگاویان دەنا زێتر لێی دوور دەکەوتنەوە.

دوای ئەوەی گەیشتنە گردۆڵکەکەی پشت ئاوایی لەگەڵ دەنگی گرمەیەک راچەنین ئەو کاروانە گەورەو گرانە لە جێگەی خۆی راوەستا، دڵی هەمویان تاساو کەوتە خورپە. ئەسپ حیلاندی... گوێدرێژ میزی بە خۆیدا کرد! لرمەکە چەند جارێک دووبارە بوەوە. لەو لرمەیەی دەکرد کە چەند رۆژ بوو لە دوورەوە دەنگیان دەبیست! لێپرسراوەکە فەرمانی رۆیشتنیدا. کەس بە دەنگیەوە نەهاتو لە شوێنی خۆیان نەبزووتن. کە سەیری گوندەکەیان کرد تۆزو کادوێکی رەشی لە چەند شوێنی جیاجیا لێبەرز دەبوەوە. ناوە ناوەش ئاورێک هەڵدەستا! لەگەڵ زێدەبوونی هەر لرمەیەک دوکەڵ لە شوێنێکی دیکە بەرز دەبوەوە.

زانیان گوندەکەیان لە زەوی سڕایەوەو تەخت کرا! گریانێکی بەسۆز و توورە دڵی هەموانی داگیر کرد. دەنگی باوکە رۆ و برارۆ لەسەر تاپای کاروانەکە بەرز بوەوە. دەنگەکان تێکەڵ یەکتر دەبوون و لە نێو دۆڵەکە

دەنگیان دەدایەوە. کۆمەڵێ باڵدار لە دوورەوە. لەوبەری دۆڵەکە لە شەقەی باڵیان داو بۆ قووڵایی ئاسمان بەرز بوونەوە. لەو کاتەدا ئاسمانیش هاتبوە هەژان. چەکدارێک بە رقەوە سەیری کرد. وەڵی ئەوان لە قووڵایی ئاسمان بوون و هیچی لەگەڵ پێنەدەکران...

تا ماوەیەکی زۆر ئاوا مانەوە. ئەژنۆیان شکابوو نەدەشیان هەنگاو هەڵێنن. کەچی هەمدیس، وەک جاری پێشوو بە ناچاریو بێ ئارەزووی خۆیان دەستیان بە رۆیشتن کردەوە!

هۆمەر کە خۆی لەبەر ژانی لەشی نەیدەتوانی رێ بکا. ئەو دیمەنە هێندەی دیکە زگاری کرد. لەو دەمەدا حەزێکی حایجانە لە هەمێزی گرت. دەیویست بۆ دواجاڵ گوندەکەی ببینێ.لە دڵی بوە مەراقێکی گەڵێ گەورە. بۆیە بەدەم رۆیشتنەوە ئاوڕی دەدایەوە هەر چەندەی چاوی هەڵدەگلۆفتو بە هوردی دیقەتی دەدایە لەبەر دوکەڵ هیچی نەدەبینی. بۆیە لە قوڵپەی گریانێیدا دەنگی لرمەیەکی ترسناکتر بەرز بوەوە. سەگێگ لەسەرەخۆ رووی وەرچەرخاندو ئاوڕی دایەوە. نوسکەیەکی لێوەهات. تاوێ وەستاو لە گوندەکە راما! پاشان بە راکردن وەدوو کاروانەکە کەوتەوە، کە تەواوێک لێی دوور کەوتبوەوە. هۆمەر کە لەو دەمە سەیری سەگەکەی دەکرد فنەیەکی لێوە هاتو لە دڵی خۆی گوتی:

– تۆش دەگریێ. تۆش هەست بەم کۆست کەوتنو ماڵ وێرانیە دەکەی؟! سەیر کە بزانە چیمان بەسەر هات. تۆش هەستی پێدەکەی؟! بگریە باشترە. هەتاو ئاو لە چاوت چک دەکا بگریەو کڕ مەبەوە، بزانە چیمان بەسەرهات، بزانە...!.

کاروانەکە وەک پیرەمێردێکی زوڕهانو پەککەوتە بە هێواشی دەڕۆیشتو بەلادا دەهات. بە بێزایەوە پارڤە ببوون و بە ناڕێکی دەڕۆیشتن. تەحۆ لە کن رابۆی دایکی دەڕۆیشت. تاوێ غاری دەداو تاوێ بە نەرمی ملی لە هەورازەکە دەنا. لە پڕ دەوەستاو سەیری گوندەکەیانی دەکرد. پاشان بەسەر سامیو روێکی پڕ پرسیارەوە لە دایکی رادەما.

لەو دەمەدا دوو کەس لە نێو خۆیان بوە گفتوگۆیان، پیرەژنێک گوتی!

– چیمان لێدەکەن. بۆ کوێمان دەبەن. ئەگەر گەرەکیانە بە کۆمەڵ بمانکوژن وەک چەند جاری تر کردوویانە! ئەوا لێرە لەبار تر نادۆزنەوە بۆ ئەو مەبەستەیان. ئەگەنا دەبێ نیازیان چی بێ... بۆ کوێمان دەبەن؟!.

پیرەمێرێک وەرامی دایەوە:

– نا... نا.. نامانکوژن. ئەگەر گەرەکیان کوشتن بوایە ئەوا لەنێو ئاوایی دەیانکوشتین!

– ئەی چیمان لێدەکەن، بۆ کوێمان دەبەن؟!.

– شار...!

– شارچییە؟! نێوی چ چیایەکە، یا دەترسم دۆڵ بێ!!!.

– جا منیش وەک تۆ. لە کوێ دەزانم شار چییەو لە کوێیە. هەموو دەڵێن دەمانگوازنەوە بۆ شار. وەلێ شار چیە؟ ئەمەیان نازانم!.

له باڵێکیتر کوڕی گەنجو تولاز داخاوتن. یەکێکیان دیاردی بۆ چەکدارێک کردو گوتی:

– ئەو سەگباب خێوە زێرەوانیەکی چاکمان دەکا. وەکو سێبەر بە دوامانەوەیەو لە دورٍ زارمان رادەمێنێ. خەریکە دڵم شەق بەرێو نەشێم پەیوێک دەربڕم.

ئەوەیتر گوتی:

– ئەوەی گەرەکتە بیڵێ. شەرمیان لێمەکە! تازە ئەگەر نەمانکوژن ژینی ئێمە ئاوا دەبێ. دەبێ بە ویستی ئەوان بخۆین و بژینو کەی داوای مردنیشیان لێکردین ئەوا بێ سێو دوو پێویستە داخوازیەکەیان بەجێ بگەیەنین. ئەی دیلێتی مانای چییە؟! دڵ لە دڵ مەدەو ئەوەی گەرەکتە بیڵێ. ئەگەر هیچیش نەڵێی خاترجەم بە ئەو خۆی شتێکت بۆ هەڵدەبەستێ!.

– مەبەستت وایە لە شاریش ئاوا دەبین؟

– ئەی چۆن.. دڵنیابە لەنێو گۆڕیش ئاوا دەبین!.

– ئەگەر وابێ چۆن دەژین. تەمەن ئەگەر وابەسەر بچێ لە کورتی بپچڕێ باشترە.. ئەی وانیە؟!.

– خۆزگە وەک مەحمودمان کردبوا، مێرانە خۆی دەرباز کردو لەگەڵ یاخییان کەت. بینیت هەڵوێستی چەند مێرخاسانە بوو. ئاخ بۆ چەرخی چەپگەرد تووشی چ رۆژێکی رەشی کردین!.

کاروانەکە بە نامۆییەوە ڕێگەی دەبڕی. هەورازو نشێوەکانیش زۆر بێبەزییانە لەگەڵ قاچی پەڕاگەندەکان دەجولانەوە. ئارەقە سەرتاپای لەشی بەشێکی زۆریانی داگیر کردبوو. هەر هێندە بوو هەناسەیان دەهاتو دەچوو.

هۆمەر سەری شۆڕ کردبوەوە و دەڕۆیشت. بایەخی بە هیچ شتێک نەدەدا بە گوێرەی ڕێیەکە هەنگاوی دەنا. لەبەر بیر کردنەوە ئاگای لە ماندوو بوون نەبوو. کەسەیری ئاسمانی کرد بەیانیەکی درەنگ بوو. خۆر تا دەهات گوڕوتینی زێتر دەبوو. هەوایەکەی ڕاگرتبوو بای نەدەهات. بۆیە گەرمایەکە لە رادە بەدەر بوو.

گریان خۆی لە قوڕگی مەڵاس دابوو. هێدی هێدی دەنگێک بە کزی و بە نەرمی لە گەروی هاتە دەرەوە. ویستی بەسترانێک دەروونی چۆڵ بکا. بەرایێ دەنگەکە هەر بەنزمی مایەوە، پاشان پاڵی بە هەواشێدارەکەی قوڕگی وەناو ئاوازی گۆرانیەکی بەرز کردەوە. کەژێ کە چەند پێنگاوێک لە پێش ئەو دەڕۆیشت ئاوڕی لێدایەوەو شەرمە نیگایەکی تێگرت. تەحۆ کە لە نێوەڕاستی کاروانە لەکن دایکی دەڕۆیشت، دیقەتی دابوە زاری برایە گەورەکەیو بەر قاچی خۆی نەدەبینی. هۆمەر تا دەهات گەرمتر دەبوو دەنگی زێتر بەرز دەکردەوە. رەهێیەکانی ملی گرژ ببوونەوەو سوور هەڵگەڕابوون. پەیوەکانی تووڕەو تژی مانا بوون. پەیوی وای تیا بوو بۆنی خوێنی لێدەهات. کارێکی زۆری لە خەڵکەکە دەکرد! چەکدارێک چووە پێشەوە و بە دەنگێکی بنێس پێی گوت:

– بێدەنگ بە. ئەگەنا دارکاریت دەکەن! لەوانەشە بتکوژن! ئاگادار بە ئەوانە دڕندەنەو لە خودێ ناترسێن!!!... تکا دەکەم بێدەنگ بە. کوشتنیان لەکن ئاو خواردنەوەیە. دڵنیا بە یەکێکی تر بێت ئازارت دەدا. ئەوەش بزانە ئەگەر داوام لێبکەن منیش ئەو کارە دەکەم. چونکێ ئەگەر وانەکەم نەگبەتیەکە بۆ من دەبێ!.

هۆمەر بە سەرسامیەوە سەیری چەکدارەکەی کرد. پاشان وەک ئەوەی لە خەونێکی ناخۆش واگاهاتبێ. بەلەشێکی کوتراوو بە ئازارەوە دیسان دەنگی بەرز کردەوە. لە جاران بەسۆزتر گۆرانیەکەی گوتەوە. چاوەکانی وا سوور هەڵگەڕابوون دەتگوت هەنوکە فوارەی خوێن تیایدا فیچقەی دەکرد.

– با بمکـوژن.. ئا.. بابمکوژن باشترە. ئاگات لێیە ساڵحۆک!!! با بمکوژن. دڵنیام ئاگات لێیە. چونکێ هێشتا بۆنی ئێمەت دەگاتێ. ئاگات لێیە پڕ بە دڵ حەز دەکەم بمکوژن! هەرچیەک دەکەن با بیکەن. تازە هەرگیز بێدەنگ نابم.. باشە؟ تازە هەرگیز بێدەنگ نابم!.

هێندەی دیکە دەنگی بەرز کردەوە! هەمدیس سەر لەبەری کاروانەکە ئاوڕیان لێدایەوەو سەیریان کرد.

رابۆ بە خەمباریەوە گوێی رادێرابوو، لچکی کەلە ئەنگوچکەکەی بە چاویەوە نابوو. لەو پێدا گرتنەی کوڕەکەی نەدەگەیشت! کە لەگەڵ هەر ووشەیەکا رۆندک وەک ئاونگ لە چاوی گلۆر دەبوەوە نێو دەمی. چەکدارەکە دیسان لێی نزیک کەوتەوە:

– وێدەچێ بێدەنگ نابی. ئارەزووی خۆتە. من حەز ناکەم ئازارت پێبگا. دەنا خاترجەم بە هەنوکە دارکاریەکی چاکت دەکەن. بە گوێرەی من چیە؟.

بە بنی چاوی روانیە کابرا. یەکی دەمو چاو قوپاوەی لووت قوولابی بوو. سمێڵێکی قەیتانی تەنکی هەبوو. لە رۆیشتنی دیار بوو پۆستاڵەکەی لە قاچی گەورەتر بوو!

– گوایا گۆرانیشمان لێ قەدەغە دەکەن! چیم کردوە، تاوانە ئەگەر بە نامۆییو ئێخسیری وارەکەم هەڵبلێم. ئەو گوندە بلاوێنمەوە کە تیایدا فراژی بووم. ئەگەر تاوانە بڵێ؟!.

– باش گوێ بگرە ئەوە گۆرانی نیە دەیڵێی. ئاورە هەڵیدەیسێنێ. تێدەگەی... ئاورێکی گەورەیە. بۆیە ئاگاداری خۆت بە. من بەو لەگوینە رەفتارت لەگەڵ دەکەم یەکی دیکە بێ واناکات. ئا... خۆشت دەزانی یەکی دیکە بێت وا ناکا. بێ سێو دوو دارکاریت دەکا. ئەگەر ئارەزووش بکا لەو گەلیەت هەڵداوێ. یا خود گوللەیەکت دەکاتە دیاری، تێدەگەی... بۆیە دەڵێم بێدەنگ بە. دەنا بە گوێرەی من هیچ نیە. دەسەیری بکە.. ئەوا فەرماندەش هات دەوجا بزانم چیدەکەی!.

هۆمەرۆک هێندەی دیکە ئەنری:

– لەمە زێتر چیدەکا. ئەگەر گەرەکی بێ بمکوژێ. دەمێکە منتان کوشتوە. لەو دەمەی ئاورتان بەردایە گوندەکەم. منیشتان لەگەڵ سووتاند. هات بزانم چیدەکا!.

فەرماندەکە گەیشتە لای. بە موڕی سەیری کرد. بزەیەکی تژی تەوسو توانجی خستە سەر ئادگاری.

– بێدەنگ بە... کەی گەیشتنە شار دەتوانی لەوێ ستران بیەژی کەی گەیشتنە شار... ئا... شار. لەوێ تا دەتوانی تا دەمری گۆرانی بڵێی.

هۆمەر هەستی کرد کابرا سووکایەتیو گاڵتەی پێدەکا. زۆر دڵگیر بوو. گەر لە دەستی بهاتبوایە هەنجن هەنجنی دەکرد، ئەو گلیەی لەکن گەلێ زەلام بوو. لە حەژمەتان توند دەمی داخست!

– ئەگەر ئارەزووی سترانبێژی دەکەی.. لەوێ هەموو شت هەیە، بە ئاسانی... زۆر بە ئاسانی دەشێی ببیە سترانبێژ! لە شار هەموو پێداویستیەک هەیەو ڕێت بۆ تەخت دەکرێ. جا خوای دەکرد دەچووی لە پایتەختەوە... لە شوێنە گرنگەکان شەو هەتا بەیانی سترانت دەچڕی!.

فەرماندەکە ئەمەی گوتو هێدی هێدی لێی دوور کەوتەوە. ئەوانەی دیکەش کە لە کاتی ئاخاوتن دا سەیریان دەکرد رووی خۆیان وەرگێڕا. بە لەگوینێ زگار بوو بیری لە خۆ کوشتن کردەوە، بە مەژی داهات لە گەلیەکە خۆی هەلدێرێنێ و گیانی لە دەست ئەو دڕندانە دەرباز بکات! سەیری پێهات. گۆرانی لەکن ئەو واتایەکی هەبوو. لەکن ئەوانیش واتایەکی دیکە. ئەو بە لەگوینێ تێی دەگەیشت ئەوان بە لەگوینێ تر!

– هەرگیز ناتوانم بژیم. مرۆ چۆن دەتوانی لەگەڵ ئەوانە هەڵبکا. بە کام شێواز ناحەزو دزێوە لەگەڵمان داخێون! ئای خوای گەورە. خوای

پەڕاگەندەو هەژاران. خوای لێقەوماو و بێ دەرەتان. بڵێ چۆن دەتوانم بژیم. چارەیەک!.

دەنگێکی تر لە ناخیا هاتە ئاخاوتن:

– هۆمەر... هۆمەرۆک. خۆشت نازانی چیدەلێی. شتێک دەدرکێنی کە خۆشت باوەڕت پێی نیە. لەبەر خوا دەناورێیەوە هەتاوەکونی بگاتە فریاتو چارەیەکت بۆ بکا. لە کاتیکدا خۆت فەرمایشتەکانت بە جێنەهێناوە! خاترجەم بە ئەو بە هیچ جۆرێک بەزەیی بە تۆ نایەتەوە. پێویستە خۆت بەزەییت بە خۆت بێتەوە. ئەو فەرمایشی ئەوەیە خۆت لەسەر ئاخو واریێ خۆ بدەی بە کوشت. کفرە... تاوانە مرۆ لە کاتی تەنگانەدا پشت لەو پارچە زەویە بکا کە تیایدا پەروەردە بوە. پێویست بوو بەرگریت لێکردبوا. خوێنت بۆ بڕشتبوا ئەدی هۆمەر... نەبناورێوەو نەهیچ. ئەگەر بەو شێوەیەی ئێستا بمری ئەوا بێگومان بە رەوانەی کورەی دۆژێت دەکا!.

هەر دوو دەنگ لە ناخیدا روو بەرووی یەکتر بوونەوە:

– هەر شتێک بکەی دەتکوژن. پارە پارەت دەکەنو دەرخواردی سەگانت دەدەن. چاوت هەڵدەکۆڵن، ئەگەر هەر بیرێکی نابەجێ بە گوێرەی ئەوان لە مەژیت ببزوێ کەللەی سەرت دەپلیقێننەوە. بێدەنگ بە باشترە. تۆش سای ئەو خەڵکە! ئەگەنا دەتکوژنو دەرخواردی سەگانت دەدەن!.

– نەخێر... بتکوژن باشترە! مردن لەو ژیانە سەرفرازی ترە. بێدەنگ مەبە. بەردەوام سترانێ خۆ بچڕە. ئەوشتەی تۆ دەیڵێی لەگەڵ بیری ئەوان دژە. ئەوەش سۆنگەی ئەوەیە تۆ مرۆیەکی پاکی!

– تۆش سای ئەو خەڵکە.. توند زارێ خۆت بگرەو تاقە پەیوێ چیە مەیدرکێنە. تۆش سای ئەو خەڵکە!.

– چۆن دەکرێ بێدەنگ بی.. ها.. توو ئەو خوایە چۆن دەکرێ

بێدەنگ بی. با بتکوژن تۆ چیت بەسەر ئەو خەڵکەوەیە. هەر کەس دەچێتە گۆڕی خۆی! ئەوان نەزان و کۆڵەوارن خۆ تۆ وانیت؟! نەخێر... قەتاو قەت بێدەنگ مەبە. هەرگیزاو هەرگیز بێدەنگ مەبە. مردن سەد کەڕەت لەو ژیانە پیاوانەترە.

گەرم داهاتبوو ئارەقە هەموو لەشی تەڕ کردبوو. سەری بەرز کردەوە. عەلی ریش سپی گوند. بەلاکەلاک لە پێشەوەی کاروانە دەڕۆیشت. زۆر ماندووی هاتە بەرچاو. رقێکی بەرانبەر لە دەروون گورا. وەلێ هەر زوو پەژیوان بوەوە و بەزەیی پیا هاتەوە!

– ئێمە هەموومان لێقەوماوین. هەموو بن دەستەو ئێخسیرین. سەیرکە بەو پیرییە چەند ئازار دەچێژێ! قاچەکانی چەند بنێسن و لاشەکەیان بۆ هەڵناگیرێ. ئای کە گەلێکی دڵپاک و ساویکەین. خۆش باوەڕین و بە هەموو چەپڵەیەک دەکەوینە سەما. ئەگەنا ئەو پیرە چی لە شارو گواستنەوە دەزانێ. لەو رۆژگارە سۆنگەی هەموو نسکۆیەکمان یەک شتە.. یەک تاقە شت. ئەویش ئەوەیە لە ناخەوە پاکین... رەگمان خاوێنە.

ئەمە بۆتە دەردەسەریەکی زەلام، لەهەر لایەکەوە هاتبن رەچاوی ئەو خاڵەیان کردوە!.

بەردەوام نیگای لەسەر عەلی راگرتبوو. بیری لە پیری کردەوە. دەمو دەست وێنەیساڵحۆکی لەبەر چاو زیت بوەوە!

– پیر بوویمە... شیرڕ.. کەی پیر بوویمە هەنوکەش دەهێندەی تۆ بەتینم.. شیرڕ.. پیر بوویمە!.

موچڕکێک لەشی گێرە کرد:

–مرۆ گیانلەبەرێکی سەیرە. گەر بیەوێ بێباکانە بەرانبەر ئەو سروشتە زەلامە دەوەستێ. بەسەرو ریشی سپیەوە لەگەڵ پیری دەکەوێتە شەڕو دانی پیانانێ. ئەگەر بکەوێش ترسنۆکترینو بێ هێزترین گیانلەبەرە!.

ئەو لەم بیرانەدا بوو کە چرپەیەک کەوتە نێو کاروانەکە. دەستی وەبەر چاویەوە ناو سەیری بەرانبەری کردکاروانەکە وەک مار لەگەڵ توولە رێیەکە دەخشیو لە هەورازەکە واژی دەبوەوە. لەوبەرەوەش بەرانبەر هەورازەکە. رێگایەکی رەشی قەترانی بۆ لای ژێری دەڤەرەکە شۆڕ دەبوەوە لە پەنای گردۆڵکەکان بزر دەبوو.

لە دوورەوە ئاپۆڕەیەک بەدی دەکرا. ماڵێکی زۆر لەو ناوەیان خستبوو. زیلی رەنگ خاکیش بە درێژایی شەقامەکە دەرۆیشتن و هێندیکیش لە قەراغ رێگاکە وەستابوون!

هۆمەر کە ئەمەی بینی وەک رەهێیەکی لە ناخەوە پسابێ هەستی کرد ناوەوەی دادەهێزرێ! ئەژنۆی لەرزی و میزی هات! بە پێنگاو شلی لە نشێوەکە واژی بوەوە. لەوە دەترسا قاچەکانی بڕواو خۆی بۆ نەگیرێتەوە. سەیری هەر چوار لای خۆی کرد. هەموو ترۆپکەکان گیرا بوو! زانی هیچی بۆ ناکرێ. ئەگەر هەرشتێکیش بکا کەراتیە!

گەیشتنە سەر شەقامەکەو تێکەڵ بە خەڵکەکە بوون، بە چاوەڕوانی بارکردنی ماڵەکەیان دانیشتن. خەڵکەکەی بەو شێوەیە بینی. چوونە زۆزانێی وەبیر هاتەوە. هەستی بە نامۆیییەک کرد. بە هیلاکیەوە قینگی گەیاندە زەوی و لە دیار ماڵەکەی دانیشت. هەر چەندە رۆژەکە گەرم بوو. وەلێ ئەو ئاگای لێنەبوو. بیری لە کزە باتەزیوەکانی کوێستانی دەڤەرەکەیان دەکردەوە!

تەحۆ لەسەر کەلو پەلەکەیان هەڵکورمابوو. بە سەرسامییەوە لە خەڵکەکە ورد دەبوەوە. رۆژگارە کەمەکانی تەمەنی هێشتا فێری ئەوەیان نەکردبوو لەم بارە تێبگا! نەیدەزانی بۆچی رایاندەگوێزنەوە. هەندێ جار بزەیـەکی ساویلکەو پاک خۆی بە لێوە بچکۆلەکەی هەڵدەواسی. هەندێ جاری تریش وەک رابۆی دایکی ئەژنۆی دەخستە هەمێزیو کزومات دادەنیشت.

کەژێ لە دووری ئەوان بە تەنیا دانیشتبوو. بە پێچەوانەی پێشان

پرچی پەرش و پەشۆکاو بوو. لە خەڵکەکە رادەماو تاو ناتاو ئاوڕی لەلای گوندەکەیان دەدایەوە. گە جگە لەچیایەکی بەرز هیچی دیکەی نەدەبینی. ئاسمانی شین ترۆپکی شیرینێی وەک بێچوەکی ئازیزی خۆی

له باوەش گرتبوو. سەگەکەیان له نزیکی ئەوان وەرکەوتبوو لەگەرما زمانی بستێک دەرهێنابوو. رابۆ له ترسا چەقەی ددانی دەهات و حەجمانی لێبڕابوو. تاوێ دادەنیشت و تاوێ هەڵدەستایەوە.

– ...خوایه بگەره فریامان. ببه پشت و پەنا بۆمان. دەمانگوازنەوە.. دەمانکوژن.. خوایه هاوار بگەره فریامان. بگەره فریای بەنده لێقەوماوەکانت..

لەگەڵ هاوارو نەڕەی پیرەژنێک هەموو تەماشایان کرد. پیرەژنەکه هی گوندەکەی ئەوان نەبوو. وەلێ زۆربەیان دەیانناسی. گلۆڵەی تەمەنیباش گلۆر ببوەو لەدەوری هەشتای رەت دەکرد. تروسکەی ژیان له چاوەکانی یەکجار کز ببوو، به دەنگێکی زبر دەیگوت:

– "دەیهێنم... چۆن به تەنیا لێرەی جێدەهێڵم... ئەویش لەگەڵ خۆم دێنم. سەگه خۆشەویستەکەم... سەگە. به ئەمەکەکەم، چۆن دەبێ لێره به تەنیا بمێنێتەوە... هەر دەیهێنم!!!.

چەکدارێک لەسەر زیلەکه وەستابوو. به گاڵته پێکردنیکەوە وەرامی دەدایەوە.

–ناشێ... چۆن دەبێ سەگ سواری زیل بێ... هێ هێی واز بێنه... خۆت سوار به بەسە! سەگەکەت نابێ.. نا... هەرگیز رێی تێناچێ سەگ سواری زیل بکەین!.

– "بۆ رێی تێناچێ! ئەویش خوا گوراندویە. ئەویش گیانی هەیە.

سەگە بە ئەمەکەکەم... سەگە خۆشەویستەکەم. ئەویش گیانی هەیە. ئەی وانییە. گوایا تۆ لەو سەگە چاتری؟! نا.. نەخێر.... هەرگیزسـەگە خۆشەویستەکەم ناهێنمە ریزی تۆ... نەخێر.. هەرگیز کاری واناکەم!.

ئەمەی دەگوت و لە دەوری سەگەکەی دەخولایەوە. بەنیازی ئەوەی رێگەی بۆ بدۆزێتەوەو سواری زیلەکەی بکا. سەگەکەش وەک ئەوەی ئۆقرەی لەبەر براببێ. لە شوێنەکەی دەبزووت و نەدەوەستا. چاوەڕوانی دەرفەتێکی دەکرد داخوازی خاوەنەکەی بهێنێتە دیو خۆی هەڵداتە نێو زیلەکە.

وێدەچوو کابرا گوێی لە وەرامی پیرەژنەکە نەبوو بۆیە تا ماوەیەک بێدەنگ بوو پاشان بە دەنگێکی بێزارو پڕ  لە ماندوو بوون گوتی:

– "بەسیەتی واز بێنە. توانای بگرەو بەردەم نییە!.

– "دەیهێنم... سەگە خۆشەویستەکەم هەر دەتهێنم ئەگەرنا لەو چیایەی بە تەنیا دەمێنیتەوە. سەگە بە ئەمەکەکەم بە تەنیا دەمێنێتەوە.

کوڕێک کە لەگەڵ پیرەژنەکە دابوو. بەنەوەی دەچوو. تاو نا تاوێ دەیگوت:

– دایە بەسیەتی.. شوورەییە.. بەسیەتی

–بەسی چیە.. تۆ کارت بە سەرەوە نەبێ... سەگە خۆشەویستەکەم هەردێنم!!

چەند چەکدارێک بە توندی پیلیان گرت و خستیانە نێو زیلەکە. هەر چەندەی خۆی راپچڕی هیچی بۆ نەکرا. بۆیە دەستی بە تیتک رنینەوەو جنێو دان کرد. لەو کاتەدا زیلەکە کەوتە جوڵەو تایەکانی وەرچەرخا.

سەگەکە تا ماوەیەکی زۆر وەدوای کەوت و کۆڵی نەدا. هەتاوەکونێ هیلاک و هێوی بڕ بوو. ئەوسا بە کزیەوە وەستا. هەر لە زیلەکە راما تا لەبەر چاوان بزر بوو. نووزەیەکی لێوە هات و بەنادڵی زوریەوە نێو خەڵکەکە. لە شوێنێک هەڵکورماو سەری بەزەویەوە نووساند. بۆ تاوی ئاوامایەوە. پاشان لەنکاوڕا بەگورجی دەستی بە راکردن کرد. ملی رێی ناو بەرەو چیاو چۆلەکە هەڵکشا. چەند چەکدارێک هەر ئاوا بۆ هەوەس تەقەیان بۆ کرد. وەلێ بەختی یار بوو هیچی بەرنەکەوت. لەکەلێنی دارەکان بزر بوو شوێنەواری نەما.

هۆمەر بەمە یەکجار دڵگیر بوو. بەزەیی بەخۆیان هاتەوە. کە نۆرە گەیشتە ئەوان بەماوەیەکی کەم ماڵەکەیان بار کرد. خۆشیان لە دواوە لە نێو کەل و پەلەکان سوار بوون. حەزی دەکرد بۆ دواجار گوندەکەی ببینێ و سەرێک لە گۆڕەکەیساڵحۆک بدا! تێر تێر سەیری هەموو شتەکان بکا. لەداروديوار... خانوو ماڵەکان.. ئەسپیندارو گوێزو بەڕوەکان رامێنێ. تێر ماچیان بکا. وەلێ تا دەهات هاتنەدی ئەو ئاواتەی ئەستەنگتر دەبوو. تەماشای رێگاکەی دەکرد وەک دڵ و دەروونی چەکدارەکان قەترانی بوو. نەیدەزانی چ چارەنوسێک دەیانگرێتە خۆ. تا دەهات ئازاری راستەقینەکە کاریگەرتر دەبوو. سەیری تەحۆو دایکی کرد. لە دواوەی زیلەکە بە کڕی وەستابوون. چاویشیان هەر لای دەڤەرەکەیان بوو. بایەکە بەتوندی پرچی کەژاڵی دەلەراندەوە.

روخساری وەک روخساری کارمامزێکی دەستی راوکەر بێ تاوان دەهاتە بەرچاو. کە فرمێسک لە سەری وشک ببوەوە! زیلێکی دیکەی وەک ئەوەی وان پڕ چەکدار لە دواوەیان وەستا. هەناسەیەکی ئاگرینی هەڵکێشا. خۆیانی بێوارو بێ ئەنوا هاتە بەرچاو. کە لەم جیهانە گەورەو گرانە بستێ زەویان پێ رەوا نابینن کە موڵکی باب و باپیریانە. بە ئاسوودەیی تیایدا بژین.

زیلەکە دەستی بە رۆیشتن کردو ئەوانەی تریش بەدوایەوە. هێدی هێدی لە چیاکان دوور کەوتنەوە. رێگا رەشەکەش لەگەڵەوان دەڕۆیشت و لە دواوە بەجێدەما.

# بەشی دووەم

(1)

زیلەکان بۆ شار دەڕۆیشتن، بیری خەڵکەکەش بۆ گوندەکە. ئەوان گەرم داهاتبوون. ئەوانەی دیکەش هەناسە ساردو تاساو...

هەموو دوودڵ بوون. کەس باوەڕی نەدەکردو بە فێڵێکی تریان دادەنا. چونکێ بەراییش هەر وایان گوت. بە بەڵێنی بردنە شار فڕێیان دانە بێروونێ. ئەوان چیانشین و زۆزانی بوون رەوانەی ئارانێیان کردن. بۆیە هەرگیز باوەڕیان نەدەکرد!

ئەو ماوەیەی لە ژێرییان بە سەر برد کارێکی دەروونی زۆری لێکردن. تووشی ئازارو چەرمەسەریەکی وایکردن کە تا دنیا دنیایە لە یادیان نەچێتەوە! هەموو شتێکیان بە چاوانی خۆیان بینی، ئەوەی نەکراوو نەگونجاو بوو لەگەڵیان کرا. لەگەڵ ئەوەش گوندەکەیان لەیاد نەکرد.

ماوەیەک بوو هەوای ژوورییان هەڵنەمژیبوو. بۆیە سییەکانیان قرچە قرچی وێکەوتبوو. وا تامەزرۆی زورینەوە بوون زۆربەی شەوەکان خەونیان پێوە دەبینی!..

هۆمەر خۆزگەی دەخواست  ئەو زورینەوەیان بۆ گوندەکەیان بوایە نەوەک بۆ ئاکنجیەکان! لەو ماوەیەدا رەنگی بە تەواوی گۆڕابوو. قەدو باڵاو شێوەشی گۆڕانی بەسەر داهاتبوو.

زیلەکان بەرەو شار دەڕۆیشتن. بیری خەڵکەکەش بۆ گوندەکە. ڕێگایەکە وەریسێکی درێژبوو نەدەپساو نەدیماهی دەهات!.

حەزیان دەکرد باڵیان گرتبوایەو بە زووترین کات بگەیشتبوانە شوێنی

تازەیان. لەو دۆژە دوور کەونەوە کەتیایدابوون! زیلەکان بەردەوام دەڕۆیشتن. شەقامەکەش بەردەوام لەدواوە بەجێدەما. لەنکاوڕا هەستیان بە گۆڕانی هەوایەکە کرد. بۆنی زەویەکە گۆڕا. ڕەنگی زەویەکە گۆڕا. هێندێکیان بێدەستی خۆیان لە قوڵپەی گریانیاندا!

هەر یەکە زۆر خۆزگەو خەون و خەیاڵی لەدڵدابوو. وایاندەزانی هەر کە گەیشتنە ئاکنجیەکە تامەزرۆییان دەشکێ. وەلێ وانەبوو. بۆچوونەکەیان لەخەیاڵ زیاتر دەرنەچوو. هەموو لەجێی خۆیان سارد بوون. بەنادڵی.. یاغر یاغر دەستیان بە بردنە ژورەوەی شمەکەکان کرد. بۆ ئەو خانوانەی بۆیان ئامادە کرابوو.

بەرایێ تاوێ وەستان و سەیری دارو دیوارو کۆڵانەکەیان کرد. هۆمەرۆک هەتاوەکونێ ئەو کاتە تووڕەییەکەی لە ئاورینگ دابوو. هەرچەندەی دەکرد بیری گوندەکەیان وازی لێنەدەهێنا.. تا دەهات زێتر هەستی بە پەڕاگەندەیی دەکرد. ڕاستەقینەو ڕاستەقینەی ژانەکەی پتر بۆ بە دیار دەکەوت.!ڕۆژانی پڕ چەرمەسەری ژێری ناخیان داخ و هەستیان زامدار کردبوو. بۆیە هەر لەو ڕۆژەی گەیشتبوونە ئەوێ جگەرەیەکی بەدەستی وەنابوو. هەر کاتێ سەیری ئەو سووتانەی بکردبوایە. هەموو شتێکی لەکن نوێ دەبوەوە، وەک ئەوەی ئەو دەمە روویدابێ، پەیوەکانی ساڵحۆک هێشتا لە دڵی هەرمابوو. هەتاوەکو ئەو

کاته پەنگری خەمەکەی نەکوژابوەوە. خۆی بەتاوانباری ئەو مردنە کت و پڕەی دەزانی. قەت وای بۆ نەدەچوو سالّحۆک لە ئەنجامی ئەو شتە ئاوای بەسەر بێت. لە داخی وارەکەی پتێ گڵ بخاتە سەر چاوی هەتاوەکونێ چیتر دنیای روونی پێنەبینێ. وای لێهاتبوو رقی لەخۆی دەبوەوە. رقی لە هەموو خەڵکەکە دەبوەوە. حەزی دەکرد سەری هەموان وەک مەلێک هەڵکێشێ. پاشان پەژیوان دەبوەوە. سۆزێک دڵی دادەگرت. بەزەیی بە خۆیو بە خەڵکەکە دەهاتەوە! خۆی لە خۆی سەرسام دەبوو، نەیدەزانی ئەمە نیشانەی چییە! دڵنیابوو ئەگەر وا بمێنێتەوە ئەوا شێت دەبێ و روو لەدەشت و بێروونێ دەکا.

ماوەیەک خۆی بەشتێک مژوول دەکرد. وەلێ بێ سوود بوو. ئەمە زامی سارێژ نەدەکردو خێرا هەوساری بیری لە دەست بەرهەڵدا دەبوەوە. وەک ئەسپێکی خۆش بەز رێگەی گوندەکەیانی دەگرتەوە بەر. سەرکانی.. جێژوانەکانی لەگەڵ کەژێ... هەمووی بەسەر دەکردەوە. سەرێکی لە گۆڕەکەی سالّحۆک دەدا. کە بێکەس و تەنیا مابوەوە. ئەو تەنیاییە گەلێ ئازاری دەدا. پاشان هەرزو فێنکاییەک دەروونی دەگرتەوە. ئێرەیی پێدەبردو لە دڵی خۆی دەیگوت:

– چۆن تەنیایە... سالّحۆک دارو بەردی گوندی ئاگاداری دەبن. تەپکەو تیشە شاخەکان ئاگاداری دەبن. کە هەریەکەی چەند جار لەسەریان دانیشتوەو شمشاڵێ بۆ ژەنیون. بەسەرهات و سەرگوزشتەی بۆ گێڕاونەتەوە. ستران و لاوکی بۆ چڕیون. هەناسەی گەرم و گوڕی بۆ هەڵکێشاون. ئەوانیش بە دەنگیەوە هاتوون و بەبایەخەوە گوێیان بۆ رادێراوە. لە خۆشیدا بزەیان گرتوەو لەناخۆشیشدا هۆن هۆن

فرمێسکیان بۆ ڕشتوه. بۆیه وەک ئەرکێکی سەرشانیان ئاگاداری دەبن. لەبن باڵی خۆیانی حەشار دەدەن و له مارو مێرووی دەپارێزن. وەلێ مارو مێرووی چی. ئەوانیش ساڵحۆکیان خۆش گەرەکەو ئازاری نادەن! چونکێ ساڵحۆک ئەوانی خۆشویستوەو یارمەتی داون. ساڵحۆک بەتەنیا نییە گۆڕستانەکەی هەموو لەگەڵ دایە. به هەموو هێزێکیان بەرگری لێدەکەن و دەیپارێزن. ئەو هێندەی تاڵه موویێک لەسەر ڕێ و شوونی ئەوانی وەلانەدا. ئەوانیش بایەخی پێدەدەن و له بەهەشتا لەگەڵی دادەنیشن. دەڵێن ساڵحۆک توو ئەو خوایە ئەگەر باسی ئەو ڕۆژه ڕەشەمان بۆ نەکەی. ئەو کارەساتە تارەمان سەرلەبەر بۆ نەگێڕیتەوه. هەرچەندە ئێمە خۆمان ئاگاداری هەموو شتێکین. هەستمان بەهەموو شتێک کردوەو هەمووتانمان بینیوه. چونکێ ئێمەی خەڵکی شاری مردوان خەڵکی جەستە زیندوویی جیهانی ژێی دەبینین. بەڵانەکونێ ئەوان ئێمە نابینن. لەگەڵ ئەوەش مام ساڵح ... حەز دەکەین له تۆمان گوێ لێبێ. وشە به وشەی لەزاری تۆ ببیەن.

ئەو دەمە ساڵحۆک قاچ دەخاتە سەر قاچ. یاخود لەسەر گازەرەی پشت ڕادەکشێ و سەیری ئەو ئاسمانە بێگەردەی بەهەشت دەکا. به دەنگێکی نەرم و فریشتەیی. که وەک دەنگی به سۆزی شمشاڵەکەی دەلەرێتەوه. ڕوویان تێدەکاو دەڵێ:

–پێمگوتن... زۆرم پێگوتن ئێوه له دەمی نەهەنگدان و پێویستە خۆتان بپارێزن. من ئەو تاوانە ناخەمە ئەستۆی خۆم و هەموو شتێکتان پێدەڵێم. تکا دەکەم گوێ ڕادێرن. پاشان نەڵێن ساڵحە پیر.. مادامەکونێ ئەو هەموو شتەت دەزانی بۆ بێدەنگ بووی، ئەو نهێنییە زله چۆن له

دڵت جێگەی بۆوە. گوێ رادێرن هەموو شتێکتان پێدەڵێم. کەچی وەک ئەوەی لەگەڵ ئەوانم نەبێت، پێدەکەنین و گاڵتەیان پێدەکردم. دەیانگوت هورێنان دەکاو فرِ هۆشی لای خۆی نییە

ئەوسا، کە ساڵحۆک لە گێڕانەوەکەی دەبێتەوە هەموو عریت عریت پێدەکەنن. دەنگی پێکەنینیان وا بەرز دەبێتەوە گشت گیانلەبەرێکی بەهەشت لەترسا دەمی دەکاتەوە نەوەک پەردەی گوێی بتەقێ! بە تەنیا ساڵحۆک نەبێ یەک زەنگوڵە فرمێسک چاوی جێدەهێڵێ و گلۆر دەبێتەوە.

ئەو هزرانە رووی هۆمەریان گرژتر کرد. وا هەمێزی لە شمەکەکان دەدا. دەتگوت هەنوکە بەیەک کەڕەت عەشتەبای لە دەرەوە ناهێڵێ.

دەچوە ژوورەوەو کەژێی دەبینی، هێندەی دیکە زگار دەبوو. بۆیە شمەکەکانی دادەناو بەلەزی دەچوەوە دەرەوە. حەزی نەدەکرد کەژێ بەو ناگزوریە بدینێ. هەر کە چاوی پێدەکەوت ساڵحۆک لەبەردەمی ئامادە دەبوو!

ئاخاوتن و پەیوە هەنگوینیەکانی لە مەژی دەکەوتە جیلوە. .... ئەگەر لێرە بوایەو ئاوای بدیبونایە، بەدەم گریانەوە تێر پێدەکەنیو گاڵتەی پێدەکردین. دەیگوت لەزی کەن. بە چوستی شمەکەکان بەرنە ژوورەوە. ئاوو هەوای ئێرە تەرزەو ماوەیەکی زۆرە لێی بێبەرین. دەی لە منتان نەکەوێ.. کوڕە ئازاکانی گوندی! ئێوە خۆرت و تولازن و هیچ شتێک بەرگەی بازوی ئێوە ناگرێ. ئارەزووتان لێبێ تەپکە شاخەکانی دەورەبەری گوندیش دەگوازنەوە ئێرە! دەزانم دڵشادو خۆشحاڵن بە

گەینتان. بۆیە داواتان لێدەکەم ئاهەنگ بگێڕن. بە بۆنەی گەڕانەوەتان بۆ ژووری... بۆ بەهەشتی سەر رووی زەمین!!! ئەگەر سالْحۆک لێرە بوایە زۆر شتی دەگوت. زۆر جنێوو توانجی بۆ رەوانە دەکردن و تەوێڵی بە تف سواخ دەدان. ئەوسا وەک شێتانی لێدەهات و سڵی لەهیچ نەدەکردەوە.

– ئاخ بۆ تۆ مام سالْح... ئاخ هەزار... ئاخ.

کە شمەکەکان کۆتاییان هات، لە جێگاکەی چەقیو سەیری کۆڵانەکەی کرد. وەک ئەوەی گلێنەی چاوی گۆڕابێ رەنگی دەوربەر ئاسایی نەبوو. شتەکە زیاتر لە خەونی دەکرد نەک لە راستەقینە! هەر بۆیە چاوی هەڵگڵوفت، خەڵکەکە هێندێک لە گژ شمەکەکانیان بوون. هێندێکی دیکە لەبەر دەرگا وەستابوون. خەم بەئاسانی لە ئادگاری هەموان بەدی دەکرا.

کەسەری بۆ ئاسمان بەرز کردەوە. خۆر وەکو ئەوان زامدار، بە جەستەیەکی سوورو خوێنین خەریک بوو ماڵئاوایی لێدەکردن. لەولاوەش تاریکی ئەوەی بە مۆڵەت دەزانیو جێ هەنگاوەکانی دەگرتەوە!

خۆریش لەبەر چاوی ئەو گۆڕابوو لە خۆری گوندەکەی نەدەکرد! ئاسمانیش وەک ئاسمانی گوندەکەی نەبوو. پشی زۆر بە ئەستەنگ دەهات و دەچوو. دەتگوت هەنوکە دڵی دەتەقێ و خوێن وەک شەپۆلێکی بەربەست شکاو شالاو بۆ ئەو ناوە دەبا!

لەبەر دەرگا دانیشت، دەم و چاوی خستە نێو لەپی و دەستی بە قژی داهێنا، کە خەڵکەکەی بینی هێندەی دیکە تاساو خەفەختانی بوو. وەک پەڵە هەورێکی دوای باران لەسەرەخۆ دەتوایەوەو لەباڵ یەک دەردەچوو! وەک ئەوەی تاوانێکی کردبێ لای شوورەیی بوو لەنێو خێزانەکەی دانیشێ. چاوی بەرانبەریان هەڵنەدەهات! وای بۆ دەچوو نیگاکانی بەرگەی ئەو جۆرە هەڵوێستانە ناگرن. لەگەڵ ئەوەش بێ دڵی خۆی چوە ژوورەوە. بیری لە دایساندنی چرایەکە کردەوە. بۆ ئەوەی بەهەر جۆرێک بێ نینۆک لە جگەری ئەو تاریکیە گیر بکات کە خەریک بوو باڵی بەسەر دەکێشان. ئەوەی وەبیر هاتەوە کە لێرە کارەبا هەیەو ئاتاجی بەچرا نییە. لە دیوارەکە راما. وایەرو گڵۆپەکان نیگاکانیان دەربەست کرد. زانی ئێرەش هەر تاراوگەیەو بۆنی نامۆیی لێدێت! بۆیە بە پەشۆکاوی سەر بادانێکەوە چوە دەرەوە.

هەموو شتێک راست و راستەقینە بوو پەیوەندی بە ئەندێشەوە نەبوو. بیری لە وایەری کارەباکە دەکردەوەو ئاگری شەوانی گوندەکەیانی دەهاتەوە بەرچاو. گوێی لە قرچە قرچی سووتانی دار دەبوو، کە چێژێکی زۆری لێوەردەگرت.

– هیچم گەرەک نییە. کارەبا بۆ ئێوە. هیچم لێتان گەرەک نییە. تەنیا لێم گەڕێن بە ئارەزووی خۆم بژیم. بە کامی دڵی خۆم لە وارەکەی خۆم بژیم. خاترجەم بن ئاوری شەوانی گوندەکەم بەهیچ ناگۆڕمەوە....!.

لەگەڵ تەقەی تەنەکەیەک زنجیرەی خەیاڵی پچڕا. کە چوە ژوورەوە تەحۆی برای بینی دەچێتە سەر تەنەکە هەتاوەکونێ دەستی بگاتە پلاکی کارەباکەو وازی پێبکا!

توورە بوو و ویستی زللەیەکی لێدا. وەلێ زوو بەزەیی پێدا هاتەوە. بزەیەکی پڕ ئازاری لەسەر لێو لەدایک بوو.

رابۆ کە لەبن دیوارەکە دانیشتبوو. زۆر ماندوو هیلاک دەهاتە بەرچاو. دیقەتی دابوە کەژێ و لێی هورد دەبوەوە. لەپڕێکا هەڵسایەوەو چوو لە کنی دانیشت. باسکی ئاڵاندە ئەستۆی و یاری بە کەلە بژاله بوەکانی پرچی کرد. سەری بردە بن گوێی و بەدەنگێکی نزم گوتی:

– "کچی خۆم... کەژە خنجیلانەکەم مەگری، بەسیەتی... چیتر رۆندکان مەبارێنە. ساڵحۆک بۆ خۆی کۆچی کردو حەسایەوە. کاتێکی زۆری بەسەرچوەو پێویست ناکا نوێی بکەینەوە. بزانە ئەمە رێگەی هەموانەو بێدەستی خۆمان دەبێ بیگرینە بەر. دڵنیابە بۆ خۆی حەسایەوە. هەر نەبێ هەنوکە وەکو جارانە! هەر کە چاو هەڵێنێ گوندەکەی، ئاخە پیرۆزەکەی بە گەرمی بەرووی پێدەکەنێ. دارەکان... بەردەکان... کانیەکان... هەمووی بە خۆشەویستیەوە سەیری دەکەن. هەموو خۆشیان گەرەکە.. ئەی چۆن... ئەویان خۆش گەرەک نەبێ کێیان خۆش گەرەکە.. ها.. کەژەکەم... بووکە خنجیلانەکەم... پێم ناڵێی کێیان خۆش گەرەکە؟! دەزانی چۆن بۆخۆی حەسایەوە.. ئەها های.. باوەڕ بکە لە ناخی دڵمەوە ئێرەیی پێدەبەم... زۆریشی ئێرەیی پێدەبەم!.

کەژێ لەگەڵ ئەم پەیوانە فنەیەکی لێوەهات. بەتوندی دەرگای قوڕگی داخست. نەبادا گریان بەسەری زال بێ، قامکە باریک و چلوورەییەکانی بەرز کردەوەو ئەو دڵۆپە ڕۆندکەی سڕیەوە کەخەریک بوو ڕێ بۆ هی تر خۆش بکات. زۆری کۆشا دەروەستی ئەو سۆزە نەهات کە لە دەروونیدا هەڵقولا. لەپڕ وەک منداڵێکی دڵشکاو خۆی خستە هەمێزی رابۆ. ئەویش بە گەرمی بەسینگی خۆیەوەی نووساند. لەسەرەخۆ دەستی بەسەری داهێناو پەنجەی لەنێو پرچی خشاند. هەرچەندە ئەویش وەک پەنگر ئاورینگی دەکرد. وەلێ وەدەری نەدەخست.. بەهێمنی درێژەی بە ئاخاوتنەکەی دا:

– کەژە خنجیلانەکەم.. وامەکە.. کچە خۆشەویستەکەم وامەکە.. وەکی گاوران لەبەرت دەناورێمەوە وامەکە. کچی خۆم.. دەترسم ڕۆندک بیناییت ببا. تۆ سەیری کە... سەی سەی ..کەی ئەمە ئەسرینە؟! ئەمە خوێنە وا لەچاوت دەتکێ. سەی.. سەی خوێنێکی سوور سوورە. نەکەی بە فرمێسکی تێبگەی... ها! خاتوونەکەم... مەگریە...و... نایەژی بۆ وادەکەی! هەر بۆ ساڵحۆک! کچم، ساڵحۆک بە مرازی خۆی گەیشت و دەری بەهەشتێی لەنێو گوندی بۆ واڵا کرا. ئەگەر یەکێ تۆزێ ئاوەزی هەبێ خۆزگە دەخوازێ وەکو ئەوی بۆ هەڵکەوێ.. ئەدی چما ئەوە کەمە! بەسیەتی کچم.. گۆڕەکەی لێتەنگ مەکە. ئاسمانی روون و بێگەردی بەهەشتی لێ بەدومان مەکە. دەڵێن گریان بۆ مردوان باش نییە.. بۆیە داوات لێدەکەم مەگریە.. ئەوا کاتێکی زۆری بەسەرچوەو برینەکە نوێ مەکەوە. ئەو ئارامیو هێمنیەش لەو تێک مەدە!.

رابۆ کە ئەو رستەی دیماهی پێهێنا دەستی کەژاڵێی گرت و رووی قاچەکانی ئاماژەی ژوورەکەی تر کرد.

هۆمەر لەسەر پشت راکشابوو. هەرچەندە بە لەش لەوێ بوو بەڵانەکونێ هە ستی بە چوونە ژوورەوەی ئەوان نەکرد. وا کەوتبوە بیرکردنەوە سەد سوێندو قورئانت دەخوارد جارێکی تر ناشێ هەڵسێتەوە. نەیدەزانی بۆ وایان بەسەرهات! لە دڵی خۆی دەیگوت:

– دەبوایە منیش وام کردبوا. نەک من دەبوایە هەمومان وامان کردبوا. ئەمە راستترین رێگا بوو. دەبوایە بەرگری بکەین و بەرەنگاریان ببینەوە. نەدەبوو وا بەئاسانی چۆک دابدەین...راست نەبوو. دەبوایە وەک مەحمودمان کردبوا. ئاوا مێرانە رەفتارمان بکردبوا! مەحمود پیاو بوو. پیاو بوو ئەمان پیاو.. نەترسا. خۆگیڤ کردنەوەشی لەکن شوورەیی بوو. زوو زانی کە زۆر هات قەواڵە بەتاڵە. بۆیە بە تەنیا رێگەی گرتەبەرو رووی دەبەندەن و کێوان کرد. نەیهێشت ماڵ ومنداڵی ئێخسیرو بن دەستە بن، وەکو مێران دەست وەکەری کردو بە زانایی پاشەلی خۆی کێشایەوە. ئەدی مەحمود پیاو بوو....

خەمەکە چڕو زەلام بوو دەروەستی نەدەهات. بۆیە بە هێواشی لە جێگاکەی بزووت و بەرەو شمەکەکان خشا. بە ئەسپایی شمشاڵەکەی دەرهێنا. بە هەمان شێوە گەڕایەوە شوێنەکەی. پشتی دایە دیوارەکەو بەرانبەر کەژێ رۆنیشت. کەوا ناگزور دەهاتە بەرچاو گاوری لە هەرسێ دینانی پێ بسوڵمان دەبوو! تاوێ شمشاڵەکەی ئەم دەست ئەو دەست پێکردو تێی راما. لەسەرخۆ بۆ دەمی بەرز کردەوە. لەگەڵ ئاخ

وەدەرنانی زریکەیەک لەشمشاڵەکە هە ستا. کە لە زریکەی ساوایەک دەچوو لە شیرو هەمێزی دایکی جوێ کرابێتەوە...

شمشاڵەکە گریاو کڕ نەبوەوە. ئەگەر بە شێنەیی لە کونی شمشاڵەکە رامابوای، لەوانەبوو ئاورینگت دیبوایە! پەنجەکان وا بەلەزی دەبزووتن هەرگیز باوەڕت نەدەکرد شمشاڵەکە پارچەیەکی بێ گیان بێ و جیا بێ لە هۆمەر

کەژێ کەسەری بە ئەژنۆی کردبوو پەرچەمی هاتبوە خوارەوە. لەکەلێنی ئەو پەردە موویییەی بۆ روخساری دروست ببوو، بەتاسەوە سەیری هۆمەری دەکرد. لەگەڵ لەرینەوەی دەنگەکە برژانگەکانی وێک دەکەوتنەوە.

رابۆ دوای ئەوەی ماوەیەک داما. نامۆیی هەستا. کزگری لەهەوکێ ما. لەنکاوڕا وەک بورکانێک تەقیەوەو بەتووڕەیی هەڵسایەوە. ویستی شمشاڵەکە بخاتە ژێر پێی و وردو خاشی بکا. وەلێ ئەو ئەسرینە قەتیس ماوەی چاوی هۆمەر کەمێک هێوریان کردەوە. لەگەڵ ئەوەش نەشیا بێدەنگ بێ:

–چیتە ئەوە؟ لەجیاتی ئەوەی دڵمان بدەیەوە، سەردولکەمان بۆ دەبێژی، دەمانگرییێنی... نەخوازەڵلا پێت دەڵێن پیاو.. تڕحێو..! کوڕم هۆمەر قەت ئاوات لەگەڵ ناخاوتوم. حەزیش ناکەم لە گەوهەر کەمترت پێ بڵێم. وەلێ ئەگەر وابکەی ناچار دەبم! چونکە من بەخۆم دەڵێم ژن و دایکی پیاوانم! هەنوکەش ناتوانم کوڕەکەم ئاوا دەمچەفت ببینم! هەرگیز

ناتوانم..... ناتوانم بێدەنگ بم. ئەگەر هەورە تریشقە بەبێدەنگی لەدایک بێ ئەمن ناتوانم بێدەنگ بم... تێگەیشتی.. ها..... ناتوانم بێدەنگ بم....!!!.

هۆمەر چاوێکی بە هەموان داگێڕاو بە کڕی برژانگەکانی تێک نا. ئاگای لە ئاخاوتنی رابۆ نەبوو. بیری لەوە دەکردەوە کەوەکو جاران چێژی لە ژەنینی شمشاڵەکەی وەرنەدەگرت! شمشاڵ هەر شمشاڵی جاران و ئەویش هەر هۆمەر بوو.. کەچی هەستی دەکرد وەکو جاران نەبوو! بەرایێ ئەو کە پەنجەی لەسەر شمشاڵەکە بزواند، چاوەڕوانی ئەمە بوو گوێی لە ئاوازی شالوولان.. هاشەی پۆلی کەوان بێ.. گوێی لە خوڕەی ئاو بێت! وەکو پێشان چ ئاوازێک بژەنێ... دەنگەکەی لە دواوە بیلێتەوە. کەچی ئەمجارەیان دەنگەکە شتێکی دەگوت دەنگدانەوەکەی شتێکی دیکە!

هۆمەر لەو دەمەی پەنجەی لەسەر شمشاڵەکە دەبزواند، دوا ئاوڕدانەوەی لەگوندەکەی هاتەوە بەرچاو. بۆیە ئاوازەکە باسی گریان و دوکەڵ و تۆزی دەکرد. سەرگوزشتەی مردن و سوتانی گوندەکەی دەگێڕڕیەوە. نرکەی لێوە دەهات و خەونی بەژیانی ئاسوودەیی دەبینی.

رابۆ پەژیوان بوەوە لەو پەیوانەی دەربیرِی. چشی لەدەست نەهات. بۆی نەلوا بیانگێڕیتەوە هێلانەی خۆیان. بۆیە چاوەکانی لەسەر شمشاڵەکە هەڵنەگرت.

–ناتوانم.. چیتر ناتوانم بێدەنگ بم.. تێگەیشتی... ناتوانم بێدەنگم بم!.

–.....!

کە زانی وەک جاری پێشوو هیچ وەرامێکی وەگیر ناکەوێ لە قوڵپەی

گریانێیدا! داخی دڵی خستە کەژاوەی رۆندک و بەرەو کوڵمی بەڕێخست. ئەوەی گوێی لێبوایە، دەیزانی گریەی یەکێکی لێقەوماوو کۆست کەوتەیە. سەرچاوەکەی کوانوی دەروونێکی پڕ ئازارە.

ئەو شەوە ئاوا مانەوە. کەس متەقی نەدەکرد. هەریەکە هەوڵیدەدا خۆی بە نووستوو نیشان بدا. لەگەڵ ئەوەی بەتلێکی شەویش راشکابوو هێشتا شتاقیان چاویان گەرم نەکردبوو. بەتەنیا تەحۆ نەبێ. کەوتبوە گەرمەی خەوێکی خۆشەوەو ئاگای لەدنیایێ بڕابوو.

رابۆ کە بەردەوام خوێن لە دڵی دەتکاو ئاخی پڕ بەسییەکانی وەبا دەدا. هەڵسایەوەو بەرەو لای کەژێ رۆیشت. ئەوی داپۆشت و جاجمێکیشی بەهۆمەر دادا، کە لەسووچێکی دووری ئەو لەسەر زەوی رازابوو! لەگەڵ جاجمەکە جوڵەیەکی کردو وای نیشان دا کە نەخەوتوە.

– واگای..؟

– ........!

گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی. سەری تەحۆی خستە سەر رانی و پشتی دایە دیوارەکە. دەستێکی بە رووی تەحۆ داهێنا. وا گەرم داهاتبوو دەتگوت ئاوری لەنێو سەری هەڵایساوە. خورپەیەک دڵی خستە لەرزەو بەگەرمی بەخۆیەوەی نوساند. وەک ئەوەی ترسی ئەوەی هەبێ لە هەمێزی بیرفێنن و شوون بزری بکەن! ئەو تەحۆی لا گەلێک خۆش گەرەک بوو. ئامادەبوو بەرگەی هەموو ئازارو دەردەسەریەک بگرێ

بارتەقای خۆشی‌و شادمانی ئەو. ئەگەر جێیەکی بێئێشابوایە ئەو دەتۆقی‌و گیانی لەو جێیە دەبوو! تەحۆ پاشەبەرە بوو، هێوی بڕ بوو کە لەدوای ئەو منداڵی تری ببێ!

تاو ناتاو باوێشکی دەهاتێو خەوە کوتکەی دەبردەوە. کە چاوەکانی دەخستە سەریەک، هەرچی کۆنە برین و خەمی چەند ساڵەی بوو لێی دەژیایەوە. هەمووی نرت و نوو دەبوونەوەو وایدەزانی ئەو ساتە روویان داوە.

لەو کاتەدا یادی وێسفی دەکردەوە. رۆژە شیرین و هەنگوینیەکان لەزگ بوون تازە تامی زاری خۆش کەنەوە! ئەو رۆژانەی وەک دوو پەپوولەی باڵ نەخشین لە باخ و مێرگوزاری ئەوین دەگەڕان. وایان هەست دەکرد. لەو دنیایە پان و بەرفرەیەدا لەوان زێتر خوا کەسی دیکەی نەگوراندوە! ئای کە رۆژانێکی بێ وەی‌و پڕ کامەرانی بوو. هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبوو وا بەئاسانی لەدەستی بچێ، بەرهەڵدا ببێ و هەرگیزاو هەرگیز چاوی پێی نەکەوێتەوە.

پاش ئەوەی داری ئەوینەکەیان بەری گرت. خەڵکی ئەو دەڤەرە هەموو ئێرەییان پێدەبردن. دەیانگوت قەت ژن و مێردی ئاوا تەبامان نەدیوە! زۆر خۆشیان رابوارد. راستە ماندوو دەبوون. ئەرکی پەرای رەزێکی گەورەو گران دەستۆی وان هەردووکابوو. وەلێ دڵشادو بەختەوەر بوون. کارەکەیان بەپێکەنین و ئاخاوتی خۆش بەسەر دەبرد. کە ئێوارانیش دەزورینەوە، ماندوو مردی، لەسەریەک جێ و بالینگان دەڕازان و رام و سای یەکتر دەبوون. کە ئەمەی وەبیر هاتەوە

خورشتێکی کەوتە کەوڵی، خۆی لێک کێشایەوەو توندتر دەستی بەسەری کوڕەکەی داهێنا. ئەمە وای کرد تەحۆ لە جێگاکەی خۆی ببزوێ و منگەیەکی لێوە بێت!

سەیری کەژێی کرد، پاشان نیگاکانی گواستەوە سەر هۆمەر. ئەمانیش ئەو دەمە وەک ئەوان بوون. گەنج و خوێن گەرم و تامەزرۆیی ژیان. بزێوو هەرزەکار.

دوای ئەوەی خوا باشی بۆ هێنان و لەگەڵ وێسف بە مراز گەیشتن، پاش نۆ مانگ و نۆ رۆژان هۆمەر لەدایک بوو. ئیدی وەستان و تا ماوەیەکی زۆر هیچی دیکەیان زێدە نەبوو. هەتاوەکونێ هۆمەر هەراش بوو، ئەوجا منداڵێکی تریان بوو.  بەرایێ هەموو وای بۆ دەچوون کوڕی دەبێ. پیرو پیرەژن دەیانگوت زگی هەر بە کوڕان دەچێ! کەچی بە بەرەواژی قسەی هەموان کچێکیان بوو، کچێکی چاو کتکی خرپن.رووخۆش و دەم بە پێکەنین. بوە چرایەک و گەرمایی خستەی ماڵەکە. کەچی ئەمە زۆری نەخایاند. سروشت ژیانی پێ رەوا نەدیو بزەی لەسەر لێوان کوژاندەوە. ناساغییەکی کت و پڕ دەستی لە هەوکێ نا. چاوی لێک ناو بوە پەپوولەیەکی ئێسک سووکی بەهەشت. رابۆ گریا.. زۆریش گریا. دەیگوت خەڵک زۆر پێی هەڵکاراو نەفەس لێیدا. بەچاویان برد! کەچی وێسف بە هەموو توانایەکی دڵی دەدایەوە. ئەگەرچی ئەویش خەمبار بوو. وەلێ وەسەرخۆی نەدێناو دەیگوت:

-شوکور بە ئافرەت.. خاترجەم بە خوا بەسەرمان دەکاتەوە. پاشان بەندەی خۆیەتیو مافی خۆی بەسەرەوەیە، چۆنی داوە ئاوا دەیباتەوە!.

چەند ساڵێکی تریش رابورد، منداڵی تریان نەبوو. هەتاوەکونێ تەحۆ چاوی بۆ ژیان هەڵێنا.

ویٚسف گەڵێ شادمان بوو. خێرا کاوڕێکی لەزەوی دا. خێراتێکی زۆری کرد، هەتاوەکونێ چلەی بەسەر چوو بەهیچ کلۆجێک ژوور سەری بەرنەدا. لە ترسی شەوە قورئانیان لە ژوور سەری دانا. چەقۆو دەرزیان لەبن سەرینەکەی دانا!

ویٚسف بە رۆژ سەرخەوێکی دەشکاندو بەشەو ئێشکی دەگرت. زۆر حەزی دەکرد کوڕەکەی زوو گەورە بێ! بەڵانەکونێ هێشتا خۆشیەکەی تێر نەنۆشیبوو گوللەیەکی رەشی سەرشێت مافی ژیانی لێسەندەوە! پەساپۆرتی جیهانی ئەودیوی لەمست ناو بەخێرایی بەڕێی کرد. کەس نەدەچوە مەژی ویٚسفی ئازاو جوانمەرد وا بەئاسانی بکوژرێ. چونکێ ئەو مرۆیەکی وانەبوو. بە ئاسانی دەست بدا، سێرەگری وەکو خۆی لەو دەڤەرەدا نەبوو، بگرە لەسەرتاپای کوردستانێ نەبوو. دەست دانە چەک و تەقە کردنی یەک بوو. بۆیە کەس نەدەوێرا تخوونی بکەوێ و ملی لەبەر ملی بنێ. ئەگەرچی بەم دواییە پیری برِستی لێبرِیبوو شپرزەی کردبوو. سام و ترسی هەر مابوو. وەک شێرێکی پیر بەلای هەرکێ رەتبوایە دڵی دەخستە لەرزە. ئیوها ئازابوو.. لەگەڵ ئەوەش کارێکی وای نەدەکرد کەس هێندەی نوکە دەرزیەک دڵی لێی بئێشێ.

کە هەواڵی کوژرانی بڵاوبوەوە، پیرو زارۆ، گەورەوگچکە، تاسان. بەرایێ باوەڕیان نەکرد. دەیانگوت ...گوللە نایبرِێ! ئێمە خۆمان شەڕمان لەتەک کردوە. دڵنیاین گوللە چیای شیرینێ لەت بکا ئەو نابرِێ! ئەمەیان

دەگوت. کەچی کە تەرمە بەخوێن سوور بوەکەی وێسف گەیشتەوە گوندی نەیانزانی چی بڵێن. هی وا هەبوو چەند جارێک پەڕۆی لەسەر هەڵدایەوەو تەماشای کرد. ئەوجا باوەڕی کرد.

لەنێو گوندی ئەوە بوە دەنگ کێ کوشتی؟! هێندێک گوتیان راوچی تەقەیان لێکردوەو بە هەڵە کوشتویانە، هێندێکی دیکە گوتیان نەخێر... زۆر لە نزیکەوە تەقەی لێکراوە!

هۆمەر بە تاوانی عەبەی زانی! ماوەیەک بەر لەوەی تەرمەکەی بهێننەوە لەگەڵ ئەوبوو. واتێگەیشت کە هەر ئەو بۆ چەکەکەی کوشتویەتی! ئەمەش زۆر رێی تێدەچوو. چونکێ دوای ئەوە چاوی بە برنۆیە قۆنداخ شوشەکەی باوکی نەکەوتەوە! ویستی تۆڵەی لێبکاتەوەو بەدەردی باوکی بەرێ. وەلێ هیچ بەڵگەیەکی لە دەست نەبوو، حەزی نەدەکرد بێ ئاوەزانە گوللە بە تاریکیەوە بنێ. هەرکە ناوی وێسف بهاتبایە، عەبە دەستی بە چاویەوە دەناو هوڕ هوڕ دەگریا. کە ئەمە هۆمەری چاشمیش دەکرد!

رابۆش ئەو کاتە رۆڵی خۆی لەخاو کردنەوەی هەبوو. حەزی نەدەکرد کوڕەکەی ببێتە بکوژو دەستی بەخوێن سووربێ.

رابۆ تا ماوەیەکی زۆر دوای کوژرانی مێردەکەی کاسو  هوڕ ببوو. رۆژی لە رۆژان لەو باوەڕەدا نەبوو خۆشەویستەکەی بەلاشەیەکی ساردو سڕو بێ گیان ببینێ. بۆیە کە چاوی پێی کەوت یەکسەر بورایەوەو تا ماوەیەکی زۆر وەخۆ نەهاتەوە. دوای ئەوە ناوە ناوە وای لێدەهاتەوە. خەڵکی دەیانگوت کەسەری مێردەکەی وای لێکردوەو

تووشی پەرکەمی کردوە. ئەستەنگە چاک بێتەوە! رابۆ ئەو دەمە زانی مرۆ تا لە ژیان دابێ شتی وا دەبینێ کە هەرگیز بیری لێنەکردۆتەوەو بە ئەندێشەی دانەهاتوە!!!

تاو نا تاو فنەیەکی لێوە دەهات. هەستی بە گێژبوونێک دەکرد. سەیری ساپیتەکەی کرد. رۆچنەکە وەکو خۆی بوو! بە پەشۆکاوی رووی وەرچەرخاند. ئاگردانەکە وەکو پێشان لەجێگەی خۆی بوو، پێکەنینێک روخساری گرتەوە. وایزانی ئەوەی دیویەتی خەونە! بە گەرمی تەحۆی ماچ کرد. دەستی لەخوا پان کردەوەو کەوتە نزا کردن، زۆر شوکور بوو بەوەی کە ئەوەی بینیویەتی لە خەون زیاتر نییە!!! بڕیەیدا بەیانی زوو کوشتی یەک بکاتە خێر. لەو ئەستەنگە دەرباز بوون بۆ وی کەم نەبوو، لە خۆشیا دەمە بەشکەی گرت. لەنکاوڕا شتێکی هاتەوە یاد. زانی شتێکی لە یاد کردوە، دوای تاوێ بیر کردنەوە خاترجەم بوو ئەوەی لەیاد کردوە کە چیرۆکێک بۆ تەحۆ بگێڕێتەوە. بۆیە یەکسەر لەبەر خۆی دەستی بە ئاخاوتن کرد:

–ناکوڕم... کۆرپە خنجیلانەکەم نا. مەگریەو بۆتی دەگێڕمەوە. ئەمشەویش وەکو شەوانی دیکە چیرۆکێکی خۆشت بۆ دەگێڕمەوە. ببورە.. ئەمڕۆ خەریک بوو لە یادی بکەم. بەدەست خۆم نەبوو کوڕم خەونێکی تاڵم بینی. تاڵ تاڵ وەک ژەقنەبوت! بۆیە هیچ شتێکم لەیاد نەما. بەڵانەکونێ چیت بۆ بگێڕمەوە.. چیت بۆ بگێڕمەوە... باشە... دۆزیمەوە. هەنوکە چیرۆکێکی وەک خۆت ئێسک سووک و خنجیلانەت بۆ دەگێڕمەوە! ئا... کوڕم. هەبوو نەبوو کرمێکی بچکۆلانە هەبوو. لە ماڵێکەوە... لەنێو باخچەیەکی بچکۆلانە دەژیا. باخچەیەکی بچکۆلانە..

نەک وەک باخەکەی ئێمە! چونکێ کورڕم ئەوە بزانە کەم باخ هەیە وەکو هی ئێمە گەورە بێ. کەم داریش هەیە وەکو دارەکانی ئێمە بە بەر بێ! چۆن... نا بەخوا کورڕم.. لەو دنیایەی بگەڕێی بنە گوێزێکی وەک هی خۆمان نادۆزیتەوە! با دوور نەڕۆم. سەر لەخۆشم و لەتۆش نەشێوێنم. رۆژێکی هەتاوی بەهار... کرمەکە لە کونەکەی هاتە دەرەوەو لەبەر بەڕۆچکە لێی رازا. لەو کاتەدا کۆترێک کە خەریکی هات و چۆ بوو لەو ناوەدا، چاوی پێکەوت و خێرا هەڵمەتی بۆ برد. بە نوکە تیژەکەی لەت و پەتی کردو خواردی. بە فیزیکەوە باڵەکانی لێکداو فڕی. چەند رۆژێکی بەسەر چوو  کۆترەکە ئەوەی لە یاد نەما، لە بیری چوو کە یەکێکی بێتاوانی لە واری خۆی خواردوە! بەبێباکی لەئاسمان مەلەی دەکردو دەخولایەوە. لەگەڵ بایەکە یاری دەکردو کلکی بادەدا. لە هیکڕا لەسەر زەوی دانەوێڵەیەکی زۆری بینی. یەک رەوت بۆی چوە خوارەوە. لەگەڵ ئەوەی دەنوکی بۆ یەکەم دنک درێژ کرد ملی بە داوەوە وەبوو. لەو کاتەدا راوکەرەکە گەیشتە سەری. چەقۆیەکی تیژی لەدەست بوو. هێندەی لە بەری ناورایەوە بێ سوود بوو! چونکێ راوکەرەکە نە لەزمانی دەگەیشت و نەدەست بەرداری ئەو نێچیرە قەڵەوەش دەبوو. بەلەزی چەقۆیەکەی بەملی داهێناو سەری بڕی. دوای ئەوە راوکەرەکە بەبێباکی لەو چیایە دەخولایەوە هەتاوەکونێ رۆژێکیان.....

رابۆ بێ ئەوەی هەست بکا دەنگی وا بەرز بوەوە هەموو لەگەڵ سەریان کێل کردەوە. هۆمەر کە تازە خەریک بوو چاوی گەرم دەکردو دەبۆرژا، بەحەپە ساویەوە لە دایکی راما. تەحۆش بەترسەوە سەیری دورٍ زاری دەکردو خۆی لە هەمێزی مات کردبوو.

هۆمەر زانی دایکی زیندە خەونان دەبینی و هوڕێنان دەکا، بەهێواشی چەند جارێک لە دوای یەک گوتی:

– "دایە... دایە

رابۆ  بە گورجی رابوو

–ها... کوڕم... ئەوە تۆی. ببورە کوڕم لە یادم نەبوو. باش بوو

 واگات هێنام... ئیمڕۆ کارم زۆرە. تواهوو. واهوو... نە وڵاخم ئاوداوە، نە هیچم کردوە. باش بوو واگات هێنام.

بە دەم باوێشک دانەوە هەڵسایەوەو چوە دەرەوە. لەگەڵ تەقەی دەرگا ئاسنەکە لەجێی خۆی چەقی. بەشەرمەوە خیزی قوتدایەوە. چاوەکانی هەڵگلۆفت و بەپەشۆکاویەوە لە دەرگاکە هوردبوەوە. تاساو گشت گیانی سڕبوو. بێ ئەوەی هیچ بڵێ... بە کڕی زوریەوە جێگاکەی خۆی. راستەقینە وەک گاشە بەردێک بە دوڕ دەمی کەوت،بە مەلوولی لە جێگاکەی دانیشت و ئەژنۆی لەباوەش کرد.

کەژێ بە دڵتەنگی لێی نزیک بوەوە. نیگا کزەکانی تێبڕیو بەنەرمی دەستەکانی گوشی. ئەویش هەستی کرد شتێک لەناخەوە دەیهەنجنێ. کەوتە ژێر کاریگەری شەپۆلی سۆزەکە! هەتاوەکونێ لە پڕێکا بەرگەی نەگرت و لەچۆکیدا! لەگەڵ داخستنی چاوی رۆندک لە کەلێنی برژانگەکانی هاتە خوارەوە. بەلەزی سڕیەوە. پشتی دایە دیوار بەرانبەر رابۆ دانیشت. بەزەیی بە خۆی هاتەوەو کۆنە برینی کولایەوە.

–بینابیم دایێ باوکە مێرخاسەکەم. باوکە ئاخاوتن تەرزەکەم. مردنیشت وەکو مردنی خەڵکی نەبوو. کۆچەکەت بێ وادە بوو. هێشتا لە سەر شنگی خۆ بووی‌و کاتی مردنت نەهاتبوو. بە داخان سەرت نایەوەو ماڵێکت چۆڵ کرد، مرۆیەکی زل و زەلام بووی لێنەگەڕان پرسەت بۆ دابنێین. لێنەگەڕان شیوەنێکت بۆ بگێڕم. وەکو خەڵکی خۆم لە قوڕێ نێم و تیتک بڕنمەوە. ئاخ باوکە دڵ بریندارەکەم ئاخ... ئاخ لە خۆت بێ ئەنواو ناگزوریێ! بە درێژایی تەمەنت کۆشات و شەونخونیت چەشت. تەمەنی لاویت کردە گوری بۆ خۆشی گوندی. کەس فرمێسکێکی بۆ نەڕشتی، دڵۆپە رۆندکێکیان پێ رەوا نەدیتی، دڵۆپێک فرمێسکی سەگانی چ بوو پەکوو لەو زەمانەی، زەمانی نا پیاوو ناکەس بەچان پەککو...

ئەویش وەکو رابۆی لێهات. سەیری دارو دیوارەکەی کرد. وێنەی خانوەکانی خۆیانی هاتەوە بەرچاو. هەرچەندە ئێرە دیوارەکەی سپی‌و خاوێنتر بوو. بەڵانەکونێ ئەو خۆشی‌و ئارامیەی پێنەدەبەخشی کە لە خانوە قوڕو سەنگچنەکەی گوندەکەی هەستی پێدەکرد! بەرایێ قەت نەیدەزانی ئەوینی گوندەکەی هێندە مەزنە لەدڵیدا! هەرگیز بە ئەندێشەی دانەدەهات جوێ بونەوە لێی بەو شێوەیە دەیسوتێنێ. دەبێتە کۆڤانێکی ئاوا گەورەو ئەنجام دژوار. بەو لە گوینە تاراوی بە قورگی وەدەکاو ئارامی لێدەبڕێ! پەژیوان بوەوە لەوەی هێندێک گڵ و خۆڵی گوندەکەی نەهێنا. هەتاوەکونێ هەر کاتێ هەست بەناساغی‌و نامۆیی بکا. وەکو مندالْ قیچۆکەکی لێبخوا. یاخود پڕ بەسییەکانی بۆنی بکاو سییەکانی پێ بگەشێنێتەوە!

رابۆ، کە کەژێی ئاوا بینی، زانی کارێکی ناماقوڵ و نابەجێی کرد. ئەو مەزن و دنیا دیتەی ماڵەکە بوو.دەبوایە هێوریان بکاتەوەو تەرازووی ماڵەکە راگرێ. بە گوێرەی رۆژەکانی تەمەنی دەبوایە رەفتاری لەگەڵ ئەوان ئایری بێ. بۆیە گە گوێی لەگریەی کەژێ بوو خۆی لە یاد چوو. باسکی لە گەردنی ئاڵاندو تەوێڵی ماچ کرد:

–کەژەکەم... کەژە جوانەکەم. تازە هەموو شتێک بڕایەوە. وەکو ماسی لەنێو دەستمان خزیو بەرەو قووڵایی دەریا شۆڕبوەوە. تازە ئێرە بوە واری ئێمەو دەبێ خۆی لەگەڵ بگونجێنین. بۆیە تکا دەکەم... تکا دەکەم....

تەحۆ هەڵسایەوە لەکن دایکی دانیشت. بەچاوە کزەکانی.. کە بەئاستەم دەبریسکانەوە سەیری هەموانی کردو هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا؛ رابۆ بەتیلە چاوێک سەیری کوڕەکەی کردو درێژەی

بەئاخاوتنەکەی دا:

–... تکا دەکەم... چیتر ئازاری خۆت مەدە. کۆترۆکەی کوڕە

گەورەکەم. کەژاڵە چاو ئاسکەکەم.. بەسیەتی.. تازە کارێکەو لە دەست چوە. بەردێکەو کەوتۆتە بنی گۆمێ! هەموو شتێک تەواو. چۆن دانرابوو وایان کرد. دەزانم بیر لەچیدەکەیتەوە. ئەدی کەژەکەم.. بەڵانەکونێ لە نزاکردن وپاڕانەوە زێتر چیمان لەدەست دێ! تکا دەکەم مەگریەو زێرەوانی چاوانت بکە. سەیری من بکە. ئەگەر لە جێگەی من بوای چیت دەکرد؟! پیرەدار کە هەڵکەنرا شین نابێتەوە. وەلێ هی وەک تۆ...!

سەیری واپشتم وەک  کامەی گۆچان چەماوەتەوەو سەرم وەکو خوری لێهاتوە. تاقە درانێکم نەماوە. لەگەڵ ئەوەش دان بەخۆمدا دەگرم. ئەدی کچەکەم.. منیش مرۆمەو لە خوێن و گۆشت فراژی بووم. بەڵانەکونێ چار چییە! کارێکەو تازە رویداوە. کەسەرێکەو لەسەر دڵ بۆتە گرێ. راستەقینەیەو بەرۆکی گرتووین. دەنا من دوو هێندەی تۆ لە گوند ژیاوم. ئەدی خاتونەکەم. بەڵایەو هاتۆتە خوار، پەتایەکەو تووشی هاتووین! دەڵێن کەوتنە داو ئاسانە وەلێ دەرباز بوونی ئەستەنگە!  تۆ سەیری من مەکەکچم ئەگەر یەک دوو دڵۆپ فرمێسکم لەچاو هات. من پیرو زورهانم دڵم ناسک بوە. ئەی نەتبیە پیر وەک منداڵ وایە! ئەی نەتبیە.

بە ئەنگوستە زبرەکانی بەرچاوی کەژاڵی سرِیەوە. بەکزیو ئادگار خەماویەوە زوریەوە جێگاکەی خۆی. دوای ئەوەی دانیشتەوە سەری تەحۆی خستەوە سەر رانی. تاوێ بێدەنگ بوو. ئەمجارەیان سەیری هۆمەری کردو چوە دەرەوە. دنیا وەک گۆرِستان کش و مات و بەسام بوو!

هۆمەر لەگەڵ چوونە دەرەوەی رابۆ ویستی زاری بجولێنێ و لەگەڵی باخێوی، بەڵام ناخاوت. ئەنیشکی لە زەوی چەقاندو لەسەر تەنکێشی راکشا. سەیری کەژێی کردو دیقەتی دایە چاوە  رەش و گەورەکانی، هێدی هێدی نیگاکانی لەسەر خشاندو لە نێوەرِاستی راگرت! هەستی کرد شتێک لە قورِگی وەستاوە. چەند جارێک خیزی قوت دایەوەو بۆی ئاودیو نەکرا. تا مەزرۆییەک لە ئادگاری بەدیار کەوت. بزەیەکی تژی شەرم روخساری داگرت. کەمێک خۆی بزواندو تەکانی دا لێی نزیک

بێتەوە! چاوەکانی رابۆ... کە لەو کاتە دەزوریەوە ژوورەوە. رێگەی گەیشتن بەو ئاواتەیان لێ قەدەغە کرد!.

رابۆ بیرێکی بۆ هات! بە شێوەیەک بیری کردەوە کە لەگەڵ راستەقینە ئاسمان و رێسمانی نێوان بوو.

– رابۆ.... رابەکە. لە زگ بوو ئەمە لە بیر بکەی. خۆشت بە مرۆیەکی ژیرو دنیا دیدە دەزانی. چۆن بیرت لەمە نەکردەوە؟! هەرگیز نابێ ئاوا بمێننەوە. پیربووی‌و بەرگەی قسەو قسەلۆکی خەڵکی ناگری. هەتاوەکونێ زوە بیر لە چارەیەک بکەوە. نابێ ئاوا بمێنینەوە. رابە شێت و شوورەکە. نەخوازەلا خۆت بە مرۆیەکی ژیرو دنیا دیدە تێدەگەی... ترِحێو!.

پاشان هەر خۆی گاڵتەی بەخۆی کردو بە شێوازێکی تر ئاخاوت:

–ترِحێو.. رابە شێت و شوورەکە... چۆن بیر دەکاتەوە...! ئەوەی هەرگیز بیری مرۆ تخونی ناکەوێ ئەو بە هەندی هەڵدەگرێ. ئەوەش نیشانەی پیرییە. نیشانەی پەککەوتن و بەرەو پیلی مەرگ چوونە. بەڵانەکونێ بۆ...؟ هەموو شتێ رێی تێدەچێ. مرۆ شیری خاوی خواردوە... نێرینەش چاو کراوەن! دوور نییە.. نا رابە نا... بە هەڵە نەچووی و زۆر زانایانە بیرت کردۆتەوە. پێویستە ئاوا بیر بکەیتەوە. پێش لافاو بەربەست چێبکەی. ئەو دۆزە پێویستی بە چارە هەیە. هەردرووک گەنجن و ئاوریان لە ناخێ دادەیسێ. هەردووک گەنجن... ئەدی رابەکە. خۆت لەیاد کردا!".

لەنکـاوڕا پێکەنینی بەخۆی هـات. وەک ئەوەی شێت بووبێ وابوو. دەستێکی بە روخساری داهێناو پەنجە مژەی لەلووتی وەردا.

-تۆش سەیری، دەڵێی لەو دنیایەی ناژی! ئەگەنا ئەوان لەمێژە ژن و مێردن و حەڵاڵی یەکترن. ئەی لەیادت چوو.. خۆت بۆت نەگواستەوە! بەڵام قەینا. پیربووی... پیریش ئاخ پیری... وای رابۆ.. وای لەخۆت بێ مێشکێ.

لەدڵەوە ئەمەی گوت لەسەرەوەش بزەیەک دەستی بە ئادگاری داهێنا. وەک سەرخۆشان بە تەواوی لەجیهانی هۆش دابڕابوو. روومەتی تەڕایی فرمێسکی هەر پێوە مابوو. لەوکاتەدا دەنگی کەڵەبابێک بەرز بوەوە. زانی شەو دوایی هات و بەیانە. لەگەڵ ئەوەش خۆی بۆ نەگیراو لە دڵی خۆی گوتی:

-وا دیارە کەڵەبابیشیان هێناوە. هەتاوەکو مژدەی بەیانیمان بداتێ!.

(2)

هێشتا ڕووناکی بە تەواوی دەنگی لاواندنەوەی بۆ گێتی بەرز نەکردبووەوە. کە ژیان لەو ئاکنجیە دەستی پێکردەوە! بەرایێ پیاوەکان.. پاشان بڕە بڕە منداڵە هوردکەو ئافرەتەکان چوونە دەرەوە. ئافرەت و منداڵەکان لەبەر دەری. پیاوەکانیش لەسەری کۆڵانەکان جڤاتیان بەست. گێلە شوکێکی گەورە لەو ناوە گورا. تەنیا هێندێک شوێن نەبێ. ئەوەی دیکەی جمەی دەهات لە خەڵک. دەنگیان بەشێوەیەکی ترسناک و سەرسوڕهێنەر بەرز دەبووەوە. هۆمەر لە شوێنێک ئۆقرەی نەدەگرت. دەمێ لای کۆمەڵێک دەوەستا. ناوێ لای کۆمەڵێکی تر. لە هەموو لایەکیش گوێیەکانی یەک جۆر ئاخاوتنی دەژنەوت.

لەچەند کۆڵانێک سوڕایەوە. دیقەتی دایە هەمی تشتێ. زۆر جاران بێ ئەوەی ئاگای لەخۆی بێ بەتوندی قاچی لە زەوی دەدا. هەروەک چۆن لەنێو چیا بڕوا ئاوابوو. هەنگاوەکانی بەناڕێکی دەهاویشت! سەیری شەقامەکەی دەکردو سەری لەگەڵ بادەدا.!

ماوەیەک ئاوا گەڕا. زۆر خەڵکی نەناسیاو لایدەی بینی. هی زۆر گوندانی بەرچاو کەوت. بە سەرسامی تێیان رادەما. ئازارێک لەناخەوە نوقورچەی لێدەدا. لەنکاوڕا... وەک ئەوەی هێزێک پاڵ بە گێلەشوکەکەوە بنێ پەنگاوەی دایەوە، خەڵکەکە وەک جم جمە سوڵتانی تێک هەڵقژا قژا. بەگاوێ توانەوەو هەریەکە خۆی خشاندە کونی ژوورەوە. هێندەی نەبرد ئەو ناوە وەک گەسکی لێدرابێ تاقە کەسێکت نەدەبینی!

دەنگە دەنگەکە نەماو خامۆشیەکی  پڕ ترس ئەو ناوەی گرتەوە.!

هۆمەر نەیزانی چی روویدا. کە ئاوڕی دایەوە لە کۆلانێکی چۆڵ زیاتر هیچی دیکەی نەبینی. تەنیا لە هێندێک دەرگا نەبێ. چەند چاوێک لە کەلێنیانەوە سەرە دیقانێی دەکرد! بەری خۆی دایە ئەو شوێنەی کە نیگای ئاراستە دەکرا. چەند چەکدارێکی بینی. هەر چەندە چەکدارەکان هەموو یەک جۆرە جلک نەبوون!!! لەبەر چاوی ئەوان یەک جۆر بوو هەر بەیەک جۆری تێدەگەیشتن!

دەرکی بەنهێنییەکە برد. بۆیە رووی قاچەکانی وەرچەرخاندو هەوڵی زورینەوەی دا. بەرچاوی تاریک ببوو رێگاکە لەبەرچاوی گەمەی دەکرد. نەیزانی بۆ کوێ بڕوا. خانوەکان هەمووی وەک یەک بوون و لەسەر یەک شێوە بنیات نرابوون. لەکۆلانێک وەرچەرخا. بەپەشۆکاویەوە سەیری دەرگاکانی کرد. لە یەکێکیان رابۆی دایکی بینی. خۆشیەک دڵە غەمبارو پڕ ترسەکەی گرتەوە. کە گەیشتەوە ماڵ ماندووبوونێکی زۆری پێوە دیار بوو. لەگەڵ وەستانی ئاوڕی بۆ دواوە دایەوە. رابۆ بە دەنگێکی لەسەرخۆو زبر گوتی:

–هۆمەر ... کوڕم بۆ کوێ چووی.. چ بیرکردنەوەیەکی رەش وا راپێچی کردی!

–حەزم کرد شوێنەکەمان ببینم، ئەگەنا چ بیرێک من راپێچ دەکا، منی بەلەنگاز....

–ئۆ هۆی... کورپێژگەی ئازیزم چۆن دڵت دێ بەو کلۆجە باخێوی.. هێوی برمەبە.. هەموو تاڵیەک شیرینی لەدوایە. با بچینە ژوورەوە. ئەوانە دار لە دەستن و لەخوا ناترسن. ئێمەش تەنیا تۆمان هەیە. لە تۆو ئەو خوایە زیاتر کەسی دیکە گومان نابەین. وەرە ژوورەوە..

نەیدەزانی چۆن خۆی لەگەڵ ئێرە رابێنی! بۆی دەرکەوت کە چەندەی مل بۆ دوژمن کەچ بکەن داواکاریەکانی زۆرتر دەبێت. زیاتر نینۆکی لە قورگیان دەچەقێنێ... دڵنیا بوو بە ماوەیەکی کەم فێری ژیانی ئێرەش دەبێ هەروەک چۆن لە ژێری راهات! کە بە گوێرەی ئەو دۆژی سەر رووی زەوی بوو! بەرایێ لەوێش وایدەگوت. بیری لێدەکردەوەو نەدەشیا خۆی لەگەڵ بگونجێنێ. ئەو فێری ئاخ و هەوای زۆزانێ بوو چۆن لە گەرمەسێرو بێروونێ هەڵیدەکرد! پاشان خۆی لێراهات و ژیاش! بگرە زۆر جاران هەستی بە خۆشیش دەکردو هیوای لە دڵ دا دەگورا. ئەو کاتەی هاتەوە یاد کە هەواڵی گەرانەوەیان بۆ ژووری لەنێو پارڤە بوو. واشاگەشکە بوو هێندەی نەمابوو لە خۆشیا زار پێک داداو بمرێ! هەواڵەکە بە گوێرەی ئەو کەم نەبوو. گەرانەوە یانی لەدایک بوونەوە... یانی ژیانەوە بوو بۆ ئەو. کە هاتە ئێرەش هەستی دەکرد سەر لەنوێ لە کونجی زیندان ئاخنراوە، زیندانێکی گەورەتر. بەلاَم ئەوەندەی باش بوو بۆنی واری خۆی لێدەکردو هەستی دەکرد لەنێو هاوزمان و هاوخوێنی خۆیەتی. بۆنی گوندەکەی دەهات.

خۆی گێژو وێژ دەهاتە بەرچاو. بەرانبەر ئەو هەموو ئەژواریە خەریک بوو چۆک دابدا. لە هیکرا شەرمی لەخۆی کردەوە. لە دڵی خۆی گوتی:

–ئای هۆمەر... بۆ وات لە خۆت کردوە. دانووی مێردان بەپشی دەکوڵێ. تۆش پشیت درێژکە. دان بەخۆتدا بگرە. مردن باشترە لەوەی لەبەرچاوی دایک و ژنەکەت دەمچەفت و ناپیاو وەدیار کەوی! خاترجەم بە ئەو کڵۆڵیەت زۆر شتت لە کیس دەدا. شتی وا کە هەتا هەتایە نازوریتەوە. نازوریتەوە نازوریتەوە. هەرچیەک بکەی. وەکو دێوان کێو بە کێو دابدەی. هەرگیز نازوریتەوە. پیاوەتیو مێرخاسیت چۆن ڕێگەت دەدا بەم لەگوینە رەفتار بکەی. بیرێک بکەوە، پیاو لە تەنگانە بە دیار دەکەوێ.

هێزو گوڕی دایە بەر خۆی. تەکانی داو بە گورجی هەڵسایەوە.سەیری شمەکەکانی کرد. شڕو شەپڕێو هەریەکە لەلایەک کەوتبوو. دەستی بە ڕێکخستنیان کرد. ئەوانی دیکەش کە ئەویان ئاوا بینی هەر یەکەی دەستی دایە بزگوڕێک. بە کاتێکی کەم ماڵەکەیان ڕێکخست.

هەستی بەماندوو بوونێک کرد. لەگەڵ ئەوەش دانەنیشت و بۆ دەرەوە هەنگاوی نا. خۆشیەک... شادیەک.. شتێکی لەو بابەتە خەریک بوو لەنێو ئەو هەموو ژانە سەری قیت دەکردەوە. کۆڵانەکە لە هێندێک جێگا چۆڵ بوو. لە هەندێ جێگەی تر خەڵک وەستابوو. کە هێشتا تۆزی ڕێگەیان هەر پێوە بوو!

یەکێک لە دوورەوە وەدیارکەوت. بەلەزی دەڕۆیشت. کە سەرنجی دایە ناسی. کابرا بە تەنگەتاوی بە تەنیشتی رابورد. زانی نەیبینی. بۆیە بە دەنگێکی بەرز گازی کرد. قادر چاوبۆقانی کە گوێی لێبوو

هەروەستەیەکی کردو ئاوڕی دایەوە، کە هۆمەری بینی بە حەپەساویەوە لێی چوە پێشەوە:

–هۆمەر... ئەوە تۆی. بگەرە فریام چاوەکەم. بگەرە فریام. ئاسێی کچم لە گیانەڵادایەو خەریکە دەمرێ. تووشی دەردێک هاتوە نازانم چییە. بگەرە فریام هۆمەر. بێکەسین و دەبێ بەهانای یەکتربچین. ئاسێ لە ئاویلکەدایە.. سۆنگەکەشی نازانم! لەو کاتەی گەیشتووینەتە ئێرە هەر دەناڵێنێ. منداڵەو بێ ئاوەزە ناتوانم بڵێم نامۆیی گوندی دەکا. ئەگەنا بەو خوایەی لە ژوور سەرمانەوەیە من هەر ئەوە بە ئەگەرەکەی دەزانم. پنچکە گیایەو لە خاکی خۆی هەڵکەنراوە. دەترسم لێرە شین نەبێتەوە... وای دەترسم هۆمەر... هەرگیز کڕنابێتەوە. ڕەنگیشی گۆڕاوە. ئەگەر لە راستی لانەدەم بنێسی پێوە دیارە. مانگ لە چواردە حەوجە بە ئەنگوست ناکا. ئەمەش ئاوا بە روویەوە دیارە. ئاخ هۆمەرۆک بگەرە فریام. کوا دایکت. کوا رابۆ... ئەگەر ئەو چارەیەکی بکا!.

هۆمەر ماوەیەک تێی راما.. بەزەیی پیاهاتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ بڵێ لەگـەڵی کەوت و بەجووتە چوونە کن رابــۆ. پاشان هەرسێکیان بۆ ماڵی قادر چاو بۆقانی بەرێکەوتن.

هەنگاوەکانیان وەک چەقۆیەکی تیژ رێگاکەی دەبڕی. شتاقیان سەیری ئەوانی تری نەدەکرد. قادر لەبەردەم خۆی هەر ورتەی لێوە دەهات:

– برای پشتێم هۆمەرە. باوەڕ بکە لەتۆ بەولاوە کەسی دیکەم گومان نەبرد هانای وەبەر بەرم. دەم و دەست بیرم لەتۆ کردەوە. هۆمەر.. ئاسێ لە ئاویلکەدایە. دەترسم خاک و خۆڵی ئێرەی بەنسیب بووبێ.

چیبکەم..! رابەکە بلێ چیبکەم. راستە ژیان و مردن بەدەست گەورەی گێتییە. بەڵام ئەمجارەیان قەت ئەقڵم نایبا چاک بێتەوە. هەزار ئاخ و داخ هۆمەر لە ئاوارەیی سەر دەنێتەوە. ئەوجا کە دەزورینەوە گوندەکەمان هیچ گڵکۆیەک گومان نابەم یادی ئاسێی پێبکەمەوە. رۆژانی هەینی بچمە سەرگۆڕی تێر لەگەڵی باخێوم.

هۆمەر ئەگەرچی بەرایێ بایەخی بە ئاخاوتنەکەی نەدا. کەچی ئەم چەند پەیوەی دوایی سەرنجی راکێشا.

–بێدەنگ بە قادر... چیتر ماخێوە.. سەری زمانت بەکشتەکەکی توند ببەستە. زورینەوەی چی. بۆ پێت وایە جارێکی تر چاوت بە گوندی دەکەوێتەوە! ترحێو... گەلحۆ. بەخوا تا ماوی دەبێ هەناسەی بۆ هەڵکێشێ. ئاخی بۆ وەبادەی. بەرایی ساڵحۆک هەموو شتێکی پێنەگوتن! کەس باوەڕی نەکرد. دەتانگوت ئەو پیرە خەلفاوە.... من پێمنەگوتن.دەتانگوت ئەو دەمرووتە چییەتی. وەدوو ساڵحۆک کەوتوە!.

رابۆ بەم گلیانە غەیدی:

–چییەتی قادر.. چییەتی بۆ وا پەشۆکاوی.. زارۆیەکەو ماندوویەتی رێگا کاری تێکردوە. یانی جگە لەمە دەبێ چی بێ... دەشێ هەوا گۆڕیش بێ.. .ئا... ئەمەش دەگونجێ. هەوا گۆڕی کار لە زەلامان دەکا نەخەسەلە ئەو منداڵە!.

قادر ئەم ئاخاوتنەی پێخۆش هات. بۆیە هەڵیدایێ:

–زار خۆش رابەکە... تۆ بڵێی وابێ!؟ خوا بە زارت دابڕۆنی... وەکو دەڵێن وشەی شیرین لە بەهەشتەوەیە. زار خۆش رابەکە. هەرچەندە تۆ دنیادیتەی، لەمن زێتر دنیات دیوە. بەڵام نازانم بۆ دەترسم. دەترسم رابەکە زۆر دەترسم. هەتاوەکونێ رەنگ زەردی و بنێسییەکەی نەبینی لە واتای پەیوەکانم ناگەی!.

–کورە قادر پیاو بە. پیاو.. پیاو چۆن ئاخ بۆ بستە منداڵێک هەڵدەکێشێ. ئاخ وەبادان تەنیا بۆ ئاخ دەشێ. بۆ گوندە جوان و قشتەکەمان. بۆ رەزو باخە سەوزەکان. بینایم دایێ... خۆزیا پێمەردەم بەم دوو چاوانەم دیبوا ئەوەم نەدیبوا. ئەدی قادر ئەدی، پیاو بەو وەکو پیاوان رەفتار بکە. ئەو شوێنەت لەدەست چوو کە ئاسێی لێهاتە دنیا. سووت لەو بەهەشتە نابێتەوە ئاخ بۆ بستە منداڵێک هەڵدەکێشێ.

هۆمەر ئەنریو بێزە نیگایەکی گرتە قادر، ویستی وەرامی بداتەوە کەچی بێدەنگ بوو. لەسەرەوە بێدەنگ بوو لە ناخەوەش وەکو دارێکی نەوت پێداکراو گڕی سەند. ئەگەر دەمی دانەخستبوا لەوانە بوو لە دوورەوە گوێت لە قرچەی درانەکانی بێ.

–هێی.. پیاو.. جا قادر کەی پیاو بوە هەتاوەکونێ ئەمڕۆ پیاو بێ.. لەگەڵ کێ داخێوی!...

قادر درێژەی پێدا:

–رابۆ گازاندەم لێمەکە ئاسێم زۆر خۆش گەرەکە. دەترسم لە

پەڕاگەندەیی چاو وێک بنێ و خاکی ئێرەی بە نسیب بووبێ.

رابۆ بە لچ خواریەکەوە تەماشای کردو هیچی نەگوت. وەک ئەوەی وەرام دانەوەی بە زێدە و بێ سوود بزانێ.

کە گەیشتەماڵیان.قادر چاو بۆقانی چۆنی دەگوت ئاوابوو. ئاسێ رەنگی ئاسای نەبوو شێوەشی گۆڕابوو. لەسەر پشت درێژکرابوو پارچە ئەنگۆرەیەکیان پێدادابوو. چاوەکانی نوقابوو. رابۆ چوە ژوور سەریو بە خۆشەویستیەوە دەستی لەسەر  هەنیەی دانا.گەرم داهاتبوو. سەرەتا ئەویش وەکو قادر ترسێکی لەدڵ گورا. دوای ئەوەی ماوەیەک تێی راماو پەنجە ناسکەکانی گوشی. زانی شتەکە ئاساییەو هیچ نییە. منداڵەو بەرگەی هەوا گۆڕینی نەگرتوە! بە ماندوو بوونەوە قینگی گەیاندە زەوی. رووی لە نەخشینی ژنی قادر کرد. کە بەچاوی سووری تژی رۆندک لە دیار کچەکەی هەڵکورمابوو:

–نەمگوت... ئەدی چاوەکەم.. نەمگوت ماندوو بوونی رێگایەو هیچ نییە. هەرکە قادر باسی کرد زوو زانیم. یەکسەر تێیگەیشتم.. ئەدی دایکم نەخشین یەکسەر تێیگەیشتم. ئێوەش دەبوایە زوو بتانزایایە. بستە منداڵێکەو بەرگەی ماندوویەتی رێگەی نەگرتوە. دەزانن چ رێگایەکمان بڕی. وایان تووڕ هەڵنەدابوین کەس بزانێ. نەختێکی دیکە بڕۆیشتبواین دنیا دیماهی دەهات! وای لەو گاور بابانەی.. ئای لەو زوڵم و زۆرداریەی.. ئاسمان قبووڵی نەکەی.. خوایە هەڵینەگری.

نەخشین ئافرەتێکی باڵا بەرزی بنێس بوو. سۆڵێکی لاستیکی رەنگ سەوزی بەسەر پەنجەکانی وەکردبوو. دەستەو ئەژنۆ دانیشتبوو لە کچەکەی رادەما. زۆر شتی بزرو نادیاری لە ئادگار دەخوێندرایەوە..

بەزار هیچی نەدەگوت. بەڵام خەمێکی ئەستووری بە روو وەنووسابوو. هەموو هەستیان بەو خەمە کردبوو. رووە پاک و بێگەردەکەی نەخشین هی ئەوە نەبوو شتی لێوەشێردرێ. نەخشین مرۆیەکی بلەوەزو رەووشت بەرز بوو. ئەگەرچی بە درێژایی تەمەنی وەکو خەڵکی دەڤەرەکەی هەر لەنێو ئاژاوەو شەڕو شۆڕ دابوو. قەت وەکو ئەو رۆژەی نەدیبوو...

نیگاکانی هۆمەر ئاسێیان بەرزەفت کردبوو لەسەری وەلا نەدەکەوتن.

–ئاسێی بەستەزمان چیکردوە هەتاوەکونێ بەم دەردە بچێ. سەیری ئەو ئادگارە بێتاوانەی چەند تاولێچوو زەرد هەڵگەڕاوە! هەمووی تاوانی خۆمانە. دار کرمی لەخۆی بێ زیانی هەر بۆ خۆیەتی... بۆ کەسی دیکە نیە! سەیرە... تا ئێستا بە گژ کەس نەچووینەتەوە.. پەلاماری کەسمان نەداوە. دەست درێژیمان بۆ سەر ماڵی کەس نەکردوە. هەموو خەڵکمان خۆش ویستوە. بارتەقای ئەو چاکەو پیاوەتیە ئەوەی هاتوە مشتە تەنیەکی خستۆتە دەروونمان. وەکو کێڵگەی تاقیکردنەوە، تاقیکردنەوەیان لەسەر کردووین. هەتاوەکونێ بەرانبەر یەک رەش بین! پێویستە ئەوە بزانین مرۆ تا دژوون نەبێ پێویستی بە خۆ شوشتن نابێ! ئێمەش رێگەی خۆ شوشتنمان لەبەرە. ژیانیش وا پەیتا پەیتا هەناسەی دێت و دەچێ!.

قادر چەند پەیوێکی وەکو پەلە بەرد خستە گۆمی ئەو بێدەنگییە:

–رابۆ... تۆ پێت وایە چاک دەبێتەوە؟!.

–بەسیەتی قادرۆک بەسیەتی.. بۆ وا رەشبینی.. ئەی بۆ چاک نابێتەوە.

نەخشین کە ماوەیەک بوو بێدەنگ بوو وەدەنگ هات..

–هەردەم ئاوابوە. رۆژێک نەمدی زاری بەچاکە بجولێ... تروسکەیەک ببینێ.

هۆمەرۆکیش بەشداری کرد:

–لە دیماهی تەنیا خۆی زیان دەکا. ویژدانی خۆی بریندار دەبێ. بەرایێ هەموو شتێکی دەزانی... وەلێ هیچی بەهەند هەڵنەگرت!.

هەموو بەسەرساممییەوە سەیری هۆمەریان کرد. نەیانزانی باسی چیدەکاو مەبەستی چییە! رابۆ رووی خۆی بۆ لای وەرچەرخاند:

–ئەوە چیدەڵێی... باسی چیدەکەی؟!.

رابۆ ئەمەی گوت لەکاتێکدا لە دڵەوە زانی مەبەستی چییەو پەلاری ئاماژەی چ دەکا!

لەو دەمەدا ئاسێ چاوی هەڵێنا! بەترسەوە لە هەموان راما. وەک ئەوەی راونرابێ گشت گیانی دەلەرزی...

نەخشین لەخۆشیا گەشایەوە

–کۆرپەکەم.. جگەرگۆشە ئێسک سووکەکەم.. کوێت ژان دەکا، دایکت بەلاگێڕت بێ کوێت دێشێ؟! کچۆڵە ئاوارەکەم شتێک بدرکێنە!.

رابۆ سەیری نەخشینی کردو تێی را خوڕی:

–وەلاچۆ نەخشە وەلاچۆ. زارەترەکت کرد.وازی لێبێنە با پشوێک بدا. خەریکە تووشی سەرگەردانی دەکەی.. نەمگوت منداڵەو بەرگەی ماندوویەتی ڕێگای نەگرتوە. نەمگوت... ئەی قالە نەمگوت. دەمزانی هیچی نییە.. وەلێ ئێوە.. ئاخ لە دەست ئێوە! نازانم چیتان پێبڵێم. من دەزانم هیچی نییە. وانییە ئاسێ... وانیە کیژە بچکۆڵەکەم.. هەنوکە چاک بوویتەوە وا نییە. هیچ شوێنێکت نایەشێ وانییە؟ ئا... دەزانم، بەڵام چی بەو دایکە شێت و شوورەت بڵێم.

قادر کە بۆیەکەم جار بوو بزە روخساری دەگرتەوە گوتی:

–ئەوە پشتی ئێمەو داری تۆ.. لە ئاست دایکی گەورەی خۆمان دەست بەستراوین.. ئەی وانییە نەخشە؟.

دوای چاوهەڵێنانی ئاسێ ناسۆرو خەم لەدوندی دڵی وان واژی بوەوەو هێدی  هێدی خۆشیەک جێگەی گرتەوە. کەدڵنیا بوون هیچ ترسی لێنەما. هۆمەرو دایکی خواحافیزیان کردو بەرەو ماڵ گەڕانەوە. بەر لەوەی بگەنەوە ماڵ دەنگێک رایگرتن. کە ئاوڕیان دایەوە مەجید بوو. لە دوورەوە گازی هۆمەری دەکرد.

–چیت کرد هۆمەر.. پارەت وەرگرت؟!.

–ئاگام لەهیچ نییە، هەر چۆنێک بێت من پارەم گەرەک نییە!!!.

–ئارەزووی خۆتە... بەیانی ئێمە دەچین.

هۆمەر هیچی تری نەگوت. هەنگاوەکانی وا بەتووڕەیی نا دەتگوت هەنوکە ڕێگاکە دەکاتە کڵافەیەک و رایدەکێشێ. لەگەڵ چوونە ژوورەوەی بەلەزی چوو لە قوژبنێک هەڵکوڕما سەری بە دیوارەکە کرد.

کەژێ لێی نزیک بوەوە بە سۆزەوە دەستی بە ئاخاوتن کرد:

“چی بوە هۆمەر... بۆ وا تووڕەی. سۆنگەی ئەو خەمباریەت چییە. وەرام بدەرەوە.

هۆمەر بە هەڵچوونێکەوە گوتی:

–ئەو ناپیاوە زۆر بێ شەرمانە باسی وەرگرتنی پارەی کرد. پارەی خوێنی خاکەکەم. پارەی خوێنی دارەکانمان. نازانم بە چ چاوو ڕوویێکەوە ئەمەی گوت!.

کەژێ تاوێک داماوو پاشان گوتی:

–مەجید ڕاست دەکا! ئەمە ڕاستەقینەیەو دەبێ دانی پیابنێی. ژیانی ئێمە تازە وای لێهات. گەر بەو ژیانە رازی نەبوی، بەرایێ دەبوا دەستت نەدابوا. نەهاتبای. وەک مەحمود ماڵ و منداڵت نەخستبوا دەست ئەو زۆردارانە. ئەو کاتەمنیش لەگەڵت دەهاتم. تۆش چاک دەزانی هەرچیەکت کردبوا لەگەڵت بووم! هەروەک چۆن هەنوکەش لەگەڵت دام.. ئەدی هۆمەر، هیچ دڵ لە دڵ مەدە. ئەمە ڕاستەقینەیە... مرۆش بەرانبەر ڕاستەقینە نە شێ چ بکا. ئەگەر بەو ژیانە رازی نەبووی بەرایێ دەتتوانی....

–بەسیەتی کەژێ بەسیەتی. وەرە نینۆکت لە جگەرم گیر بکە ،

تەنیائەو برینەم مەکولێنەوە.. بەسیەتی.. تکات لێدەکەم بەسیەتی.

–خەمبار مەبە. من هەرگیز مەبەستم ئازاردانی تۆ نییە. چۆن دڵم بەرایی دەدا. کەست دیوە حەز بەخەفەتخانی گراوەکەی بکا. کەست دیوە حەز بە خەفەتخانی مێردەکەی بکا. بلێ هۆمەر بۆ وابێدەنگ بووی، هەتا ئێستا کەست دیوە؟! ئەمە راستەقینەیەو ژیانەکەمان ئاوای لێهاتووە. نەبەدەست تۆیەو نەبەدەست منە...!

رابۆ کە وێدەچوو خۆی لێگرتبن، یەکسەر چوە ژوورەوە:

–کەژێ راست دەکا. راستەقینە لەهەموان زەلامترە. هەرچی بڵێی

پوولێکی سووتای ناهێنێ. ئەمە راستەقینەیەو دەبێ ملی بۆ کەچ بکەی. خۆ زویر کردن و لاملی پێناوێ. قوڕەکە بۆ سەری هەموان وەکو یەکە!

هۆمەر هیچی نەگوت. بەلەزی چاوەکانی داخست و کەوتە بیرکردنەوە:

–لەوانەیە راست بن. مەجید کاتی خۆی هەڵوێستی وەکومن بوو. وەک من ناڕەزایی دەربڕیو لێی درا... بەڵام وادیارە ئەوانە هێشتا باوەڕیان بە چابوونی ژیان هەیە! مادامەکونێ لە گوندو وارێ خۆ دووربین چۆن ژیانمان باش دەبێ؟! نازانم چۆن! هەر گەڵایەک لە تایتەرازوو هۆقە زێڕێک دەبەزێنێ. دە هێندەی ئەویش دەبەزێنێ! لەگەڵ ئەوەش دایکم و کەژێ راست دەکەن. ئەمە راستەقینەیەو دەبێ مل کەچ بم! رازی بم و رازی نەبم ئاوایە... هیچم بۆ ناکرێ. هەنوکە ئەگەر بیری زورینەوەش

بکەم ناتوانم هیچ بکەم! ئەگەر نیازی گەڕانەوەشم هەبێ نازانم چ توولە ڕێیەک بگرمە بەر...!.

کە بیری لەمە کردەوە گشت گیانی کەوتە لەرزین. چەند جارێک دۆزەکەی لەمەژی ئەم لاو ئەولا پێکرد. پەیوەکانی کەژێ و دایکی لە هەموو لایکەوە راست بوون. شتەکە راستەقینەبوو. جگە لە خۆدانە بەر شەپۆلی رووداوەکان چاری دیکەی نەبوو. نەیدەتوانی بە گوێرەی ویست و ئارەزوەکانی خۆی رەفتار بکا! سەربەستانە هەرچیەکی گەرەکی بێ ئەنجامی بدا. تێگەیشت یەکێ لەتایبەتیەکانی ئەو ژیانە لە کیس دانی سەربەستیە بە نرخەکەیەتی!!! زۆر زگارو دڵ تەنگ بوو. کەچی راستەقینە لەو مەزنتر بوو. بۆی دەرکەوت لێرە تاقە هەنگاوێک حسێوی بۆ دەکرێ و دەخرێتە بەر میکرۆسکۆب! رۆژ بە رۆژ تاری شتەکەی زێتر بۆ وەدیار دەکەوت. بەرەو رووی کۆسپی گەورەتر دەبووەوە! لە هەنگاوە سەرمەستەکانی گەورێک بەری قاچەکانی دەگرت و هەوساری دەگرتەوە. تووشی سەرگەردانی و سەرسامیەک ببوو. کە دەکەوتە هەر ئەژواریەک. وای بۆ دەچوو ئەگەر لەو دەرباز بێ ئیتر تەواو رزگاری دەبێ. کەچی

هێشتا ئەوی چارەسەر نەکردبوو کە یەکێکی تر سەری قیت دەکردەوە!

ئەو پەشێویە دەروونیەی لەو ماوەیەدا تووشی ببوو بە درێژای ژیانی تووشی نەهاتبوو. لەوێ... لە گوندە جوان و قەشەنگەکەی نەیدەزانی مانای خەم چییە. گەورەترین ئەستەنگ بەقەد گچکە ترینی ئێرە ئازاری نەدەدا. ژانەکانی ئەوێ لە خۆشیەکانی ئێرە بە چێژتر بوو! بۆیە تا

دەهات پتر گومڕەشی بەساڵحۆک دەبرد. کاشکێی دەخواست کە ئەویش وا بە دڵنیاییەوە لە گۆڕستانە بچوکەکەی گوندە خنجیلانەکەیان. لە گۆڕستانە خنجیلانەکەی گوندە بچوکەکەیان قاچەکانی درێژ کردباو ئانیشکی وێ دابا. وەک ساڵحۆک گوێی لەترپەی دڵی خاکی گوندەکەی گرتبوایە. دەگەڵی بئاخاوتایەو خەمی لەگەڵ پارڤە کردبوا. وەکو جاران سترانی بۆ بچڕیبوایە. ئەو هزرانەی دەکردەوەو لەدڵی خۆی دەیگوت:

–کاشکێ بەخۆت... کاشکێ بەخۆت ساڵحە پیر. باوەڕ بکە هەر کاتێ تووشی هەر ئەستەنگێک بم وەک پیاو چاکی لە دەرگای بیرم دەدەی. یادت دەکەمەوەو گومڕەشیت پێدەبەم. یەژم هەبێ و نەبێ ساڵحۆک دەستی لەگەڵ پێمەردە تێکەڵ کردبوو، بۆیە لەو کاتە ناسکەدا گەیشتە فریای‌و پڕتاو نامەکەی لێسەندەوە، چەپکە گوڵێکی بۆنداری وەبەر تفنکی داهێناو بە ئاسانی.. بەوپەڕی نەرمی‌و لەسەرەخۆ مرواری گیانی دەرهێنا.

ئاوێتەی ئاوو هەوای گوندەکەی بوەوەو لەنێو رەزو باخەکەیان دەستی بەهات و چۆ کرد. ناو لەپی پڕ ئاوی کانی کردو تێری نۆشی لەدارو گەورو زنارو تیشە شاخەکان راما. چوەوە بەرانبەر گوندی. سەیری خانوە بچووکەکەی ماڵی کەژێی کرد. شادیەکی بێ کۆتایی دڵی داگیر کرد. خەریک بوو گرنێژنەک رووی بەرزەفت بکا کاتێ راستەقینە وەک زللەیەک وەبن گوێی کەوت و کسپەی لەجگەریەوە هێنا.. بیری ژیان و خۆ گونجاندن لەگەڵ دەوروبەرەکەی خستیە کۆشی دڵەڕاوکێوە. ئەو جیهانە زۆر ئایری بوو لە جیهانە ئەندێشەییەکەی ئەو. بە خەوشێکی زلی دەزانی  سەودا بەو شتە بکاو پارەی خوێنی گوندەکەی.. پارەی

خوێنی دارەکان.. کۆرپە ساوایەکانی وەرگرێ. ئەوانەی کە بە دەست باوک و باپیریو باپیری باپیری چاندرابوون.

هۆمەر ئاوای بیر دەکردەوە. بەشێکی زۆری خەڵکەکەش مرخێش مرخێشیان بوو بۆ پارە وەرگرتن، کۆ دەبوونەوەو کۆمەڵ کۆمەڵ بەرەو شار بەڕێ دەکەوتن.

کە ئەمجارەیان چاوی خستە سەر یەک... چەند دەنگێک لەنێو مەژی زرنگایەوە. دەنگێک وەک بۆزی رەوان بەخێرای هات و لەوانەی دیکە بەرزتر بوەوە.

-ئەو پارەیە ناکاتە نرخی یەک بنە گوێز، کەی ئەمە رەوایە؟ ئەو رەزە گەورەیەی من چۆن بە پارە دەقرسێنرێ. ئەو پارەیە ناکا بڕیاری ساڵێکی بنە گوێزێک.

لەگەڵ ئەوە سەری باداو مشەیەکی لێوە هات. لە دڵی خۆی گوتی:

-نەخێر.. نا بەخوا ناکا بڕیاری بنەگوێزێک. چما گەنجینەی هەموو دنیا بشکێنن و وەبەرمانی ببەخشنەوە دەکا خوێنی بنەگوێزێک نا... نەخێر... هەرگیزاو هەرگیز ناکا. بەڵانەکەونێ چیدەکەی... چۆن بەرەنگاری ئەو زۆردارییە دەبیەوە؟.

خاترجەم بوو شێوازی بیرکردنەوەکەی دروست بوو، کەچی هیچی بۆ نەدەکرا. نەدەشیا بای تۆزقاڵێک کار لە راستەقینە بکاو بیگۆڕێ. هەمی تشت وەبەرەواژووی خواست و ویستی ئەو بوو. کاروانی رۆژگار رێی ئارانێی گرتبوە بەر لەکاتێکدا ئەو قۆناغی لە زۆزانێ بوو. زۆری

حەز دەکرد چۆنی گەرەکیەتی وای ببا. وەلێ ئەو حەزکردنەوەی وەک ئەوە بوو شەپۆلی دەریا بەرزەفت بکاو بەرەو سەرچاوەکەی وەگێڕێ.

ئەو لەدنیای ئاوەزو راستەقینە دابڕابوو لە ئەندێشە دەژیا. هەرچی خەڵکەکەی دیکە بوو. ئەوا بەیانیان لەگەڵ گزنگ سواری خۆش بەزۆک دەبوون و بەرەو شار بەڕێ دەکەوتن. ئەو رۆژانە بەر دەرگای خەزێنەی دەوڵەت ئاپۆڕەیەکی وای بەخۆوە دەگرت دەرزیت هەڵاویشتبوا، بە زەوی نەدەکەوت. خەڵکی ئاکنجیەکان کە هی گوندەکانی باکور بوون روویان تێدەکرد. هەتاوەکونێ پاش نیوەڕوانێکی درەنگ بەچاوەڕوانی کردن دەمانەوە. ئەوەی کاری تەواو دەبوو دەڕۆیشت. ئەوەی دیکە ناچار دەبوو رۆژێکی تر بگەڕێتەوە. رۆژانە ئەو هات و چۆیەی نێوان شارو ئاکنجیەکان بەردەوام بوو. خەڵک دەچوون و دەزورینەوە. قسەوباس و خواسیان لەگەڵ خۆ دەبردەوە. شتی سەیرو سەمەرەیان دەربارەی شار دەگێڕایەوە!.

رابۆ بەرانبەر، پێداگرتنی کوڕەکەی تووشی دڵەڕاوکێیەکی سەخت ببوو. هەر داخاوت و داخاوت... چشی لە دەست نەدەهات.

–هۆمەر بۆ وامان لێدەکەی.. کوڕی خۆم بۆ وامان لێدەکەی. تۆش سای ئەم خەڵکە. خۆت بڵێ ئەگەر نەچین بەچی دەژین. مار نین بەخۆڵ بژین و پێویستمان بە خەرجی نەبێ. ژیان لێرە ئەستەنگە.. برۆ کوڕم تۆش سای ئەم خەڵکە.

کەژێش هەمان رای رابۆی هەبوو. بۆیە کاتێ رابۆ بێدەنگ دەبوو ئەو دەستی پێدەکردو بەهەمان قەوان لێی دەدایەوە:

–هۆمەر دایەت ڕاست یەژێ. تۆش سای ئەم خەڵکە. ئەرکی ئەو خێزانە لە ئەستۆی تۆ دایە. ژیان لێرە گرانە... بینایی چاوەکەم دایەت ڕاست دەکا. چارەنوسەو لە تەوێڵمان نوسراوە. هەرچیەک بکەین ناتوانین لێی دەرباز بین! بڕۆ تۆش سای ئەم خەڵکە بزانین ڕۆژگار بۆ کوێمان ڕاپێچ دەکا. بەرەو کام سووچمان دەبا. بڕۆ هۆمەر ژیان لێرە گرانەو ئەرکی ئەو خێزانەش لە ئەستۆی تۆ دایە..

هۆمەر دەمێ سەیری دایکی دەکرد. تاوێ لەزاری کەژێ رادەما. بێتاوانی تیا بەدی دەکردن. زۆر بەزەیی پیا دەهاتنەوە. حەزی دەکرد دڵیان نەڕەنجێنێ و داخوازییەکەیان بهێنێتە جێ. لە هەمان کاتدا ویژدانی ئازاری دەدا. پێی تاوان بوو پارە بارتەقای رەزو باخەکەی وەرگرێ، سەرسام ببوو نەیدەزانی کام ڕێگا بۆ دوندی ڕاستی ڕاپێچ دەکا.لەوکاتەدا ئەوەی توانیبووی بەبێدەنگی کاری لێبکا تەحۆ بوو. جگە لەکزە نیگایەک، نەهیچی دەکردو نەهیچی دەگوت!

کەژێ نەختێ لێی چوە پێش:

–بۆ وابێدەنگ بووی هۆمەر... بۆ ناخێوی؟! گوایا گوێت لەناورانەوەو تکای ئێمە نیە؟! باخێوەو شتێک بڵێ. ئەگەر بە نا ڕاستمان دەزانی کەرەم کە ڕێگایەکمان پێ نیشان دە! هیچی تر ناڵێم... تەنیا هێندە بەسە ئێمەش وەکو تۆ مرۆینەو هەست و سۆزمان هەیە! وەکو تۆ لەخاکی خۆمان هەڵکەنراوین. بەرد نین، هەموو شتێک دەبیەین و دەبینین. وەلێ چیدەکەی... ئێمەش سای ئەم خەڵکە....

که له قسەکەی بوەوە، فنەیەکی لێوەهات و لەپڕمەی گریانێی دا، پاشان درێژەی بە گلیەکانی دایەوە:

–وا دیارە رۆژگار تۆی گۆڕیوە! لەبەر هەندێ بایەخ بەمن نادەی. ئامادەنی گوێ بۆ پەیوەکانم رادێری. بەزەییت بەمندا نایەتەوە. ئاوا گراوەکەت پشت گوێ خستوە. ئەو گراوەی وەکو خۆت دەتگوت فێنکایی دڵتەو ئاساییە لەکنت گیانی خۆتی بۆ گوری بکەی! سەد کەڕەتم ئەمە لە زاری خۆت بیە. ئەو گراوەی وەکو خۆت دەتگوت بۆ ئەو دەژیای. هەنوکەش گوێی لێناگری. لەکاتێکدا پێویستی بەدڵدانەوە هەیەو لەبەرت دەناورێتەوە. بۆ وا هۆمەر.. بۆ؟!

– "نا کەژێ... نا. هەرگیز وا بیر مەکەوە. من قەت وا نیم و وا نابم. هەرچی دەڵێی قەینا تەنیا بەبێ ئەمەکم تێمەگە. پێویستە تۆش من ببینی!.

رابۆ بە توانجێکەوە گوتی:

–پیاو...! ترحێو قەت مرۆی وا دەمچەفتم نەدیوە. تڕحێو رابە کوڕت بەخێو کرد. لەوانەیە لەنێو خەڵک بە خۆت بنازیو بڵێی کوڕم هەیە.. تڕحێو.

یەکەم جار بوو رابۆ ئاوای لەگەڵ باخێوی. ئەو پەیوانەی لەکن زۆر نامۆ بوو! شەرم بردیەوەو نەیزانی چۆن بەرپەرچی ئەو هەڵوێستە بداتەوە. لەلایەک دایکیو لەلایەکی تر ژنەکەی! تا ئەو دەمە لەبەفر سپی تریان پێنەگوتبوو. ویستی شتێک بڵێ... جا هەر شتێک بێ. تەنیا هێندە

هەبێ بتوانێ درێ بەو بێدەنگیە خنکێنەرە بدا کە خەریک بوو درێژەی دەکێشا.

–گوللە بە تاریکیەوە مەنێ دایکی خۆم. گوللە بەتاریکیەوە مەنێ..

تۆ سەرت لەم شتانە دەرناچێ!.

–تۆ سەرت لێدەردەچێ وانیە!؟ ترحێو کورێژگەکەم... خاترجەم بە ئەوە هەڵەیەکی زل و زەقە نەک تێگەیشتن. ئەدی کورێژگەکەم... کەی بیرکردنەوە ئاوا دەبێ!.

کەژێ گوتی:

–هۆمەر دایەت راست دەکا. تۆش سای ئەم خەڵکە برۆ پارەکەت وەرگرەو بزانە چ دەبێ!.

هۆمەر تاوێ داما. نیگایەکی تێبرێو هیچ وەرامێکی نەدایەوە. هەڵسایەوە لەسەرەخۆ چوە دەرەوە، دنیا ئەنگۆرە بوو. ئاکنجیەکە چۆڵ، کەس لە دەرەوە نەمابوو. لەبەر دەرگا وەستاو جگەرەیەکی داگیرساند. مژێکی قووڵی لێداو سەری بۆ ئاسمان بەرز کردەوە. ئاخێکی وەباداو بەپەستی زوریە ژوورەوەو لەسەر جێگاکەی راکشا.

بەیانی هەموو سەرسام بوون کەهۆمەریان بینی خۆی تەیار دەکا. کەژێ و رابۆ ماوەیەک دێکدی رامان. ئەگەرچی بەزار ورتەیان لێوە نەهات. وەلێ بەچاو لەگەڵ یەک ئاخاوتن و لەنیازو مەبەستی ئێکدی گەیشتن.

هۆمەر رووی لە تەحۆ کرد:

-هەرە یەژە مەجیدی چاوەڕێم بکا!

تەحۆ بە بزەیەکەوە سەیری کردو بە راکردن چوە دەرەوە.

کە لەنان خواردن بوونەوە. هەڵسایەوەو بەلەزی چوە دەرەوە. هەرچەندە سپێدەیەکی زوو بوو. وەلێ ماوەیەکی زۆر بوو جولەی ژیان لە ئاکنجیەکە دەستی پێکردبوەوە. خەڵکەکە چۆن راهاتبوون هەروەک خۆیان مابوونەوە. وەکو جاران بەیانیان زوو لەخەو رادەبوون. گورجی و لەش سووکیەکەیان تا رادەیەک لەدەست نەدابوو.

کەگەیشتە نێوەراستی کۆڵانەکە لەگەڵ مەجید روو بە روو بوونەوە. شەرمەزاریەک هێرشی بۆ دەروونی برد. هەستی بە زامدار بوونی پەردەی پیاوەتی کرد! سەری شۆڕ کردەوەو چاوەکانی بە توندی هەڵگڵوفت. بۆ شاردنەوەی ئەو نیشانانەی کە لە ئادگاری پەیدا ببوو. گرنێژنەکی بە زۆر چێکراوی خستە سەر لێوان. مەجید کە بەو شێوەیەی بینی، هەستی بە شتێک کرد. بۆیە هەوڵیدا یارمەتی بداو لەو هەڵوێستەی رزگار بکا. بۆ ئەم مەبەستەش دەستی بە ئاخاوتن کرد:

-بۆ وا گیرۆ بووی! ماوەیەکە چاوەڕێت دەکەم.

هۆمەر بە بزەیەکی پڕ شەرم تەماشای کرد و هیچی نەگوت! هەردوکیان لەتەک یەک هەنگاویان نا. تاوێ لە پێچی کۆڵانەکان وەرچەرخان و پاشان لە نزیک ئاپۆڕەیەکەوە وەستان. هۆمەر گوتی:

–چی بوە، بۆ وەستاین؟

–لێرە چاوەڕێی خۆش بەزۆک دەکەین.

دەنگی خەڵکەکە بە ناڕێکی تێکەڵ بەیەکتر دەبوو. لەنێو دەنگەکان تەنیا ئەم پەیوانە بە ئاشکرا دەبیستران و دووبارە دەبوونەوە:

–دوێنێ نۆرەی بەرکەوت. هەنوکە لەماڵی خۆیەتی!

–نەخێر وا بزانم وەری نەگرتوە

–چۆن زانیت نۆرەی بەرکەوت. خۆت بینیت؟

–خەڵکەکە گەلی زۆرەو وا بەئاسانی نۆرەی بەرناکەوێ!.

–چۆن زۆر نابێ دەزانی لەچەند لاوە خەڵکیان هێناوە!.

–بلێ دەزانی لەچەند لاوە ماڵی خەڵکیان وێران کردوە!.

–نۆرەی بەرکەوت و هەنوکە ماڵێکی شارستانەشی پێکەوە ناوە. شتی زۆر سەیری کرپیوە!.

هۆمەر لەگەڵ گفتوگۆیەکە ئاوێتە ببوو لە دڵی خۆی دەیگوت

–راست یەژن خەڵکێکی زۆرن گشت گوندەکانی ژووری!.

لەو کاتەدا جولەیەک کەوتەنێو خەڵکەکە. مەجید هاواری کرد:

– لەزی کە هات.

هەردووکیان بە راکردن بۆ لای ریمەکە* رۆیشتن. هێندەی نەبرد پڕ بوو دەستی بە رۆیشتن کرد. هۆمەر لە پەنجەرەکەی تەنیشتی روانیە دەرەوە. شەقامەکە بەخێرایی ئەوان بۆ دواوە دەرۆیشت. مەجید تەماشای هۆمەری کردو بەپێکەنینەوە گوتی:

-خەڵکی شار بەمانە هاتوچۆ دەکەن. بۆیە نازانن ماندوو بوون چییە!

-بەڵانەکونێ کاک مەجید من هەر گوندەکەی خۆمانم لەکن خۆشترە. سواری وڵاخم لاخۆشترە. ئەی وانیە؟ هەر نەبێ مرۆ بە ئارەزووی خۆی دەڕوا. چۆنی گەرەک بێ، ئاوا!.

مەجید سەری باداو لەدڵی خۆی گوتی:

-بەڵێ راست یەژی....سواری وڵاخ باشترە!

لەگەڵ ئەم چەند پەیوە هۆمەر زوریەوە گوندەکەی و سواری سەرپشتی رەوهانەکە بوەوە! ئەو رەوهانەی وەک باڵدار دەڕۆیشت و نەیدەزانی زەمتەیی چییە. رۆژێک .. دوو رۆژ، هەفتەیەک لەسەر پشتی دانە بەزیبوای ماندوو نەدەبوو. وەک بۆزی رەوان حەسانەوەی گەرەک نەبوو. هۆمەر بیری دەکردەوەو تاوێ گرنێژنەک. تاوێکی دیکە خەمێکی قووڵی لە روو لەدایک دەبوو.

رۆژێکیان ژوانی لەگەڵ کەژێ هەبوو. ژوانەکەشی وەکو جاران لە دووری گوندی بوو. لەبەر ئەوەی گیرۆ ببوو تووشی دڵە ڕاوکێیەکی سەخت ببوو. موچڕکی وای بە لەشی دادەهات دەتگوت هەنوکە دەیکاتە دوو لەت! بیری لەو چرکەیە دەکردەوە کە بەرانبەر کەژێ دەوەستێ.

ئەوسا چۆن پەیوەکانی بە دڵە لەرزەوە سۆنگەی گیرۆبوونەکەی دەردەبڕن! بێگومان خۆیان لە بەر باری گرانی ئەو شەرمەزاریە ناگرن و زوو چۆک دەدەن! سەیری ئاسمانی کرد. خۆر تازە لەنێوەراست ئاسمان دەخزیو لەنیوەڕۆ دەڕەویەوە. چەند جارێک بەشێنەیی دەستی بەملی ئەسپەکەی داهێنا. لە بەری ناورایەوە:

–ئەسپەکەم.. ئەسپە خۆش بەزەکەم. مەرد بەو ئەو پیاوەتیەم لەگەڵ بکە. تا ماوم لەچاکەت دەرناچم! پیاوبەو وامەکە تووشی ئەو شەرمەزاریە بم. بفڕە.. ئەگەر بۆت دەلوێ وەک باڵدار لە شەقەی باڵ بدە. دوندو دۆڵ و زەندۆڵان ببڕە. مەوەستە. بێنێک مەدە. هەتاوەکونێ دەمگەیەنیتە بەردەم کەژەکەم. گراوە جوانکیلەکەم، دەی ئەسپەکەم دەی..!.

ئەو لەم ئاخاوتنە بوو کاتێ خۆی لەبەردەم دڵدارەکەی دۆزیەوە! ئارەقەیەکی زۆری کرد. بە زمان تەتەڵەییەکەوە گوتی:

– ببوورە کەژەکەم. باوەڕ بکە گیرۆبوونەکەم وەدەست خۆ نەبوو. ببوورە، بەو خوایەی لەبان سەرانەوەیە بۆ چرکەیەک چییە لەبیرم جوێ نەبوویتەوە. وەلێ چیبکەم. بەدەست خۆم نەبوو.

هێندەی دیکە سەرسام بوو کاتێ کەژێ گوتی:

– گیرۆ نەبووی گیانەکەم.. گیرۆ نەبووی. لەکاتی خۆتدا هاتووی.

دەسەیری ئاسمان بکەی دەی... سەیری سێبەری دار بەڕووەکە بکە ئەوجا باخێوە!.

هۆمەر لەخۆشیا دەمە بەشکەی گرت. نەیزانی ئەسپەکەی چۆن واخێرا گەیاندویەتیە شوێنی مەبەست. خۆی بۆ نەگیرا، دەستی لەملی کردو بەخۆشەویستیەکەوە لە چاوانی راما، پڕ بەدڵ سوپاسی کرد. پاشان کەژێی لە هەمێز کردو دەمی خستە سەر روومەتی...

لەگەڵ تاسەی ریمەکە تاسا. سەیری مەجیدی کرد. خەوەکوتکەی دەبردەوە:

–زۆرمان ماوە؟.

–نەخێر.....

مەجید بە کورتی وەرامی دایەوە.

حەزی دەکرد بە زوویی بگاتە شار. بەو بوایە پاسەکە باڵ دەربکاو بەچاوتروکانێک بیگەینێتە شوێنی مەبەست. هەروەک چۆن لە گوندەکەی هەر شوێنێک ئارەزووی بوایە بە زووترین کات دەیگەیشتێ! هەر هێندە پێی لە ئاوزینگی بدابایە ئیدی تەواو. ئەسپەکەی داخوازی دەهێنا جێ. ئەو رۆژەی کەگەیاندیە کن کەژێ تەواو واقی وڕما. بەرانبەر کەژێ وەستابوو. دەستی لە دوڕ دەستی بوو کەچی هەر باوەڕی نەدەکرد! چونکێ خێراییەکەی ئەفسانەیی بوو. بە گوێرەی راستەقینە نابەڵەدو نەگونجاو بوو. هەر ئەو جارە.. لەو ژوانە بوو کە کەژێ دڵۆپێک رۆندکی لەچاو هاتە خوار.کە ئەوسا گەلێکی کار لێکردو تاساندی. هەرچەندەی سۆنگەکەی لێپرسی هیچ وەرامێکی وەگیر نەکەوت. وێدەچوو کەژێ بەرایێ برِیەی دابێ هیچ نەدرکێنێ. بەڵانەکونێ دوایی

پەژیوان بوەوە. پریاسگەی دڵی لەبەر چاو واڵا کرد. هەرچەندە دەیزانی خەونی رەش گێڕانەوەی باش نییە. وەلێ نەشیا بێدەنگ بێ. هۆمەریش بە بایەخەوە گوێی بۆ شل کرد. سەیری دوڕ زاری دەکردو بەنەرمی پەنجەی لەنێو پرچی وەردەدا. کەئەمە زیاتر هانی کەژێی داو گەرمتر خەونەکەی گێڕایەوە.

–هۆمەر حەز ناکەم... دەترسم بیگێڕمەوە. لەهەمان کاتیشدا نامەوێ دڵت بشکێنم. خەونەکەم بەدو رەشە. دەترسم چارەنوسێکی رەش بمانگرێتە باوەش. لە خەوما هەراو زەنایەک کەوتە گوندی. دەنگێک بڵاو بوەوە. گوایا لەشکرێک هاتوە. هەمووی بە چەفتەی سپی خۆی دەمامک داوەو تەپڵەی رەشیان لەسەرە. زاریان خۆشەو زگیان رەشە! روو لە هەر ئاواییەک دەنێن خاپووری دەکەن. جگە لە دوکەڵ و خوێن هیچی دیکەیان لە دوا بەجێنامێنێ. هۆمەر باوەڕبکە... هەرچەندە خەونیش بوو زۆر ترسام. چونکێ گوتیان وابەرەو گوندەکەی ئێوە دێت!

لەو خەوە من و تۆش سەرمان بێکدی کردبوو. بە پارێزەوە لەگەڵ یەک داخاوتین. لەوێ کۆتر بووین... مرۆ نەبووین! جووتێ کۆتری سپی سپی بووین. نەدەوێراین دەنگمان بەرز بکەینەوە. لەنکاوڕا هێندەم زانی ئاسمان رەش هەڵگەڕاو دنیا تاریک بوو. گوتیان هات... گەیشت... ئەو دەمە لە زگ بوو رابکەین، کوندەپەپویەکم بینی لەسەر دارێک هەڵکورمابوو. دەنگی ناسازی دەلەراندەوەو بە گوێرەی خواستی خۆی گۆرانی دەگوت. ویستم لێی بدەم و هەموو پەڕەکانی دەربهێنم. وەلێ لەگەڵ دەنگی باوکم واگا هاتم! دەڵێن کوندە پەپوو باش نییە. بۆیە ئەو خەونە بەشووم تێدەگەم.. هۆمەر ئەو خەونە زۆر بە شووم تێدەگەم!.

ئەوساکە هۆمەریش ترسا. زانی ئەهریمەن نیازی سەردانی گوندەکەیانی هەیە. بەڵانەکونێ بەسەر خۆی نەهێناو دەستی بەدڵدانەوەی کرد. ئیدی ئەو دۆزە بەرۆکی مەژی بەرنەدا. لەکاتێکدا ئەوان لەزگ گواستنەوەی ماڵەکەیان بوون. ئەو ئەم خەونەی دەهاتەوە یاد! لە دڵی خۆی دەیگوت:

– خەونەکەی کەژێ راست و دروست دەرچوو! چۆنی بینیبوو ئاوا بوو. کت و مت وەک خەونەکەیئەو!.

پاسەکە وەستا. سەری گێژ ببوو. لەگەڵ دابەزین هەستی بە گۆڕانی هەواکە کرد. دەستیان بەرۆیشتن کرد. لە دواوەی مەجید بە گورجی هەنگاوی دەنا. وەک ئەوەی لە کاروانێکی نێو چیا دابڕابێ، ئاوابوو. سەیری دارو دیواری دەکرد. چاوی بە دوکانەکان دادەگێڕا. لەبەردەم هەر کۆگایەک دەڕۆیشتن ماوەیەک دەوەستا. هەتاوەکونێ مەجید گازی دەکرد. لەشەقامەکە پەڕینەوە تەواو وەک سەرخۆشانی لێهاتبوو. لە خەڵکەکە ورد دەبووەوە. وایدەزانی هەموو سەیری ئەو دەکەن! دیمەنی شار تا رادەیەک سەرنجی راکێشا بوو! سەیری مەجیدی کرد تەواوێک لێی دوور کەوتبووەوە. لەوە ترسا بزربێ. دەستی لەگیرفانی شەڕواڵەکەی دەرهێناو خێراتر رۆیشت. گەیشتە کن مەجید... مەجید لەگەڵ عەلیۆک، ریش سپی گوندەکەیان وەستابوو! بزەیەکی بۆ کرد:

–عەلیۆک... عەلیاغا... مەزنی گوندی... تەندورستیت چۆنە؟!!.

عەلیۆک پەلارەکەی خستە باخەڵیو بە کزیوەرامی دایەوە:

-باشم...!.

هۆمەر بەر لەوەی بگاتە عەلیۆک خەروارەکەی دەستی سەرنجی راکێشابوو. بۆیە هەر لەگەڵ دیماهی هاتنی وەرامەکەی عەلیۆک دەستی بە ئاخاوتن کردەوە:

-عەلیاغا ئەوە چییە... قاتی هێلکەت نەهێناوە بیفرۆتی! ئەوە چییە عەلیۆک... ئەوە چییە؟!!!

عەلیۆک بزەیەکی سام گرتووی کەوتە سەر ئادگارو هیچ وەرامێکی نەدایەوە! مەجیدی گۆ:

-وادیارە نۆرەت بەرکەوت؟.

هۆمەری گۆ:

-ئەی نابینی چەند بە فڕفینگە!

عەلیۆک:- "پەلارمان تێمەگرە هۆمەرۆک... تۆش نۆرەت دێت! تۆش دەبینین..

مەجید:-بۆ کەست لەگەڵ نییە.. بۆ بەتەنیای؟.

-تەنیا نیم لەگەڵ قادرو ئەحە بووم.

مەجید بەخەمباری گوتی:

-باشە بڕۆ خوات لەگەڵ.. ئاگاداری خۆت بە!.

عەلیۆک بە بزەیەکەو خواحافیزی کردو لێیان دوور کەوتەوە. هۆمەر تەمشای خەروارەکەی کردو لە دڵی خۆی گوتی:

–سەیرکە.... کۆمەڵێ دار... رەزێکی زل و مەزن. وارێکی جوان، قەشەنگ، بەکاغەز بگۆڕدرێتەوە!!! ئەی هاوار داخی گرانم. تفوو زەمانی خوێڕی... توو خوا ئەمە کەی رەوایە ؟!.

ئەم بیرکردنەوە پەنگری توورەیی زێتر گەشاندەوە. بە دەنگێکی زبر رووی لە مەجید کرد:

–چ بوو نەگەیشتین... زۆرمان ماوە؟!.

–زۆرمان نەماوە... بینێ خۆ فرەکە... ئەو ئاپۆڕەیە خەزێنەیە.. ئەوە خۆیەتی!.

مەجید هێشتا ئاخاوتنەکەی دیماهی نەهاتبوو کە تێکەڵ بە خەڵکەکە بوون.

(3)

لەو رۆژانەدا لەشار دەنگ و باسێکی زۆر بڵاو ببوەوە. زۆر قسەو باس زاری خەڵکی مژوول کردبوو. کەدەبوە ئەگەری فرمێسک داباراندنی هێندێک و بزە بۆ روخساری هێندێکی تر.. بەشێک لەبەر ئازاری دەروونی حەزی بە بینینی نەدەکرد. بەشێکی دیکە بەشادمانیەوە هەڵیاندەقۆستەوە. ئەو باسانەش دەربارەی هاوسێ نوێیەکانی شار، خەڵکی ئاکنجیەکان بوو. دەربارەی ساویلکەیی و کەم ئاوەزی ئەوان و ترۆتەشقەڵەو زۆڵیو فێڵبازیەتی خەڵکی شار بوو!

هۆمەر ئەو ئێوارەیە، کە زوریەوە ماڵ هیچ شتێکی نەزانیبوو. بەهیلاکیەوە لەریمەکە دابەزی.. بەبێ ئەوەی ئاوڕ لە مەجید بداتەوە یاخود چاوەڕێ بکا ملی ڕێگەی نا. مەجید بەلەزی خۆی گەیاندە تەنیشتی:

–ئەمڕۆشمان بەڕێ کرد. باوەڕ بکە هیچ شتێک لە چاوەڕوانی ناخۆشتر نییە، ئەی وا نییە؟

–........!.

–لەگەڵ ئەوەش هیوامان هەر دەمێنێ. ئەمڕۆ نا... بەیانی

هۆمەر بە جەستە لای ئەو بوو بە ئەندێشە لە کن رەزەکەی.

–خێرا ڕێی ئاوەکە بگۆڕە. دەی خاکەنازێکی دیکەی خۆڵ بەسە.

–ئەوە تۆ باسی چیدەکەی؟!.

–ئاگادار بە ئەو نەمامەی تەکت پان نەکەیتەوە!.

–نەمام. کەی نەمام لێرە هەیە!؟.

–وازی لێبێنە.. دوایی تانۆکەکە چێدەکەمەوە. چیلکەشم بۆ تەیار کردوە. لەزیم لێمەکە.. هەر هێندەی دەستم بزواند ئیدی تەواو....

مەجید مشەیەکی لێوەهات و هەناسەیەکی هەڵکێشا. چەند جارێک سەری باداو بێدەنگ بوو.

شەقامەکەیان جێهێشت و بۆ کۆڵانەکە وەرچەرخان. مەجید چەندەی بیری لێدەکردەوە حەزی نەدەکرد دڵی هاوەڵەکەی بڕەنجێنێ. کە گەیشتنە سەری کۆڵانەکەی خۆیان هەستیان بە شتێکی نامۆ کرد. کۆمەڵە خەڵکێک لە بن دیواری ماڵی قادر چاوبۆقانی گرد ببونەوە، قادریش بە ناگزوری لەسەر چیچکان دانیشتبوو، پشتی دابوە دیوارەکەو سەری شۆڕ کردبوەوە لەبەردەم خۆی رادەماو گوێی بۆ ئاخاوتنی دەوروبەرەکەی رادێرابوو. جار ناجاریش بە بنی چاوی سەیری دەکردن.

هۆمەر تاوێ بەبێدەنگی وەستا. پاشان رووی لە ئەحمەد کردو بە دەنگێکی نزم لێی پرسی:–

–چی بوە... قادر چی بەسەر هاتوە؟.

لەو دەمەدا چاوەکانی قادر زێرەوانی دورٍ زاری ئەحمەدیان دەکرد... بۆیە هیچ وەرامێکی نەدایەوە. تەنیا سەری باداو ئەفسوسی خۆی راگەیاند. هۆمەر دوای تاوێکی تر بێدەنگی هەمان پرسیاری بە دەنگێکی تووڕەش دووبارە کردەوە:

– ئەحمەد لەگەڵ تۆمە.. چی بوە.. بۆ وەرامم نادەیتەوە؟.

ئەحمەد لە جێگاکەی خۆی بزواندو ویستی شتێک بدرکێنێ.. بەڵانەکونێ زوو وەکو بەری پەژیوان بوەوە. رووی خۆی وەرچەرخاندو پشتی تێکرد. وای نیشان دا کە گوێی لێنەبوە. ئەوە هێندەی دیکەی مەراقی خستە دڵی هۆمەر. قادر کە هۆمەرو مەجیدی بینی. دەستێکی بە ئادگارە چورچ و خەماویەکەی داهێناو بەنامۆییەوە سەیری کردن.

یەکێک کە لەوێ وەستابوو بە دەنگێکی بەرزو بریندار گوتی:

–سەیرە ... مرۆی ئاوا بێ ویژدان هەیە؟

یەکێکی دیکەی گوتی:

–خۆ دەستت لەکەلەپچێ دانەبوو. بۆ شتێکت نەکرد؟.

قادرۆک کەوا دیاربوو نەیدەتوانی چیتر بەرگەی بێدەنگی بگرێ گوتی:

–چیم کردبوا..؟ من مژوولی پاڵدانی خۆش بەزۆکەکە بووم. ئەو وای تێگەیاندم کە کوژاوەتەوەو تا پاڵی نەدەم وەگڕ ناکەوێتەوە. من لە کوێ بزانم کابرا نیازی باش نیە! ئەو بیرەشم نەکردەوە پارەکە لەگەڵ خۆم

بێنمەوە خوارەوە. هێندەم زانی وەک با بۆی دەرچوو. ئیتر نەمبینیەوە... بە رای تۆ لەو کاتەدا چیم بۆ دەکرا؟

هۆمەر زێتر حەپەسا، سەری بردەوە بن گوێی ئەحمەدو هەمان پرسیاری دووبارە کردەوە.

–چی بوە ئەحمەد... بۆ تێم ناگەیەنیۆ؟.

ئەحمەد ئەمجارەیان پیلی گرت و لە جڤاتەکەی وەدوورخست:

–بۆ هێندە بلەزی. نەختێ بینێ خۆ فرەکە... دەگویێ رادێرە با پێتی بلێم. وا دەزانی باسێکی هێندە پڕ تام و چێژە... هەموو دۆزەکە ئەوەیە کلاویان لەسەری قادرۆکی ناوەو ئەە. وەکو خۆی دەلێ دوای ئەوەی پارەکەی وەرگرتوە. سواری خۆش بەزۆکێکی کرێ بوە. لە رێگا کابرای شوفێر پرسیاری توورەگەکەی لێکردوە. ئەو بێ ئاوەزەش یەکسەر گوتویەتی پارەیە، ئیدی کابرا لە شوێنێک دەوەستێ. کە قادرۆک سۆنگەی وەستانەکەی دەپرسێ. پێی دەلێ کوژاوەتەوە. ئیش ناکاو پێویستی بە پالدان هەیە. هێندە مەژیەی نەبوو پارەکە لەگەڵ خۆی بەرێتە خوارەوە. هەرکە دەست دەکا بەپالدانی. کابرا پێدادەگرێ و بۆی دەردەچێ. ئەوەیە باسەکە.. تێگەیشتی؟

– “چۆن دەستەوە وەستان دانیشتوە، وەکو دەلێن لێرە میری هەیە!

–......!.

که گەڕانەوە لای قادر، هۆمەر هەمان پرسیاری ئاراستەی قادر کرد. ئەویش وەرامی دایەوە:

–دەستەوەستان دانەنیشتووم. ئەوەتا عەلیۆکم لەگەڵ دابوو لێی بپرسە؟.

عەلیۆک کە چاوی لە دورڕ چاوی نابوون وگوێی رادێرابوو. لەگەڵ ئەو پەیوانە دەستێکی بە ریشە سپییەکەی داهێناو سەری شۆڕ کردەوە.

قادر بەردەوام بوو لە ئاخاوتنەکەی:

–بەر لەوەی بزورمەوە بەناخێری گیانم لەگەڵ عەلیۆک دابووم. دوای ئەو رووداوەش هەمدیس تووشیان بوومەوە. بەیەکەوە چووین بۆ پۆلیسخانە. رەوانەی ژوورێکیان کردین. مرۆیەکی سمێڵ فشی خڕی ورگن دانیشتبوو. هەموو شتێکمان سەر لەبەر بۆ گێڕایەوە. لەسەرەوە ئاخی بۆ وە با دەداین لە ژێرەوەش وێدەچوو بزەی دەهاتێ! کە تەواو بووین ئەو بەهێمنی گوتی: ژمارەی خۆش بەزەکە چەند بوو؟ کە بە نازانم وەرامم دایەوە، گوتی: ئەگەر ژمارەکەتان بزانیبواتیە کارەکە ئاسان دەبوو. وەلێ ئێمە هەوڵی خۆمان هەر دەدەین.

هۆمەر هەستی کرد دەستێکی خوێناوی قوڕگی دەگرێ و دەیخنکێنێ. دوای ئەوە تاوێک لەوێ مایەوە. پاشان بەزگاری قاچەکانی لێک ترازاندو بەرەو ماڵ کەوتە رێ. گەلێکی بەزەیی بە قادرۆک هاتەوە. بەنێچیرێکی بەستەزمان و راو کراوی هاتە بەرچاو.

چەند ڕۆژێک بەسەر ئەو ڕووداوە تێپەڕی. وەک هەموو ڕووداوێکی دیکە لەسەر زاران سڕایەوە. هەتاوەکونێ قادرۆکیان نەدیبوا. یاخود ئەو باسە نەهاتابوایە گۆڕێ کەس بە یادی نەدەهاتەوە. لەو ماوەیەدا زۆر ڕووداوی ئیوها ڕووی دا.

هۆمەر دوای ئەوەی نۆرەی هات و پارەی وەرگرت. ئیدی تەواو. ئەگەر بەکارێکی یەکجار پێویست نەبوایە نەدەچوە شار. یاخود هەر نەدەچوە دەرەوە. وەک ئەوەی پێمەردە بەردەوام چەقۆی لەبەرچاو تیژ بکاتەوە. هەردەم ڕەنگ زەردو لێو بەبار بوو. هەر کە دڵی بشکابوایەو ڕای لەشتێک نەبوایە. یەکسەر بیری دەزوریەوە لای گوندەکەیو برینەکانی نوژەن دەبوەوە.

هەر بەتەنیا بوو. کەم تێکەڵی خەڵک دەبوو. ئێواران لە ئاوایی دوور دەکەوتەوە، ڕووی لەلای دەڤەرەکەیان دەکردو تێر تێر دەگریا. هەتاوەکونێ کەف و کوڵی دادەمرکا ئەوسا دەگەڕایەوە.

هەرکاتێ چاوی بەکەژێ دەکەوت. ئازارەکەی چەند بوو هێندەی دیکەشی دەکەوتە سەر. ئەو وێنەی گوندو ڕەزو کانیاوەکانی لەروخساری کەژێ بەدی دەکرد. بۆیە هەردەم وەک ئەوەی دڕکێکی لەجگەری چەقیبێ وابوو. بێکاریو لەماڵ دانیشتنیش وای لێکردبوو زێتر بیر لەو شتانە بکاتەوە. نەیدەزانی چیبکاو قوڕی کوێ بکا بەسەریا.

لە ژوورەوە دانیشتبوو بیری لەو شتانە دەکردەوە. ئەو کاتەی دەهاتەوە یاد کە دایکی زۆری لێدەکرد کەژێ بگوازێتەوە

–کوڕم هۆمەر.. هەنوکە ئێمە لێرە جێگیربووین، ئەگەرچی لە گەرماو هەوای ئێرە ڕانەهاتووین. لە ئاخی وا لماوی وپێشکەی زل ڕانەهاتووین. وەلێ تازە جێگیربووین. وێدەچێ خوا خاک و خۆڵی ئێرەی بەبەش کردبین. هیچ هێویەکی گەڕانەوەمان نەماوە! ئەوەی لە تەوێڵێشیمان نوسرابێ، هەر ئەو دەبێ. شتێک نەماوە چاوەڕێی بکەین. بۆیە بەباش و دروستی دەزانم چیتر بەڕەبەنی نەمێنیتەوە!.

هۆمەر سەری بادا.. هەرچەندە لەسەرەوە وای دەرخست کە شتەکەی بەدڵ نیە، وەلێ بێدەستی خۆی لەگەڵ ئەو پەیوانە بزەیەکی هاتێ. تەزووێک ناخی گێرە کرد. خۆشی لە گێلیدا!

–باشە هەنوکە چی یەژی؟!.

–چاک لە مەبەستم دەگەی کوڕم. حەوجە ناکا خۆتی لێ گێل بکەی. بە کورت و کرمانجی پێویستە کەژێ بگوازیەوە، چاوەڕوانی چیدەکەی؟!!!.

هۆمەر ویستی پێبکەنێ و وانیشان بدا کە گاڵتەی بە شتەکە دێ. کەچی ڕابۆ ئەو بوارەی نەداو درێژەی بە پەیوینەکەی دا:

–هیچ ئەگەرەک نیە چاوەڕێی بکەی. پێویستە دەست و برد بکەین. کاری وا چەندەی زوو بێ باشترە.. ئەدی کوڕم تۆ نازانی!.

–باشە دایەگیان تۆ چۆنی دەڵێی وا دەکەم.

چۆنی بڕیەی دا وایان کرد. دەست و بردیان کردو کارەکەیان ئەنجام دا. لە شەوی پەردە هۆمەر کزگری لە هەوکێ مابوو. بە چاوە تژی

ڕۆندکەکەی لە کەژێ ڕاما. بە دڵێکی تاساو لەکنی دانیشت. پەنجە لەرزۆکەکانی لە نێو پرچی وەردا. پاشان لە قوڵپەی گریانێی دا، گریانێکی جگەربڕو بەرد تاوێنەوە. لەو کاتەدا بیری لەوارەکەی کردەوە! حەزی دەکرد ئەو شەوە لە گوندەکەی خۆیان بوایە. بیری لەوە کردەوە کە ئەو هەموو ئاواتێکی شادبوونی بە کەژێ بوو. کەچی ئەوا ئەو ئاواتەی هاتەدیو ئەو کەلێنەی لەژیانی هەستی پێدەکرد هەروەک خۆی مایەوە! زانی کە مرۆی بن دەست جگە لەسەربەستیەکەی. هاتنە دی هەموو ئاواتێکی تری پووچەڵەو بە گێڕی لەدایک دەبێ! کەژێ کە زاوای بینی وا بەرانبەری دانیشتوەو دەگریێ. ئەویش گریاو خۆی هاویشتە هەمێزی!

–چیدەکەی... بۆ وامات بووی؟

هۆمەر لەگەڵ  ئەو پرسیارە زریزەی ئەندێشەکەی  پچڕا. تەماشایەکی کەژێی کردو پشتی وە دیوارەکە دایەوە.

بەر لەوەی بگوازرێنەوەو پەڕاگەندە ببن. وا تێدەگەیشت ژیان بەتەنیا ئەوینە! ئەگەر رۆژێک لە رۆژان بە کەژێ شاد ببێ. ئەوا ئەو هیچی تری گەرەک نیەو لەو دنیایە بەکامی دڵی خۆی دەگا. کەچی بەم دواییە پێکەنینی بەم بیرکردنەوەیە دەهات و بە ساویلکەو بێ ئاوەزی دەزانی.

ڕۆژ بەرۆژ تا دەهات ژیانیان گرانتر دەبوو. بێکاری تووشی دڵەڕاوکێیەکی سەختی کردبوو. دوارۆژی خێزانەکەی رەش دەهاتە بەرچاو! ئەو برە پارەی هەیانبوو لەبەری دەڕۆیشت و هیچیش جێگەی نەدەگرتەوە.

ئەو رۆژە دانی ئێوارە قادرۆکی بینی بەجلی بەقوڕ دەگەڕایەوە ماڵ. دوای ئەوەی پرسیاری لێکرد زانی لەکار گەڕاوەتەوە. بۆیە بێ بیرکردنەوە بڕیاری دا ئەگەر بۆی بلوێ ئەویش بچێتە کار!

–چۆن... لە کوێ کار دەکەی؟!.

–لەشار....

–کەس دەناسی.... باشە چ  کارێک دەکەی؟!

–ناسینی گەرەک نیە. دەچمە مەیدانی کرێکاران و لەوێ دەوەستم. جا ئەوەی داوای کارم لێبکا لەگەڵی دەچم.

هۆمەر دوای ئەوەی دەستێکی بە سمێڵی داهێناو مشەیەکی لێوەهات.قاچی بزواندو چەند هەنگاوێک لە قادرۆک دوورکەوتەوە، پاشان وەستاو ئاوڕی دایەوە. وەک ئەوەی لە خەوێکی ترسناک واگا هاتبێ. بە دەنگێکی بەرز گوتی:

–ئەگەر بەیانی چووی ئاگادارم بکەوە.

–بەسەرچاو... بەیانی بەر لەخۆر هەڵاتێ خۆت ئامادە بکە.

بەیانی زوو ئەو پریاسگەی هەڵگرت کە بۆی ئامادە کرابوو. بە خاوی

و دڵە لەرزەیەکەوە لە ماڵ وەدەرکەوت. هەر قاچەکانی  لە دەرگا بردە دەرەوە، قادری بینی بۆ لای ئەو دەهات. قادر بە پێکەنینەوە گوتی:

–کاتێکی باش هاتیە دەرەوە.

هۆمەر وەرامی دایەوەو بە جووتە وەڕێ کەوتن. کە گەیشتنە لای ماڵی مەجیدی. مەجید لەبەر دەرگا وەستابوو چاوەڕێی دەکردن. دەم و چاوی خەواڵوو بوو جیقنە هەر بەلا چاوانیەوە بوو! هەرسێک لەگەڵ یەک کەوتن. هۆمەر رووی لە مەجید کرد:

–وێدەچێ تازە لەخەو هەڵسابی. بە برسیەتی چۆن کار دەکرێ؟!.

–نانم خواردوە. دەمێکیشە لەخەو هەڵساوم!.

هەرچەندە بەیانیەکی زوو بوو. کەچی دنیا بە گوێرەی ئەوان هێشتا گەرم بوو! تا نا تاو کزە بایەکی فێنکی دەهات. لە شوێنی وەستانی ریمەکان وەستان. کەسانێکی دیکەی زۆری وەک ئەوان وەستابوو. هەریەکەی پریاسگەی خۆی لەدەست بوو. زۆربەیان بە دەستووری خۆیان زەنگاڵیان پێچابوو! کە پاسەکە هات، بە راکردن خۆیان تێپەستاو جێگای خۆیان کردەوە. هۆمەر لەبەر ئەوەی یەکەمجاری بوو دەچوە کارکردن. هەستی بەترسێک دەکرد. ئەژنۆی دەلەرزی‌و هێزی لەبەر براوبوو.

رێکەوت ئەوەی لەتەکی دانیشتبوو یەکێکی نەناس بوو. هەردووک تەماشای یەکیان کرد. بزەیەک کەوتە سەر رووی هەردووکیان. کابرا گوتی:

–جلەکانت خاوێنە. وادیارە یەکەم رۆژتە دێیە کار؟!.

–ئا.....

–ئەگەر ئەمڕۆ کارت دەست کەوێ. بەیانی شێوەت دەگۆڕێ و جلەکانت پیس و بەقوڕ دەبن.

هۆمەر نەیزانی چی وەرام بداتەوە. لەبەر گڕەی پاسەکەو دەنگە دەنگی خەڵکەکە بە ئاستەم گوێی لە قسەکانی دەبوو. کابرا درێژەی بە ئاخاوتنەکەی دا:

–منیش یەکەم جار وابووم. خاوێن و کۆک... بەڵام وردە وردە....

کابرا سەری باداو تەماشایەکی خۆی کرد. تاسەیەک زریزەی پەیوەکانی پچڕاندن. هۆمەر رووی وەرچەرخاندو ئاوڕێکی دواوەی دایەوە. مەجیدو قادری بینی لەکن یەک دانیشتبوون. لەگەڵ کابرا دەستیان بە ئاخاوتن کردەوە. تا گەیشتنە شار، لە مەیدانی کرێکاران خەڵکێکی زۆری وەک ئەو وەستابوون. زانی قوڕەکە تەنیا بۆ ئەو نەگیراوەتەوە. زۆر کەسی دیکەش پەڕاگەندە بوون و بێوار ماونەتەوە!

هەر لەدەوروبەری رادەما. هەتاوەکونێ گوێی لە دەنگێک بوو. کە ئاوڕی دایەوە مەجیدی بینی گازی دەکا. دوای دەنگەکە کەوت و بە گوێرەی دیاردەکە هەنگاوی نا. بواری هیچ پرسیاری نەما. چونکێ کاتێ گەیشتە لایان هەر هێندەی بۆ کرا. کە خۆی بخاتە پشتی ئەو پیکابەی مەجیدو قادرو دوانی تریش تیا دانیشتبوو.

هۆمەر هەر چەندە گەنج و تولاز بوو، هەستی بە ماندووبوونێکی زۆر کرد. وادادۆشرا هێز چییە لە لەشی دا نەما. کات نەدەڕۆیشت و نەدەڕۆیشت. وایدەزانی خۆر لەتاقی ئاسمان بەسراوەتەوەو دانابەزێ.

لەدەستی بهاتبایە بەهەموو تینی خۆی بۆ ئەودیوی کێوەکانی تووڕ هەڵدەدا. رۆژ بە رۆژ شارەزایی لەژیانی ویری پتر پەیدا دەکرد. چاوی کرایەوەو تا رادەیەک دەوروبەری خۆی بینی. بەهۆی کرێکاریەوە لەمانای چەوسانەوە گەیشت،بەهۆی چاوی سووری سەرمایەدارەکانەوە رق و دەروون پیسی بینی. لە هەموو بوارێکەوە گۆڕانی بەسەرداهات. شێوازی ئاخاوتنیشی تا رادەیەک گۆڕا! روانگەی بەرانبەر ژیان، دەوروبەر گۆڕا. بە تەنیا ناواخنەکەی هەروەکو خۆی مایەوە. ئەگەرچی زۆر کەرەت ئازاریان دا، هەستیان بریندار کرد. دڕندانە رەفتاریان لەگەڵ کرد. لە کار مافیان خوارد.. هەروەک خۆی مایەوە! پاکیو دڵسۆزیەکەی نەگۆڕا! هەر هۆمەرۆکی جاران مایەوە. شتێکی تۆزێ نامۆی دیبوایە رۆندکی لەچاو دەتکا. هاوڕێیەتیەکەی لەگەڵ شمشاڵەکەی پتەوو بەهێزتر ببوو. بۆنی ئاوارەییو بەم دواییە یاخی بوون لە هەموو ئاوازەکانی دەهات! لە جاران بە سۆزتری دەژەند. بە هۆی تەلەفزیۆن و تۆمارکەرو رادیۆوە زیاتر لە ئاواز گەیشت. ئەگەرچی لە زۆربەی کاتدا تووڕەیان دەکردو رقیان لە دەروون دەگوراند. تەنانەت جاری وا هەبوو وایان لێدەکرد رقی لە ئاوازە پاک و پیرۆزەکانی خۆیشی ببێتەوە. زۆری نەدەما شمشاڵەکەی وردو خاش بکا. کەچی زوو پەژیوان دەبوەوە. شمشاڵەکەی بەرز دەکردەوەو ماچی دەکرد. وەک شتێکی ئازیزو پیرۆز بە سینگیەوە دەنا.

لە شار تووشی زۆر ئەژواری و ئەستەنگ بوو. ئەو شتانە لەسەر پەڕەی یادەکانی وا هەڵکەنرابوو کە هەتاوەکونێ دنیا دیایە نەسڕێتەوەو لە ناو نەچێ. شتی وای دەبینی رۆژێک لە رۆژان لەو باوەڕەدا نەبوو

لەم گێتیەدا کەسانێک هەبن ئەو جۆرە تاوانانە بکەن. بە چاوی قازانجەوە سەیری خوێنی مرۆڤ و فرمێسکی دایکان بکەن، سەیری بێشکەی زارۆ و گۆچانی دەست پیران بکەن.

رۆژێکیان چێشتەنگاوێکی درەنگ، لە گەرمەی کارکرندا بوو، گشت گیانی وەبن ئارەقە کەوتبوو. لەبەر ئەوەی کەوتبوە دەریای بیر کردنەوە، وا بەتووڕەیی قازمەی لەزەوی گیر دەکرد ئاگای لە ماندوو بوون نەمابوو. لەکن خۆی وابوو کارێکی زۆری ئەنجام داوەو خاوەن کارەکە بە چاوی رێزەوە سەیری دەکا. بۆیە بەبێ منەتی قازمەکەی داناو پشتی کێل کردەوە. لە پەنای دیوارەکە دانیشت و قینگی گەیاندە زەوی. دەستی بۆ پریاسگەکەی بردو پارە نانێکی دەرهێنا. هەروا بێ پێخۆر بابۆڵەیەکی کرد. لەگەڵ بەرز بوونەوەی دەنگێک لە جێگەی خۆی تاسا. کە تەماشای کرد خاوەن کارەکەبوو. بە دەم نان جوینەوە لەسەرخۆ هەڵسایەوە.

–چییە... کەی ئێستا کاتی نان خواردنە. وادیارە بۆ نان خواردن تۆمان هێناوە؟!.

هۆمەر واقی وڕما. ئەو کارەی ئەو دەیکرد هەرگیز لەو باوەڕە نەبوو ئاوا وەرام بدرێتەوە. تێگەیشت ئەگەر خۆشی بکوژێ بێ سوودە! بۆیە بە

نارەزاییەوە گوتی:

–خۆ ئامێرو دارو بەرد نین. ئێمەش مرۆڤینەو لە گۆشت و هێسک گوراوین.

ئەمەی گوت و بەهێواشی دەستی دایەوە قازمەکەی. هەرچەندە لەسەرەوە بێباکی خۆی نیشان دا، وەلێ لەناخەوە داوروژا. هەستی بە خەمێکی وا کرد ئەگەر وەک دەزوو راتکێشابوایە هەرگیز تەواو نەدەبوو دیماهی نەدەهات. لەوکاتەدا پڕبەدڵ خۆزگەی دەخواست گوندەکەی جێنەهێشتبوایە. لەوێ سەری بنابوایەوەو گۆڕەکەی لەتەک باوکیو سالحۆک بوایە!

رۆژ بە رۆژ دنیای لەبەر چاو تارتر دەبوو. بەیانیان زوو لە ماڵ دەردەچوو. ئەگەر کاری دەست کەوتبوا باش بوو، ئەگەنا رێ و رێ دەگەڕایەوە ماڵ. زۆر جاران رازی دڵی خۆی بۆ کەژێی ژنی هەڵدەڕشت. ئەویش بە سۆزەوە گوێی بۆ شل دەکرد. لە واتای پەیوەکانی دەگەیشت. دەیزانی چی لە دڵدایەو چی یەژێ. بۆیە هەر کاتێ ئەم شتێکی بدرکاندابوایە، ئەو بێدەنگ دەبوو ورتەی لێوە نەدەهات. هەستی لە خۆ دەبڕیو بە تەواوی ئاوێتەی باسەکە دەبوو.

هەموو ئێواران کە دەزوریەوە ماڵ، دایکیو کەژێی دەبینی لەبەر دەرگا چاوەڕێی دەکەن. بە گرژینەوەیەکەوە پێشوازیان دەکرد. ئەمەماندووبوونی لەبیر دەبردەوەو وایدەزانی بە درێژایی ئەو رۆژە داری لەسەر بەردی دانەناوە.

ئەو رۆژە کە گەڕایەوە ماڵ کەسی لەبەر دەرگا نەبینی. زەندەقی چوو. لە روودانی شتێک ترسا. بۆیە پێنگاوەکانی گورج کردو بەلەزی چوە

ژوورەوە. لەگەڵ چوونە ژوورەوەی رابۆ بەرەو پیلی چوو هەمووشتێکی تێگەیاند. هەرچەندە خۆی کە چاوی بە نازێ کەوت هەموو شتێک تێگەیشت و زانی مەسەلە چییە. چونکێ نازێ لەکاتی تەنگانە نەبوایە نەدەچوە ماڵی کەس.ئافرەتێکی کەمدو و دوورە پەرێز بوو. بەڵانەکونێ لە

کاتی تەنگانەدا ئەوەی لە دەستی بهاتبوایە بۆ یارمەتی خەڵکی دەیکرد.

نازێ ئافرەتێکی سک قۆپاوەی پشت چەماوە بوو. تەمەنێکی باش ژیابوو دنیای زۆر دیبوو، وەکو هاوخوێنەکانی ژیانێکی پڕ ئەشکەنجەو دەردە سەری بەسەر بردبوو. تاڵیو شیرینی رۆژگاری گەلێک چەشتبوو. نازێ کاتی خۆی ئافرەتێکی خۆش مەشرەب و بە گفتوگۆ بوو. تا روودانی کارەساتە دڵتەزێنەکە. دوای سەرکەوتنی فڕوفێڵ و تەڵەکەی دوژمنان. سمۆی کوڕە گەورەی کە نۆبەرەی بوو، لەگەڵ عەلی گاوری مێردی بەگەڵ کاروانە گەورەکە کەوتن! بۆیە عەلی گاوریان پێدەگوت چونکێ لە زەلام کوشتن تاکی نەبوو. بەهیچ جۆرێک سڵی لە کوشتنی دوژمنانی نەدەکردەوە.

کاروانەکە  بە رێ کەوتبوو، وەستانی نەبوو. سنووری وڵاتانی وەکو چیلکەدار دەشکاند، هێزی دوژمنان و بۆسەی ناحەزانیش لە هەموو لایەک بوو. سمۆ لە رێگا نەخۆش کەوت. سەرباری ترس، رێگاکە تا بڵێی رژدو سەخت بوو. سمۆش هیچ تروسکەیەکی مانەوەی تێدا بەدەی نەدەکرا. دەترسا لەوەی جێی بهێڵی. زۆر کەسیش گوتیان نەخۆشیەکەی ترسناکەو لەوانەیە هەمو بیگرنەوە!

عەلی دەترسا کوڕەکەی بکەوێتە بەردەست دوژمنان. ئەو دوژمنەی بە رای خۆی لە هەموو کەسی چاکتر دەناسی. دەیزانی چ ژەهرەمارو دڕندەیەکە. دوا ئەنجام گەیشتە بڕیەێکی سەیر، بە دەنگێکی لەرزۆک رووی لە هاوڕێکانی کرد:

–هاوڕێیان... برا ئازیزەکانم. گلەیی‌و گازاندەم لێمەکەن. جەرگی خۆمەو خۆم دەزانم چۆن دەمسوتێنێ، وەلێ وا بکەم باشترە. حەز ناکەم کوڕەکەم بکەوێتە بەر دەستی دوژمنان. دەزانم چی لێدەکەن. ئێوە شتاقتان وەک من نازانن. نالێم دڕەندیی دوژمنانتان نەدیوە، نا... ئەوەی چرکەیەک لێرە ژیا بێ... تاقە هەناسەیەکی هەڵمژیبێ... ئەگەر خۆ لە خوای نەکا دوژمن دەناسێ. لەو باوەڕەدانیم کەس نکوولّی لەو راستیە بکا.

سمۆ نالەَی دەهات وهاواری بەرز دەبوەوە. عەلی بیری لە چارەنوسی کوڕەکەی کردەوە. رۆژانی زیندانی خۆی هاتەوە یاد. یەکە یەکە هەموو ئەو زیندانانەی وڵاتی هاتەوە بەرچاو کەدیبوونی.. کە تیایدا ئازارو ئەشکەنجە درابوو. بۆیە گشت گیانی لەرزی... سەری سوڕاو هەستی کرد یەق دەکا. چاوەکانی وەک گۆمی خوێنیان لێهات. ئەگەرچی دەستەکانی لەرزی بەڵام توانی گوڕوتینی خۆی کۆبکاتەوە. وەستاو تاهێزی تێدابوو کوڕەکەی لە چیاکە هەڵاویێشت! تەماشای چۆنیەتی کەوتنەکەی نەکرد. سەیری کەسیشی نەکرد. بە چاوێکی پڕ فرمێسکەوە دەستی بە رۆیشتن کردەوە. هاوڕێیەکانی هەموو چاشمیش بوون. کەس بۆی نەکرا تاقە پەیوێک دەربڕێ!!!

نازێ هی گوندێکی هاوسێی گوندەکەی ئەوان بوو. مامانێکی دەست لێهاتوو بوو. هەر ئافرەتێکی لەو دەڤەرە بزابوایە بەدوای ئەویان دەنارد. بۆیە هۆمەر کە چاوی پێی کەوت زانی مەسەلە چییە. ترسێکی لە دڵ پەیدابوو بەشەرمێکەوە لە هۆدەکەی تر دانیشت. کەوتە ئەندێشەی ئەوەی کە کوڕیان دەبێ یا کچ! دەستی بە نزاکردو لە خوا پاڕایەوە!

–خوایە پەنامان وەبەرتۆ. لێقەوماوێکەو دالْدەی بدە. پەڕاگەندەیەکەو دالْدەی بدە. بۆ خاتری گەورەو مەزنی خۆشت کوڕێکمان پێ ببەخشە. کوڕێکی جوان و لەش ساغ. هەتاوەکونێ لە ئاشتیدا دوژمن لێی بترسێ و دۆست خۆشی گەرەک بێ.لە شەڕیشدا مێرخاس و دەست وەشێن بێ. پاڵەوانێک بێ کێو بەکێودا بدا. بە هەناسەی چیا بێنێتە هەژان. خوایە بۆ خاتری خۆت کوڕێکی ئاوامان پێ ببەخشە!.

دەم و چاوی هەڵگلوفت و هەناسەیەکی هەڵمژی

–خوای مەزن... کوڕێکمان پێ ببەخشەو کەژێش بپارێزە.. بیپارێزە لە چەپۆکی رەشی خێوو دێو درنجان.. بیپارێزە... خوایەکەم. بیپارێزە. کەژێی ئاوارەو بەلەنگاز بپارێزە.

ئەو لەدڵی خۆی خەریکی پاڕانەوە بوو کاتێ دەنگی منداڵێک لەنێو گوێی زرینگایەوە. لەگەڵ دەنگەکە مات بوو هەناسەی لەخۆ بڕی. تەحۆ کە ماوەیەک بوو لەتەکی دانیشتبوو گرنژیو بەدڵشادیەکەوە گوتی:

–بچم؟.

–نا...کەرە.. لە کن من دانیشە..!.

هۆمەر دوای وەرام دانەوەی تەحۆ سەری شۆڕکردەوەو چاوەکانی نوقاند. لەپڕ رابۆ خۆی کوتایە ژوورەوەو مژدەی لەدایک بوونی کوڕێکی پێبەخشی. چۆن بەلەزی چوە ژوورەوە ئاواش گەڕایەوە. لە کەرخی دەرگاکە وەستاو ئاوڕی دایەوە:

–سوپاسی خوای خۆت بکە کوڕێژگەکەم.. هۆمەرە تولازەکەم... سوپاسی خوای خۆت بکە. خوایە مەزنەکەت، خوایە قشتەکەت... ئەی بەگوریت بم خوایە نازدارو قەشەنگەکەم... سەد جارانت بەلاگێڕبم. هۆمەرۆک کوڕم ... کۆرپەکەت گەلێک جوانە بە باوکت دەچێ... خوێنی بە خوێنی ئەو دەچێ. کت و مت باوکی خوالێخۆشبوتە. وێنەیەکەو لەسەر ئەو گیراوەتەوە، ئۆی خوایە خۆشەویستەکەم ئۆی...

دوای ئەوەی رابۆ رۆیشت تەحۆ رووی لە هۆمەر کرد:

–ناوی دەنێی چی؟!.

–هێشتا زوە کەرە.. هێشتا زوە

هەر چەندە لەسەرەوە ئەمەی گوت وەلێ لە راستەقینەدا بیری تەواو پێوە مژوول کرد.

–خۆ راست دەکا. پێویستە ناوێکی لێبنێین! ئەی چۆن.. هەریەک کە لەدایک دەبێ پێویستی بەناوێک هەیە. ناوێکی نرت و نوو تایبەت بەو. تا بانگی بکەن وەرام بداتەوە... ئا.. کوڕەکەی منیش ناوێکی گەرەکە....

نازێ ئەگەرچی ماندوو ببوو. پشووی نەدا. دوای تەواو بوونی کارەکەی یەکسەر ماڵئاوایی لێکردن. لەبەردەرگا رووی لە هۆمەر کرد:

-خوا تەمەن درێژی بکا. بە دایک و باوکەوە گەورە بێ. شۆڕە سوارێکی زیخ و چاو نەترسی لێدەربچێ.

دوای ئەوەی ئەو چەند پەیوەی دەربڕی. بەبێ چاوەڕوانی کردن ملی رێگاکەی گرت و دەستی بەڕۆیشتن کرد.

رابۆ بەهەڵەداوان خۆی گەیاندەوە هۆمەرۆک:

-کوڕەکەم وەرە.. وەرە کۆرپەکەت ببینە. وەرە قارەمانەکەت ببینە. شۆڕە سوارەکەی سبەینێت ببینە، وەرە کوڕم وەرە.

ئەمەی گوت ودەستی بۆئاسمان بەرز کردەوە:

-ئۆی خوایە مەزنەکەم تەمەن درێژی بکەی. ئۆی خوایە گەورەکەم لە تووکی زار رەشانی بپارێزی.. لەبەڵای ناگەهانی وەلادەی‌و تۆڵەی ئێمەی بەدەستی بکەیتەوە!.

هۆمەر بەدوای دەزووی وشەکانی دایکی کەوت و چوە ژوورەکەی تر. بەشەرمێکەوە تەماشای کەژێی کرد کە لەنێو جێدا رازابوو، رەنگی وەک پەلکی داری زەرد هەڵگەڕابوو. بە دەنگێکی کز گوتی:

-تەندروستیت چۆنە؟.

-باشم... سوپاس بۆ خوا، باشم.

کەژێ ئەم وەرامەی دایەوە. خەندەو فرمێسک لەسەر روخساری تێکەڵ ببوو. لەخۆشیا نسکەیەکی لێوەهاتو دڵۆپێک فرمێسک لەچاوی گلۆر بوەوە.

–سوپاسی خوا بکە کچی خۆم.. سوپاسی خوا بکە کە رزگاری کردیو کوڕێکی جوانی پێبەخشی. پشیت هەبێ بزانە چ شۆڕەسوارێکی

لێدەردەچێ. چۆن دارو بەرد دێنێتە هەژان!.

رابۆ بەشادیەوە ئەمەی گوت و دەستی بە روومەتی کەژێ داهێنا. کەژێ بە دەنگێکی کزو تێکەڵ بە گریان وەرامی دایەوە:

–دەبێتە مێرخاس دەزانم. دەبێتە شۆڕە سوار دەزانم.. بەڵام مێرخاس و شۆڕەسوارو هەموو ئەمانە پێویستیان بەشتێکە، گوندێکی خنجیلانەیان گەرەکە. کوختێکی بچوکیان گەرەکە. بستە خاکێکیان گەرەک کەتێیدا بژین و بەرگری لێبکەن. بەڵانەکونێ یەکی ئاوارەو پەڕاگەندەی شاران بێ، بەرگری لە چیبکا!؟.

ئەو پەیوانە وەک نەشتەر چەقینە جەرگی هۆمەرو هەناویان پڕ خوێن

کرد. ویستی دڵی کەژێ بداتەوە. بەشێنەیی پاڵی بەدەنگیەوە نا:

–خەم مەخۆ گراوە ئازیزەکەم. دایکی کۆرپە ساوایەکەم.. خەم مەخۆ. منداڵەکەی ئێمەش واری هەیە. گوندەکەی ئێمە هی ئەوە.. پاشان ئەو ئاخە هەمووی هێ ئێمەیە. قەینا هەنوکە دەربەدەرین.. وەلێ رۆژێک

هەردێ بزورینەوە. ڕەزەکانمان پەرا بکەینەوە. کانیەکان بن بدەینەوە.. ڕۆژێک هەردێ!.

تەحۆ، کە لەولاوە وەستابوو بەخۆشیەوە گوتی:

–کەچووینەوە گوندەکەمان لە شوێنەکەی جاران وازی دەکەم. وەکو جاران لەگەڵ ئاسێ و زارۆیانی دیکە وازی دەکەم. دایە تۆ بڵێی وەکو جاران مابێ. ئەی کە ئێمە جێمان هێشت ئەو دوکەڵە چی بوو؟! دوکەڵێکی ڕەش بوو. وانیە دایە.. دوکەڵێکی ڕەش ڕەش بوو. نازانم هی چی بوو. بەڵام دایە وا بزانم پیاوەکان کردیانەوە!.

هۆمەر سەیری کرد تەحۆ گەرەکی بوو درێژەی پێبدا. بۆیە بە نیازی کڕ کردنەوەی دەستی بە ئاخاوتن کرد:

–ماوە... شوێنی یاریەکانت وەک خۆی ماوەو کەس دەستی لێنەداوە! کە زورینەوە تێر تێر یاری بکە!.

–ئەی ئە ودوکەڵە چی بوو. تۆ نەتبینی... ڕەش ڕەش بوو....

ماوەیەک داما پاشان گوتی:

–باشە بۆ ئێمەیان هێنا ئێرە؟!.

رابۆ وەرامی دایەوە:

–بێدەنگ بە کوڕەکەم. کەی کاتی ئەو قسانەیە، ئێرە خۆشترە، ئێرە هەموو شتێکی لێیە!.

هۆمەر بەو گلەییانە زۆر دڵگیر بوو. رووی لە کەژێ کرد کە ببوە ئەگەری لەدایک بوونی باسەکە:

–دڵگیر مەبن.. کار تا دەمرێ لەبن سەویان نابێ. ئێمەش رۆژێک

دێ هەر دەزورینەوە. ئەوسا بە ئارەزوو کامی دڵی خۆمان دەژین. چۆنمان گەرەک بێ ئاوا دەژین.

–دەترسم بمرم و نەبینم!.

–نا... هەرگیز وا رەشبین مەبە. هیوا بۆ مرۆ پێویستە. خاترجەم لە رۆژێک هەردێ بزورینەوە.

گرنژی، هەوڵیدا بە شێوازێک باخێوی کە دووربێ لە رەنگ و خووی ئەو، وەلێ بۆی نەکرا! کە سەیری تەنیشتی خۆی کرد رابۆی نەبینی. بە هێواشی چوە دەرەوە. رابۆ لە سوچێکا هەڵکورمابوو بە کپی دەگریا. کە چاوی بە هۆمەر کەوت گوتی:

–دڵ تەنگ مەبە کوڕەکەم.. دڵ تەنگ مەبە بینایی چاوانم. باوەڕبکە ئەم گریانە لە خۆشیانە. ئەو دڵۆپە فرمێسکانەم لەخۆشی ئەوەیە نەمردم و کۆرپەی تۆم بینی. بەو داخەوە نەچوومە بن گڵ.

–هەوڵ مەدە شتم لێوەشێری. ئەگەری گریانەکەت دەزانم!.

–ئەو باسە مەکەوە کوڕەکەم. با شتێکت پێ بڵێم. داوایەکی بچکۆڵەت لێبکەم. هیوادارم دڵم نەشکێنی کوڕە ئازیزەکەم.

–بڵێ دایە گیان. چۆن دڵت دەشکێنم.

–ناوێکم بۆ کوڕەکەت هەڵبژاردوە.

–هەر ناوێکی لە دڵتدایە. وابزانە ئەوە ناویەتی!.

رابۆ ویستی ناوەکە بڵێ. لەبەرگریان پەیوەکانی بۆ نەدرکێنرا!

–بۆ دەگریەی. بزانم چ ناوێکت هەڵبژاردوە؟!.

–کوڕم حەز دەکەم ناوی (بێوار) بێت!.

–ئەوە ناوی بوو بە بێوار.

ئەمەی بە بزەیەکەوە گوت. لە کاتێکدا گوللەیەکت لێدابوایە تنۆکێک خوێنی لێنەدەهات. موچڕکێک واگیانی داگرت بەرچاوی خۆی نەبینی. وای هەست دەکرد خوێنی خەریکە دەوەستێ و هەناسەی نایێ. هەرگیزلەو باوەڕە دا نەبوو دایکی ئەو ناوە هەڵبژێری. رووی لە تەحۆ کرد:

–ناوێکی خۆشە وانیە، دایکم زیخ و زرنگەو ناوێکی خۆشی هەڵبژاردوە!.

هۆمەر زوریەوە نک کەژێ. بە خۆشەویستییەوە سەیری بێچوەکەی کرد. کەژێ دەستی خستە سەرشان:

–هۆمەرۆک... لاوێ منۆ، بێژە چ ناوێکت بۆ کوڕەکەت داناوە.

–دایکم ناوی ناوە بێوار.

–لەو ناوە خۆشتر نادۆزیتەوە. لەبارو بەجێیە. لەکاتێک لەدایک بوە بستێک خاکی پێ رەوا نەبینراوە!.

–بەسیەتی کەژەکەم. تکا دەکەم زێتر ماخێوە. ناتوانم بەرگە بگرم و لەمە زێتر زامدارم مەکە. گوێ بگرە کەژەکەم.. بەلێنت پێدەدەم. بەڵێنێکی مێرانە. بەڵێنێکی راستەقینە. رۆژێک دێ دەبێ بزورینەوە. بە وارو گوندی خۆمان شاد بینەوەو وەکو جاران ژیانمان دەست پێبکەینەوە!

–ژیانی جارانی چی!.. گوایا نازانی شیرازەی هەموو شتێک تێکچوەو ئاداری لە سەر پاداری نەماوە. دارەکان سوتاون. خانوەکان خاپوور

کراون. کانیەکان تەقێنراونەتەوە. ژیانی جارانی چی!

–ئاوەدانی دەکەینەوە. مادامەکونێ ژیان بەردەوامە دەتوانین ئاوەدانی بکەینەوەو هەموو شتێک بەرەو باشتر بەرین.

بۆ ئەوەی نەیەڵێ کەژێ چیتر باخێوی و بواری حەسانەوەی بدا. ژوورەکەی بەجێهێشت.

خێزانەکەی خۆی زۆر ناگزور هاتە بەرچاو. کەوتە کۆشی ئەندێشەیەکی قووڵ. لەسەر کۆسپەی دەرگای دەرەوە دانیشت. لەوکاتەدا عەلیۆک بەویدا رەت بوو، سڵاوێکی لێکردو بە هشتاوی رایبورد. زێرەوانی هەنگاوەکانی کرد تا لەبەر چاوان بزر بوو. دوای ئەو مەجیدی بینی. تاوێ بەیەکەوە وەستان. پرسیاری عەلیۆکی لێکرد. ئەویش وەرامی دایەوە:

–عەلیۆک گەرەکیەتی دەچێتە شار، دەزانی شار یانی چی. وابزانم دەزانی! خەریکە ماڵەکەی دەگوازێتەوە.

–چۆن... نالێن چوونە دەرەوە لێرە قەدەغەیە؟!

–با.. بەڵام ئەو بەنهێنی دەڕوا. خۆی تەیار کردوەو هەر بزانە ڕۆیشت.!

ئەو هەواڵە بیرۆچکەی گەڕانەوەی بۆ گوندی لا بەهێزتر کرد! مۆمی خۆشیەکی لەدڵ دایسا. ئەمە سەرباری ئەو هەواڵانەی کە لەم دواییە بەرگوێی دەکەوت. گوڵی هیوای گەشایەوەو باوەڕی پتەوتر بوو.

ئەو ڕۆژانە هەستی بە شتێکی نائاسایی دەکرد لە ئاکنجیەکە! کە شەو داهات بەنیازی وەرگرتنی هەندێ هەواڵ چوەماڵی قادر چاو بۆقانی. زۆربەی شەوانە لەوێ گرد دەبوونەوەو تا درەنگ دەمانەوە. ئەگەرچی ئەو زۆر نەدەچوو، حەزی نەدەکرد تێکەڵی خەڵکی بێت. هەرکە دانیشت یەکسەر پرسیاری ئەو چرپەیەی نێو ئاکنجیەکەی کرد، قادریش بە شادمانیەوە وەرامی دایەوە:

–چەند کەسانێک ئێرەیان جێهێشتوەو گەڕاونەتەوە!!!

–.....! چۆن، بە چ ڕێگایەک؟!

–چۆنی چی، وەکو پیاوان ڕەفتاریان کردوەو پاڵیان  داوەتەوە شاخ.

–....!

–سەرسامی چی گەرەکە، خۆت ئاگاداری کوانوەکە گڕی سەندۆتەوە!.

–ڕاست دەکەی ئاگادارم، بەڵام...؟.

هۆمەر لەخۆشیا دەمە بەشکەی گرتبوو باوەڕی بە گوێچکەکانی خۆی نەدەکرد.دوای گوێزرانەوەیان یەکەم جار بوو بەو شێوەیە هەست بە خۆشی بکا. هەوایەکەی لاگۆڕا! بینی فرە بوو. بەپێچەوانەی بەری کە دەتگوت هەردەم دەستی لە هەوکێ نراوە.

کە گەڕایەوە ماڵ هەموو ئەو گۆڕانەیان لە روو بەدی کرد. بەر لە هەموویان رابۆی دایکی. وەلێ شتاقیان ئەگەری گۆڕانەکەیان نەزانی. کەسیش پرسیاری لێنەکرد. لەوترسەی نەبادا دیسان تووشی دڵتەنگی بێتەوە!

ئەوان بێدەنگ بوون. کەچی هۆمەرۆک خۆی خۆی بۆ دەربەست نەکرا. قاچی خستە سەرقاچ و دەستی بەگێڕانەوەی ئەو شتانە کرد کە گوێی لێبوو. ئەوانیش شادمان و بەختەوەر بوون. ئەو شەوە هەر چەندەی کۆشای تادرەنگ خەو دەروەستی چاوەکانی نەهات و نەشیا تاوڵێی خۆی هەڵبدا. هەر لەنێو جێگاکەی گینگڵی داو ئەم دیوو ئەو دیوی کرد. ئەنگوستەکانی لێک گرێ دابوو خستبوویە ژێر سەری. نیگاکانی بڕیبوە ساپیتەی ژوورەکەو تا نا تاو خۆی لێک دەکێشایەوەو هەناسەی شادمانی هەڵدەمژی. ئەو لە بیرکردنەوەدا بوو کە فریشتەی خەو بەنەرمی پەنجەی بە برژانگەکانی داهێنا.. بەهیلاکیەکەوە چاوەکانی داخست. خۆی لە شوێنێکی سەیر بینی! کە بەتەواوی بەرەواژووی ئاکنجیەکەیان بوو. ئاسمان تا بڵێی شین و بێگەرد بوو. زەوی تازەخەریک بوو دەکەوتە ژێر دەستی سەوزی و وردە گیا لەم لاو لەولا سەریان دەردەهێنا. لقی دارەکان قۆزاخەی کردبوو. بۆن و بەرامەیەکی وادەهات کە لەوەتەی خۆی ناسیبوو بۆنی وای نەکردبوو.

لەوشوێنەدا وەک مەل دەفڕی. باڵەکانی لێک دەداو ئەو هەوایە بێگەردەی هەڵدەمژی. لە هیکرا تروسکاییەک سەرنجی رام کرد. لە جێگەی خۆی چەقی، لەنێو چیایە گەردن کەشەکان بلێسەی رووناکیەک بەرز بوەوە. هەتاوەکونێ ئاسۆی داگیر کرد. کە ئاوڕی بۆ لای شیرینێ دایەوە بە هەمان شێوە رووناکی دایگرتبوو. گوندەکەی خۆیانی بینی وەک گەمیەک لەنێو رووناکیەکە مەلەی دەکرد. لەخۆشیا گریانێک دەستی لە هەوکی نا. لەگەڵ بەرز بوونەوەی گریانەکەی خۆی واگات. ماوەیەک بە تاساویەوە دانیشت. بەچاوێکی پڕ فرمێسکەوە رووی لە کەژێ کرد کە لە گەرمەی خەوێکی شیرین دابوو:

–مژدە بێ دەگەڕێینەوە. هەموو شتێک بە ئارەزووی ئێمە دەبێ. دەگەڕێینەوە گوندەکەی خۆمان، دەگەڕێینەوە وارە جوان و قەشەنگەکەی خۆمان، دەگەڕێینەوە کەژاڵە خۆشەویستەکەم، دەگەڕێینەوە.

(4)

ڕۆژێکی هەینی مانگی ئاخەلێو بوو. بەفر لە چیاکان ماوەیەک بوو دەستی بە توانەوە کردبوو. لە زۆر شوێن زەوی ڕەش ببوەوەو وردە گیایەکی سەوز سەری دەرهێنابوو. هەرچەندە ڕۆژانی هەینی کەم دەچوە کار بەڵانەکونێ ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژانی تر زوو لە خەو ڕابوو بەرەو شار بە ڕێکەوت. ئەو ڕۆژە لای ئەو گۆڕانێکی هەبوو. گوڕو جۆشێکی نوێ لە جەستەی دەبزووت. ڕوو خۆشتر دەهاتە بەرچاو. کوڵمەکانی وەک دەنکە هەنارێکی تەڕ دەبریسکانەوە. لە ڕۆژانی تر لەش سووکتر بوو. بە چاپوکی هەنگاوی دەنا. بەهیچ کلۆجێک هۆشی لەکن خۆی نەبوو. هەر لەبیری گوندەکەی دابوو. وێنەی دارو بەردو ڕەزو کانیاوەکان لەگەڵ خوێنی سوڕی دەخوارد. لەنکاوڕا دەبوە کچێکی قەشەنگ، بە ئەویندارییەوە گازی دەکردو هەمێزی بۆ دەکردەوە. ئەویش بەلەزی هەنگاوی دەنا. خاترجەم بوو لە زورینەوەی بۆ گوندەکەی. لەمەژی خۆی وای دانابوو بە هەر جۆرێک بێ دەبێ ئەو کارە ئەنجام بدا. لەو کاتەدا هەستی دەکرد پێویستی بە دانانی نەخشەیەکە، پێویستی بە دانانی ڕێ و شوێنێکە بۆ چۆنیەتی دەربازبوونی. چونکێ دەیزانی دەڤەرەکەیان ئاسایی نییەو بەچەکدار تەنراوە!

تا ماوەیەکی زۆر لە مەیدانی کرێکاران مایەوە کەس بۆ کاری نەبرد. ئەگەرچی نامرادیەکەی لەکار ناخۆش بوو، بەڵانەکونێ تۆزقاڵێک کاری لێنەکرد، بگرە دڵشادیش بوو! ئەو بوارەی وەگیر کەوت بە چاکی بیر لە

دۆزەکە بکاتەوە. بۆیە بێباکانە مەیدانی کرێکارانی بەجێهێشت و ڕێ و ڕاست ڕێگای چایخانەیەکی گرتە بەر. لەگەڵ ئەوەی دانیشت بانگی چایەکی کرد. بە جەستە لەچایخانە بوو، بەڵام بە ئەندێشە هەر لە نێو سەوزایی گوندەکەی بوو. گوێی لە قاسپەی کەوان دەگرت. کە بەنەرمی سترانیان بۆ دەگوت. فڕێکی لە چایەکەی دا. سەیری دەوروپشتی خۆی کرد، جمەی دەهات لە خەڵک. هەمووی بە پەشۆکاویەوە لە دەوری گرد یەک ببوونەوە. لەو کاتەدا دەنگی فڕۆکەیەک بەرز بوەوە. دوای بە دوای ئەو دەنگی چەند تەقینەوەیەک و دەنگی ئاژیار تێکەڵ بەیەکتر بوو. خەڵکەکە بە خێرایی رایان کردو چایخانەکە چۆل بوو. ماوەیەک فڕۆکەکان بەردەوام بوون لە بۆردومانەکەیان. پاشان دنیا هێمن بوەوە. دەنگی ویقەی خۆش بەزی فریاگەر لە هەموو لایەک بەرز بوەوە. خەڵک بۆ شوێنە بۆدرومان کراوەکە رایان کرد. ئەویش بە ترسێکەوە خزیەوە چایخانەکە. بە ماوەیەکی کەم چایخانەکە پڕ بوەوە. باسی فڕۆکەکان و ئاور باراندنەکەی بوە بابەتی ئاخاوتنی دانیشتوەکان. ترس بە سیمای هەموانەوە لکابوو.

هۆمەر بەشێنیی گوێی بۆ باسەکان رادێرابوو، لە دڵی خۆی گوتی :

–کاتی شەڕ هەر ئاوا دەبێ!.

تا ماوەیەکی زۆر پەشێویەکە لەنێو خەڵکەکە هەستی پێدەکرا. بەڵام ئەم خێرا گەڕایەوە جیهانە ئەندێشەییەکەی خۆی. موچڕکی خۆشی ختووکەی دەدا. لە هەورازەکە واژی دەبوەوەو بەرانبەر گوندی دەوەستا. بەخۆشیەوە دەچوە ناو گوندی. بەرایێ کڕنوشی بۆ هەموو

دارەکان دەبرد. بە ئارەزووی خۆی لەسەر سک رادەکشاو سینگی بە زەوەیەوە دەنا، تێر تێر خاکەکەی ماچ دەکرد. پڕ چنگی گڵ دەکردو دەیخوارد!

دەنگی تەلەویزیۆنەکە بەرز کرایەوە. ئەویش لەگەڵ دەنگەکە سەری بەرز کردەوە. کابرایەک وەدیار کەوت. بەسیمایەکی تووڕەو دەنگێکی تووڕە دەستی کرد بە خوێندنەوەی راگەیاندنی سەربازی. گوێی قیت کردەوە. ویستی بزانێ هەواڵ چیە. وەلێ لەبەر ئەوەی کابرا بە زمانێکی تر داخاوت فڕی لێ تێنەگەیشت! دوای لاچوونی کابرا چەند سرودێکی شەڕ گوترا. پاشان فیلمێک دەربارەی نهێنیەکانی دەریا! ماوەیەک دیقەتی دایە، هەرچەندە لەزمانەکە نەدەگیشت وەلێ دیمەنەکان سەرنجیان راکێشا. بە تەواوی هەستی لەخۆبڕیو چاوەکانی لەمۆلەق راگرت. فیلمەکە باسی جۆرە ماسیەکی دەکرد کە پێی  دەگوترا سلمون. هەرچەندە هۆمەر ناوەکەی نەدەزانی، بەڵام دوای ئەوەی چەند کەڕەت پرسیاری لە ئەفەندیەکەی تەنیشتی کرد، ئەمەی بۆ دەرکەوت. ئەوەی لە فیلمەکە سەرنجی راکێشا، دابەزینی ماسیەکان بوو. بە گورجی خۆیان هەڵدەداو رووبەرووی ئەو تاڤگەیە دەبوونەوە کەلێوەی دەهاتنە خوارەوە. تا ناتاویش بەشێکیان لەگەڵ خۆهەڵدان لە ئاوەکە دادەبڕان و بەو زنارانە دەکەوتن کە لەقەراغ ئاوەکە بوو. هێندێکیان بەختی رەش دەبوە یاریو لەوێ دەمایەوە. ماوەیەک هەڵدەرزی و پاشان ماڵئاوایی لە ژیان دەکرد. هەرچی ئەوانی دەکەوتنەوە ناو ئاوەکە ئەوا دەبورانەوە. کە دەهاتنەو هۆش خۆ دەستیان بەهەمان خەبات دەکردەوە! جاری واهەبوو یەکیان بەسەر تاڤگە  زاڵ دەبوو. رێگای دژ بەتەزوەکەی

دەگرتە بەرو دەیبڕی. هۆمەر لەمەراق مابوو. دوای پرسیار کردن بۆی دەرکەوت ئەو ماسیانە لەبەر تیژی ئاوەکە لەواری خۆیان دابڕاون و دوورکەوتونەتەوە. هەنوکەش بەرەنگاری تاڤگەکە دەبنەوەو پێی هەڵدەگەڕێن. بۆئەوەی بگەڕێنەوە واری خۆیان و هەرگیزیش کۆڵنادەن.

بەحەپەساوی سەیری ئەو دیمەنەی دەکردو لەدڵی خۆی دەیگوت:

-ئەدی... وار لای هەموو گیانلەبەرێک ئازیزو خۆشەویستە. تەنانەت ئەوماسیەش مردن هەڵدەبژێرێ نەک پەڕاگەندەیی و لە قون دەریان کەوتن. بەو بچوکیەوە بەرەنگاری ئەو تاڤگەیە دەبێتەوە. نیشتمان لای هەموو گیانلەبەرێک بە نرخە. سەگیش شەڕ لە سەر کۆڵێتەکەی خۆی دەکات. گوری بۆ دەداو نایەڵێ کەس تخونی بکەوێ.

دەستێکی بەپرچی داهێناو لەچایخانەکە چوە دەرەوە. بیری لەو ماسیە دەکردەوەو خۆی دەهاتەوە بەرچاو. گوێزرانەوەی لە گوندەکەی دەهاتەوە یاد. لەو کاتەدا ساڵحۆکی بینی وەک ئەوەی نەمردبێ!!! هاتە لای، دەستە لەرزۆکەکانی خستە سەرشانی و بەپێکەنینەوە گوتی:

-ها هۆمەر.. چیتە... بۆ وا پەشۆکاو دیاری. وێدەچێ خەم و پەژارە کاری خۆیان لێکردبێ؟

نەیزانی چی وەرام بداتەوە. بەشەرمەوە گوتی:

-چی بکەم مام ساڵح. خۆت دەزانیو ئاگات لێمە. بوومەتە مامە خەمە. خەم و ژانی ئەوگێتییەم خراوەتەکۆڵ!.

–ئاگادارم هۆمەر... خۆت بە گێڕانەوەی ماندوو مەکە. ئاگاداری هەموو شتێکم. من هەردەم لەگەڵتانم. هەرچیەک دەکەن دەیبینم. هەر پەیڤیک یەژن دەیژنەوم!.

–پێم بڵێ چۆن...!!.

–چۆن چۆنی چی. هەنوکە گیانی من لەنێو هەموتان دەسوڕێتەوە. دەزانی چی لە دڵی هەریەکێکتاندایە!.

هۆمەر حەپەسا. نە باوەڕی بە گوێچکەی، نە باوەڕی بەچاوی خۆی دەکرد. خەریک بوو ترسێک دڵی بەنگێوی:

–خوایە لە تاوانەکانم بمبەخشە. من بەندەیەکی دەمڕووتم، گەر بە بەخشندەیی خۆت نەمپارێزی هیچم بۆ ناکرێ خوایە بمپارێزە. ئەوە چییە نیشانم دەدەی. من دڵنیام ساڵحۆک مردوە، من دڵنیام!.

ئەمجارەیان کە تەماشای ئەم لاو ئەولای خۆی کرد هیچی نەبینی. خەڵکەکە ئاسای خۆی هات و چۆی دەکرد. وا تێگەیشت ماوەیەکی زۆرە بیری لە ساڵحۆک نەکردۆتەوە بۆیە لێی زویر بوە. زۆر زگارو خەمبار بوو. بەڵام زوو بیری کەوتەوە کە چەند رۆژێکی تر دەزوریتەوە گوندەکەی. ئەو کاتە دانە رۆژێک لەسەر گۆڕەکەی دادەنیشێ! لەبەرخۆی گوتی:

–ئەوسا هەموو شتێکی بۆ دەدرکێنم. داوای لێبوردنی لێدەکەم. بەڵام وەک خۆی گوتەنی ئەو ئاگاداری هەموو شتێکە!.

کاتێ وشەی زورینەوەی لەزار دەرچوو تەزوویێکی بەلەش داهات. نەیزانی ئەگەرەکەی چییە، لەخۆشیە یا لەترسان! هەرچەندەی دەیکرد باوەڕی بەهاتنە دی ئەو خەونەی نەدەکرد. لەرێگادا دەڕۆیشت، بەبێ ئەوەی ئاگای لە خۆ بێ، مورِ دەبوەوە یاخود دەگرنژی...

ئێوارە کە گەڕایەوە ماڵ دوا بڕیەی دابوو. هەرچەندە بەبڕیەیێکی گرنگی دەزانی، دوو دڵ بوو. نەیدەزانی بیدرکێنێ یا.. نا.. هەتاوەکونێ تینی دایە خۆیو تەنافە وشەیەکی دەربڕی. پەیڤەکانی بۆ ماڵەکە لە دەنگی گوللە ترسناکتر بوو. کەژێ سەری دانەواندو تەماشای بێواری کرد. هەرچی رابۆ بوو وەسەر خۆی نەهێنا. زاری لێک ترازاندو گوتی:

–بڕیەیێکی چاکت داوە! بڕۆ... خەمی ئێمەت نەبێ. مردن باشترە لەوەی ئاوا دانیشی. بڕۆ هۆمەرە گوێ مەدەرە هیچ. خەمی هیچت نەبێ. من دایکی تۆم و پێت دەڵێم بڕۆ. ئەولازێتر پێویستی بە تۆیە. بڕۆ خوائاگادارت بێ. بەڵام کورِم یەک شتت پێدەڵێم. هەتا ماوی زوڵم لەکەس نەکەی و بەزەییشت بە دوژمن نەیەتەوە!.

هۆمەر لە ئاست ئەم وشانە زمانی لاڵ بوو. قرقەپ دانیشت و پشتی دایە دیوارەکە. رابۆ بێ ئەوەی سەری بەرز بکاتەوە بەبنی چاوی تەماشای کرد:

–شوورەییە هۆمەرۆک... ئابڕوو چوونە. من خۆم بە دایکی پیاوان دەزانم. پیاو لەکاتی وادا هەناسە هەڵناکێشێ. قۆڵ و باسکی هەڵدەکا.

ئەدی کورِم.. من دایکی پیاوانم.

–هەناسەی شادمانیە دایە گیان. باوەڕ بکە.. سوێند بە دارو بەردی

گوندەکەمان دەخۆم. هەناسەکەی من هەناسەیەکی شادی بوو. خۆت بڵێ لەوە خۆشترو مەزنتر هەیە خۆرێکی نوێ هەڵبێ، خۆ هەرنەبێ وەک ساڵحۆکم لێدێت. ئەگەر بشمرم بە دڵنیاییەوە دەمرم. لە گوندەکەی خۆم، لە خاکەکەی خۆم دەمنێژن. لەمە دڵشادتر هەیە؟!.

کەژێ بە کزی گوێی  رادێرابوو نەیدەزانی چی بڵێ. واتێدەگەیشت قوڕ پێوانەکە هەر بۆ ئەوە. هەش بەسەریەکە هەر بۆ ئەوە. لەوە دەترسا دوای ئەو هەموو چاوەڕێ کردنە بێوار هەتیو بێ. ئەویش بەو گەنجیە بێوەژن ببێ! لەگەڵ ئەو بیرکردنەوەیەش تاقە پەیوێکی نەدرکاند. تەنانەت شادمانیش بوو. لێکیدایەوە ئەگەر هۆمەر بڕوا ڕێگەی گەڕانەوەی ئەوانیش ئاسان دەبێ. لە هەمان کاتدا تۆڵەی ئەو زوڵم و زۆرەش دەکاتەوە کە دەرهەقیان کرا. وایدەزانی دەست دانە چەکی هۆمەر ئەو تفە خەستە دەسڕێتەوە کە بەسەر تەوێڵیان دادەچۆڕا.

لەگەڵ ئەو بیرکردنەوەیە بزەیەک لێوی خەملاند. رابۆ هەناسەی لەگەڵ دەنگی وشەکان بەرز دەکردەوە:

–بڕۆ کوڕم... بەدەستی خۆت شتێ نەکەی کەس نایکا. خۆت بەرگری لەخۆت نەکەی کەس نایکا. خۆت ئابڕووی خۆت نەپارێزی کەس نایپارێزی، ئەدی کوڕم... ئەوانە هەرگیز بە ئارەزووی خۆیان نامانگەڕێننەوە؟ دڵنیابە هەرگیز بە خواستی خۆیان ئەو کارە ناکەن. دەبێ خۆمان بیکەین. بڕۆ کوڕم بەرەنگاریان بەرەوە. ئەوانە بە وشە تێناگەن، بڕۆ بە گوللە تێیان بگەیەنە. داوای مافی خۆت بە گوللە بکە!.

بەیانی زوو چوە دەرەوە. دڵی وا بەلەز لێیدەدا خەریک بوو ڕکەی سینگی‌بشکێنێ. تەماشای کەژێی کرد کە بێواری لە هەمێز بوو بەرانبەری وەستابوو. ماوەیەک نیگاکانی بەرانبەر ڕاگرت. شتاقیان هیچیان نەگوت. دڵۆپێک فرمێسک ڕووی کەژێی تەڕ کرد. کە بە بیانگەی ماچ کردنی بێوار سڕیەوەو وای نەکرد مێردەکەی ببیینێ! بەڵام هۆمەر لەوە نەبوو ئەوەی بەسەردا ڕەت ببێ. هەر زوو هەستی پێکرد. ئاورێکی ئاواش لەناخی ئەو دایسابوو.

ڕابۆ کە دەستی بە دەرگاکە گرتبوو. پشتی کووڕ ببوەوە. هەموو توانایەکی گرد کردبوەوە بۆ ئەوەی بەهێزی خۆی نیشان بدا! بۆ ئەوەی خۆ ڕاگری خۆی وەدەرخا. دانەکانی وابەیەکەوە نووساندبوو دەتگوت جارێکی دیکە هەرگیز لێک نابێتەوە.

هۆمەر تویێشوەکەی بەتوندی بەکەلەکەی وەنووساندبوو. بۆ دوەم جار دەستی بەسەری بێوار داهێناو مشەیەکی لێوە هات. بە دەنگێکی کز ماڵئاواییی لێکردن. سەری دانەواندو بەخێرایی چوە دەرەوە، تووشی بارێکی دەروونی سەخت ببوو. لەلایەک خۆشحاڵ بوو کەدەگەڕایەوە دەڤەرەکەی. لەلایەکی دیکە دڵتەنگ و زگار بوو. وای بۆ دەچوو کە لەوانەیە جارێکی تر چاوی بەخێزانەکەی نەکەوێتەوە! ئەو کەسانە نەبینێتەوە کە بەر چەند خولەکێک لەگەڵیاندابوو، هەموو تەمەنی لەگەڵیان بەسەربرد بوو. تەماشای ڕێگاکەی دەکردو بە پەشۆکاوییەوە ئاوڕی ئەملاو ئەوی خۆی دەدایەوە. وەک ئەوەی خۆی لە تۆڕی نیگای خەڵکەکە بپارێزێ. بەباشی زانی هیچ کەس لەهاوڕێکانی ئاگادار نەکاتەوە. نەبادا پەژیوانی بکەنەوەو هەنگاوەکانی سارد بکەنەوە!

لەگەڵ دەنگێک وەستا. کە سەری بەرز کردەوە ساڵحۆک بوو! ترس وەک دەرزی لە دڵی چەقی. تاوێ زارگرتی بوو نەیتوانی هیچ بدرکێنێ. پاشان بە دەنگێکی بێ هێز گوتی:

–وادەگەڕێمەوە، دەگەڕێمەوە بۆ وارەکەمان، بۆ گوندە خۆشەویستەکەمان.

ساڵحۆک پێکەنی، پێکەنینێکی وا، کە پێی وابوو لەم سەر تا ئەو سەری گێتی دەنگی دایەوە:

–دەزانم... ئاتاج بەوە ناکا بیلێی، خۆم ئاگاداری هەموو شتێکم!.

هۆمەر بەسەر سامیەوە گوتی:

–باشە مام سالح، ساڵحە پیر، بڵێ تۆ چی! دەزانم هەنوکە بویە خۆڵ و هێسکیشت نەماوە. بڵێ چۆن ئاوات لێهاتوە، چی تۆی گەیاندە ئێرە؟.

–پرسیارێکی گەلحۆیانەیە. بایەکان هەڵمدەگرن! هەر نەبێ سواری ئەو دەنگە دەبم کە لە کونی شمشاڵێک دێتە دەرەوەو سترانی نامۆیی دەچڕێ. هۆرەو بەیت و بالۆران دەچڕی! ئای کە گەوجی. من بەهەر ڕێگەیەکی گەرەکم بێ دەگەمە ئێرە!.

–کەوابێ تۆ ئاگاداری هەموو شتێکی، نهێنی ئەم دنیایەو دنیای دیکەشت لەلایە. کلیلی هەموو دەرگایەکی نەکراوەت پێیە. پێم بڵێ ئەنجامی ئەو ڕێگەیەم چیدەبێ؟ لوتکەیەکی بەرز یاخود دۆڵێکی تاریک و لەدۆژ چوو؟

پیم بڵێ ساڵحۆک. تۆ ئاگاداری هەموو شتێکی. ئەوەی نهێنیو پەنهانە لەبەر چاوی تۆ مانگی چواردەیە!.

–کورِم هۆمەر پێویست بەو پرسیارە ناکا. چۆن دڵنیای کە کۆرپەکەت ناوی بێوارە! ئاواش دڵنیابە کە بەردەمت ئاسۆیەکی روونە. باوەشی خۆرێکی گەشە. تۆ برِۆ.... بەردەوام بە لە رۆیشتن. ئەگەر قاچەکانت شل بوون بە گاگۆلە برِۆ. ئەگەر کەوتی لەسەر سک بخشە. بەنینۆکەکانت برِۆ. هەردەگەیتە ئەو شتەی کە بۆی دەچی! کۆتایی رێگایەکەت روونە وەکوئاوی کانی گوندەکەت. بەڵام هێندەش هەیە با پێت بڵێم. هەتاوەکونێ پاشان گازاندەم لێنەکەی. نەڵێی ساڵحۆک لە یادی چوو و پێی نەگوتم! ئەو باڵە ناخەمە ستۆی خۆم. ئا... هۆمەرۆک ئەو باڵە ناخەمە ستۆی خۆم. رێگای لووتکەی بەرز ماندووبونی گەرەکە. جواناوی رەش و شینی گەرەکە. خوێن دایسانی گەرەکە. نابێ کۆڵ بدەی. هەرگیز نابێ کۆڵ بدەی. ئەگەر پێمەردە بۆسەی لێداناتیەوە، دەبێ پێبکەنی. هەتاوەکونێ دەنگت تیایە  پێبکەنی! ئەدی هۆمەر. گەیشتن بە ئاسۆیەکی وا بەرز، بە بەهەشتێکی وا ئارەقەی گەرەکە. خوێن رشتنی گەرەکە، بەڵام هێندە هەیە دڵنیابە لە داهاتوو. هەر دەگەیتە ئاوات. هەر دەگەیتە ئاوات!.

لە رێگادا دەرِۆیشت و لەبەردەم خۆی دەیگوت:

–هەر دەگەمە ئاوات.. هەر دەگەمە ئاوات!.

ئەو شەقامەی شار کە ئەو تیای تێپەرِ دەبوو. تا بڵێی ئاپۆرِەو پرِ بوو. خەڵک وەک مێرووله دەهاتن و دەچوون و هەریەک بەشتێکەوە خەریک

بوو. شووشەی جامخانەی کۆگاکان وەکو جاران خاوێن بوون و دەبریسکانەوە. بە بێزاریەوە تەماشای کردن! لەگەڵ ئەو بیرکردنەوە رووی گرژو لۆچاوی ببوو. ئەو کاتەی هاتەوە یاد کە یەکەم جاری بوو هاتە شار. شتەکانی لەبەرچاو زۆر جوان بووا!

رێگای گۆڕەپانی وەستانی خۆش بەزۆکی بەتوندی گرتبوو بەری نەدەدا! لەو ماوەیەی ژیانی لە شار چاوی کرابوەوەو شارەزایی لە زۆر شت پەیدا کردبوو. بۆیە هەوڵیدەدا بە هوشیاریو زاناییەوە ئەو نەخشەیە ئەنجام بدا کە بۆ گەڕانەوەی داینابوو!

❊ ❊ ❊

دوای رۆیشتنی هۆمەر پەیتا پەیتا ژیانیان بەرەو خراپی رۆیشت. ئەو برە پارەیەی هەیانبوو تا دەهات کەم دەبوەوەو لە نەمان نزیک دەکەوتەوە. لەگەڵ ئەوەش گوێیان نەدەدایە. رابۆ رۆژانە، پێنج کەڕەت سەر بەرماڵی دەگرت و لەخوا دەپاڕایەوە. سوپاسی دەکرد کە کوڕەکەی دەرباز کرد. ئەگەنا ئەویش وەک ئەوانەی دیکەی لێدەهات!

-خوایەکەی من. خوایە گەورۆنەکەی من. دەزانم بەزەییت بە مندا هاتەوە. زانیت پیرو زوڕهانم و بەرگەی جگەر سۆژین ناگرم. بۆیە زوو هۆمەرت لەبەر دەستیان دەرباز کرد! ئەگەر بەزەییت بەمنی لێقەوماو نەهاتبایەوە هەرگیز وا بەئاسانی دەربازت نەدەکرد. دەبن باڵی فریشتانت

نەدەشاردەوە. ئەدی ... زانیت بەرگەی جگەر سۆژین ناگرم!.

رابۆ دڵنیا نەبوو لە مان یامردنی ئەوانە! نەک رابۆ کەس هیچی دەربارەی نەدەزانین. ئەو رووداوە دوای رۆیشتنی هۆمەر بە ماوەیەکی کەم روویدا.

شەوێکی ساردی زستان بوو کە گیانلەبەریش لە دەرەوە نەمابوو. سەگ و کتکیش خۆیان دە پەناو پەسیوان ئاخنیبوو. بەپێچەوانەی شەوانی دیکە، کە ئاکنجیەکە لەو کاتە خامۆش و کپ دەبوو. ئەو شەوە گڕە گڕی خۆش بەزۆک کاسی کردن. رابۆ هەر زوو ترسا. زانی ئەو ماستە مووێکی تیایە. تەماشای کەژێی کرد لە جێگاکەی بەتەنیا رازابوو. هەستی لەخۆی راگرتبوو چاوەکانی بە ئاستەم دەبریسکانەوە.

-کەژێ.. کەژاڵ. هەڵسە رابە. ئەمشەو دنیا ئاسایی نییە. من هەست بە شتێکی سەیر دەکەم. گوێ رادێرە. بەتڵێکی شەو شکاوە نازانم ئەو دەنگ و هەرایە چییە؟!!!

کەژێ بەگورجی سەری لەسەر بالیفە کە بەرز کردەوەو جلەوی پرسیاری بەرهەڵدا کرد:

-چییە... تۆ پێت وایە چییە؟.

-نازانم... تەنیا هێندە هەیە ئەمشەو دنیا ئاسایی نییە. ترسێک دڵی داگیر کردووم. ترسێکی گەلێک زل.

-دەبێ چیبێ... یانی لەوە خراپترمان لێدەکەن!؟!.

-نازانم.. هیچ نازانم. تەنیا هێندە هەیە ترسێکی زل بەرببینی

گرتووم. دەترسم خەونەکەم بێتە دی!.

-خەونی چیت دیوە؟!.

-باش نیە کچم باش نیە. گێڕانەوەی خەونی ئاوا پەسند نییە!.

بەهەناسە بڕکێوە دەستی بەرز کردەوە:

-خوایە بمانپارێزە. لەتۆ زیاتر کەسی دیکە گومان نابەین هانای وەبەر بەرین. کەسی دیکە گومان نابەین . لە تۆ زیاتر کەسی دیکە گوێ لە نالەمان ناگرێ. هەموو بە دڕندەو کێویمان تێدەگەن. تەنیا تۆی ئەگەر بەزەییەکت پێمان بێتەوە. بمانپارێزە بۆ خاتری گەورەیی‌و مەزنی خۆت.

کەژێ یەک پێ هەڵسایەوە:

-دەچمە سەربانی، بزانم چییە!

-کاری وانەکەی کچم. لە جێگاکەی‌خۆت دانیشەو مەبزوە!.

کەژێ وەک ئەوەی گوێی لێنەبووبێ بەردەوام بوو لەسەر ڕۆیشتنەکەی. خۆی چەماندەوەو بەترسەوە بەسەر پلیکانەکە کەوت. رابۆ کە زانی بووکەکەی بەگوێی نەکرد. بە دەنگێکی لە رزۆکەوە گوتی:

-وەرە کچم بگەڕێوە. ئەوە چ دەکەی!.

کەژێ وەرامی نەدایەوە. سەری بە ئاستەم لەسەر ستارەکە بەرز کردەوەو سەیری ئەو ناوەی کرد:

–ئەیەڕۆ بینایم دایێ. دیسان کار گەورە بوە. هەرچوار دەوریان تەنیوین، ئەمجارە دەبێ چییان گەرەک بێ!؟.

–وەرە خوارەوە کچم کەژێ...وەرە خوارەوە بزانم چی دەبینی؟.

–بینایم دایێ دیسان کار گەورە بوە. هەر چوار دەوریان تەنیوین!.

کەژێ بەهەمان شێواز ئەمەی دووبارە کردەوە. رابۆ کە قاچی راستەی لەسەر یەکەم پەیژە دانابوو، نەدەوێرا زیاتر بڕوا. هەر ئەو رستەیەی دووبارە دەکردەوە:

–وەرە خوارەوەکەژێ، وەرە بزانم چیدەڵێی!.

کەژێ چەند بە هشتاوی چوە سەربان چوار هێندەش بەلەزی چوە خوارەوە:

–چوار دەورمان گیراوە. چەند مێر هەیە هەمویان کۆکردۆتەوە نازانم چییان گەرەکە!!!.

رابۆ بە ترسەوە دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردەوەو بەدەنگێکی نزم کەوتە ناورانەوە:

–خوایەکەم داد. بگەرە فریامان. بگەرە فریای بەندە لێقەوماوەکانت.

خوایەکەم داد... کەی ئەمە دادە!.

ئەوان لەو مشت و مڕە دابوون چەند جارێک بە توندی لە دەرگا درا هێندەیان زانی چەند چەکدارێک لەسەر دیوار هاتنە خوارەوە! خۆیان

واتەیار کردبوو وەک ئەوەی هێرش بۆ سەنگەرێکی دوژمن بەرن. چاویان بەهەر چوار دەوری خۆیان دەگێڕا. دەستیان  بە پشکنینی ماڵەکە کرد. زۆر بە وردی لە هەموو ژوورەکان گەڕان. یەکێکیان رووی لە رابۆ کردو گوتی:

-کوا پیاوەکانتان؟!!!.

رابۆ، کە لەترسان وەک بی نێو ئاو هەڵدەلەرزی. بە چەند وشەیەکی پچڕ یچڕ وەرامی دایەوە. یەکێ لە چەکدارەکان ماوەیەک لە تەحۆ راما کە خۆی بەهەمێزی دایکی وەنووساندبوو:

-چۆنە ئەوە بەرین؟.

ئەوەی تر وەرامی دایەوە:

-هێشتا گوجیلەیە... کەی ویستی ببێ بەسەگ ئەو کاتە چارەی ئەویش دەکەین.

یەکێکیان تا تینی تیابوو. زللەیەکی لەبن گوێی تەحۆدا. ئەوەی دیکەش پاڵێکی وای بەرابۆ وەنا کە هەر چەندەی کۆشای خۆی بۆنەگیرایەوەو تەوقی سەری بەعەردی کەوت. خوێن بەباڵای هاتە خوارەوە. ماڵەکەیان بەجێهێشت و چونە دەرەوە. کەژێ کە ماوەیەک بوو لەترسی چاوی سووری چەکدارەکان و ئابڕووی خۆی، خۆی دوورە پەرێز گرتبوو. بەخێرایی چوە کن رابۆو بەرزی کردەوە. بەسووکی چەفتە نارنجیە گوڵ زەردەکەی  لەسەری خۆی کردەوەو  جێ شکاوەکەی بەستەوە. رابۆ هەر منجەی  دەهات:

–دین نەماوە. بێ ئابڕووینە.. تەرەسینە... سەگبابینە.. دڕندەنە دڕندە.. سڵ لە هیچ شتێک ناکەنەوە. تاوانبارینە... کەس نازانی کوڕی کێن و چۆن گوراون.

ناڵەی هات و بەنەرمی گریا. پاشان دەستی پێکردەوە:

–دڕندەینە... کەس نازانێ لە کوێوە هاتوون کوڕی چ لچ شۆڕێکن. کوڕی چ پێ پان و توولە سەگێکن!.

ئەو شەوە ژیانی ئاکنجیەکە زیاتر لە خەونی دەکرد. کەس باوەڕی بەچاوی خۆی نەدەکرد. ئافرەت و منداڵ چاو بەفرمێسک لەبەر دەرگا وەستابوون. هەریەک لە لای خۆیەوە شتێکی دەگوت:

–خوایە هاوار. لە تۆ بەو لاوە کەسی دیکەمان نییە. بمانپارێزە.

–دەبێ چییان لێبکەن، بۆ کوێیان بەرن؟ خوایە هاوار.

–ناهێڵن بژین. بە هەموو شتێک رازی بووین هەر وازمان لێناهێنن. مردن سەد کەڕەت لەو ژیانە پیاوانە ترە.

–دڕندەو لەخوا ناترسن. نازانن مرۆڤایەتی چییە.

–بەخوا ئەو گاوربابانە دەناسم. خڕیان دەکوژن، وەک کار سەریان

دەبڕن.

–دڕەندەنەو هەموو شتێکیان لەدەست دێ. چاوەڕێی هەموو شتێکیان لێدەکرێ.

-دەیانکوژن بینایم دایێ. دەیانکوژن و نازانین گۆڕەکەشیان دەکەوتە کوێ.

-لام وابێ زیلەکان بۆ ژێری هەڵکشان.

-ئاخ خوایە داد. نەمانزانی چییان بەسەرهات. هێندە هەبوو لەنێو دەست و دەممان هەڵگیران. نازانین نە زەوی قووتی دان نە ئاسمان هەڵیلووشین.

-سووچ و گوناهی خۆمان بوو. ئەگەر بەرایێ دەستمان نەدابایەو بەرەنگاریان بووینایەتەوە هەرگیز وامان بەسەر نەدەهات.

-دیارە خوا وای لەچارە نووسیوین. ئای لە بەدبەختیمان. هەشمان بەسەر چۆن کوێر بووینەتەوە!.

-وامەڵێن.. خوا هەرگیز شتی خراپ لەتەوێڵ و هەنیەی بەندەی خۆی نانوسێ.. نا.. هەرگیز ناینوسێ!.

-دڵتەنگ مەبن.. هەر ماوەیەکی ترە دەگەڕێنەوە!.

-هێی هێیی.. ئەو پەمۆیە لە گوێت دەربێنە. ئەگەر نیازی هێنانەوەیان هەبوایە بەو شێوازە نەیاندەبردن!.

-باشە بۆ وایان کرد. مەبەستیان چییە؟!.

-جا کێ دەزانێ. ئێمە چۆن سەرمان لەم جۆرە کارانە دەردەچێ!.

–لەوانەیە لەترسی ئەو ئاورە بێ کە لە چیاکان هەڵگیرساوە. ترسی گەڕانەوەو بەرهەڵست بوو نەوەیان لێدەکرێ!.

–بینایم دایێ کوڕە شیرینەکەم... هەنوکە لەکوێی.

گریەی منداڵان و زریکەو پرتەو بۆڵەو تووک کردنی پیرەژنان

هەتاوەکونێ بەیانی درێژەی کێشا. کە خۆر گزنگی دا هەندێک بەهیلاکی و چاوی پڕ فرمێسکەوە پاڵیان بەدەرگا دابوو. هەموو چاوەڕوانی بردنی ئەوانیشیان دەکرد. چونکێ تا ئەو ساتە وا تێدەگەیشتن. لە دوای ئەوان نۆرەی ئەمانیش دێت!.

دوای ئەوکارەساتە باری ئاکنجیەکە یەجکار پەشێو بوو. سیخوڕو داوێن پیسەکان مقۆمقۆیان بوو لەنێو خەڵکەکە دەسوڕانەوە. بە نیازی لەخشتە بردنی ئافرەتەکان و تێر کردنی ئارەزووی خۆیان. ئەگەرچی داوی هێندێکیان هیچی بەرنەکەوت.وەلێ خەڵکێکیش هەبوو پارووی کەوتە رۆن و نێچیری خۆی دۆزیەوە! لە رێگای ئەو پێویستی و خۆراکەی کە بەنهێنی بۆیان دەبردن. چونکێ دوای بردنی پیاوەکان هەموو شتێکیان لێ قەدەغەکرا؛ ئاوو کارەبایان لێبڕین و نەیانهێشت خەڵکی تر تێکەڵیان بێت! زۆربەیان بۆیان نەدەکرا ژیانی خۆیان مەیسەر بکەن.

رابۆ لە هەنوانەکە بەخەمباری دانیشتبوو. تەحۆ بەگریان خۆی بەهەمێزی دادا:

–دایە برسیمە.. خەریکە لەبرسان دەمرم!.

رابۆ نەیزانی چی وەرام بداتەوە. تاوێ بێدەنگ بوو. پاشان فنەیەکی لێوەهات:

–چی بکەین کوڕم هیچمان نییە. ئەگەنا منیش برسیمە. خوا دەزانێ لە برسان خۆم بۆ ڕاناگیرێ!.

رابۆ ئەمەی گوت، لەهەمان کاتدا بیرێکی بۆ هات. زانی ئەگەر وادەستەوەستان

دانیشن، ئەوا بەکرِی لە ژوورەکەی خۆیان دەمرن و کەس پێیان نازانێ! بۆیە لە چارەیەک گەڕا. کەژێی گازی کن خۆی کرد و بە نەرمی لەگەڵی ئاخاوت:

–کچم کەژێ دەبێ کارێک بکەین. ئەگەنا لەبرسا دەمرین. کار کردن شوورەیی نییە کچم... پێویستە کارێک بکەین.

–باشە چیبکەین. ئێمە چیمان پێدەکرێ؟!.

–هەر کارێک بێ... نابێ دەستەوەستان دانیشین. پێویستە ئێمە لە رۆژگار گەورەتر بین. نابێ دەستەوەستان دانیشین. بیرم کەوتەوە، تۆزێک خوریمان هەیە کاهەستە بۆمی بێنە!.

دوای ئەوەی کەژێ خوریەکەی هێنا. درێژەی بە ئاخاوتنەکەی دا:

–گۆرەوی، زەنگاڵ، دۆخین، کلێتە، پێڵاوی منداڵان.. هەموو ئەوانە لە خوری دروست دەکەین و دەیفرۆشین. شوورەی نییە کچم. کار کردن سەربەرزیە.

–باشە چۆنیان بفرۆشین؟.

–لەشار دەیانفرۆشین. هەر چۆنێک بێ پاروە نانێک بەسەربەرزی وەدەست دێنین.

تەحۆ کە بەشێنەیی گوێی رایەڵ کردبوو، بەم وشانە خەریک بوو برسیەتیەکەی لەیاد دەکرد. سمێلە خرچەی هاتێ و گوتی:

–من بەتەنیا دەیبەم... هەمووی دەفرۆشم!.

–چۆن دەبێ بەتەنیا بچی ئای!.

–بۆ ..... پارەکەی هەمووی بۆ تۆ دێنمەوە. باوەڕ بکە هیچی بۆ خۆم نابەم!.

–مەبەستم ئەوە نیە کوڕە شیرینەکەم. مەبەستم ئەوە نییە. من بیر لەشار دەکەمەوە. بستە منداڵێکی وەک تۆ چۆن پەی بەنهێنییەکانی شار دەبا! تەحۆ... کوڕە شیرینەکەم. شار دمۆرەو  لە ئێمە ناکەوێ. نەهەنگێکی برسییەو هەرگیز تێر نابێ. ئەی نابینی ئەو هەموو کەسەی لرف کردو باکیشی بە هیچ

نییە. ئەی نابینی کوڕە بچکۆلانەکەم!.

–ئاگاداری خۆم دەبم... باش ئاگاداری خۆم دەبم!.

کەژێ کە ماوەیەک بوو ناخاوتبوو، گوتی:

–تەحۆ دایەت راست دەکا. هەموومان بەیەکەوە دەچین. ئەوەی دروستمان کرد بەیەکەوە دەیفرۆشین. واباشترە تەحۆ... تۆ بستە منداڵێکی هێشتا هیچت نەدیوە.

تەحۆ چیتر ناخاوت و بێدەنگ بوو. لەسەر زەویە روتەکە ئانیشکی وێداو هەناسەیەکی کورتی هەڵکێشا. کە ئەمە وای لە رابۆ کرد نیگایەکی پڕ نیگەرانی ئاراستە بکاو هەناوی تژی خوێن بێ.

* * *

هەواڵی بزربوونی ئەو پیاوانە بە زوویی لەشار بڵاوبوەوە. خەڵکەکە زۆربەیان پەست و دڵگیر بوون. لەناوەخۆ بەنهێنی و بەئاشکرا نارەزاییان دەردەبڕی، لەچایخانەکان، لەبن دیواری مزگەوتەکان، لە هۆڵی سینەماکان، باس هەر ئەو باسە بوو. چیان لێهات، بۆ کوێیان بردن؟! ئەو پرسیارانە رۆژێ چەندین جار دووبارەو سەد بارە دەبوونەوە... تاکە وەرامێکی راستیشیان وەگیر نەدەکەوت. هەریەکە بەگوێرەی راوبۆچونی خۆی داخاوت. ئەمەش بەپێی چین و شوێنی کەسەکان لە کۆمەڵ دەگۆڕا. ئەو جوتیارانەی تازە هاتبوونە شار بەشێوەیەک تێی دەگەیشتن. کرێکارەکان بەشێوەیەک.. رۆشنبیرەکان بەجۆرێکی دیکە...

دوای ئەوەی رابۆ بیری لەم کارە کردەوە. هەموو رۆژێ بەیانی وەک زۆربەی ئافرەتانی ئاکنجیەکە دەچونە شار. تەحۆ چەند دۆخینێکی لەدەست دەگرت. لەگەڵ ئاسێی کچی قادر چاوبۆقانی کە هاوتەمەنی ئەوبوو. ئەویش هەتیو کەوتبوو! لە شەقامەکان دەسووڕانەوەو

شتەکانیان دەفرۆشت. زۆرجاران خەڵک پارەیان دەدانێ و شمەکەکانیان وەرنەدەگرت!! کەچی ئەوان رازی نەدەبوون وازیان نەدەهێنا، یا شتەکانیان دەدایە کابرا. یا پارەکەیان بۆ دەگەڕاندەوە! ئەمەش بە گوێرەی  ئەو ئامۆژگاریانە بوو کە رابۆ دەیکردن. رابۆ هەمیشە پێی دەگوتن:

–رۆڵە ئێمە دەرۆزە کەرنین. ئێمە خانەدانین. هەرچەندە هەنوکە ئاوارەو لێقەوماوین. وەلێ پێویستە بە ئارەقەی نێوچەوانی خۆمان بژین. دەست پان کردنەوە شوورەییە... مردنە!.

ئەم پەیڤانە هەردەم لەمەژی تەحۆ دەزرینگانەوە. هەر کاتێ تووشی هەڵوێستێکی وابوایە مێرانە رەفتاری دەکردو چاوی بەرنەدەدایەوە. لەناخیشەوە بەزەیی بەخۆی دەهاتەوە. رەنگی سوور دەبوەوەو نەدەشیا باخێوی. گەلێ جاران فرمێسکی لە چاو دەتکاو بەنهێنی دەگریا!

تەحۆ شەڕواڵێکی کورتی خاکی لەبەر دەکرد. جووتێ پێڵاوی لاستیکی بەئاوەزێنەی بەقاچەکانی وەدەکرد. ئارەخ چنێکی رەنگاو رەنگی بەگوڵینگی دەخستە سەر. هەرچی ئاسێ بوو بەرهەڵبێنەیەکی دەخستە سەرشان و بەچەفتەیەکی بچوکیش پرچە زەردەکەی دادەپۆشی. کەئەمە هێندەی دیکە جوانی دەکرد.

بەیانیان دوای ئەوەی دایکەکانیان لەسەر شۆستەکان دادەنیشتن. ئەوان لێیان جوێ دەبوونەوە. شمەکەکانیان  بەدەست وەدەگرت و دەگەڕان. تاوێ کزو خەمبار. تاوێکی دیکە دەکەوتنە گەمەو یاری کردن و خۆیان لە یاد دەکرد. بە دوای یەکدا رایان دەکرد تا تەواو ماندوو دەبوون.

ئەوسا لە سوچێکا دادەنیشتن و پشتیان دەدایە دیوار. تا ماوەیەک هێنکەبڕ دەبوون. خەندەشیان هەر بە روخسارەوە بوو. بەدەنگی بەرزو پێکەنینەوە لەگەڵ یەک داخاوتن. کە یەکێکیش پرسیاری لێکردبوان بەژیریو هێمنیو چاوێکی پڕ ئاواتەوە وەرامیان دەدایەوە. ئەگەر پرسیارکەرەکە کڕیار بوایە ئەوا هێندەی دیکە دڵشاد دەبوون.

بەم دواییە  تەحۆ کزی زۆر پێوە دیار بوو. وێدەچو نامۆیی براکەی بکا. خێزانەکەشی هەر بەم جۆرە. زۆربەی شەوان باسیان دەکردو خۆزگەی دیتنیان دەخواست. کەژێ لە هەموان زیاتر خەمخۆری پێوە دیاربوو. هەرچەند جارەی تەماشای بێواری دەکرد، دەروونی  پڕ خوێن دەبوو. بەزەیی بەم و بەخۆشی دەهاتەوە. رۆژ بە رۆژ دەبنساو لاواز دەبوو. یەکێ بیدیبوایە نە کەژێی جاران. ئەو کوڵمە گەش و سوورەی کە جاران پتت لێدابوایە خوێنی لێدەهات. وەک دارێکی ئاو لێبڕاو سیس و زەرد هەڵگەڕابوو. بە رۆژ بە دەم یادکردنەوەی دەتلایەوە، بە شەویش خەونی پێوە دەدی. ئەو دەیگوت:

–هۆمەرە… لاوێ منۆ. ژبەرچی وا لێم دوور کەوتویەتیەوە. وەک ئەستێرەکان چویتە تای ئاسمان و هەرچەندەی دەکەم دەستم ناتگاتێ! نازانم هەنوکە لەکوێی. لە کام کونە ئەشکەوت دەڕازێی. لەپەنای کام بەرد پشوو دەدەی! بڵێ هۆمەرەکەم. وەرامی ئەو پرسیارەم بدەوە. ئاخۆکەی بەیەک شاد دەبینەوە؟.

ئەمیش دەیگوت:

-کەژەکەی خۆم... دایکی بێوارە ساوایەکەم. باوەڕ بکە چۆن خۆر تامەزرۆی هەڵاتنە، منیش ئیوها ئەودالی دیتنی تۆم. حەز دەکەم لەهەمێزت بگرم... تێر تێر راتگوشم. وەلێ چیدەکەی...! ئەمڕۆ هیچ شتێک بەگوێرەی خواست و ئارەزووی ئێمە نییە.

ئەو رستەیەی تەواو دەکردو نەدەکرد.کەژێ دەرگای زاری والا دەکردو سەر لەنوێ قەتاری پەیڤەکانی بەڕێ دەخست!

-باوکی بێوارەکەم.. دەترسم شتێکت بەسەر بێت و جارێکی تر نەتبینمەوە. جارێکی تر... نا.. هەرچەندەی دەکەم ناتوانم بیلێم. بەلام دەترسم. هۆمەرۆک دەترسم!.

-مەترسە گیانەکەم.. مەترسە. ژیان پێویستی بە خۆڕاگرتن و

بەرەنگار بوونەوە هەیە. ژیان وائاسایی نییە وەک تێیگەیشتووین. ژیان هەوڵدانە.. خەباتە.. تێکۆشانە. بەتایبەتی بۆ کەسانی وەکو ئێمە. نابێ هەرگیز کۆڵ بدەین.

لەگەڵ دەرهاتنی دوا وشە لە زاری تارماییەک لەپشتی پەیدادەبوو. دەستی بۆ دەهێنا. کەژێ دەترساو واگا دەهات. وەک ئەوەی تنۆکێک خوێنی لەلەش دانەمابێ، گشت گیانی سڕ دەبوو. بە توندی بێواری بەخۆیەوە دەنوساند. زۆر جاران خۆی بۆ نەدەگیراو رابۆی واگا دەهێنا. ئەویش دوای ئەوەی‌لە جێگاکەی هەڵدەستایەوە. دەمی دەبزواندو چەند شتێکی لەبەر خۆی دەگوت. پاشان دەستی بە دڵدانەوەی دەکردو لەتەکی دەڕازا.

پاش ڕۆیشتنی هۆمەر، تەحۆ ببوە برا گەورە! هەرچەندە بە تەمەن بچوک و هی ئەو بارە نەبوو، بەڵام گۆڕانێکی باشی بەسەرداهاتبوو. هەڵس و کەوتی وایدەکرد کە گەلێک لە تەمەنی خۆی گەورەتر بوو. بەیانیان زوو لەخەو رادەبوو دەچوە کار. ئێوارانیش پارەکەی لەدوڕ دەستی دایکی دەکرد.

کەژێ دوای ماوەیەک. بەپێی ڕەزامەندی رابۆ وازی لەو کارە هێناو لەکارگەیەکی شیرنەمەنی دامەزرا. هەرچەندە کارەکە گران بوو، بەڵام ناچار بوو. هێندێک لە ئافرەتانی ئاکنجیەکە بەیانیان دەچونە مەیدانی کرێکاران و کرێکاریان دەکرد. ئەگەرچی ماندوو شەکەت دەبوون، بەڵام بەئومێد دەژیان، ڕۆژی کزیان بەڕێ دەکرد بەهیوای هاتنی ڕۆژێکی گەش.

* * *

هۆمەرۆک ئەو ڕۆژەی ماڵەوەی بەجێهێشت. هەر ئەو ڕۆژە ڕێگایەکی زۆری بڕی. گەیشتە ئەو شوێنەی جادەی قیرتاوی تیا کۆتایی دەهات. هەرچەندە بەرایێ خەم و ئازارێکی زۆر شاڵاویان بۆ هێنا، بەڵام لەگەڵ نزیک بوونەوەی لە دەڤەرەکەی هیچی لەدڵدانەما. خۆشیو سۆزێکی وا دەستی بەهەناوی داهێنا هەموو کۆڤانێکی لەبیر بردەوە. کە یەکەم جار لوتکە چیایەکی بینی. بێدەستی خۆی ڕۆندکی لەچاو تکایە خوار. چەند جارێک هەناسەی یەک لە دوای یەکی هەڵمژی. ڕەهێیەکانی کەوتنە جیلوەو روخساری گەشایەوە. لە جاران بەلەزتر هەنگاوی دەنا. هەستی دەکرد شنگی هاتۆتەوە بەر. بۆیە سووکتر بەرەو ئامێزی گوندەکەی

دەچوو هەزارو یەک بیری لە مەژی دەخولایەوە. وای لێکدەدایەوە کەدەچێتەوە گوندێکی گەرم و گوڕ. هەروەک ئەوەی لەسەفەرێک گەڕابێتەوە. هەموو پێشوازی دەکەن. کەژێ بەنهێنی خۆی دەگەیەنێتیو خۆشحاڵی گەڕانەوەی بۆ دەردەبڕێ! وایزانی کەدەگەڕێتەوە گوندەکەی منداڵان وەکو جاران، هەواڵی هاتنەوەی بە رابۆ رادەگەیەنن. هە ر دەڕۆیشت و بەو هیوایە پێنگاوی دەنا. لەنکاوڕا کەناوی کەژێی بەسەر زاردا هات خورپەیەک دڵی خستە لەرزە. ڕەنگی گۆڕاو نەیزانی چۆن بیردەکاتەوە.دوای تاوێ زانی هۆشی لەدەست خۆی نەماوەو کەوتۆتە جیهانی ئەندێشە!

کە گەیشتە گۆڕستانەکە یەکسەر ساڵحۆکی بیر کەوتەوە. ترس و سامێکی زۆر دایگرت. سەیری دەوروبەری خۆی کرد دنیا خامۆش و بێدەنگ بوو. تاو ناتاو دەنگی دڕندەیک لە دوورەوە دەهات.

کە گۆڕستانەکەی بینی بەرایێ باوەڕی بەچاوی خۆی نەکرد. چونکێ دەمێک بوو بینینی ببوە ئاواتێکی گەورەو هاتنەدی بە ئەستەنگ تێدەگەیشت. ئەو کاتە بۆی دەرکەوت هیچ شتێک رژدو ئەستەنگ نییە، ئەگەر مرۆڤ بە باوەڕەوە قۆڵ و باسکی لێهەڵبکاو ئامادە بێ گوری بۆ بدا.

بەو شەوە تاریکە لەدیار گۆڕەکەی ساڵحۆک دانیشت. لە گۆڕەکە راما. بیری لێکردەوە. هەر لەتەک گۆڕەکەی ساڵحۆک گۆڕی باوکی بوو. لەسەر داخوازی ساڵحۆک لەتەک ئەویان ناشتبوو. سەیری گۆڕەکەی کردو لەبەر خۆی گوتی:

–ساڵحۆک... ساڵحە پیر. ئەوا گەڕامەوە. برژانگەکانت لێکبترازێنە. خەون نیە! ئەمجارەیان راست و راستەقینەیە گەڕاومەوتەوە. بەزۆری گەڕاومەوتەوە! دەی ساڵحۆک... دەی لەزیکە چاو هەڵێنە. خەون نییە.. گەڕاومەتەوە بەرگری لە گوندەکەم بکەم. ئا... بەڵێ. ئەمجارەیان بەرگری لێدەکەم. بەرایێ نەزان بووم، گەمژەڵ بووم. ئەمجارەیان تا دوا دڵۆپ خوێن بەرگری لێدەکەم. نەدەبوایە وا بەئاسانی دەست بدەین. ئا... هەرگیز نەدەبوایە. راستە بێ ئەنوا بووین. بەڵانەکونێ نەدەبوایە وا بە ئاسانی وارەکەمان جێبهێڵین. باوەڕ بکە ساڵحۆک... باوەڕ بکە ئەو ماوەیەی لەوێش بووم هەمو شتێکم لێرە بوو. چاو هەڵێنە ساڵحۆک.. سەیرکە واگەڕاومەتەوە!!.

کە سەری بۆ ئاسمان بەرز کردەوە، ئەستێرەیەک دڵۆپێک فرمێسکی بۆ رشت. هەڵسایەوە. رووی هەر لە ئاسمانی بوو بەپەنجەش دیاردی بۆ گۆڕەکە دەکرد:

–ئەمە گۆڕی ساڵحۆک... ئەمەش گۆڕی باوکیەتی... ئەمەش گۆڕی باپیری

باپیریەتی. ئەمەش....

بە قورگ وشک بوونێکەوە دەستی بە رۆیشتن کردو بەرەو گوندی شۆڕ بوەوە:

–نەخێر ئێمە بێوار نین. ئەوە واری ئێمە. رەگی ئێمە لە ناخی ناخی ئەم خاکە چۆتە خوار. ئاسنی سارد دەکوتنەوە گەر بیانەوێ لە رەگەوە

هەڵمانکەنن. ڕەگی ئێمە لە ناخی ناخی ئەم خاکە چۆتە خوار... ڕەگی ئێمە هەرگیز ناپسێ و وشک نابێ.

کە گەیشتە ناو گوندەکەی دنیا خەریک بوو ڕووناک دەبوەوە. ئەگەرچی پشووی نەدابوو لەمێژبوو بەڕێوە بوو. گوێی نەدایە. وەک ئەوەی بە کەژێ بگاتەوە تاسەیەک گیانی دەهەژاند. بایەکی فێنکیش خۆی لە لەشی دەکوتیو هەناوی فێنک دەکردەوە. ناو گوندەکە وەک گۆڕستانی شەهیدان خامۆش و بەسام بوو. خانوەکان هەموو ڕمابوون و دیوارەکان تاک تاک بەپێوە مابوون. لەناو گوندەکە گەڕا. ماڵی خۆیان. . ماڵی سالحۆک. ماڵی قادر.. ماڵی... و.

وەک گوندێکی ئەسەری هاتە بەرچاو. کەچەند سەدەیەک بێ ژیانی تیا کوژابێتەوە. لەلایەک تاکە سۆلی منداڵان کەوتبوو، لەلایەکی تر کاریتەی خانووبوو. سەرێکی لەسەر دیوار مابوەوە سەرەکەی تری کەوتبوە سەر زەوی. خۆڵ و گەڵاو چیلکەش کەکاتی خۆی بانەکەی پێ خۆڵەبان کرابوو بەشێکیان لەسەر کاریتەکە مابوون. بەشێکی تر کەوتبوە خوارەوەو ببوە قۆمەت. دارەکان سووتابوون و ڕەشاتیان پێوە دیار بوو. تازە خەریک بوو چرۆیان دەردەکردەوە!.

تاوێک لەلای خانوەکەی خۆیان وەستا. هەموو یادگارە تاڵ و شیرینەکانی هاتەوە بەرچاو. رقێکی پیرۆزو مەزن لەدڵی ئاورینگی کردو دایسا.

ئەو خەریکی هێنانە بەرچاوی ڕابردووی بوو کە خشەیەک هات! هەستی بەنزیک بوونەوەی چەند قاچێک کرد. کە ئاوڕی دایەوە چەند

چەکدارێکی بینی. هەموو فیشەکدانیان لەمل بوو، خۆیان دەنێو چەک بزر کردبوو. زەندەقی چوو. وایزانی کار تەواو و کەوتەوە دەست. چاوەڕوانی ئەوەی کرد تەقەی لێبکەن. لەپڕ دەنگی پێکەنینێک بەرز بوەوە! کە باش سەرنجی دا زەلامەکی بینی بەرەو لای دێت. دەم وچاوی لەنێو موو بە ئاستەم دیار بوو. سەرەتا نەیناسیەوە، بەڵام پاشان بە گەرمی و بەخۆشەویستیەوە بەرەو پیلی چوو:

–مەحمود ئەوە تۆی؟!

بە سۆزەوە باوەشیان بەیەک کرد. هێندەی نەمابوو لە خۆشیا لە پڕمەی گریان بدەن. هەردووکیان بە خەمباری سەیری یەکتریان کرد. هەریەکەیان ویستی بەم نیگایە چەند شتێک لەوەی تر بگەیەنێ. کە وشە بۆی نەدەکرا ئەو کارە ئەنجام بدا! دەستیان بە ئاخاوتن کرد. مەحمود چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد. کە وەرامی دایەوە هەردووکیان مات و بێدەنگ بوون.

وردە وردە لە شوێنەکەیان بزووتن. یەک لەدوای یەک قەتاریان بەست. ئەو توولە رێیەیان گرتەبەر کەبەرەو لوتکەی چیای شیرینێ هەڵدەکشا...

## فەرهەنگۆک

ئ

ئادگار: سیما ، روخسار

ئاتاج : پێویستی ، ئیحتیاج

ئاخ : خاک

ئاران : گەرمیان ، دەشتایی

ئارەخ چن : کڵاو

ئەژواری : تەنگ و چەڵەمە

ئەفراندن : داهێنان

ئەفسووس : ئەسەف ، حەسرەت

ئەفسوون : سیحر

ئاکنجی : کۆمەڵگای زۆرەملێ ، مجمع

ئەگەر : هۆ ، سەبەب

ئاڵاڤ : بڵێسەی ئاگر

ئەمەک : وەفا

ئەنگۆرە : تاریک و لێڵی ئێوارە

ئەنری : تووڕِە بوو

ئاوەز : فام ، هۆش ، ئەقڵ

ئاوزینگ : رکێب

ئاویلکە : سەرەمەرگ ، گیانەڵا ، ئاوزنگ

ئایری : جیاواز

ئێخسیر : دیل ، بەندە

ئێرەیی : حەسوودی

ب

بابۆڵە : پارووی گەورە ، لەفە

پەرا : خزمەت ، راژە

پەڕاگەندە : ئاوارە

پەژیوان بوونەوە : پەشیمان بوونەوە

پەیو : پەیڤ ، وشە

پت : پل ، پەنجە ، ئەنگوشت ، قامک ، تلی

پێنگاو : هەنگاو

پێمەردە : ئیزرائیل

پێل : شەپۆڵ

ت

تەبا : کۆک ، ریێک

تەرفا : فەوتا ، لەناوچوو

تانۆک : پەرژین

تەناف : رستە

تەیار : ئامادە

تاوتاو : بەخێرایی ، بەلەزی

تاوڵێ : رەشماڵ ، کۆن

ترار : تاس ، جام

ترۆپک : لوتکە ، دوند

تژی : پڕ

تفنک : کەپو ، لووت

تووز : دەم و چاو ، روخسار

تووک : دوعای شەڕ

تیتک : قژ ، پرچ

تێی راخوڕی : خۆی لێ تووڕە کرد

دران : ددان ، دگان

دزێو : ناحەز ، ناشرین

دوهێ : دوێنێ

دێک : لەیەکتر

دۆز : مەسەلە ، کێشە

دۆژ : دۆزەخ

ر

رابە : هەڵسە

رازا : راکشا ، قاڵی دایەوە

راژە : خزمەت ، پەرا

رام :ماڵی ، کەوی

رام و سان : دەست لەملانێ کردن

رەهێ : دەمار ، رەگ

ڕەوهان : خۆش بەز

ڕکە : قەفەس

ڕێڤینگ : ڕێبوار

ڕۆچنە : کڵاوڕۆژنە ، کولانکە

ز

زارەترەک بوو : زەندەقی چوو ، هەترەشی چوو

زەنگاڵ : بەلەک پێچ ، ساقە ، پوزەوان

زەلام : گەورە ، زەبەلاح

زگار : پەرێشان

زوڕهان : پیرو پەککەوتە

زورینەوە : زڤڕینەوە ، گەڕانەوە

فڕفینگ : زەوق

فیەت : نرخ ، قیمەت

ق

قامک : پەنجە ، ئەنگوست

قەوچە : قەپۆز ، لموز

قرێژ : چڵک

قیلم قاچ : قاچ خستنە سەر مل

قیچۆکە : کەمێک

ک

کادو : دوکەڵ

کازێوە : تاریک و رونی بەیانی

کاشکێ : خۆزگە ، بریا

کەمدو : ئەو کەسەی قسان کەم دەکا

کتک : پشیلە ، پشیک ، پسیک

کشتەک : داوی ئەستوور

کلۆج : شێوە ، لەگوین

کلێتە : جۆرە کڵاوێکی کوردیە

کێرد : چەقۆی گەورە

کێل بکاتەوە : بەرز بکاتەوە ، قیت بکاتەوە

کۆز : نەوە ، منداڵ

کۆڤان : برین ، زام

کۆڵکردن : چل شۆرین

گ

گاشە : بەردی پڕ بە چەنگ

مۆریلەی دەکرد : رەهێیەکانی دەجولایەوە

مێچکە مێچکە : ماستاوسارکردنەوە ، کوسکێشی کردن

مێلیچک : چۆلەکە : پاساری

ن

نەخەسەلە : نەخوازەڵا

نەشیا : نەیتوانی

ناورانەوە : پاڕانەوە

نژدی : رێگری

نغرۆ بوون : نقوم بوون

نک ئەو : لای ئەو ، لجەم ئەو

نوژەن : سەر لە نوێ

نوکە : هەنوکە ، ئێستا

ە

هەتوان : مەهەم

هەراش بوە : گەورە بوە

هەرێی پێدا : بەڵێنی پێدا

هەڤ یەک : یەکسان ، وەکو یەک

هەنوان : هەیوان ، ئەیوان

هەنجەن : بیانوو ، بیانگە

هەنیە : تەوێل ، نێوچەوان

هەوسار : قەڕاسە

هەوک : گەردن

هۆپەکی لەخۆزانی : سەرسام بوو

ژیاننامەی ببیەم : بژنەوم ، ببیستم

بەخ : لەخۆبایی ، مغرور

بەرایی : سەرەتا

بەرچڤە : تەرجەمە ، وەرگێڕان

بەری : گیرفان ، بەڕک

بەرێ خۆ بدێ : سەیرکە ، تەماشاکە

بتوون : تەواو ، هەموو

بڕیاڕ : بەرهەم

بەکۆژ : قۆپچە ، دوگمە

بەرگیز : شەل و شەپک

بژۆڵ : مژیلان ، برژانگ ، مژیلک

بەلەز : بەپەلە ، بەخێرلیی

بەنگێوی : بئەنگێوی ، بپێکێ

بنێس : لاواز

بالیف : سەرین

بەن : دەزوێکی ئەستوورە

بەهەند هەڵگرت : بایەخی پێدا

بەهشتاوی : بەتەنگەتاوی ، بەخێرایی

بلەوەز : ژیر ، ئاقڵ

بیرون : بیابان ،

بین : پشی ، هەناسە

پ

پارە پارە : پارچە پارچە

پارڤەکردن : دابەش کردن

ج

جاجم : جۆرە لێفەیەکە لە خوری دروست دەکرێ

جڤات : مەجلیس

جواناو : ئارەقەی سەرە مەرگ

چ

چاشمیش : سەر لێ شێوان ، سەرسام بوون

چاوێشە : پۆلیسی ئێشکگر

چۆگان : گۆچان ، گۆپاڵ ، چۆماخ

خ

خاترجەم : دڵنیا

خەروار : گوش ، گونیە ، فەردە

خەملاندن : رازاندنەوە

خەوە کوتکە : وەنەوز

خیز : تف

خۆرت : گەنج ، عازەب

خۆش بەزۆک : ترۆمبێل ، سەیارە

خوێش : خزم ، کەس

غ

غەیدی : تووڕە بوو ، ئەنری

د

دەری : دەرگا

دەرۆزە : سواڵکردن

دەڤەر : ناوچە ،

دەهری بوو : زۆر تووڕە بوو

زۆزان : کوێستان

زێرەوانی : زێرەڤانی ، چاودێری

زیخ : زیرەک ، زرنگ

زیل : جۆرێک لۆری سەربازیە

ژ

ژنەوت : بیست ، گوێی لێ بوو

ژێری : باشور

ژیێ : تەمەن

س

ساپیتە : بنمیچ

سار : پەت ، گوریس ، وەریس

سالوخدان : وەسف کردن

سەنگچن : خەڕەک ، وشکەکەڵەک

سەوی : سەبەتە

سروش : ئیلهام

سوو : داخ ، سوو لێ بوونەوە ، داخی بۆ خوارد

سۆزانی : ئافرەتی داوێن پیس

سۆنگە : هۆ ، سەبەب ، ئەگەر

ش

شالوول : بولبول

شنگ : هێز

ف

فڕ : هیچ ، فڕ تێنەگەیشت : هیچ تێنەگەیشت

فراژی : نەش و نما ، گەشەسەندن

گەور : بەردی گەورە

گراو : یار ، دڵدار

گرنێژن ، بزە ، خەندە

گلی کردن : قسە کردن ، ئاخاوتن

گوراندن ، خولقاندن

گوری : قوربانی

گوم بوو : بزر بوو ، ون بوو

گومڕەشی : حەسودی ، ئێرەیی

گیرۆ بوون ، دواکەوتن ، تاخیر بوون

گێلەشۆک : ئاپۆڕە ، قەڵەبالغی

ل

لەزگ بوو : خەریک بوو

لە مشەیە : زۆرە

لرف کردن : هەللوشین

م

مەتەرێز : سەنگەر

مەژی : مێشک

متوو : هۆگر

مرخێش : بەحەزەو خۆ بۆ ئامادەکردن

مژوول بوو : خەریک بوو

مژیلان : برژانگ

مکوڕ بوو : سووڕ بوو

مگێز : حەز ، ئارەزوو

مووڕ بوونەوە : خۆ بە تووڕەیی نیشاندان

لە هیکڕا : لەنکاوڕا ، کت و پڕ

هێنکە بڕ : پشی سوار ، هەناسە سوار

و

وەریس : گوریس

واژی بوەوە : شۆڕ بوەوە

وجاغ : نەوە ، منداڵ

وێز : زەق ، چاوی وێز بوەوە : چاوی زەق بوەوە

ی

یەریوان : رەوان ، بێگەرد

یەژە : بێژە ، بڵێ

یاغر یاغر : هێدی هێدی

# نووسەر لە چەند دێڕێکدا



-کامەران احمد محمدامین (کامەران مەنتک)

-قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لەشاری هەولێر تەواو کردوە.

-ساڵی 1982 ئامادەیی پیشەسازی بەشی کارەبای لەهەولێر لەتەواو کردوە.

-ساڵی 1992 بەشداری لەتاقیکردنەوەی دەرەکی بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی بەشی وێژەیی کردوە.

-ساڵی 1997 بەکالۆریۆسی لەمێژوو ، لەکۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین بەدەست هێناوە.

-ساڵی 2000 ماستەر لەمێژوو ، هەر لەهەمان کۆلیژو زانکۆدا.

-ساڵی2007 دکتورا لەفەلسەفەی مێژووی پەیوەندییەنێودەوڵەتییەکان ، زانکۆی موسڵ.

-ساڵی 2000 بەکالۆریۆس لەیاسا ، زانکۆی سەلاحەدین.

- لە ساڵی 2011 پلەی زانستی بەرزکراوەتەوە بۆ پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر.

– ساڵی 2017 پلەی زانستی بەرزبۆتەوە بۆ پلەی پڕۆفیسۆر لە بواری فەلسەفەی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان.

ئەزموونی وانەبێژی

لە–2004 لەکۆلیژی مافی زانکۆی سەحەدین وانەی گوتوەتەوە

وەک وانەبێژێک لەبەشی راگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر وانەی گوتوەتەوە.

ئێستا مامۆستایە لەکۆلیژی زانستەرامیاریەکان لەزانکۆی سەلاحەدین – هەولێر

## بەرهەمەبڵاوکراوەکانی

### بەزمانی کوردی

**ئەدەبی**

فرمێسکی ئەستێرە، – شعر – 1988

پریاسگەی رێگای سەرکەوتن ، چامە1992

بێوار ، رۆمانێکی مێژوویی ، بەرگی یەکەم _کۆچ – 2004

بێوار ، رۆمانێکی مێژوویی ، بەرگی دووەم ، گێژەن – 2005

فەلسەفەی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان

– کوردستان لەنێوان ململانێی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا ، توێژینەوەیەکی سیاسی – ئابووری. بڵاوکراوەکانی دەزگای سەردەم، 2000

–کوردستان لەسیاسەتی هەرێمایەتیدا 1932–1955، بڵاوکراوەکانی سەنتەری نما، 2010.

–بازرگانی رەشی نەوت و دارشتنەوەی پەیوەندیە هەرێمایەتیەکان، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2017

–دارمان و بەکۆتا هاتنی ئیمپراتۆریای ئەمریکی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2017

– کوردستان بەرەو کوێ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2018

– کورد لە پڕۆژەی رێگای ئاوریشمی نوێدا – توێژینەوەیەک لە دیپلۆماسیەت و ستراتیژەتی چین لە دەستپێشخەری –پشتێنەو رێگا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2020.

– پەیوەندیەکانی نێوان تورکیاو رێکخراوی داعش لە روانگەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2020

– کوردستان لە رۆژگارە سەختەکاندا، کتێبێکی ئەلیکترۆنی، هەولێر، 20121

**فەلسەفەی مێژوو**

– ئازادی لەنێوان فەلسەفەو یاسادا ، توێژینەوەیەک لەفەلسەفەی یاساو سیاسەتدا، بڵاوکراوەکانی دەزگای سەردەم، چاپی یەکەم، 2005

– دیالێکتیکی زەمەنی مێژوویی و خوێندنەوەیەکی تر بۆ زانستی مێژوو، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر 2017

– شیکردنەوەو هارمۆنەتیزەکردنی مێژوو، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر 2018

**وەرگێڕان**

–سوسیالیزمدا ئێستاو لەداهاتوو ، 1984.

بەزمانی عەرەبی

فەلسەفە

–السیاسە الدولیە فی ضوء فلسفە الحضارە، دراسە تحلیلیە نقدیە، دار المعرفە، لبنان ، 2009.

## بەرهەمە بڵاونەکراوەکانی

### ئەدەبیەکان

-تۆڵە، رۆمان.

-گوڵی ئەفسوناوی ، کورتەچیرۆک گوڵی ئەفسوناوی ، کورتەچیرۆک.

-هاواری بێدەنگ، کۆمەڵەشیعر

### توێژینەوە(کتێب)

- تێکشکانی سیستەمی تاک جەمسەری و شەڕی نوێی سارد

-کوردستان لەپرۆژەی ئۆراسیا

کوردو گرێکوێرەی گەیشتن بەدەریا-لە ئۆکرانیاوە بۆ رۆژئاوای کوردستان

-کۆبانی و مملانێیە نێودەوڵەتییەکان

-تورکیاو کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی

-ئازادی و شارستانیەت ، توێژینەوەیەک لەفەلسەفەی مێژوو.

-نەتەوایەتی و بزاڤی نەتەوایەتی کوردی.

-راپەڕینەکانی کوردی لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم لەژێر رۆشنایی گۆڕانکاریەئابوریەکاندا.

-کۆمۆتراژیدیاکانی هەرێمی کوردستان و مانیفێستی قۆناغێکی نوێ

-کوردو بەدیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای کوردی

-زانکۆ یا نەزانکۆی سەلاحەدین، نوقورچێکی توند لەجەستەیەکی مردوو

### بە زمانی عەرەبی

-إنحطاط الامبراطورية الأمريكية وسقوطها - دراسة في ضوء فلسفة الحضارة.

-النفط وإعادة صياغة العلاقات الاقليمية في الشرق الاوسط، دراسة في ضوء فلسفة العلاقات الدولية

-ثلاثية القوى العظمى(روسيا، الصين، الهند) ومستقبل أوراسيا

-دراسة تاريخية سياسية تحليلة

-تغير طبيعة القوى وأثره في العلاقات الدولية- دراسة في ضوء فلسفة العلاقات الدولية

-الحرية بين جدلية العقل والارادة - دراسة فلسفية تاريخية

**وتار**


-لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەوتارو نووسین لەگۆڤارو رۆژنامەو ماڵپەڕەکوردیەکاندا.

ئیمەیلی نووسەر:

Kamaran.amin1@su.edu.krd

k.mentk@yahoo.com


بێوار
ڕۆمانێکی مێژووییە
بەرگی یەکەم :: کۆچ
کامەران مەنتك
هەولێر - 2004


WHTH OUT COUNTRY
AHISTORICAL NOVEL
Vol . 1 -- EMIGRATION
BY KAMARAN MANTIK